# مەشکە لە نێوان کۆڵەکە و تەرواڵەدا

عەباس موحەممەدی

## بەشی یەکەم

ئەم نووسینە لە بەندینخانەیەکی وڵاتی ئینگلیسدا نووسراوە.

## بە ناوی فێڵبازی مەزن

ستایش بۆ خوایەک کە جەوهەر و خوێنی منی لەسەر وشەکان بەیەک گەیاند.

ستایش بۆ خوایەک کە منی بە هەناسەی سارد و گەرم ڕازاند.

ستایش بۆ خوایەک کە من و ئێوەی لێک جودا کردەوە.

ستایش بۆ خوایەک کە ئێوەی بە من ناساند.

ستایش بۆ خوایەک کە دڵی لە چاو دوور کرد.

ستایش بۆ خوایەک کە دەستی لێدەر و پێدەری دیار نیە.

ستایش بۆ خوایەک کە وشەکانی دیاری مرۆڤ کرد.

ستایش بۆ خوایەک کە خاوەنداری چیرۆکی باڵا دەستانە.

ستایش بۆ خوایەک کە ئاوی چاو و گونی لە پەیکەرێک پێک ناوە.

# چەند دانەیەک خورما کە لە شانەکەی کەوتووە خوارەوە:

ڕووگە و ڕووبەر

مدخل و مخرج

چەقۆ و هەسان لە تیژی و نەرمیدا

خەڵک لە دژایەتی نەوەکان و ناوەکاندا

دەستپێک

هەناری بەرەتا

بەرەتا و سەرەتا

دیداری گێلترین مرۆڤ

قەلەکانی میم سەلمە

هەڵاتنێک کە بووە ئەستێرە

نێردراوەکان و دانراوەکان

خۆڵەکەوە و با

دەست و گەنم

وشە بە خوێنەوە

بارهێنان و ڕاهێنان و داهێنان

ئەدەبی پێدراو و ئەدەبی پێکنراو

لێدان و پێدان

پەروەردە و پەروار

فارسەکان و فەرەنسیەکان

مەشکەکان و کۆڵەکەکان

مەشکە لە نێوان کۆڵەکە و تەرواڵەدا

پێست و مەشکە لە نێوان چەقۆ و دەستدا

ئەم کۆمەڵە ناونیشانە کە لەسەرەوە نووسراون، ناوەڕۆکی ئەم نووسینە دەگرنەوە. ئەم ناونیشانە وەک کۆمەڵە خورمایەکە کە لە دارێک کەوتووەتە خوارەوە. ئەم خورمایانە، لە شانەیەکەوە کەوتووەتەوە خوارەوە کە هێشتا زۆری پێوە ماوە کە بکەوێتە خوارەوە. ئەم خورمایانە دەدەم بە دۆستانم، بۆ ئەوەی کە بیخۆن و بزان کە تام و شیرینی لە دەمی ئەواندا هەیە یان نە!؟ گەر بە دڵیان بوو، ئەوە خورماکانی تر لە کاتی دیاریکراودا لە شانە دەکەنمەوە و پێشکەشیان دەکەم.

# ڕووگە و ڕووبەر

گەورەترین کێشەیەک کە هەردەم لەگەڵیدا بووم و هەرگیز لێ دەرباز نەبووم، ڕووگە یان موقەدیمەی سەرەتا بووە. ئەدەبی ڕووگە یان چوونە ناوەوە بە ڕووگە و موقەدیمەیەکەوە بۆ من چارەسەر نەکراوە. ئەدەبی سەرەتا و دامەرزاندنی ڕستەکانی سەرەتا، بۆ من کارێکی زۆر سەخت بووە. هۆکاری ئەوەی کە سەرەتا سەخت دەزانم، دەتوانم کە بیگەڕێنمەوە بۆ چەند شتێکەوە، یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ نەزانی من، وە دووهەم دەیگێڕمەوە بۆ ئەو ئەدەبەی کە لە یەکەم نووسینەوە، پێ ئاشنا کراوم.

قورئان یەکەم کتێب بوو کە بۆ ژیان بە دەستەوە گرتم. موقەدیمە لە قورئان زۆر بەستراوە. لە سوورەتی فاتیحە بە ناوی خوای بەخشندە و بە بەزەیی دەست پێ دەکات و لە دوای ئەو ئایەتە، مالک الیوم الدین. ئەمە دڵی منی لەوە سارد

دەکردەوە کە بە وشەکان ڕاستی بناسم و ڕاستی بزانم، وە یان بە وشەکان بە دوای ڕاستی بکەوم.

سەرەتا و موقەدیمە لە دەرەوە دێت. ئەو ئایەتەی کە بۆ موحەممەد، موقەدیمە و سەرەتا بوو، بۆ مرۆڤەکانی تر مەتن و ناوەڕۆک بوو. ئەمە وا دەکات کە بۆم دەرکەوێت، هەر مرۆڤێک لە دەرەوە و لە دەورەیەکی تایبەتدا، وە بە مەتن و تکستێکی تایبەتەوە، موقەدیمەی بۆ دیاری کراوە.

پێگەی وشە لە لای مندا وەک ئامرازێکە بۆ ئەوەی کە ڕووناکی و ڕۆشنایی لە دەروونی خۆمدا بکەمەوە.

ئیتر کاتێک کە وشە دەبێتە ئامراز، من جیا دەبمەوە لە وشەکان، وە وەک بەردەست و بندەست، دەیانناسمەوە. هەر ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە کە ڕووگەیەکی پایەدار بوونی نەبێت. بەڵکو بەردەوام ڕووگەکان و موقەدیمەکان بۆ ڕۆشنایی، ڕوویان بگۆڕنەوە.

من بەردەوام هەوڵی ئەوەمداوە کە ڕووگە بۆ خۆم دروست بکەم. بۆیە بەهاوکاری وشەکان، وەک ڕووبەر، کەڵکم وەرگرتووە.

لە ئەدەبی ئیسلامیدا وشەی ڕوشدیان(رشد) بۆ گەشە و گەرا سەندنی مرۆڤ بەکار بردووە. لە قورئاندا هاتووە: و من یظلل فلن تجد لە ولیا مرشدا(کهف١٧) ڕوشد بۆ نموونەی وەک دار بەکار دەچێت. بەو مانا تۆیەک کە دەناسرێت و ئەزانرێت کە چی لێ بەدەر دەچێت، لە خاک وەچە بدات و بە خزمەتکردن، ئەو وەچە و چوکەرە گەورە بێت و لق و پۆ بستێنێت. هەروەها ئەدەبی قورئان وشەی ڕوشد بە کار دەبات، وە ئەو مانا لە خۆی دەگرێت کە خاوەن ئەو پەروەردە ئەزانێت کە ئەو دانە چیە و پێویستی بە چ ژینگەیەک لە وشەکانە بۆ ئەوەی کە گەشە بکات! وشەی ڕوشد، وشەی تری وەک مورشد بە دوای خۆی دەهێنێت. بەو مانا کە کەسێک لە پێگەی مورشد لەدەورەکانی ژیانی مرۆڤ، وشەکان و ڕێنوێنەکان دەبەخشێت و خاوەنداری دەکات. کاتێک کە قورئانم بە دەستەوە گرت، ئەمزانی کە ئەمە مورشدە، بەڵام دەبێت کە چوون و ڕێیەک دروست بێت کە قورئان لەگەڵ مۆرڤدا بێتە قسە! دەبێت کە دەستە چیرۆکێک یان بەسەرهاتێک یان ڕووداوێک بخولقێت، وە لەو کاتانە، وشەکان و ڕستەکان وەک ئەستێرەیەک لە دوورەوە، وەک چرایەک

ڕێ و چوون چاودێری بکەن. هەر ئەمە وای کردووە کە بۆ هەموو مرۆڤەکان یەک موقەدیمە و ڕووگەیەکی دیار دانەمەرزێت. هەر مرۆڤێک لە دەورەکاندا، ڕووگە و موقەدیمەی تایبەتی خۆی هەیە. هەر مرۆڤێک وشە و ناوی تایبەتی خۆی، وەک موقەدیمە و سەرەتا، لە دەرەوە و لە دەوری دروست دەبێت. ئەوەش بە ناوی خوا و بە خواستی خوای گەورە!.

من لە دەورەکانی گەشەی هەست و هزرەکانمدا، کەڵکم لە وشەکان وەک ڕووبەر وەرگرتووە. وشەکان وەک ڕووبەر، وەک لەشکرێک لە سەرباز کە بۆ کەسێک شەڕ دەکەن، یان وەک کۆیلەکان کە خزمەتکاری دەکەن. ئەوەم بۆ ئاشکرا بووە کە لە سەردەمی سەربازەکان و کۆیلەکان بووە کە بونیادە ماندەگارەکان بۆ مرۆڤ ماوەتەوە!.

باپیرم بۆ منی دەگێڕایەوە کە لە سەردەمی گەنجی ئەودا، هەر پیاوێک سوار و چەکداری کەسێک بووە، مەبەستی ئەوە بوو کە هەر پیاوێک بۆ کەسێک چەکی هەڵگرتووە و شەڕی بۆی کردووە. باپیرم دەیەوەت کە بەگەکان، دەمێک شەڕی خاکیان بە سوارەکان دەکرد و دەمێکی تر ئێڵ و تایفەکانی تریان چەپاو دەکرد!.

مرۆڤ وشەکان وەک سەرباز و کۆیلە بۆ خواستەکانی خۆی بەکار دەبات، شەڕیان پێ دەکات، کتێبی پێدەنووسێت و هیچ شەرمی نیە لە بەکاربەری وشەکاندا!.

من لە درێژی ئەم نووسینەدا هەوڵی ئەوە دەدەم کە وشەکان و وێنەکان و چیرۆکەکان و ئەوەی کە بە وشە بگێڕدرێتەوە، لە بونیادێک لە ڕستەکان، ڕووگەیەک دروست بکەم. هۆی ئەم گێڕانەوە ئەوەیە کە هەست و هزری بڵند لە گێڕانەوەی ئێمەدا هەیە کە تەوانی بەخشندەیی تێدایە.

ئەوەی کە منی ئازار دەدا و بەردەوام بە منەوە بووە، هاتنی ئەو توخم و دانانەیە، لە هەستەکان و وشەکان و ناوەکان، کە لە دەورەکان بە خواستی خۆیان لەگەڵ مندا هاتوون. زۆر هەوڵی ئەوەم داوە کە خۆم و ئەو وشە و ناوانەی کە لەگەڵ مندا بە ناچاری و بە خواستی خۆیان هاتوون و کاریگەریان لە ژیانی من کردووە، لە خۆمدا بپاڵێوم و گیانی خۆم لێیان بژار بکەم و پەرژینێکی قایم لە دەوری خۆم بکێشم.

کاری پاڵاوتنی وشەکان و ناوەکان لە گیانی من، چەند پرسیار لەگەڵ خۆی دەهێنێت. یەکەم ئەوەیە کە هۆی چیە من ئاوەها پەرۆشی پاڵاوتنم هەیە؟ چۆن وە بە چ شێوەیەک خۆم لە ناوەکان و هەستەکان و وشەکان دەپاڵێوم؟ ئەم پاڵاوتنانە کە لە دەورەکانی ژیانی من وەک نووسین دەرکەوتووە، تا کەی بەردەوامی هەیە؟ ئەوە سێ پرسیار نیە، بەڵکو سێ هەناسەی ساردە کە لە ناخ و دەروونمەوە، کزەی لە هەناوی من بەرداوە.

ئەم سێ پرسیارە، لە کوێ دروست بوون؟ پرسیارە دژوارەکان، لە کاتی دژوار دروست دەبن. کاتێک کە وڵاتی ئینگلیس، وەک کوردستانی باشوور، هیچ بەها و گرنگیان بە ناوی من نەدا و منیان لە ئاوارەیی هێشتەوە، وڵاتی ئینگلیسم بەجێهێشت و ڕووم لە وڵاتی ئیرلەندی باشوور کرد، بۆ ئەوەی کە چارەسەر لە خاکێکی تر بدۆزمەوە. دەسڵاتدارنی ئیرلەندی باشوور منیان ناردەوە بۆ ئینگلیس. لە گەڕانەوە بۆ ئینگلیس منیان ڕەوانەی بەندینخانە کرد. لەو بەندینخانە بوو کە پرسیارەکان، دەروونی منیان گرت و هەوڵمدا کە بە هاوکاری ئەو تەنیایی و خەڵوەتەی بەندینخانە کە تێدا مابوومەوە، بە هاوکاری پێنووس، بیر و هزرم لەسەر دەورەکانی ژیان و خوێندنی خۆم، گەردش پێ بدەم.

بە یارمەتی خوای مەزن، خوای یوسف و موحەممەد، هەوڵ دەدەم کە لە درێژی ئەم نووسینەدا، زەمینە بۆ وەڵام و پاڵاوتن و گرتنەوەی هۆشی خۆم بکەم.

ئەم نووسینە وەک زنجیرە کێوەکانی زاگرۆس، زنجیرە کێوێکی لە هەستەکان لە خۆی گرتووە کە خوێنەر پێدا دەچێت. ئەم نووسینە بۆ خوێنەر گوزەرگایەکە، کە پڕە لە بەرزی و نزمیەکان، دۆڵ و دەراوەکان، شوێنانی جوان و شوێنانی ترسناک و قیزەون. شوێنانێک کە ئاسۆکان دەکاتەوە و شوێنانێک کە بەستراو و لە تەنگی و تاریکی دەمێننەوە. لەم گوزەرەی کە خوێنەر تێدا دەیکات، جگە لە خوا نەبێت، کەس شاهیدی هەستەکانی خوێنەر نیە، بۆیە پڕیشە لە هەڕەشە و گوڕەشەی ئاژەڵەکان و هەستەکان کە خۆیان لە بن پێستی وشەکان و ڕستەکان حەشار داوە. ئەوانەی کە ئاشنا بە خوێندنی هەستەکانی ئەم ڕستانە بن، دەتوانن کە هەنگاوەکان و هەست و هەناسەیان هاوڕێ ئێمە بکەن.

# مدخل و مخرج

و قل ربی ادخلنی مدخل صدق و اخرجنی مخرج صدق و اجعل لی من لدنک سلطانا نصیرا (اسراء ٨٠)

دەرگەی چوونە ناوەوە هەردەم کێشە و گرفتێکی گەورە بووە کە ناوەکان هەیانبووە لەگەڵ دەروونی خۆیان و نەوەکان و وشەکان و خەڵک و کۆمەڵگادا. بۆیە خوای مەزن لە قورئاندا، دۆعا دروست دەکات بۆ پەیامهێنەرانی خۆی. ئەم دۆعایە، تەنیا دۆعا بۆ پەیامهێنەری ئیسلام نەبووە، بەڵکو پەیامهێنەرانی پێشتر ئەو دۆعا لەسەر دەمیان بووە.

مدخل، دەرگەیەک و شێوەیەک بۆ کرانەوەیە، بۆ دەرباز بوون لە قەیران و کارەساتێک کە مرۆڤ تێدا دەژی. وشەی ادخلنی لە ئەدەبی قورئاندا ئاماژە بەوەیە کە ناوەکانی ئیسلام، شێوەی قسە کردن و کارکردنیان لەگەڵ نەوەکان و خەڵک بە بەخشەندەیی خوا بووە. بەو مانا کە لە خۆیانەوە، هێزی ناسین و ڕۆشنایی لە دەروونیان نەبووە. کاتێک کە موحەممەد و موسا، هەڵدێن و پەنا بە بیابان و ئەشکەوت دەبەن، نیشانەی ئەوەیە کە ئەوان بۆ پەناگاە دەگەڕان و خۆیان دەشاردەوە لە خەڵک، وە هیچ هێز و تەوانێکیان نەبووە کە ڕوو لە نەوەکان و خەڵک بکەن و قسەیان بۆ بکەن. خوای مەزن خاوەنداری ژیان و گیانیان بووە، وە چیرۆکی ناوەکانی خۆی لە ئەستۆ وەرگرتووە. مەدخەلەکان و مەخرەجەکانی خوای مەزن، زۆر بە شکۆ و بە بەهایە!.

شێوەی چوونە ناوەوە و کرانەوە بۆ وشەکان و ناوەکان لە ژیانی هەرمرۆڤێک شێوە و ڕەوشێکی تایبەتی خۆی هەیە. دخول و کرانەوەکان بۆ وشەکان و ناوەکان، بۆ دەستە کەسێکی وەک من، دەستێکی تایبەتی گرِی دەدات، وە دەستەیەک لە مرۆڤەکان، پێیان وایە کە چوونە ناوەوەی وشەکان و ناوەکان و ئەدەبەکان، هیچ دەستێکی سروشتی و خوایی لە پشتەوە نیە. بۆ نموونە قوتابیەک دەڵێت کە ئەو کاتەی کە فلان مامۆستا و فلان قوتابخانە و کتێبم ناسیووە، شتێکی تایبەتی لە پشتەوە نەبووە. ئەو قوتابیە، سەرجەم ئەو ناسینانە لە سوتفە نزیک دەکاتەوە. بەڵام کەسێکی تر هەیە کە هەر ناسین و کرانەوەیەک بۆ هەر مامۆستا و ناوەند و ئەدەبێک بە نیشانە و هێما دەناسێت.

لە درێژی ئەم نووسینەدا هەوڵی ئەوە دەدەم کە ئاماژە و نیشانەکانی مەدخل و مەخرەج لە ژیانی خۆم بکەمەوە. من بەرانبەر بە نەوەکانی کورد، هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکەم. بەشکە بە ناوی خوای گەورە، ئەم نووسینە وەک دۆست و هاوڕێیەک، بەخشەندەیی بە کەسانێک بکات.

## چەقۆ و هەسان لە تیژی و نەرمیدا

پەنا بە ناوی خوای مەزن دەبەم لە شەڕی ناوەکان. بە ناوی خوای مەن دەست و گیان پێ دەکەم.

باپیرم خاوەن چەقۆیەکی مشتگ گەوەزن بوو. چەقۆی مشتگ گەوەزن بە جۆرە چەقۆیەک دەیاندەوت کە لە شاری کرن یان دالاهۆ، کە لە شارەکانی کرماشانە، دروست دەکرێت. تایبەتمەندی ئەو چەقۆ ئەوەیە کە مشتەکەی لە شاخی کەڵە ئاسکە، دروست دەکرێت. ئەو چەقۆ کە لە ناوچەی کرن دروست دەکرێت، تیژ و بڕندە و خاوەن ناوە، هەر کەس لە کرماشان ئەزانێت کە چەقۆی مشتگ گەوەزن چ بەهایەک و کاراییەکی هەیە!.

لە کۆنی کوردەواری و لە ناوچەکانی کرماشان هەر کەسە چەقۆیەکی تایبەتی خۆی لە گیرفان هەبووە. چەقۆ کارایی و دەورێکی زۆری لە ژیانی لادێ و ئاواییەکانی کورستان هەبووە. گرنگی و بەهای چەقۆ لە دەستی خەڵک لەوە بوو لە بۆ پەزوپۆڵەکان دەور و بەهایەکی زۆری هەبووە. خەڵکی ئاوایی دەزانن کە لە ناکاوە مەڕێک دان لێ دەدات یان پەزێک سەردەبڕن و پێستی دەگرنەوە. هەروەها چەقۆ وەک ئامرازێک بوو بۆ ئەوەی کە خەڵک کارەکانی تری پێ بکات وەک سەربڕینی پەلەوەرەکان و پاراستنی خودی کەسەکە و تاشینی دار و پێست کەندنی کاڵەک و شامی و ئەو بەروبۆمانەی کە لە دەرودەشت پێوە خەریک دەبوون.

زۆرپەی پیاوەکان چەقۆی تایبەتی خۆیان هەبوو، وە هەردەم لە گیرفانیان دەنیا و ئامادە بوو. ئەم چەقۆ هەڵگرتنە تا دەیەکانی هەفتا هەر لە ناو خەڵکی ئاواییەکانی کوردستان دەور و بەهای هەبوو.

تایبەتمەندی هەر گرنگی چەقۆی ئەو کاتە ئەوە بوو کە هەر چەقۆیەک دەبوو کە هەسانێکی تایبەتی خۆی لەگەڵی بێت. لە ڕەگەوە خەڵک چەقۆیان بە هەسانەوە دەناسیەوە. ماڵی باپیرم هەسانێکیان هەبوو کە لە ماڵ بۆ تیژ کردنی چەقۆ ڕایان دەگرت و هەر دەم چەور و ئامادە بوو. هەسان ئەو بەردەیە کە چەوری دەکەن و چەقۆی پێ تیژ دەکەن. لە کۆندا هەر ماڵێک و هەر کەسێک هەسانی تایبەتی بە خۆی هەبووە کە چەقۆکانی پێ تیژ و ئامادە دەکرد.

لە دەیەی هەفتای هەتاوی بەملاوە ئیتر چەقۆی مشتگ گەوەزن بەهای نەما و نەوەکان چەقۆیان لە گیرفان نەدەنا و وازیان لەو چەقۆ هێنا. لەبەر ئەوەی کە بازاڕ و ژیانی پیشەسازی ئەوەندە شتی بڕینی خستە بازاڕەوە کە ئیتر خەڵک بێ منەت بوو لە چەقۆی مشتگ گەوەزن.

## هەست و هەسان

هەر چەقۆیەک لە کۆندا بە هەسانەوە ناسراوە و دراوە. هەسان، چەقۆ ئامادە و تیژ دەکات و دەیلاوێنێت و دەیساوێت و بڕندەی دەکات. هەروەها هەر بیر و هزرێ لە کۆندا بە هەستەکانەوە دەناسرا و خاوەنداری دەکرا. هەر ڕستەیەکی گەورە هەستێکی گەورەی لە پشتەوەیە.

لە دەورانێک کە لەگەڵ ئیبراهیمی کوڕە خاڵم لە قوتابخانە بووم، لەسەر هەر لاپەڕەیەکی سەرەتای هەر کتێبێک دەستەیەک لە ڕستە جوانەکانمان دەنووسی و بۆ یەکدیمان دەخوێندەوە. هەر ڕۆژە کە کتێب و قسەیەکی تازەمان بە دەست بکەوتبایەت، ئەو ڕستە و قسەمانە لەسەر لاپەڕەی یەکەمی کتێبەکە دەنووسی و پیشانی یەکدیمان دەدا.

ڕۆژێک ئیتر وەرەس بووم لەوە کە ڕستەکانی ئەوانی تر لەسەر کتێبەکانی خۆم بنووسم. هەوڵمدا کە لە خۆمەوە شایستەیی بە خۆم بدەم و ڕستەیەک دروست بکەم و لەسەر کتێبەکەم بینووسم. ڕستەیەکم نووسی و کتێبەکەم لەگەڵ خۆم برد بۆ ئەو پارکە کە بەردەوام لەوێ وانەکانمان دەخوێند. بانگی ئیبراهیمم کرد و وتم وەرە با ڕستەیەکی زۆر جوانت بۆ بخوێنمەوە کە لە یەکێک لە زانا گەورەکان وەرم گرتووە. ئیبراهیم وتی بیخوێنەوە بزانم کە ئەو زانا چی وتووە!؟ منیش ڕستەکەم بۆی خوێند و ئیبراهیم وتی: ڕستەیەکی زۆر گەورەیە!.

که وتی ڕستەیەکی گەورەیە بزگەیەک گرتمی و خەنین و کەنین منی گرت، ئیبراهیم سەیری منی کرد و وتی بۆ ئەخەنی!؟.

منیش کتێبەکەم هەڵگرت و چووم.

گەر مرۆڤێک یەک ڕستەی گەورە دەڵێت، دەبێت کە تەوانای ئەوەی هەبێت کە ڕستەی گەورەتر بڵێت. هەر ڕستەیەک هەست و هەناسەیەکی لە پشتەوەی هەیە کە بەس ئەو کەسە کە خاوەنی ڕستەیە دەتوانێت کە بە ڕێکی و پانی سینگی خۆی، هەست و هەناسەی شایستەی پێوە هەڵبکێشێت.

لە دەورەیەک کە من و ئیبراهیم پێکەوە لە قوتابخانە بووین، زۆر قسەمان پێکەوە دەکرد و وتەی پیاوە ناودارەکانمان بۆ یەکدی دەگێڕایەوە. زۆر هەستی خۆشمان هەبوو کە ڕستەیەک لە زانایەک بگێڕینەوە و خۆمانی پێ گەورە بکەین و بڵێین ئەوە من قسە و وتەکانی ئەو کەسانە دەزانم. بە گەورەیی و لوت بەرزیمان دەزانی کە وتەی زاناکان بگێڕینەوە!.

ماموستاکانی حوجرە زۆر کاریان لەسەر ڕستەکان دەکرد، کە لە ئەدەبی ناوەکانی ئیسلام بە موسوڵمانەکان پێیان گەیشتووە، بە تایبەت قسە و ڕستەکانی پەیامهێنەری ئیسلام. دەورەی فەقێیایەتی بەوە تەواو دەبێت کە فەقێ دەستە دەستەی ڕستەکان لە ناوەکان وەربگرێت. ئەوەی کە بۆ من بەهای هەبوو ئەوەیە کە فەقێکان فێری ئەوە نەدەبوون کە چۆن ڕستەکان لەگەڵ هەستی خاوەنەکانیان وەربگرن. کەسانێک کە لەوپەڕی تەنیایی ڕستەیەکیان وتووە و نووسیویانە، فەقێکان لە ژووری خوێندن وەریدەگرن و لەسەر زوبانی دەخەن و دەیڵێنەوە، بە بێ ئەوەی کە ڕێ و شوێنی هەستەکانی دانەری ئەو ڕستە بزانن. هەرچۆنێک هەر چەقۆیەکی کۆن هەسانێکی هەبووە، هەروەها هەر ڕستەیەکیش هەستێکی لە پشتەوەیە کە دەبێت وەرگر و خوێنەر لەگەڵی هەستەکانی دانەری ڕستەکان ئاشنا بێت.

لە دەورەی زانکۆی سەلاحەدین هەر وەک دەورەی حوجرە، قوتابیەکان دەم و دەستیان پڕ بوو لە ڕستەکان و ناوەکان و باسەکان، بۆ ئەوەی کە بڵێن کە ئێمەش قسەیەکمان بیستووە یان خوێندووە. ئەو کاتە کە من لە بەشی کۆمەڵناسی بووم، دەستەیەک قوتابی لە ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە لەوێ بوون کە بەهایان بە قسەکان

و ناوەکان دەدا و دەم و دەستیان لە کۆبوونەوەکان باسی ڕستەکان بوو. هەریەک لەو قوتابیانە بۆ خۆیان قسەکانی زانایەکیان دەبرد و دەهێنا و لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانیان باسیان دەکرد. ئەو قوتابیانە باسی ئەو ڕستانەیان دەکرد کە ناوەکانی ڕۆژئاوایی لە کتێبەکانیان وتوویانە. ڕستەکانیان بە بێ هەستەکان بوو، وەک فەقێکان لە کتێبەکان وەردەگرت.

لە کوردستان ئەوە باو بوو کە هەر کەسە بۆ ئەوەی کە دەمی قسەزان بکات و ناوی بەرز بکاتەوە، ناچار دەبوو باسی قسەی کەسێک بکات، سارتر وای وت، داستایوفسکی وای وت، نیچە وای وت، هایدگر وای وت، فۆکۆ وای وت... ئیتر دەمیان پڕ لەو قسانە بوو. بە بێ ئەوەی کە هەستەکانی دانەر یان هەستەکانی پشت ڕستەکان بزانن، دەمیان دەکردەوە و دەیانوتەوە.

لە دونیایەک کە ناویان ناوە، مۆدێرن، چەقۆ بە بێ هەسان دروست دەبێت، لەبەر ئەوەی کە ئەوەندە چەقۆ و کەرەستەی بڕین زۆر بووە کە کەس بەها بە هەسان نادات. چەقۆکانی سەردەمی نوێ، دەست بە دەست زۆر دەبێت و هەر کەسێک و ماڵێک بۆ ماوەیەک بە کاری دەبات و پاشان ژەنگ دەیگرێت و فڕێ دەدات. هەروەها دەمێک و دڵێک کە هەست و هەناسەی گەورەی لێوە بێت، وەک هەسان، بەهای نەماوە. لە دونیای نوێدا ڕستەکان دەم بە دەم دەبێت و هەرکەسە بۆ کار و بار و کێشەی خۆی تاوێک ڕستەکان بە کار دەبات و پاشان فڕێ دەدات. لە دونیای نوێدا هەسانەکان کە تیژکەری چەقۆکان بوون، بەهایان نەماوە. هەروەها هەستەکان کە کانی ڕستەکان بووە، دەور و بەهایەکی بۆ نەوەکان نەماوە.

لە دەورەیەک کە لە حوجرە بووم و کتێبی قورئانم بە دەستەوە دەگرت، هیچ یەک لە چیرۆکەکان و ڕستەکان و نموونەکان بۆ من بەهایەکی نەبوو. من لە ڕاستیدا لیاقەتی ئەوەم تێدا نەبوو کە هەستەکانی پشت ڕستەکان بخوێنمەوە. مرۆڤ ڕستەکان وەردەگرێت و لە سینگی خۆی و بە گەرمای دەروونی خۆی ڕستەکان گەرم دەکات. زۆرێک لەوانە کە من گوێم لێیان گرت، ڕستەکانیان قوربانی دەکرد و هیچ بەر و بەرهەمێکی شایستەی زمانی و ئەدەبی لێ نەکەوتەوە.

کتێبە گەورەکان وەک قورئان کە خاوەنی هەیە، لە دەستەیەک لە ڕستەکان پێک هاتووە کە هەر ڕستەیەک هەست و هەناسەی تایبەتی خۆی لە پشتەوەیە. ئەو کەسانەی کە دەیخوێنن دەبێت کە بە خواستی خاوەن ڕستەکان لە هەستەکانی

پشت ڕستەکان ئاگاه بن. کەسانێک ڕستەکان بەکار دەبەن، وە ئەو ڕستانە وەک چەقۆیەکی کولە کە بێ خاوەن ماوە و لە هەسان نەدراوە!.

یەکێک لە باشیەکانی ئەوە کە قوتابی و فەقێ لەبەر دەست و دەمی مامۆستایەک فێری ڕستەکان بێت، ئەوەیە کە قوتابی و فەقێ لەگەڵ هەستەکان و هەناسەکان و شێوەی گێڕانی ڕوومەت و چاوی مامۆستا ئاشنایەتی ئەبێت. ئەو جۆرە شاگردی کردنە، هاوکاری قوتابی و فەقێ دەدات کە وەک چەقۆ بە هەسانەوە بنرێت و تیژ بێت و دەروونی ئەو شاگردە ئامادە بێت کە وەک هەسان دەروونی نەرم، و وەک چەقۆ بیرونی تیژ بێت. ڕوومەتی ناوەکان، ڕوومەتی نەوەکان هەسان دەدات. ڕوومەت، ڕوومەت دەهێنێت. مسۆگر و دڵنیا بن کە ئەگەر قوتابی و فەقێ وەک چەقۆ لە سەد هەسانی بدەێت، بەڵام خوای مەزن بیەوێت کە کول بێت و نەبڕێت و نەتوانێت کە بە سەرەکەشی کون دروست بکەیت، هەر ئەوە دەبێت کە خوای مەزن دەیەوێت.

هەر ڕستەیەک کە مرۆڤ لە زمانی دێتە دەرەوە لە هەستەکانی دراوە وە لە ڕێ هەناسەیەوە دێتە دەرەوە. هەر ڕستەیەک کە بنووسرێت و بوترێت، هەستێکی لە پشتەوە هەیە. زۆرینەی قوتابی و فەقێکان لە کەشێکی هەستەکان گەورە دەبن کە هاوشێوە و ڕۆژانەن، کە تەوانای ئەوەی نیە نەوەیەکی نەرم و بڕندە دروست بکات.

## تەم و تۆز لە هەستی شاعیراندا

وێنەی خوێندنی کتێبەکانی زۆر لە شاعیرەکان و نووسەرەکان لە لایەن خوێنەرانەوە، وەک ئەو کابرایە کە لە بەرەبەیانێک دەیەوێت کە بڕواتە داوێنی کێوێک کە هەوایەک و هەناسەیەکی خاوێن هەڵمژێت، کە دەگاتە داوێنی کێوەکە، سەیر دەکات کە تەم کەژەکەی گرتووە. هەناسەدان لە کەژێک کە تەم گرتوویە سینگ نیگەران دەکات. ئەو کابرا نە بە ڕوومەتی شادمانە، وە نە بە هەناسە کێشانی، وە ئەزانێت کە پێچەوانەی ئەوە بوو کە دەیەویست!.

کەسانێکیش کە دەیانەوێت لە داهاتویان ببن بە ناو و کەسێک کە ڕوومەتیان قسە تێدا هەبێت، دەبێت کە هەوڵی ئەوە بدەن کە پێش ئەوەی کە ڕستەیەک دامەرزێنن و بنووسن، هەستەکانیان پەروەردە بدەن و هەستەکان بزێنن و خۆش و خۆشەی بکەن و هەوڵی ئەوە بدەن کە بەرز و نزمی بە هەستەکانیان بدەن. لادێیی بۆ

ئەوەی کە بەرانێک سەرببڕێت، پێش هەر شتێک چەقۆکەی بە باشی لە هەسانی چەور دەدات، بۆ ئەوەی کە بە جوانی سەری ببڕێت و پێستی بکەنێت. هەروەها نەوەکان هەوڵی ئەوە دەدەن کە بۆ گەشەی دەروونیان، هەستەکان لە وشە و ڕستەکان وەربگرن. پرسیار ئەوەیە کە چ دەستە لە ناوەکان تەوانی ئەوەی هەیە کە هەستی پایەدار و بەرز بە نەوەکان ببەخشێت!؟ زۆرینەی نەوەکان، هەستەکان لە پشت ڕستە و وشەکانی شاعیران و چیرۆکنووسەکان وەردەگرێت. من ئەوەم بە شێوەی تاکانە بۆ دەرکەوتووە کە شاعیرەکان هەستەکان وەک تەم و تۆز لێ دەکەن و مرۆڤ دەبەستنەوە.

## بوف کور و هەستەکانی پشت چەند ڕستەی سەرەتا

کەسانێک قسە دەکەن یان دەنووسن، لە بەرانبەرەوە گوێگر یان خوێنەر پێوایە کە ڕستەیەکی بێ بەهایە، لە کاتێک کە هەر هەموو هەستەکانی دانەر و نووسەر لە پشت ئەو ڕستە کۆ بووەتەوە. خوێنەر دەبێت پێش ئەوەی کە بیەوێت کە نووسین بخوێنێت، دەبێت کە لەگەڵ هەست و ژیانی دانەر و نووسەر ئاشنایی هەبێت.

سادقی هیدایەت لە کتێبی بوف کور بە چەند ڕستەیەکەوە ناسراوە کە لە ڕستەکانی یەکەمی کتێبەکەیە. ئەو ڕستانە ئەوەندە گڕ و تین و هەستی تێدایە کە خوێنەران و ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت باسی سادق بکەن، بە ئەو ڕستانەوە دەم و دەست دەکەنەوە. ئەو ڕستەی کە ئەو لە سەرەتای نووسینەکەی دەینووسێت، سەرجەم کتێبەکەی سادقی لە خۆی گرتووە. گەر کتێبەکەی دەخوێنیت، دەزانێت کە ئەو چەند ڕستەی یەکەمە، بوونەتە هۆی زایینی ئەو نووسینە. هەستەکانی پشت ئەو ڕستانە باس لە مرۆڤێک دەکات کە خوەرک، وردە وردە گیانی پووک و پووچ کردووە. باس لە دەرد و کێشەیەک دەکات کە ناخ و دەروونی خواردوەتەوە، وەک دارێک کە لە ناوەوە خوراوەتەوە، بەس هەیکەلی ماوەتەوە. سادقی هیدایەت بۆ ئەوەی کە ئەو هەستانەی بکات بە ڕستە، تەنیایی زۆر کێشا و لە تەنیایی زۆر ناڵە و ئاهی لەو سینگە دایەدەر کە ڕستەکان تێدا دەرهاتوون. هەر ئەو هەستە کوشندانە کە وەک هەسان ڕستەکانی تیژ و بڕندە دەکرد، کۆتایی بە ناوی هێنا. زۆر کەس لە فارسەکان ئەو ڕستانەی سادقیان خوێندووە کە لە سەرەتای نووسینەکەی نووسیویە. بەڵام کەم کەسێک تەوانی ئەوەی هەیە کە بچێتە هەستەکانی سادق و لەگەڵی ئاشنا بێت و ڕێ و شوێنی ئەو هەستانە بزانێت.

کەسانێک هەر هەموو ژیانیان لە گەڕان و خوێندن و بەدواداچوون بوون و زۆر کتێب و ڕستە و باسیان نووسیوە، بەڵام ئەو کەسانە نەیانتوانیوە کە بە هەستی بەرز و بڵند ڕستەکانیان خاوەنداری بکەن. کەسانێکیش لە زەویدا کەم گەڕان و کەم خوێندیان و کەم گوێیان گرت، بەلام توانیان کە دەستەیەک ڕستەی بەرزی پڕ لە هەست و گڕ بزێنن.

فردریک نیچە، ژن دۆست و دژە خوا بوو، ئەمە ئاماژە بە هەستەکانیەتی، کە چەندە گڕ و تینی تێدایە. کەسانێکی وەک نیچە کە هەستی شیعریان هەیە، هەوڵی ئەوە دەدەن کە بە ڕستە کورتەکان، هەستە ئاگرین و گڕدارەکانی خۆی ببەخشێت. تەنیایی و بێ کەسی و داماوی نیچە، وای کرد کە هەستەکانی ئەوەندەی تر تێکەڵی خوێنی بێت. وەک ئاگری بن پشکۆیە کە چێوێکی تێ دەدەیت، لە وردەکانی پشکۆ هەڵدەخات. نیچە لە تەنیای و بە هەستی بەرز و نزم و شێواو قوربانی بوو، هەستەکانی نیچە، گەورەترین زەرپەیان لە خودی نیچە وەشاند.

کەسانێک هەن کە بە کتێبێک هەستەکانیان گەشە پێ دەدەن وە لە پاشە ڕۆژ هەر ئەو کتێبە کە هەستەکانی لە بەرەتاوە لەسەری گەشەی سەندووە، دەیکات بە دوژمنی خۆی، وەک نیچە و ئینجیل.

هەر خوێنەر و قوتابی و فەقێیەک بە ناوێک یان کتێبێک یان دەستەیک لە ناوەکان یان کتێبەکان، هەستەکانی دروست دەبێت و ئەو ناوانە و کتێبانە کە هەستەکانی ئەو کەسەیان دروست کردووە، کاریگەری تێ دەکەن و خاوەنداری دەکەن.

مامۆستا ناسری سوبحانی کە ڕستەیەک دەڵێت، چەند هەناسەی سارد لە دەروونی هەڵدەکێشێت، کە ئاماژە و نیشانەی ئەوەیە کە ئەو قسە و باسەی کە ئەو هەناسەی لەسەر هەڵدەکێشێت، بۆی بەها و پێگەی هەیە.

ئەو کەسانەی کە هاونشینی ناوەکان دەبن و کتێبە بەهادارەکان دەخوێنن وە تەنیایی و خەڵوەت دەکێشن و پارێز دەکەن کە دەم و دەستیان بە هەر دەم و دەستێکەوە لێڵ و تێکەڵ بێت، وە پارێز دەکەن لەوەی کە هەر خواردنێک بخۆن، وە تووشی ئاوارەیی و هەڵات هەڵات و ترس و لێدان دەبن و تاوان دەکەن و پەشیمان دەبن و دەگرین و فرمێسک دەڕێژن، زەمینەی ئەوەیان تێدا هەیە کە هەست و هەناسەکانیان گەرمی و درێژی هەبێت.

**ئەو ژینگەی لە هەستەکانی تێدا دروست دەبێت، تەوانی ئەوەی هەیە کە ڕێگە و مەسیری چوونی مرۆڤ بۆ ناسین، بە خودی ئەو مرۆڤە بناسێنێت. کەسەکان گەر ژیر و وریا بن، ئاگاداری ئەوە دەبن کە ڕێگەیان چەندە دوور و درێژ یان نزیک و کورتە. ئەو کاتەی کە من و ئیبراهیم چووین بۆ کرماشان بۆ ئەوەی کە فەرهەنگی وشەکانی عەرەبی بکڕین، وە ئەو کاتە کە من و ئیبراهیم بۆ دونیاناسی شارەکانی ئێرانمان گەڕاند، نیشانەی ئەوە بوو کە ڕێ من و کاک ئیبراهیم کورت نیە و بە یەک بەسەرهات کۆتایی پێنایەت، بەڵکو دەبێت کە ئاوارەیی و دووری و تەنیایی و ترس و نەداری بکێشین.**

**جاربەجار هەسانی چەور، وا لە چەقۆ دەکات کە لە خۆی بترسێت، بترسێت کە خۆی ببڕێت و بدڕێت. کەسانێک لە نووسەرەکان و بیرمەند و گەورەکان ئەوەندە هەستەکانیان چەور دەکەن و دەیدەن بەسەر وشەکاندا، کە کارێک دەکات لە کاتی بڕین، گۆشتی بزنی چیڕی پیر، بۆی ببێتە گۆشتی بەرخ!.**

**وێنەی هەسان و چەقۆم هێنایەوە بۆ ئەوەی کە نەوەکانی کورد وریا و ژیر بن کە هەست و هزری مرۆڤ وەک هەسان و چەقۆیە. بۆ ئەوەی کە بۆیان بکرێتەوە کە چۆن بزانن کە هەست و هزر چەندە لە یەک دوورن و نزیکن، وە چ جۆرە پەیوەندیەکیان پێکەوە هەیە. بەشکە بە ناوی خوای مەزن دەستە ناوێک لە ناو کورد کەوتەوە کە خاوەن هەست بن بۆ ئەوەی بە هەستەکانیان هزر و بیر و ژیری خۆیان هەسان بدەن.**

# خەڵک لە دژایەتی نەوەکان و ناوەکاندا

**لە شەڕی ناوەکان پەنا بە ناوی خوای مەزن دەبەم. بە ناوی خوای مەزن دەست و گیان پێ دەکەم.**

یەکەم سورەتێک لە قورئان کە لەبەرم کرد، سورەتی **الناس** بوو. هەروەها ئەو سورەتە زۆر لە نوێژەکان بەکاربراوە. نەک تەنیا لە دەمی من بەڵکو زۆرینەی خەڵکی موسڵمان ئەو سورەتە بە کار دەبەن. بە کار بردنی ئەو سورەتە دەگەڕیتەوە بۆ ئەوەی کە لە سورەتە کورتەکانی قورئانە، هەروەها لەو سورەتانەیە کە بۆ ڕاهێنان بە کار دەچێت. مەلاکان بۆ ئەوەی کە نەوەکانی

موسوڵمان بە قورئان ئاشنا بکەن، لە سورەتەکانی جوزئی عەم دەست پێ دەکەن. موقەدیمە و ڕووگەی سەرەکی بۆ ئەوەی کە بە خەڵک بناسرێت، لە ناو و پێگەی خودی خەڵکەوە دەست پێ دەکات.

ئەو سورەتە بە وشەی پەنا بردن دەست پێ دەکات. **قل أعوذ برب الناس ملک الناس الە الناس.**

پەنا دەبەم بە ناوی خوای گەورە. لەو سێ ڕستەی پەنا بردنە، ئەوەی کە سەرەکیە، پەنا بردن بە ناوی خوایە لە خوای خەڵک. دەتوانێت کە ئاوەها بێت، **قل أعوذ برب الناس، برب الناس، برب الناس.** دامەرزاندی ناوی **رب و ملک و الە** لەو سێ ئایەتە، ڕازاندنەوەیە، بۆ ئەوەیە زەمینە خۆش بکات کە سێ جار بە دەم بوترێت، **پەنا دەبەم بە پەروەردگاری خەڵک.** لێرە باس و بەها لەوەیە، فێر بکات کە باسی خەڵک چەند ترسی هەیە. ئاوەها دەستپێکێک تەنیا لە سورەتی الناس هەیە. سێ جار هێنانی ناوی خەڵک لەو سێ ئایەتە ئاماژە بە مەترسی و هەڕەشەی خەڵکە!.

سورەتی الناس سورەتی کۆتایی قورئانە، وە لەو سورەتانەیە کە بە پەنا بردن دەست پێ دەکات، وە لە پاش سورەتی **فلق** هاتووە، کە دەتوانێت هاوکاریکەر بێت بۆ کرانەوەی ئەو سورەتە. هەروەها بە سورەتێک دەناسرێت کە بە زۆری لەسەر دەمی خەڵک خۆیەتی!.

**سێ جار پەنا بردن بە ناو و پێگەی خوا لە ناوی خەڵک ئاماژە بە مەترسی ناوی خەڵک دەکات. ناوی خەڵک لە فەلەق نزیکە، خەڵک وەک شەو بە تاریکی، ترس و بەستنەوە و هەراس لە هەستەکان دروست دەکات.**

**ئەدەبی قورئان بەها بە ناوەکان دەدات. چەند ناوێک لە قورئان هاتووە کە بەردەوام یاد دەکرێنەوە و باسیان دەکرێت. قورئان، ناوە پیرۆزکانی لە نێو خودی خەڵک دەرهێناوە. خوای قورئان بەهای بەو دەستە لە ناوەکان داوە کە بە دژ و گژی خەڵکدا چوون. باسی ناوی ئیبراهیم دەکات کە گاڵتەی بە خواکانی خەڵک دەکات. هەر ئەو خەڵکە لە ئاگریان خست. باسی بەسەرهاتی یارانی ئەشکەوت دەکات کە لە شار پەنایان بە ئەشکەوتێک بردووە. باسی موسا دەکات کە لە ئاوەدانی هەڵدێت و میسر بە جێدەهێڵێت. باسی عیسا دەکات کە تانە و تەشەر و**

**تەشەنەی خەڵک، ژیانی دەگرێتەوە. خوای مەزن پشتگیری موحەممەد دەکات کە لە ئەشکەوت پەنای بردووە بە ناوی خوا. خوای مەزن لەبەر ئەوەی کە ناوەکانی لە ئاوارەیی بە خێو کردووە، ئیتر بەها بە ناوی خەڵک نادات، وە هەردەم خەڵک دوژمنانی ئەو ناوانە بوون کە خوای مەزن دۆستی لەگەڵیان کردووە.**

**لە نەوەکان بۆ ناوەکان:** قورئان باسی بەسەرهاتی منداڵی موسا دەکات کە یارمەتی داوە لە دەستی سەربازەکانی فیرعەون بیانپارێزێت. هەروەها باسی کۆرپەیی عیسا دەکات. خوای مەزن بەها بەو ناوانە دەدات کە لە داوێنی خەڵک دەرهاتوون و دوور کەوتوونەتەوە.

خەڵک دژومنانی ڕاستی و ڕووناکین. بۆیە هەرکەس کە دەیەوێت ناوی لە لای خوای مەزن پارێزراوە بمێنێت، دەبێت کە ناوی لە پێگەی خەڵکدا دەرباز بکات. بۆ ئەوەش یارمەتی خوای پێویستە.

نەوەکان بە ناوی خوای مەزن نابێت بهێڵن کە ناویان کە نێو ناوی خەڵکدا بتوێتەوە. هەر بۆیە دوورکەوتنەوە لە ناوی خەڵک و ئەو بنکە و ناوەندانەی کە خەڵک پێوە خەریکن، پێویستیە.

شەڕ و گەندەڵی و پیسی لە ناوەوەی خەڵکەوە گەشە دەکات، قسەی چڵکن لە ناوەوەی خەڵک دێتە دەرەوە، وە کەسیش لەو خەڵکە خۆی بە خاوەنی نازانێت. خەڵک هەردەم پارێزگاری لەو قسە و ڕستە و ناوانە دەکەن کە بەرژەوەندی و پێویستیان بپارێزێت.

بە پێچەوانەی ڕستەکانی قورئان، زانستە مرۆڤیەکان هەوڵی ئەوە دەدەن کە خەڵک بناسن. ژمارەی خەڵک بزانن و لە کۆمەڵگایەک پێناسەیان بکەن و نەخشە و پەیکەری ئەو خەڵکە لە کۆمەڵگا بکێشن، وە چارەی گرفت و کێشە و دەردەکانی خەڵک بکەن. زانستی مرۆڤی دەیەوێت کە قوتابخانە و خەستەخانە و بەندینخانە بۆ خەڵک بکاتەوە، وە خەڵک لە کۆکان و دەستەکان و توێژەکان پێناسە بکات و بیناسێتەوە. هەروەها خاوەندارانی خەڵک کە سیاسیەکانن هەردەم هەوڵی ئەوە دەدەن کە خەڵک لە خۆیان ڕازی بکەن وە دەم و قسەیان ڕوو لەخەڵک دەکەن. قورئان بە پێچەوانەی ئەدەبی پەروەردەی مرۆڤی کار دەکات. ئەدەبی خوای مەزن جۆرێکە کە هێزی شیفا بە کەسانێکی وەک مەلا عەلی کەڵەک دەبەخشێت. پێکەنین

لەوەیە کە خەڵک لەگەڵ ترس و هەراس دەچن بۆ لای مەلا عەلی کەڵەک و ناچارن بۆ ئەوەی کە شیفایان پێ بدرێت، دان و ددان بە ناوی خوای مەزن بنێن. خوای گەورە ئاوەها خەڵک دەبەستێتەوە و مل کەج و مل کەچیان دەکات. لەگەڵ ئەوەی لە شیفایان دەدات، مل و دەست و سەروچاو و دەروونی خەڵک دەبەستێتەوە.

قورئان بۆ موحەممەد هات، وە وتی بە موحەممەد کە **قل**، تۆ بەوان بڵێ. زۆر نهێنی و نەکراوە لە نێوان موحەممەد و خوای مەزن هەبووە کە هەرگیز بۆ یارانی موحەممەد و خەڵکانی دوای موحەممەد نەکراوەتەوە، وە بۆ ئەوە نەبووە کە بکرێتەوە!.

**لە نەوەکان بۆ ناوەکان هیچ ناو و دەورەیەکی تر نیە. هەروەها پێم باشە کە نەوەکانی کورد ئاگاه بن و ناویان لە نێو ناوی خەڵکانی تر نەتوێتە و نەسڕێنەوە. خوازیاری ئەوەم کە نەوەکانی کورد ڕاستەخۆ لە نەوەیەکی بە کۆمەڵ بگەن بە کۆیەکی فراوان لە ناوەکان.**

**ئەوانەی کە موسوڵمانن، لە بیریان نەچێت کە موحەممەد کۆیەکەی لە نەوەکان کرد بە ناوەکان، وە پەیمانی ئەوەی بەست کە ئەوانەی کە لەگەڵ قورئان بن ناویان لە نەوەکانەوە بۆ ناوەکان گوزەر دەکات، بە بێ ئەوەی کە ناویان کە پێگەی خەڵک بتوێتەوە. گەر ورد و وریا بن، ئەوانەی کە لە قورئان نزیک دەبنەوە لە خەڵک دوور دەکەونەوە، ئەوانەی کە لە کتێبەکانی دینەکان نزیک دەبنەوە، لە خەڵک دوور دەکەونەوە، دووریەکە دەگاتە ئەو ڕادە کە ئەو کەسەی کە لە کتێبە دینیەکان نزیک بووەتەوە، پاشە ڕۆژ ڕوو لە خەڵک دەکات و قسەیان بۆ دەکات. هەرچی لە کتێبە دەینیەکان و خاوەنەکانی نزیک بێتەوە، ڕوو لە خەڵکێکی زۆر دەکەێت. ئیتر هاوشانی خەڵک نابێت و شان بە شانی خەڵکەوە نادات.**

عەبدوڵا ئوجەلان و عەبدولڕەحمانی قاسملوو، لەش و هۆشیان لە نێو خەڵک نەبوو، وە هەرگیز هاوشانی خەڵک نەبوون، بەڵکو قسەکەریان بۆ خەڵک دەکرد. ناوی ناسری سوبحانی و ئەحمەدی موفتی زادە لە ناوی خەڵکەوە دوور کەوتەوە. خەڵکێکی زۆر بەهایان بە ناوی تاقانەی ئەوان داوە. هەروەها فردریک نیچە ئەوەندە بە ناوەکانی عیسا و زەردەشت خەریک بوو، تا گەیشتە ڕادەیەک کە قوتابیەکان و مامۆستاکانی زانکۆکانی جیهان، بەهایان بە ناوی داوە. نیچە سەری خۆی لە شار و بنکەی سەرەکی خەڵک، هەڵگرت و کەژی بووەوە. سادقی هیدایەت

بووە، ناوەند و شێوەیەک بۆ نووسین و بیر کردن کە نووسەران و قوتابیان بە دوای ناوی کەوتن، ئیتر خوا کارێکی کرد کە هەرگیز لا لە دواوەی خۆی نەکات و ڕوو لە تاریکی و نەزانی بڕوات و بمرێت!.

سەید قوتب و ئەبو حامدی توسی ڕێ و ڕێبازیان بۆ نەوەکانی تر دروست کرد، لە ڕاستیدا ڕێ نەبوو، دەراوێک بوو کە کەندیان و زۆرێک لە نەوەکان و ناوەکان و خەڵکی تر تێدا زایراون و تێدا نێژراون. موحەممەدی پەیامهێنەر کە کانی زایینی هەزاران ناو بوو، پێکهاتەی خەڵکی سەردەمی خۆی تێکدا، بووە هۆی ئەوە کە شەڕ و ئاژاوە بکەوێتە نێو خەڵکەوە، وە خوێن و شمشێر و بەرە دروست ببێت. ناوەکانی پاش موحەممەد هەر کامەیان هەوڵی ئەوەیانداوە کە خەڵک بورژێنن و ببرژێنن. دڵنیا بن کە خوای مەزن باشترین تۆڵەسەنەرە.

ئامۆژگاری من بۆ نەوەکانی کورد ئەوەیە کە ناویان بەرز و جیا بکەنەوە. بۆ ئەوەی کە ناو بەرز و جیا بێتەوە، دەبێت کە چیرۆک دروست بکەن و بە ناوی خۆیان خاوەنداری چیرۆکیان بکەن. گەر نەوەکان، ناوی خۆیان لە پەیکەری خەڵک دەرنەهێنن، خەڵک هەر هەموویان لە گەدەی خۆیان دەتاوێنێتەوە. لەوەش دڵنیا بن کە دەستەیەک لە ناوەکان کار و فەرمانبەری دەکەن بۆ ئەوەی کە نەوەکان لە پێگەی خەڵک بتاوێننەوە. مۆسیقی ژەنەکان لەوانەن کە نەوەکان لە خەڵک دەتاوێننەوە.

خواستی من ئەوەیە کە بە ناوی خوای مەزن زەمینە و ژینگەی ئەوە بۆ نەوەکانی کورد خۆش بێت کە ناویان لە ناوەکان نزیک بێتەوە و بە ناوەکان ئاشنا بن، بۆ ئەوەی فێر بن کە چۆن نەوە لە وانەی کرم و مێروولە و مار و مەڕەوە دەتوانێت کە بە ناوی بەرز و بڵند بگات.

بەسەرهاتی من و ئیبراهیم لە نێو خەڵکی نزیکمان زۆر قسە و باسی دروست کرد. خزم و کەس و کاری ئێمە بە توندی یەخەی ئێمە دەگرن و بە تانە و تەشەر، دەیانەوێت کە ئێمە لە خۆیان تێکەڵ بکەن. کێشەی ئێمە و زۆرێک لەو جۆرە نەوانە ئەوەیە کە کێشەمان لەگەڵ زۆر شت هەیە. کێشەمان لەگەڵ خواکان و گەورەکانی خەڵک هەیە، کێشەمان لە خەڵکی بندەست و کۆیلە هەیە، کێشەمان لەگەڵ پەروەردەکان و توێژی ڕۆشنبیر هەیە، کێشەمان لەگەڵ سەرجەم بونیادی

خەڵک و مرۆڤی ئەم سەردەمە هەیە! ئیتر دەگات بەو ڕادە کە لەش و هۆش هیلاک دەبێت و گۆشەگیری دەیگرێت و هەست بە تەنیایی و چۆڵەوانی دەکرێت.

لە بیرمە کە ساڵی دووهەزاروهەشت، پاش ئەوەی کە ئەزموونی تاڵی ژیان و خوێندنی من لە هەولێر بە بن بەست گەیشت و هیچ ڕێگەیەک نەبوو کە لەوێ دامەرزێم، بڕیارمدا کە وەک کوردەکانی تر ڕوو لە ئینگلیس بکەم. پاش ناخۆشی گەیشتم بە ئینگلیس و لە شاری بۆڵتۆن، لە فلاتێک، ژوورێکیان بە مندا. لەو فلاتە کەسێکی تر ژیانی دەکرد، لەوێ نەبوو. سەیری چەند نامەم کرد کە لە کۆریدۆری فلاتەکە بوو. ناوی کەسێک بە ناوی موحەممەدی ڕەسوڵی بوو. بە نازناوەکەی هەستم بەوە کرد کە خەڵکی ئێرانە. ئێوارە هات و چاوەڕوانی ئەوە بووم کە بزانم کێیە ئەو هاوماڵیەم؟ لە پەنجەرەی فلاتەکە سەیری دەرەوەم دەکرد، کە دەنگی چەند کەس هات کە بە کوردی قسەیان دکرد. دەرگەی فلاتەکەیان کردەوە و هاتنە ژوورەوە. سەیریان لێهات کە من لەوێم. چاک و چۆنیم لەگەڵیان کرد. ئەوانیش سەرومێشکیان بە خۆیانەوە گەرم بوو. یەکێک لەوانە وتی: ناوی من حەمە باوزیە، خەڵکی ناوچەی (بەرز پێکەنی) دەروازەی ڕاپەڕینم، بەڵام خۆم بە ئێرانی نووسیوە... لەم فلاتە دەژیم.

قسەم زۆر نەکرد. ئەوانیش دیار بوو کە لە کار کردن هاتبوونەوە. خۆیان شۆرد و بە جگەرە کێشان و چا خواردنەوە، باسی کاری ئەو ڕۆژەیان دەکرد کە لە غەسل چەند ئۆتۆمۆبیل هاتووە و چەندە پارەیان دەرهێناوە. یەکێک لەوانە مێزێکی هێنا و دۆمینەی لەسەر مێز دانیا و دەستیان بە گەمە کرد. منیش بەس سەیرم دەکرد. حەمە باوزیش، سی دیەکانی خۆی هێنا و سی دیەکی خستەسەری و دەنگی بەرز کردەوە. دەنگی زۆر بەرز کردەوە. منیش لە جێگە هەڵسام و چووم بۆ لای پەنجەرەکە. وتم: کاک موحەممەد ئەم گۆرانی بێژە ناوی چیە!؟.

حەمە باوزی بە دەمی بە جگەرەوە: ئەوە گۆرەیە گۆرە....

وتم: کامە گۆرە... من ئەم دەنگەم لە ژیانم نەبیستووە!؟.

ئەویش بە پێکەنینەوە: بەو خودایە دەلێت کورد نیت... ئەوە گۆرەی ئینزباتە... بەڵام بەو خودایە حەیفە دوای ئیسماعیل سەردەشتی!!.

پاش ئەوەی کە ماوەیەک بەسەر چا و دۆمینەکەیان گوزەری کرد. حەمە باوزی وتی کاکە گیان ئێستە کاتی شەڕە بەندانە. نەمزانی مەبەستیان چیە. سی دیەکەیان لە ئیش کردن ڕاوەستان و خۆیان لە نێو خۆیان دەستیان کرد بە بەند وتن!!.

منیش لەسەر کورسیەک دانیشتم و خەیاڵاتی فەڵەک گرتمی. هەستم کرد کە لە قوڕێکم و هەناسە کێشانی بۆ من تەنگ کردووە.

حەمە دای بەسەر شانمدا: ئەوە لە کوێ بە قوربان!؟ وەرە تۆش بەندێکمان بۆ بڵێ!.

پاش ماوەیەک من ئیتر عادەتم بە حەمە و دۆستەکانی گرتبوو کە شەوان دەهاتنەوە بۆ فلاتەکە. ئێوارەیەک لە ڕووبارێکی تەنیشت فلاتەکە دەهاتمەوە. ئەو کاتەش حەمە و دۆستانی بۆ ماڵ دەهاتنەوە. لە دوورەوە ڕاوەستان و دەستیان بە پێکەنین کرد. نزیک بوومەوە و حەمە بە ڕوومەتێکی ئامۆژگاریکەرانەوە وتی: کورە ئەوە تۆ چی دەکەیت لەسەر ئەو چەم و ئاوە!؟ وەرە بۆ خۆت ئیش بکە... ئێمە هەرهەموومان کوردین، لە فەقیریدا هاتوون... پارەیەک بۆ خۆت کۆکەوە!!.

**لەهەر شوێنێک خەڵک تاین دەبێت و بە خواست و نیەتی ئامۆژگاری و یارمەتی هەوڵی ئەوە دەدەن کە نەوەکان بە خۆیانەوە خەریک بکەن. بیرم زۆر کرد کە هۆکاری ئەو ناسازگاریە بدۆزمەوە. دەروونی من و کەسانی وەک من بەس بە مەرگ لە هەستە بەرز و بڵندەکان دەکەوێت. هەستەکانم لە دەروونی من مەجال بەوە نادەن کە تێکەڵی هەر کەس و ناکەسێک ببم. بیر کردنەوەکانم سەرچاوەی هەرهەموو ئەم ناسازگاریە گەڕاندەوە بۆ ڕستەکانی قورئان. کاتێک کە کوڕێکی گەنجی وەک من لە بنەماڵەیەکی لادێیی دەچێت بۆ حوجرە و خەریک بە وشەکان و ناوەکان دەبێت، کاریگەری لەسەر دەروونی دەکات. کاتێک کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزی دەفەرمێت: یاایها الناس انتم الفقراء الی اللە و اللە هو الغنی الحمید(فاطر١٥) ئیتر لە خوێنی من دەچێت کە خوای گەورە تاکە ناوێکە کە دەوڵەمەند و خاوەندارە، ناوەکانی تر هەرهەموویان هەژار و نەدارن. ئەو ئایەتە کبر و گەورەییەک بە مرۆڤ دەدات. مرۆڤێک یان فەقێیەک یان قوتابیەک کە ئاوەها قسەی بۆ بکەیت، بێمنەت دەبێت لە مرۆڤ و ئەوەی کە مرۆڤ لە ناسین و پارە هەیەتی. وشە و ڕستەکانی حوجرە و زانکۆ، تەوانی ئەوەیان تێدا هەیە کە مرۆڤ لوتبەرز و دەروون گەورە بکەن. من کە لە چەند ئەزموونی سەخت لەگەڵ ناوەکان و وشەکان گوزەرم کردووە، ئایا دەتوانم کە سەروگێانم لە بارودۆخی نەوەکانی کورد**

**و مرۆڤ خافڵ و پۆشاو بکەم!؟ بە پێچەوانەوە ئەگەر نەوەکان، وشەکان و ناوەکانیان پێ بناسرێت، ئەوە ئارام دانانیشن تا ئەو کاتە کە بە خواستەکانی خۆیان دەگەن.**

**" نەوەکان و مرۆڤەکان دەبێت کە هەست و ڕستەیان پێ بدرێت."**

**ئیتر من و ئیبراهیم و نەوەکانی وەک ئێمە دەبێت کە لە شەڕ و کێشەکانی خەڵک و بارودۆخی خەڵک، ئاگاە بێت و بۆ چارەنووسی خۆی بچێت. کۆتایی من ئەو کاتە نیە کە بەسەر خەڵکدا زاڵ بم، کۆتایی من ئەو کاتەیە کە خەڵک بەسەرم زاڵ نابێت و دونیا بەجێ دەهێڵم. مەبەستم ئەوەیە کە بڕیار نیە، نەوەکان هەر دەبێت ببن بە پێشەوای خەڵک، بۆ ئەوەی کە هاوشانی خەڵک نەبن. بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە مرۆڤ لە پێگەی یەکەمدا پارێز بکات. ئەو خەڵکە هەرجۆرە کەسێکیان تێدا هەیە، هەر لە مەلا و شێخ و دکتۆر و سیاسی و مامۆستا و ناوەکانی تر... ئاماژە بە ژینگەیەکە لە خەڵک، هێزێکی فراوانی تێدا هەیە. گەر نەوەکان ئاگایان لە خۆیان نەبێت، لە خۆیاندا دەیانتاوێننەوە.**

## دەستپێک

ڕۆژگارێکی منداڵی هاوپێ باپیرم خەریکی شوانی بووم. باپیرم بە گۆچانێک و دارە جگەرەیەک، لە سەر تەپکەکان دادەنیشت و من بەری مەڕ و بزنەکانم بۆی دەشکاندەوە. باپیرم پیر و نەخوش و چاوی کز بوو، من بە خۆشیەوە دەکەوتمە شوێنی مەڕوماڵاتەکان و سەر و بەریانم لە نێو جاڕ و خەلە و وەردی خەڵک دەشکانەوەو دەگەڕامەوە بۆ لای و ئیتر قسەی و باسی خۆش خۆشی بۆ من دەکرد. جار بە جاریش بە گۆچانەکەی باپیرم، کنگری ئاویم دەردەهێنا یان هەر بەو گۆچانە تولە مارم پێ دەکوشت.

ڕۆژێک لە داوێنی کێوێک بووین. لەسەر تەتەیەک دانیشتبووم و سەر و دەستم گیراندبووە زەویەوە، باپیرم کیسەی تووتنەکەی لە لا شاڵی دەرهێنا و خەریکی پێچاندنی جگەرە بوو. لە ناکاوە سەری هەڵبڕی و ناولەپی کردە سێبەر بەسەر چاویەوەو وە بە سرنجەوە سەیری ئاسمانی کرد.

سەیری ڕوومەتی لە ژێر سیبەری باپیرم کرد و ڕووم گەڕانەوە بەرەو ئاسمانەوە.

وتی: سەیری هەڵۆ بکە کوڕم!.

چاوم لە ئاسمان تیژ کرد، هەڵۆیەک لە ئاسمان بە باڵی کراوە لە بازنەیەک دەسووڕایەوە.

باپیرم بە هەستێکی ئامۆژگاریکەر وتی: ڕۆڵە گیان، کاتێک هەڵۆیەک دەبینی کە لە ئاوەها حاڵەتێک لە ئاسمان دەسووڕێتەوە، مسۆگربە کە چاو و باڵی  لە سەر نێچیرێک دەچەرخێت!.

پاش ساڵەها کە بە سەر ئەو وێنە گوزەرم کرد، ڕستەیەک خۆی بە نەوەی ئەو ڕۆژە و ئەو چیرۆکە ناسیەوەو **وتی: بادانەوە و ڕێگە گۆڕین کاری مێشوولەیە!.**

## هەناری بەرەتا

دەربڕینی ژیانم لە وێنەیەک و ڕووگەیەک، کە شیرەی بەری چیرۆکی من دەربخات، کارێکی ئاسان نیە. منیش هەرگیز هەوڵی ئەوەم نەداوە کە وێنەکان بە گوشاری پێنووس بڕازێنمەوە. خوێنەری پاک دەزانێت جیاوازی وێنەی پێدراو و پێکنراو چیە.

ژیانی من وەک هەنارێک بە دەروونێکی سپی و ڕوون وە بە پێستێکی سەوز هاتوەتە ئەم دونیاوە. ئەو هەنارە لە ژێر بار و بیری مرۆڤ و زەوی ڕەنگی دانەکانی و پێستی سوور هەڵگەڕاون. ئیتر لە دانەی ڕوون وە  پێستی سەوز نەماوەتەوە.

لە پەیکەری هەناری سەوز بۆ هەناری سوور، مانای یەکانگیری مانا و ڕستە بۆ ڕەنگێکی توند دەچێت، ڕەنگێک کە نیشانەی لێدان و وەڵام و تۆڵە لە خۆیەوە دەگرێت.

## بەرەتا و سەرەتا

پەنا بە ناوی خوای مەزن دەبەم لە شەڕی ناوەکان. بە ناوی خوای مەزن دەست و گیان پێ دەکەم.

وشەی سەرەتا لە داوێنی وشەی بەرەتا دەزێت. وشەی بەرەتا ئاماژە بە ژینگەیەکە کە سەرەتا وەک خاڵ و چاڵێکی دیار تێدا دەزێت. بۆ نموونە گوڵەکانی بەهار لە داوێنی زستان سەر دەردەهێنن. بەرەتای بەهار لە داوێنی زستان دەردەکەوێت. بەیانان کە ڕووناکی و ڕۆشنایی دەردەکەوێت، ئەمە بەرەتایە، بەڵام ئەو کاتە کە تیشکی خۆر دەداتە سەرزەویدا، ئەوە بە سەرەتا دەناسرێت. ئەو خاڵ و نوقتە کە خۆر دەداتە سەرزەویدا، ئەوە سەرەتایە. هەروەها خۆشی لە داوێنی ناخۆشی دەزێت وە ناخۆشی لە داوێنی خۆشی دەزێت، ئەو خاڵ و نوقتە کە ناخۆشی لە داوێنی خۆشی دەزێت، کەم کەسان دەتوانن کە ئاگاهیان لێ بێت. تەنیا ناوی خوای مەزنە کە ناسیار و پاسەوانی سەر زاییینەکان و کرانەوەکانە.

نیشانەکان و تایبەتمەندیەکانی ناوێکی گەورە لە نێو تۆیەکی چکۆلەدایە. ئەدەبی کوردی دەبێت کە جیاوازی ئەو دوو وشەیە بە دڵکراوەیی وەربگرێت و لە دەم و دەستی نەوەکان گەشەی پێ بدات.

بەرەتا داوێنی پان و درێژی هەیە. مرۆڤەکان زۆر بە سەختی تەوانی ئەوەیان هەیە کە سەرەتا و بەرەتای ناوەکان و نەوەکان لێک جودا بکەنەوە. بەرەتا وەک دەریایەکە، هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە مەکەن کە ماسیەکی جوان و تازە، سەرەتای بێت، بەڵکو لە ناکاوە نەهەنگێک وەک سەرەتا لە داوێنی بەرەتا خاوەنداری ئەو دەریا لە ئەستۆ دەگرێت. بەرەتای من لە ستەم و دەرددا، سەرەتای بۆ خۆی زایاند. سەرەتا، لە ژینگەی بەرەتا دەزێت.

لە شاری سەرپێڵی زەهاو خەریکی خوێندن بووم. بەیانیان دەچووین بۆ قوتابخانە و ئێواران دەچووین بۆ زەوی تۆپێن و یاری. دەستەیەک منداڵ بووین کە دڵخۆشی ئێمە تۆپ و یاری بوو. ئەو کاتە سەردەمێک بوو کە برنج لە عێراقەوە دەهات بۆ ئێران و باوکم و خاڵەکانم و خەڵکی زۆر خەریک بە کاری کڕین و فرۆشتنی برنج بوون. ڕۆژێک پیاوێک لەگەڵ خاڵم هاتەوە بۆ ماڵ و ئێمەش هەستمان بەوە نەکرد کە ئەم کابرا دەبێتە، ئەو کەسە کە فرمێسک کە چاوانی من دەردەهێنێت. بە هەستێکی کورت و بێمنەتانە چاک و چۆنیم لەگەڵ ئەو پیاوە کرد و دانیشتم. هەرچی قسەیان کرد، من هیچ تێنەگەیشتم. بە منیان وت کە وانەیەک بۆ وتنەوەی

دین و تەفسیر دەکرێتەوە کە لە ماڵی خاڵم دەوترێتەوە. منیش بە بێ ئەوەی کە وەڵامێکی تایبەتیم هەبێت، قبووڵم کرد و وتم ئامادەم کە بێم بۆ ئەو وانەیە.

هەر لەو کاتەدا ئێمە لە قوتابخانەدا لە دەورەی ڕاهنەمایی بۆ هەر کتێبێک مامۆستایەکمان هەبوو. هیچ یەک لەو مامۆستایانە بە دۆست و خۆشەویستی ئێمە دەرنەهاتن. بەڵکو هەر هەموو مامۆستاکانی قوتابخانە وەک دوژمنی ئێمە خۆیان دەرخست. هیچ یەک لە مامۆستاکان نەبوونە کەس و خۆشەویستی ئێمە.

ئەو کابرا کە بووە میوانی ماڵی خاڵم، کابرایەک بوو کە بانگمان دەکرد، مامۆستا حەبیب. چیرۆک لەگەڵ مامۆستا حەبیب دەستی پێ کرد. ئەم مامۆستا کابرایەکی خۆش خەندەی ورد و وریا بوو. خواستی ئەوە بوو کە وانەی تەفسیری قورئان بە ئێمە بڵێتەوە. خواستی مامۆستا حەبیب ئەوە بوو کە ژینگەیەکی تایبەتی بۆ خوێندن و دۆستی داهاتوو دروست بکات.

بەرەتا و سەرەتا و کۆتایی، وەک سێ ماسیە لە گۆمێک ئاودا، لە دەوری یەکدیدا دەسووڕێنەوە و بەرودوا بە یەکدی دەکەن و ناتوانرێت کە بە باشی بزانرێت کە کامەیان سەرەتایە و کامەیان بەرەتایە و کامەیان کۆتاییە. ژیانی هەر مرۆڤێکیش وەک گۆمی ئاوێکە کە بەرەتا و سەرەتا و کۆتایی لە دەوری یەکدیدا دەسووڕێنەوە.

لە پاش ئەوەی کە چووین بۆ دەورەی دەبیرستان، دەورەیەکی تری ژیانی من دەستی پێ کرد. کتێبێکمان هەبوو بە ناوی کۆمەڵناسی، دڵم زۆر بەو کتێبە خۆش بوو. هەروەها دڵم بە مامۆستای ئەو وانەیە زۆر خۆش بوو. ئەو مامۆستا ناوی فەریبورزی لوڕستانی بوو. مامۆستایەک کە ژیر و ورد و وریا بوو. نەرمی و کرانەوەی ئەو مامۆستا منی بۆ خۆی ڕاکێشا. ئەو مامۆستا خۆی بۆ من کردەوە و منی برد بۆ نێو ماڵ و خێزانەکەی خۆی. دۆستی ئەو مامۆستایە بۆ من جێگەی دڵخۆشی بوو.

دۆستی من و مامۆستا حەبیب و مامۆستا لوڕستانی بەردەوام بوو. من هۆی سەرەکی لێکچوونی ئەو دوو مامۆستایەم بۆ ئەوە دەگەڕاندەوە کە زانستی کۆمەڵناسی دەوری هەبووە لە دەروونیان. مامۆستا حەبیب لیسانسی خۆی لە زانستی کۆمەڵناسی تەواو کردبوو، وە ئاغای لوڕستانی فوق لیسانسی کۆمەڵناسی لە شاری تاران هەبوو.

لە دەورەیەک کە چووم بۆ شاری ڕوانسەر و لە حوجرەی ئیقباڵی لاهوری دەست و گیانم بۆ خوێندنی دین کردەوە. بووم بە دۆستی مامۆستایەکی تر بە ناوی مامۆستا میهدی مورادی، کە مامۆستای وانەی کۆمەڵناسی بوو. مامۆستا میهدی بووە دۆستی نزیکی من و منی بانگ دەکرد و دەمیبرد بۆ ماڵەکەی خۆی و لەگەڵ خێزانی دادەنیشتین و قسە و باسی زۆرمان لەسەر دین و کۆمەڵناسی و فەلسەفە دکرد. مامۆستا میهدی لە لای مندا کەسێکی خۆشەویست بوو، لەبەر ئەوەی کە منی هاونشینی ماڵ و خێزانی خۆی کرد. خوای گەورە شاهیدە سەیری ڕوومەتی ژنەکەی مامۆستا میهدیم نەکرد. لەبەر ئەوی کە دینی ئیسلام، دەرفەت نادات هەموو ڕووەکان بۆ یەکدی بکرێنەوە!.

هەر لەو دەورە کە لە حوجرەی ئیقباڵی لاهوری خەریکی وانەکانی دین بووم، هیچ یەک لە مامۆستاکانی حوجرە بەهایەکی دۆستانەیان بە من ندا و کەسیان منیان وەک دۆست بانگ نەکرد و چایەکمان پێکەوە نەخوارد.

لە دەورانێک کە چووم بۆ هەولێر و لە زانکۆی سەڵاحەدین خەریکی خوێندنی زانستی کۆمەڵناسی بووم، مامۆستایەک بە ناوی دکتۆر حەمید عەزیز، هەروەک مامۆستا حەبیب و مامۆستا فەریبورز و مامۆستا میهدی، بوو بە کەسێک کە بە قسەکانی دیوارەکانی دەروونی منی دەشکاند و بەبێ ئەوەی کە ڕووخسەتم لێ وەربگرێت، تەشەنەی لە دەروونم دەکرد. مامۆستا حەمید کە دەهات بۆ زانکۆ بە دەستێکی جانتایەکی دەگرت و دەستەکی تری تەزوێیەکی پێوە بوو. هەستێکی توندم بەرانبەر ئەو وێنەیە هەبوو!.

باشە گەر پرسیار لە ئێوە بکەم کە لەم بەرەتایە کە من تێدا و پێدا گوزەرم کردووە، سەرەتا لە کامەیان دەبینن!؟.

شانەیەک هەنگ کە بە دەستی مرۆڤ دەکەوێت، ئەو مرۆڤە هیچ یەک لەو هەنگانە ناناسێت، وە نازانێت کە هەنگێک لەو هەنگانە زۆر پەرۆشی ئەوەی هەبووە کە هەنگوینی پاک و شیرین دروست بکات!. کەس بە دڵنیایی ناتوانێت کە بزانێت. کۆمەڵناسی ناوێکی هاوبەشی هەرهەموو ئەو مامۆستایانەیە. ئایا دەبێت کە زانستی کۆمەڵناسی بە سەرەتای خۆم بناسمەوە!؟ ئەو مامۆستایانە گرنگترین کار و ژیری و زیرەکیان ئەوە بوو کە منیان تا دڵ و ماڵی خۆیان دەبرد. بە تەنیا، بە بێ ئەوەی کە کەسێکی تر لەگەڵ ئێمەدا بێت. هەستەکان و هزرەکان و هەناسەکانی

ئەو مامۆستایانەم بۆ دەرکەوتبوو. من توانیم کە تەشەنە بکەمە شێوەی هەناسە و هەستەکانیان. هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوە کە بۆ من بکرێنەوە. ئەو چەند ناوە هەرگیز یەک ناگرنەوە، مەگەر ئەوە کە من کۆیان بکەمەوە. هەروەک هەنگ کە تۆکانی چەند گوڵی جیاواز کۆ دەکاتەوە وە لە بونیادی خۆیدا بەرهەمێکی تر دەخولقێنێت. نزیکی و تەنیایی و بونیادێکی وەک بونیادی هەنگ پێویستە، بۆ ئەوەی کە بەرهەمی پاک بخولقێت. ئایا دەبێت کە خۆم وەک سەرەتای ئەم بەرەتا بناسمەوە!؟ ئایا دەبێت کە خۆم بە خاوەنی جووڵە بناسمەوە!؟.

ئایا ئێوە ئەو ئاوەتان بینیوە کە تۆز دەکات!؟ ئەو ئاوە کە یەکەمجار دەدرێتە زەوی تینوو، تۆزێک هەڵدەخات. ئایا ئێوە ئەو تیشکانەتان بینیوە کە بەیانان ڕووناک دەکەنەوە، پێش ئەوەی کە تیشکی خۆر ڕاستەوخۆ لە زەوی بدات!؟.

من دەمەوێت کە بە هاوکاری ئەو ئاو و تیشکانە کە تاریکی و تینوویەتی لادەبەن و لادەدەن، بەرەتای ڕووناکی و ئاوەدانی بە خوێنەر بناسێنم.

ئایا شایستەی منە کە کۆمەڵناسی کە زانستی مرۆڤیە بە سەرەتای ناوی خۆم بناسمەوە!؟.

جگە لە ئەو سێ ناوە کە من باسیانم کرد، دەستە ناوێکی تر هەبوو کە لە ڕێگەی کتێبەوە ئەوانم دەناسی. ئەو ناوانە کە لە ڕێگەی کتێبەوە ناسیاریان بووم، کاریگەری فراوانیان لە ژیانی من کرد. لە دەورانی مامۆستا حەبیب بوو کە من و ئیبراهیم بە یارمەتی ناوی شاعیرانی شیرازی ڕێ دونیاگەردیمان گرتەبەر و سەرمان چووە چیرۆکێکەوە کە بە برین و دەردەوە هاتینە دەرەوە. کتێبی سەعدی و حافز و شاعیران و کتێبەکانی تر لە سەر تاقی ماڵی خاڵم هەبوو. هەبوونی ئەو کتێبانە دەگەڕایەوە بۆ هەست و مەیلی ماڵی خاڵم بۆ ئەدەب و ناسیاری. ئەو کاتە ئێمە هیچ بەرنامەیەکمان نەبوو، کە لە ڕۆژهەڵاتەوە گەردش بکەین یان لە ڕۆژئاواوە!؟ بە بێ پلان لە لادێکانی دەوری شاری سەرپێڵی زەهاو دەست و پێمان خستە گڕ، بۆ ئەوەی کە دونیا بناسین و دونیا ببینین. ئایا شایستەی منە کە بڵێم کە سەعدی و حافز یەکەم ناوەکان بوون کە ئێمەیان لە ماڵ و وڵات بەدەر کرد بۆ ئەوەی کە بزانین و بناسین!؟.

من ناوی خوای مەزنم لە ڕێگەی کتێبەوە ناسی. لە دەورانی مامۆستا حەبیب بوو کە ناوی خوایەکم ناسی کە بە ئەدەبی نووسین لە گیانی من نزیک بووەوە. ناوی خوای مەزن ناوێک بوو کە من هەرگیز وەک مامۆستا و ڕێگەخۆشکەر نەمناسیوەتەوە. قوفڵ لە ئاسنە و کلیلیش هەر لە ئاسنە. من نائاگاە بووم لەوە کە ناوی خوای گەورە چ پەیوەندیەکی بە ناوەکانی تر هەیە. پاش ئەوەی کە مەقام و پێگەی ناوەکانم لە دەروونم لێک دەدایەوە، هەستەکانی من لە بەرانبەر ناوی خوا چۆکی دەدا. هەستم بەوە کرد کە خوای مەزن بە خواستی خۆی مامۆستاکان و ناوەکانی بە من ناساندووە. خۆی هەردەم لە دەوری منە!. هەندێک جار، دەگریام... پرسیارێک لە سینگم هەبوو کە جێ نەدەبووەوە: من کێم کە خوای مەزن لەدەوری منە!؟ پەنا بە ناوی خوای مەزن.

بەهای من لەوەیە کە ئەو ناوانە لە دەورەکان خاوەنداری ناوی منیان دەکرد، بوون بەو کەسانە کە من خاوەنداری ناوی ئەوانم لە ئەستۆ گرت. بە ناوی خوای مەزن هەرهەموو ناوەکانم لە ژیانی خۆم کۆ کردەوە و سەروسامانم بە پێگەیاندا. ئەوان بەرەتا و سەرەتای منیان دەستپێکرد، وە ئەوە منم کە کۆتایی خۆم لە ئەستۆ وەردەگرم.

ئێستە دیسان ئەو پرسیارە دەکەم، من دەبێت کە کۆمەڵناسی بە سەرەتا بناسم یان مامۆستا حەبیب، یان قورئان، یان هەڵاتنەکەی خۆم و ئیبراهیم بۆ دونیاناسی کە سەعدی و حافز سەرپەرەشتیان کرد!؟ یان دەبێت کە مانەوەی من لە گرتووخانەی ئینگلیس بە سەرەتایەکی ڕۆشن بناسمەوە، لەبەر ئەوەی کە هەر هەمووی ئەوم نووسینە لەم بەندینخانەیە زایراوە!؟.

هەر هەمووی ئەو ناوانەی کە لە سەرەوە هاتوون و ژیان و گیانی منیان لە ترس و هەراس خستووە، وەک دەستەیەک بەردن کە سروشتیان جۆرێکە کە ئامادەیی ئەوەیان تێدا نیە لەسەر یەک دابنرێن و بونیادێک دروست بکەن. مرۆڤ بۆ ئەوەی کە بونیادێک دروست بکات، دەبێت پیک و تەوشێیەکی هەبێت کە بتاشێت و ڕاستیان بکاتەوە!.

دەتوانم کە بنەچەقی تەواوی ئەم نووسینە دەروونی خۆم بزانم. کەوایە نە مامۆستا حەبیب وە نە شاعیرانی شیراز، هیچ کامەیان بە دەستی باڵا ناناسمەوە. دەستی خۆم بە دەستی باڵای ئەم چیرۆکە دەناسمەوە. ئەگەر لە دەستی من پرسیار

بکرێت، چۆن بوو کە توانیت تەواوی ئەو ناوانە و ئەو بەردانە بتاشی و لە بونیادێک دایانمەرزێنیت!؟ دەستی من بەرز دەبێیتەوە و دەڵێت کە ئەوە دەستی خوای مەزن بوو کە بەخشەندەیی بە من کرد، من هیچ تەوانی ئەوەم نیە کە ئەو هەموو ناوە سەخت و قورسە هەڵبگرم و بیانتاشمەوە و لە بونیادێک دایانمەرزێنم.

بەرەتاکان پێکهاتووە لە دەستە دەستەی ناوەکان، کە وەک تیر سەرەکانیان تیژ و تاشراوە، کە لە گیان و دەروونی مرۆڤدا دەچەقێت. ئەوانەی کە دەیانەوێت بونیادێکی گەورە لە ڕستەکان و ناوەکان لە ژیان و گیانی خۆیان بتاشن و بونیادی بنێن، دەبێت کە پیک و تەوشێ بڕندەیان لە دەست بێت!.

دڵنیا بن، ئەوانەی کە تیر و تەرەک لە گیان و هۆشیان فراوانە، دەست و زوبانی خۆیان دەبێتە تیر و نەوەکانی پێ لەت و کوت دەکات.

خاک بۆ ئەوەی کە بکێڵرێت، جووتیارێک و دوو گای دەوێت، بۆ ئەوەی کە دان بوەشێنرێت، دان و دەستێکی دەوێت. ئەتوانرێت کە گاکان و جووتیار بە سەرەتا دابنرێت، یان دەتوانرێت کە دەستی وەشێنەر بە سەرەتا دەبناسرێت. یان یەکەم بارانێک لە گەشە بە دان دەدات بە سەرەتا بناسرێتەوە. لەوە دڵنیا بن کە ئەو دەستەی کە دەیوەشێنێت و ئەو دەستەی کە دروەی دەکات بۆ یەک کەس کار دەکەن. مامۆستا حەبیب خواستی ئەوە بوو کە من بەرەو ڕێبازی خۆی بەرێت، وە مامۆستا میهدی دەیەویست کە من لە دین و ڕستەکانی دین بێ منەت بکات، هەروەها مامۆستا حەمید بە قسەکانی دەیەویست کە دین بێ بەها بکات. دەسڵاتدارنی ئینگلیس نەیانزانی کە من لەم بەندینخانەیە خەریک بە چ نووسینێک دەبم. هەر هەمووی ئەو دەست و ناوانە بۆ من کاریان دەکرد، هەر هەمووی ئەوانە بۆ من ژینگە و زەمینەیان خۆش کرد.

هۆشی من و ئەم نووسینە ئەوەندە دان و تۆ و توخمی تێدایە کە دەتوانێت لە دەروونی هەر یەک لە خوێنەران و نەوەکان بەر و بەرهەمێکی تایبەتی هەبێت.

کەسانی زۆر هەبوون کە لە دەورانی حوجرە و زانکۆ ناسیاریان بووم، کە تەوانی ئەوەیان هەبوو هات و چۆی ناوەکان بکەن و سەردانی شوێنەکان بکەن و خۆیان بە کۆیەکی زۆر لە ناوەکان و کتێبەکان خەریک دەکرد و دەست و دەمیان پڕ لە

نووسینەکان و ڕستەکان بوو، بەڵام نەیانتوانی کە ئەو ناوانە و ڕستانە لە گیان و ژیانی خۆیان دامەرزێنن.

لە منداڵیەوە سرنجم لە شتێک دا کە بۆ من جێگەی بەهایەکی زۆر بوو، کاتێک کە دارێکی توومان  دەبینی کە بەرێکی پێوەیە، بە هەرشێوەیەک هەوڵی ئەوەماندەدا کە بەری ئەو دارە بهێنینەوە خوارەوە. بە دار و بەرد و هەرچی کە لە بەردەست کەوتبایەت. پاش ئەو هەموو ساڵە ڕێم کەوتە دارێکی گێلاس، چوومە بن دارەکە و دەستم بەرز کردەوە و چەند گێلاسم کەندەوە. ئەوەی کە بە دەستم گەیشت کەندمەوە و خواردم. ئیتر هەرچیم کرد کە گێلاسەکانی تر بهێنمە خوارەوە، دەستم نەدەگەیشت. ویستم کە وەک دەورانی منداڵی دەست بۆ بەرد و دار بەرم. لە دەروونی خۆمدا وتم: من دەستم بەشی خۆم بەرز کردەوە... (بزگەیەک گرتمی کە قسەیەکی تێدا بوو) ... ئەوەکانی تر ئەرکی خۆیانە کە بکەونە خوارەوە!.

لەو دارە وازم هێنا و لە ڕێدا بە خۆم وت کە گێلاسەکانی سەرەوە، تام و چێژێکی زۆر خۆشتری هەیە. ئەوانەی سەرەوە بە دەستی من ناگات. من دڵنیام کە ئەوانەی سەرەوەی تام و چێژێکی خۆشتری هەیە!.

لە دەورانی منداڵیدا جاربەجار دەچووین بۆ سەرئاوگەرم[1] بۆ مەلێ کردن، شوێنێکی گەشتیاری بوو کە خەڵکان بە تایبەت پیاوان مەلێیان تێدا دەکرد. منداڵەکان لە تەنکاییەکان مەلێان دەکرد و ئەوانەش کە مەلێیان بزانیبایەت خۆیان دەخستە شوێنە قووڵەکان. لە نزمی بۆ قووڵیەک دەچوو. مەبەستم ئەوەیە کە سروشت بۆ دەستەیەک شوێنێکە بۆ فێربوون وە بۆ دەستەیەک شوێنێکە بۆ ئەوە کە لە قووڵاییەکاندا مەلێ بکەن. ئەم نووسینە وەک ئاوەکەی سەرئاوگەرم، لە نزمیەک بۆ قووڵیەک دەچێت و هەر کەسێک دەرفەتی ئەوەی هەیە کە تێدا مەلێ بکات. ئەم نووسینە نزمی تێدایە، واتە شوێنێکی هەیە بۆ ئەوانە کە فێر ببن. هەروەها قووڵاییەکی هەیە بۆ ئەوانە کە دەزانن لە لاپەڕەکان کە وەک دەریایەک قووڵە، مەلێ بکەن. بۆ ئەوەی کە بزانیت چۆن لەم نووسینە کەڵک وەربگریت دەبێت بیگریتە دەست و وەک بیژنگ ئەمسەر وئەوسەری بدەیت بەیەکدا و بەرودوای لەگەڵ یەکدی تێکەڵ بکەیت و بەرودوای پێکەوە تێکەڵ لە نێو دەستانی خۆتتدا

[1] _ سەرئاوگەرم ناوی ئاوێکە لە نزیک بە شاری سەرپێڵی زەهاو کە خەڵک لە هاوین مەلێ تێدا دەکەن.

بژەنیت. هەر کەسێک بە پێ دەست و ژەندنی خۆی لەم نووسینە کەڵکی خۆی وەردەگرێت.

لەم باسە بە دوای ئەوەدا چووم کە چ ناو و وشەیەک وەک خاڵی سەرەتا و بەرەتای ناوی من دەناسرێت؟ باسی ئەو ژینگە و زەمینە دەکرێت کە سەرەتا و بەرەتا تێدا دەزێنرێت. لە بەردەوامی ئەم نووسینە وردە خاڵی زۆر دەردەخەم بۆ ئەوەی کە خوێنەر بتوانێت کە وەک بێژنگ، بژەنێت و پاکی بکاتەوە.

لە ژێر بەخشەندەیی خوای گەورە گەیشتم بەوە کە چۆن ناوەکان  لە ڕێمدا و جووڵەی چوونمدا هەڵسەنگێنم وە بڕیاری لە سەر بدەم. سقەم بە هەستەکانی خۆم دەکرد، هەر بۆیە هەر ناوێک کە بۆش و پوچ بایەت بە نووکە دەرزیەک دەمتەقاند.

## دیداری گێلترین مرۆڤ

پەنا بە ناوی خوای مەزن دەبەم لە شەڕی ناوەکان. بە ناوی خوای مەزن دەست و گیان پێ دەکەم.

هەر جووڵە و وشە و وێنەیەک لە ژینگەی مندا، قسەم لەگەڵ دەکات، دەستەیەکی دۆستە و دەستەیەکی تری دوژمنی دەروونی من دەکات. یەکێک لەوانە خەونەکانی منە کە بەها و دەوری زۆری هەیە. بووەتە هۆی ئەوە کە بزانم و بناسم.

شەوێک خەونم بینی کە بە ڕێیەکدا ڕێ دەکەم. کابرایەک بەرەو ڕووی منەوە هات و وتی: دەتەوێت کە گێلترین مرۆڤ بناسی!؟.

بۆ من لە باوەڕدا نەبوو کە کەسێک ئاوەها بیەوێت کە وەک حەکیمەکان لەگەڵم قسە بکات. وتم: بەڵێ، پێم خۆشە!.

کابرا وتی بە دوام کەوە و منیش بە دوای کەوتم و بە ڕێیەک بردمی تا گەیشتینە گەراژێکی هات و چۆی ئۆتۆمۆبیلە نەفەربەرەکان. کابرا نەچووە نێو گەراژەکە، لە دیواری پشتەوەی گەراژەکەوە ڕێگەیەک هەبوو، منی خستە سەر ئەو ڕێگەیە. لە دوورەوە خانوویەک دیار بوو. هەستم کرد بەرەو ئەو خانووەوە دەچین. خانووەکە وەک کەلاوە بوو. بەس ئەو خانووە لەو ناوچەیە بوو.

کابرا بە بێ ئەوەی لە دەرگە بدات، دەرگەکەی کردەوە و چووە ژوورەوە، سەیری منی کرد و وتی وەرە ژوورەوە. منیش چوومە ژوورەوە. هەست و دڵم توند لێدەدا، دەمەویست کە بزانم کە گێلترین مرۆڤەکانی سەرزەوی چۆنن!؟ کابرا ڕاوەستا و ڕێگەی بۆ من کردەوە، بە جۆرێک کە ئیتر من دەبێت لەوە بەولاوە خۆم بڕۆم. چەند هەنگاوێکم هەڵگرت و لە ژوورێک نزیک بوومەوە. کابرایەکی تر بە سەبەتەیەکەوە لە دەرگە هاتە دەرەوە. بە بێ ئەوەی لە هیچ گەرمی و تینێک لە ڕوومەتی ببینم، بە سەیر لێ هاتن وتی: هاتووی کە گێلترین مرۆڤی سەرزەوی ببینی!؟ وتم: بەڵێ!.

کابرا سەیری سەبەتەکەی دەستی کرد، وتم: ئەمە چیە بە دەستتەوە!؟.

وتی: هێلکەیە، دەمەوێت کە بیکەم بە جووڵک.

وتم: ئەی مامرەکەی لە کوێیە!؟.

وتی: مامرم نیە.

وتم: ئەی بە بێ مامری کڕ هێلکە هەڵنایەت!.

وتی: ڕۆژانە ئەم سەبەتە دەبەم بۆ گەراژەکە و دەگەڕێم بۆ کەسێک کە پەلەوەرێکی پێ بێت. کەسانێک لەوێ دەبینم کە مامر و پەلەوەریان وەتەک بێت، داوایان لێ دەکەم و هێلکەکان دەخەمە ژێری.

سەیرم لێ هات، کابرا ڕوومەتی زۆر سارد بوو، وتم: ئەی ئەگەر سواری ئۆتۆمۆبیل بوو و مامرەکەی لەگەڵ خۆی برد و ڕۆیشت، ئەی ئەو کاتە چی دەکەیت!؟ ئەی ئەگەر مامرەکە کڕ نەبوو چی!؟.

کابرا بە بێ ئەوەی کە لەو پرسیارەی من هیچ جۆرە هەستێکی لەناکاوەی هەبێت وتی: دەگەڕێم و لە نێو گەژارەکە مامرێکی تر ئەدۆزمەوە!.

ملم گەڕاندەوە و سەیری کابراکەم کرد کە منی بردبوو بۆ ئەو خانووە، قسەم نەکرد و بە پشتم تێ کرد. چاوم کرایەوە... زانیم کە خەون بووە!.

## قەڵەکانی میم سەلمە

کاتی خۆی لە ئاواییدا، دراوسێیەکی ماڵی باپیرم هەبوو کە قەلی بە خێو دەکرد. میم سەلمە بەیانان قەلەکانی لە ماڵەوە دەردەکرد و ڕوویانی لە زەویەکانی نزیک بە ئاوایی دەکرد، بۆ ئەوەی کە بلەوەڕێن. قەلیش حەزی لێیە کە وەک پەزوپۆڵەکان سەیر بکرێت و بە گەلە و بە خاوەن و گۆچانەوە بۆ زەویەکان ببرێن!.

قەلەکان گەورە ببوون و میم سەلمە بە گەرمای نیوەڕوانی هاوین دەچوو لە زەویەکانی دەیانیهێنایەوە. ڕۆژێک لە سێبەری بەردەرگی ماڵی باپیرم دانیشتبووم، میم سەلمەم بینی کە لە دوورەوە قەلەکانی دەهێنایەوە. گۆچانەکەی دابووە سەر شانی و بە هەناسە هەناسەیەک کە گەرما بۆی دروست کردبوو، قەلەکانی دابووەبەر و دەیهێنایەوە. دەستێکی بە ڕوومەتی بوو، ناڕەحەت بوو، کە گەیشتە من، ڕووی لە من کرد و وتی: ڕۆڵەکە گیان یەکێک لە قەلەکانم دیار نیە، ئەوەکانی تر پەڕیان لێ بووەتەوە، پەشۆکاون، بۆی هەیە کە ڕێوی یان چەقەڵ لێیانی بردبێت!.

ئەو رۆژە بە ناڕەحەتی چووەوە بۆ ماڵ و ئیتر هەر ڕۆژ و هەر ئێوارە دەمبینا کە لە دەرگی ماڵکەی دەهاتە دەرەوە و دەستێکی دەنیایە سەر کەلەکەی و دەستەکەی تری دەکردە سێبەر بەسەر چاوانی و بۆ دەرودەشتەکان چاوی دەگێڕا. نیگەرانی و ختورەی بۆ قەلەکان دیار بوو، هات و چۆی زۆری دەکرد و لە سێبەری دیواری ماڵەکەی دادەنیشت.

میم سەلمە کوڕەزایەکی هەبوو کە جاربەجار دەینادر قەلەکان بهێنێتەوە، خۆی پیر بوو و دەترسا کە لەو هاوینە، سەونی گەرم بیبات و نەخۆش بکەوێت و بمرێت. کوڕەزاکەشی زۆر گوێ لە پیرەژن و قەلەکانی نەدەدا و خەریکی گەمە و یاریەکانی خۆی بوو.

ئێوارانێک میم سەلمەم بینی کە لەبەر خۆیەوە قسەی دەرکرد و قەلەکانی دابووەبەر و دەیانیهێنایەوە. دەگەیشتە هەرکەس پێش هەر قسەیەک باسی قەلەکانی خۆی دەکرد، گەیشتە من و وتی: باوانەکەم، تۆ ئەو خوا، ئەوە دەورە و زەمانەیە، کوڕەکەی دەروێش عەلی وتی ڕانەندەیەکی ئۆتۆمۆبیل لە سەر جادەکە، دابەزیوە و یەکێک کە قەلەکانی منی هەڵگرتووە و بردوویە.... تۆ ئەو خوایە، ئەوە شانس و بەختە کە من هەمە لە قەلداری!؟.

بە ناڕەحەتی ڕووی لە حەوشی ماڵی خۆیانی کرد و لەبەر خۆیەوە وتی: خوایە گیان خۆت حوکمی بکەیت!.

بۆ چەند ڕۆژ چووم بۆ شار و لە ئێوارەیەک گەڕامەوە، داپیرم و میم سەلمەم بینی کە لە دەرگی ماڵی میم سەلمە خەریکی قسەن، زانیم کە شتێک بووە، پرسایرم کرد. داپیرم وتی: قەلێکی لە کوولانەکەی تۆپیوە!.

لە دڵی خۆم پێ کەنیم و وتم: بەشکە خۆکوژی کردبێت!؟.

ئیتر وردە وردە هەستم کرد کە قڕانێک کەوتووە نێو قەلەکانی میم سەلمە، هەر ئەمە وای کرد زۆرتر سرنج لە بەسەرهاتی قەلەکانی بدەم.

هەفتەیەکی پێنەچوو، میم سەلمە و کوڕەزاکەی لە دەشتەکانی پشتەوەی ئاوایی دەهاتنەوە. زانیم کە شتێک بووە کە ئاوەها بە دووکەسی کەوتوونە دوای قەلەکان. کە نزیک بوونە پرسیارم لە کوڕەزاکەی کرد، وتی: هەڵۆیەک لە ناکاوە لە ئاسمان دابەزی و یەکێک لە قەلەکانی لەگەڵ خۆی هەڵگرت و بردی، نەگەیشتم پێیدا، لە دوورەوە بینیم، زۆر ترسام!.

میم سەلمە کە سەیری دەمی کوڕەزاکەی دەکرد کە بۆ منی دەگێڕایەوە، وتی: قسمەتی خوایە، شانسم لێیان نیە، ئەوەی کە ئەمڕۆ هەڵۆ بردی، دامنیابوو بۆ کوڕزاکەم وەک دیاری کە ئەگەر گەورە بوو، بیبات لە شار بۆ خۆی بیفرۆشێت و پارەکەی بۆ خۆی بەرێت!.

وردە وردە و ڕۆژ بە ڕۆژ لە قەلەکانی میم سەلمە کەم دەبوونەوە، ئیتر وای لێ هاتبوو کە چەند قەلی بۆ مابووەوە. ئەو چەند دانەیە دا بە کوڕەکەی کە بیبات لە شار بیفرۆشێت و قاڵیان ببڕێتەوە.

پاش ئەوەی کە کوڕەزاکەی قەلەکانی فرۆشت، ڕۆژێک بۆ میوانی هاتبوو بۆ ماڵی باپیرم، باسی قەلەکانی خۆی دەکرد، وتی: قەلیش خاوەنی دەوێت، یەکێک بیانبات و یەکێک بیانهێنێت... هەر لە خۆوە نابێت، جارێک چەقەڵ بیبات و جارێک ڕێبواری سەرجادە بۆ خۆی هەڵیبگرێت و جارێکی تر هەڵۆ بیخوات و یەکێکی لە کوولانە بتوپێت، قەل ئاوەها خاوەنداری ناکرێت!.

## هەڵاتنێک کە بووە ئەستێرە

پەنا بە ناوی خوای مەزن دەبەم لە شەڕی ناوەکان. بە ناوی خوای مەزن دەست و گیانم پێ دەکەم.

گەورەترین و پیرۆزترین بەسەرهات و چیرۆکێک کە لە ژیانی من قەوما و وەک ئەستێرەیەکی دەروشاوە ڕێ و شوێنی لە ژیانی من کردەوە، چیرۆکی هەڵاتنی من لە شاری سەرپێڵی زەهاو بوو، بۆ ناسینی دونیا و ئەوەی کە بوونی هەیە.

سەرەتای پشووەکانی سێزدەبەدەر کە لە مانگی ئسفەندەوە دەستی پێ دەکرد، بۆ منداڵەکان خۆشترین کاتەکانی ساڵ بوو. دەرفەتێک بۆ ئەوەی کە لە سروشتی ئازاد و جوان خەریک بە گەمە و یاری بین و لە قوتابخانە و خوێندن دوور بینەوە. پشووەکانی سێزدەبەدەری ساڵی هەزاروسێسەدوهەفتاوهەشتی هەتاوی من و ئیبراهیم و منداڵەکانی ئاوایی خەریک بە گەمە و ڕاوڕاوان بووین. ڕۆژانی دوور و درێژی بەهاری، کاتێک بوو بۆ منداڵەکان کە تا خۆرئاوا بوون، لە دەرودەشتەکان خەریک بە یاری بن. ڕۆژەکانمان دەژمارد و حەزمان نەدەکرد کە ئەو ڕۆژانە تەواو بێت. هەر ئێوارەیەک کە دەهات، ترسێک دەروونی منی دەگرت کە ئیتر ئەو ڕۆژە کۆتایی هات و وردە وردە لە کۆتایی پشووەکان و سەرەتای خوێندن نزیک دەبینەوە. هیچ کەس ئاگای لەوە نەبوو کە ئێوارانی ڕۆژانی بەهاری چەند دڵم تەنگ و هەناوم خۆی دەخواردەوە.

ئەو کاتە ماڵی ئێمە لە شاری سەرپێڵی زەهاو بوو، شارێک لە نێوان ئێلاخ و گەرمەسێر، لە نێوان کەژەکانی زەردە و یاڵەکانی دالاهۆوە. ئەو کاتە کرایەنشین بووین و هەر ساڵ و دەورەیەک لە کۆلانێکی ئەو شارە ماڵێکمان کرێ دەکرد. ئەو کاتە باوک و کەس و کاری من لەبەر بارودۆخی نالەباری ژیان ئاگایان لە قوتابخانە و ژیانی خوێندنی ئێمە نەبوو. هی ئەوەش نەبوو کە باسی قوتابخانە بۆ ماڵەوە باس بکەین. ئیتر خۆمان دەخواردەوە و سەختی و ناڕەحەتی ژیانی خوێندمان بە بێ دەنگی قبووڵ دەکرد.

پاش ئەوەی کە گەیشتین بە ڕۆژانی کۆتایی پشووەکانی سێزدەبەدەری ساڵی هەفتاوهەشت، دڵمان تەنگ و سینگمان هەراسان بوو، لەوەی کە دیسان دەگەڕێینەوە بۆ مەدرەسەی ڕاهنەمایی ئەبووزەڕ. مەدرەسەی ئەبووزەڕ بۆ منداڵەکان جەهەننەمێک بوو کە تێدا پەرێشان و هیلاک بووین. باوەڕمان نەدەکرد کە ئاوەها

بە زوویی پشووەکان تەواو بووە و دەبێت کە لە پانزدەی مانگی فەروەردینەوە دیسان بگەڕێینەوە بۆ مەدرەسەی ئەبوزەڕەوە!.

ئەو کاتە تەنیا کەسێک کە هاوڕێ و هاوپێ من بوو، کوڕە خاڵەکەم بە ناوی ئیبراهیم بوو. من و ئیبراهیم پێکەوە لە یەک پۆل دەرسمان دەخوێند و پێکەوە هات و چۆی قوتابخانەمان دەکرد.

ماڵی ئیبراهیم لە کۆڵانەکەی پشتی ماڵی ئێمە بوو، بەیانان لەگەڵ منداڵەکانی تر پێکەوە لە میراس فەرهەنگیەوە بەرێ دەکەوتین بۆ ناوکەل. ترس و هەراسی ئێمە زۆر بوو، لەوە کە دیسان دەبێت نیوەی ڕۆژێک لە قوتابخانە لە بن دەستی دەستەیەک مامۆستا ببەینەسەر کە بە چێو و شەپازە ئێمەیان دەترسان. وانەکانی خوێندن و بینا و مامۆستا و قوتابیەکان، ئێمەیان هیلاک و نیگەران دەکرد. هەستمان بەوە دەکرد کە گوشار و دەرد دەکێشین. بەردەوام بۆ بیانۆیەک دەگەڕاین کە لە قوتابخانە دەرچین و خۆمان بدزینەوە.

ڕۆژی پانزدەی فەروەردینی ساڵی هەفتاوهەشت، من و ئیبراهیم لە حەوشی قوتابخانە خۆمان بە دزیەوە خستە ئەو دیوی دیوارەکەی قوتابخانە و لە پشتەوەی ئەو دیوارە، هەناسەی ئاسوودەمان هەڵکێشا. لەبەر ئەوەی کە کەس نەیدەزانی ئێمە چ دەرد و ناڕەحەتیەکمان لە دەستی ئەو قوتابخانە دەکێشا. لە تەنیشت ئاوی ڕووباری ئەڵەونەوە بۆ پشتەوەی ناوکەل بەرێ کەوتین. ناوکەل کەلی نێوان دوو کێوە کە ڕووباری ئەڵوەن تێدا دێتە نێو شاری سەرپێڵی زەهاوەوە. هەوا و فێنکیەک بە لوت و ڕوومەتی ئێمەدا دەهات. من و ئیبراهیم بە بێ دەنگی و لە ترس و هەراسی قوتابخانە لە لێوارەی ڕووباری ئەڵوەن ڕوومان لە جادەیەکی خاکی کرد کە دەچوو بۆ ئاوایی پسپس. لەسەر جادە خاکیەکە لاماندا و بەرەو کەژەکەوە سەرکەوتین و لە نیوەی کەژەکە دانیشتین و ڕوومان لە دەرودەشتی جوان کرد.

هەوای فێنک و ئاسمانی کەوە، لەگەڵ دەرودەشتی سەوز و جوانی بەهاری و دەنگی خەڵک لە دوورەوە و دەنگی پەلەوەرەکان لە نزیکەوە، لەگەڵ خەیاڵی قوتابخانە وەک دۆ و دۆینە لە مێشکی ئێمە تێکەڵ بوون و یەکدیان قیزەون دەکرد. بیرمان لەوە دەکردەوە کە لە پشتەوەی ئەو دەشتە جوانە کە پڕ لە پەلەوەری ڕەنگین و گۆڵە سروشتیەکان، لە تەنیشت خوڕەی ئاوی ئەڵوەن و سێبەری خەوهێنەری دارەکانی سەرچەمی ئەڵوەن، قوتابخانەیەک هەیە کە وەک جەهەننەمێک دڵ و

دەروونی ئێمەی نەخۆش و هیلاک کردووە. لە پشتەوەی ئەو دەشتە جوانە، شارێک هەیە کە هەرهەموو پارک و جادەکانی بۆ ئێمە بیرەوەری ناخۆشە!.

لە بیرم دێت کە بۆ لەبەر کردنی وانەکان لەگەڵ منداڵەکان دەچووین و لە پارکەکانی نێو شار خەریک بە خوێندن دەبووین. کوڕەکانی خاڵم زۆر لەسەر ئەوە پێداگریان دەکرد کە دەبێت یەک بە یەکی پیت و وشەکانی نێو کتێبەکان لەبەر بکرێت. بەردەوام و چەندەها جار بۆ یەکدیان دەخوێندەوە، بۆ ئەوەی کە ئامادەیی خۆیان لەبەرانبەر مامۆستا دەرببڕن. ئەو کاتە کە ئەوان وانەکانی کتێبەکانیان لەبەر دەکرد، من لەسەر هەڵەمەقۆ و هەیتاوەکان[2] گەمەم دەکرد. دەیانەوت کە تۆ بۆچی وانەکان لەبەر ناکەیت و لە ئەزموونەکان دەردەچیت!؟ کوڕەکانی خاڵم دەیانەوت کە تۆ ڕەپەشێڵەی دەکەیت، مەبەستیان ئەوە بوو کە چەند وشەیەکی لێ هەڵدەگرم و هیچی تر!.

ئەو هەمووو بیرەوەری ناخۆشە، لەو شارە و لە پارکەکان و جادەکانی، دڵی ئێمەی ئێشاندبوو. ئیبراهیم لە خەیاڵ بوو و خۆی دەخواردەوە و بۆ ڕێگەی چارەسەر دەگەڕا. ڕووی لەمن کرد و وتی: با هەمووی بەجێ بهێڵین و سەفەری دونیا بکەین و سروشت و مرۆڤ و بوون بناسین... ئەو ڕێگەیەکی باشە!؟.

لەو شوێنەی کە گیای تەڕ زۆرە، پشقڵی تەڕیش زۆرە. هەروەها دەرهاتنی ئەو قسە لە زوبانی ئیبراهیم لە ئەنجامی ئەو ژینگانە بوو کە تێدا دەژیان. من و ئیبراهیم لە سێ ژینگەی جیاواز دەژیاین. ژینگەی یەکەمی ئێمە دەرودەشت و کەژ و هات و چۆ و یاریەکانی ئێمە بوو کە بەردەوام تێیدا خەریک بە گەمە و یاری بووین. ئەمە ژینگەیەکی سروشتی و ئاسایی هەر منداڵێکە کە دێتە دونیاوە. ژینگەی سەخت و تاڵی دووهەمی ئێمە، قوتابخانە و مامۆستاکان بوو کە ژیانی لە ئێمە سەخت و ژەهرین کردبوو. لە تەمەنی شەش ساڵیەوە قوتابخانە وەک ژینگەیەکی تاڵ و ناڕەحەت بوو کە لەگەڵ ئەوەی ئێمەی فێری نووسین و خوێندن دەکرد، ئەوەندەش ئێمەی سەرکوت و هەراسان دەکرد. ژینگەی سێهەمی ئێمە لەو کاتەوە دەستی پێ کرد کە مامۆستا حەبیب هاتە نێو ژیانی ئێمەوە و کەش و هەوایەکی تایبەتی

---

[2] _ هەیتاوە، جوولانە، دیلانێ.

لەگەڵ مزگەوت و قورئان و دیندا دروست کرد. ژینگەی سێهەمی ئێمە لە سەرەتای دەورانی ڕاهنەمائی دەستی پێ کرد.

لەو سێ ژینگە کە یەکدیان تاڵ و ژەهرین دەکرد، هەناسەکێشان بۆ ئێمە سەخت و دژوار بوو. مامۆستاکان ژیانیان لەئێمە سەخت کردبوو. مامۆستایانی قوتابخانەکان بە دار و شەپازە و لێدان، بە دەستی خۆیان و وشەکانی دەمیان هەرەسیان بە ئێمە هێنا بوو. لەهەمان کاتدا مامۆستا حەبیبی کەرەمی بە وانەکانی تەفسیری قورئان دڵ و وهەناوی ئێمە دەگوشی و گەردنی ئێمەی دەتاساند. لەو سەردەم و کاتە کە بیر و هۆشی ئێمە لە خۆشی یاری و دەرودەشت و ترسی مامۆستاکانی قوتابخانەی ئەبووزەڕ بوو، مامۆستا حەبیب تەفسیری وشەی وەسواس و خەناسی بۆ ئێمە دەکرد. ئەو وشانە ئەوەندەی تر ئێمەی هەساس و وەسواس دەکرد!.

هەر لەو کاتەدا من و ئیبراهیم خەریک بە خوێندنی باس و بەسەرهاتی ناوی شاعیران و ناوداران بووین. ئەوەی کە سرنجی ئێمەی بۆ لای خۆ ڕاکێشا، شێوەی کار کردنی شاعیران و ناوداران بوو لەگەڵ وشەکاندا. لە چ ژینگەیەک ناوەکان لەگەڵ وشەکان کار دەکەن؟ لە گۆشەی ژوورێک یان لە ناوەندێک یان لە....؟ ئەوەی کە سەر و سرنجی منی بەرەو لای خۆی دەبرد، کار کردن لەگەڵ وشەکانە لە چوون و ڕەوەندەیی. من ئاوەهام پێ خۆشە کە کاتێک بۆنێک لە خۆم دەدەم، بەو بۆنەوە جووڵە بکەم، سەردانی دۆستان بکەم و هات و چۆ بکەم. بۆ من زۆر ناخۆشە کە بۆن لە خۆم بدەم و لەگۆشەی ژوورێک دانیشم. هەروەها پێمان خۆش بوو کە کاتێک دەمانەوێت کە لەگەڵ وشەکان کار بکەین، لە چووندا کار لەگەڵ وشەکان بکەین. ئەمەم بە شێوەیەکی سەرکەوتوو ناسیەوە.

شاعیرانی وەک سەعدی و حافز و مەولەوی کاریگەریان لە ئێمە کرد، بۆ ئەوەی کە ڕێ و شوێنی چوونی ئەوان بگرینەبەر، بۆ ئەوەی بزانین و بناسین. کتێبی ئەو شاعیرانە لە کتێبخانەکەیماڵی خاڵم بوو. کۆیەک لە کتێبەکان لە ماڵی خاڵم هەبوون. ئێمە دەستمان بۆ کتێبی ئەو شاعیرانە برد. ئەمە وەک ئەوەیە دەست ببەیت بۆ لقەکانی دارێکی زیندوو و لقێکی بشکێنیت و لەگەڵ مارێک کە لەسەر دارەکە خۆیەتی شەڕ بکەیت. هەروەها من و ئیبراهیم شێوەی بەدەستهێنانی قسەکانمان لە ژیانی شاعیران وەک شێوەیەک بۆ شەڕ هەڵبژارد.

ئەو ڕۆژە کە من و ئیبراهیم لە داوێنی کەژی تەنیشت ڕووباری ئەڵوەن دانیشتبووین و ئیبراهیم وتی با هەرهەمووی بەجێ بهێڵین، لە ئەنجامی ئەو ژینگە و چەوساندنە بوو کە ئێمە تێدا دەژیاین.

ئیبراهیم ناوی بە گاڵتە ئیبراهیم نیە، کەسێک بوو کە وەک ئیبراهیمی خۆشەویستی خوای مەزن، ڕێگەی ئاوارەیی بۆ ناسین و ڕاستی گرتەبەر و دایەبەر. بیرۆکەی بەجێهێشتنی شار و کرماشان لەلایەن ئیبراهیمەوە زایراو و منیش بە گەرمی پێشوازیم لێ کرد.

ڕوومەتی من گەش بوو، بە خۆشیەوە وتم: تا کوێ بچین؟ ڕوو لە کوێ بکەین؟ ئەم سەفەرە پارە و شتی دەوێت!.

ئیبراهیم وتی: بە دەشت و کەژەکان و لادێکان گوزەر دەکەین و لە بن دارەکان شەکەتی دەردەکەین و لە سەرکانیەکان ئاو دەخۆین و لە نزیک ئاواییەکان داوای نانی وشک لە خەڵکی ئاواییەکان دەکەین و شەوانیش هەر کەسێک پەیدا دەبێت کە بۆ شەوێک پەنا بە ئێمە بدات!.

من و ئیبراهیم لە داوێنی کەژەکە چووینە خوارەوە و وزە و ئومێدێکی فراوان ناخ و دەروونی ئێمە گرتەوە. چووینە سەر جادە خاکیەکە و بەرەو قوتابخانەی ئەبووزەڕ چووینەوە. هەوایەکی خۆش و فێنک ناخ و دەروونی من و ئیبراهیم گرتبوو. ئیبراهیم لە بیر و خەیاڵاتێک بوو کە نەیدەهێشت منیش لێ ئاگادار ببمەوە. هەستم بەوە دەکرد کە ئیتر ئەبووزەڕ و قوتابخانە و مامۆستاکان و وانەکان و مامۆستا حەبیب و هەرهەمووی بە تەواوی کۆتایی پێ دێت و ئیتر ڕزگارمان دەبێت!.

وتم: ئەی ماڵەوە!؟ ئەی ئەگەر ئەوان بە بێ خەبەر بەجێ بهێڵین... چی بەسەر ئەوان دێت!؟.

ئیبراهیم بە ڕوومەتێکی ماتەوە وتی: ئەمە کێشەکی گەورەیە، کاریگەری خراپ لە بنەماڵەکانمان دەکات و ئاژاوەیان تێ دەکەوێت!.

وردە وردە لە کەلی ناوکەل دەچوونیە ناوەوەی شارەوە، هەرچی دەچووینە ناوەوە ئەوەندە ڕەشی و گرژی زۆرتر دەمانیگرت. ئەبووزەڕمان لێ بەدەرکەوت، وەک

قوتابخانەیەکی سووک و هیچ هاتەبەرچاومان. بە بزگەیەکی ژەهرینەوە وتم: ئەبووزەڕ... ئیتر ناتبینین کە تفی ڕۆژانەت تێ بکەین!!.

بووە کارێکی هەمیشەیی ئێمە کە هەرکاتێک لە تەنیشتی قوتابخانەی ئەبووزەڕ گوزەرمان دەکرد، دەبوو کە سێ تف خەست بکەین بە دیوارەکەیدا. ئەمە لەبەر ئەو ڕق و قینە بوو کە لە دەروونی ئێمە دروست ببوو!.

ئیبراهیم بە سام و ترسێکەوە وتی: نابێت هیچ کەس لەم پلان و سەفەرەی ئێمە بزانێت، دەبێت کە لە نێوان خۆمان شاراوە بمینێت!.

منیش وتم: من بۆ کەس باسی ناکەم و ناهێڵم کە کەس بۆن لەم هەڵاتنە بکات.

گەیشتینە بەردەرگی قوتابخانە و وەک ڕێبوارێک چووینە ژوورەوە، ئیتر ئەو هەستە خەس و تیژانە کە ڕۆژانە لە هات و چۆ کردن بە دەرگەی ئەبووزەڕ هەمانبوو، لە من و ئیبراهیم ون ببوو. ئیتر بە چاوێکی بێگانە سەیری مامۆستا و قوتابیەکانمان دەکرد. واماندازانی کە بە زوویی و بۆ هەمیشە بە جێیان دەهێڵین و ئیتر ناگەڕێینەوە.

پاش ئەوەی کە ڕۆژی پانزدەی فەروەردین لە قوتابخانە گەڕاینە بۆ ماڵەوە، من و ئیبراهیم لە سەر جادەکە لە منداڵەکانی تر دوورمان گرت و لەگەڵ یەکدی قسەمان دەکرد. ئیبراهیم زۆر چووە نێو بیر و لێکدان و هەڵسەنگاندنی چوون و نەچوونی ئەو سەفەرەوە.

بە ناڕەحەتیەوە وتی: پارەمان دەوێت... ئەگەریش داوای پارە لە باوکم بکەم، پارەیەکی ئەوەندەمان دەست ناکەوێت کە بۆ سەفەرێکی ئاوەها گەورە، بەس بێت!.

وتم: چەندت پێ دەدات!؟.

ئیبراهیم وتی: ئەگەر پارەیەکی زۆرم پێبدات، بۆی هەیە کە چەند هەزار تمەن بێت، ئەوەش بۆ ئەم سەفەرەی ئێمە بەش ناکات!.

ئیبراهیم بە بزگەیەکەوە وتی: کیفەکەی باوکم لە سندوقەکە بەردەوام پارەی زۆری تێدایە... دەتوانین کە ئەو ڕۆژە دەڕۆین، ئەو پارە هەڵگرین و بیبەین... ئەمشەو بە دزیەوە سەیری دەکەم، بزانم کە چەندە پارەی تێدایە!.

لەم باس و قسانە بووین کە گەیشتینە سەر کۆڵانی لای ماڵی ئێمە و منیش بە خۆشیەکی زۆرەوە چوومە ماڵەوە. ماڵ و کۆڵان و خەڵک و برا و باوک و دایک و هەرهەموویان بە لای منەوە بێگانە بوون، هەستم دەەکرد کە بەجێیان دەهێڵم و ئیتر نایانبینمەوە.

ئەو شەوە بە بیر و خەیاڵی زۆرەوە لەسەر جێگەی خەو، لەگەڵ خۆم بیرم دەکرد و وێنەی ڕۆژان و شەوانی ئەو سەفەرەم دەهێنایە پێش چاوانم، بزگە و پێکەنینی جێگەی خەو، خەوی لە من دوور دەکرد.

خەو منی برد و تیشکی هەتاو منی هێنایەوە، بە پەرۆشەوە لە جێگە هەڵسام و دەم و چاوم شۆرد و لە پێش تەلەفیزیۆنەکە دانیشتم و سەیری برا چکۆلەکانی خۆم دەکرد، سەیری ماڵ و دایکمم دەکرد. بێ دەنگ و کڕ لە ژووری دانیشتن تا نیوەڕۆ سەبرم کرد. پاش ئەوەی نانی نیوەڕۆم خوارد، بە پەرۆشەوە بۆ ئەوەی کە ئیبراهیم ببینم چوومە دەرگەی پێش ماڵیان و لە دەرگەمدا. ئیبراهیم بە کتێبەکانی دەستیەوە هاتە دەرەوە. ڕوومەتی نیگەران و پڕ لە خەم بوو، بە بێ ئەوەی کە قسەیەک بکەم، وتی: ئەمە سەر ناگرێت، هیچ پارەیەکم لە سندوقەکە نەدۆزیەوە، ئێمە ناتوانین ئەم سەفەرە بکەین!.

من لەوە هەراسم هەبوو کە ئیبراهیم بە تەواوی هەڵیوەشێنێتەوە. وتم: ئێمە کە پێویستمان بە پارە نیە، ئێمە کە بە پارە ناچین، بە پێ خۆمان سەفەر دەکەین، لە ئاواییەکان و کانی و دەرودەشتەکان گوزەر دەکەین و لەهەر شوێنێک کە ماینەوە، ئەوەندە نانی وشک و ئاو هەیە کە سکی خۆمانی پێ تێر بکەین!.

ئیبراهیم ڕوومەتی گرژ بوو، وتی: ئێمە مناڵین...

قسەم پێ بڕی و وتم: ئێمە وەک سەعدی و مەولەوی  وشاعیرانی تر بە نانی وشک و کەپر و سێبەرێک بۆ خەو و خۆراک ڕازی ئەبین، لە یەک شوێن کە نامێنێنەوە!.

بە قسە و بیر کردنەوە، گەیشتین بە قوتابخانە و قسەکانمان بڕی.

لە پشووی نێوان وانەکان هاتینە دەرەوە و دیسان لە تەنیایی خۆمان باسمان دەکرد و قسەمان لەسەر ئەم سەفەرە دەکرد. کوڕێکی ئامۆزای باوکی ئیبراهیم کە ناوی

یاسین بوو، لە ئێمە نزیک بووەوە و وتی: ئەمە ئێوە دووانە باسی چی ئەکەن!؟ بۆ سەرتان لەسەری یەک گرتووە و پچە پچ دەکەن!؟.

منیش وتم: یاسین، شتر دیدی ندیدی[3] !.

ئیبراهیم لە مەبەستم تێدەگەیشت و پێدەکەنی. یاسین مابووەوە کە مەبەستی من چیە کە شتر دیدی ندیدی!؟.

ئیبراهیمیش بە پێکەنین بە یاسینی دەوت: شتر دیدی ندیدی!.

یاسین دەستی هەڵوەشان و وتی: بەخوا سەر لە ڕاوی ئێوە دەرناکەم برا!.

یاسین ئێمەی بەجێ هێشت و چوو.

لە پشووی دووهەمدا من و ئیبراهیم دیسان گەیشتین بەیەک و ئیبراهیم دیسان ڕوومەتی گژر بوو. وتی: دایکت!.

لە زستانی پێش بەهاری سالی تازە، دایکی دایکم کە دەبووە، داپیری ئیبراهیم، مردبوو و کاریگەری زۆری لەسەر دایکی من و خێزانی ئێمە کردبوو. دایکی من لەبەر مەرگی داپیرم، تووشی خەم و دەردێکی گەورە ببوو.

هەستم کرد کە ئیبراهیم لەوە حەقی هەیە، کە ناڕەحەت بێت. دەترسام کە ئەوە ببێتە هۆی ئەوە کە سەفەرەکەمان هەلوەشێتەوە. ئیبراهیم دەیەوت کە ئەگەر ئێمە سەفەر بکەین و نەگەڕێنەوە، دایکی تۆ بۆی هەیە کە تووشی نەخۆشی و مەرگ بێت. ئیبراهیم بە تەواوی هەستی بەوە دەکرد کە ئەگەر بڕۆین، چی بەسەر بنەماڵەکانمان دێت!.

لە کاتی زەنگی کۆتایی وانەکان کە لە دەرگای قوتابخانە دەهاتینە دەرەوە، من و ئیبراهیم پێکەوە لە نێو کۆی قوتابیەکان بەرەو جادەی سەرەکی شاعەباسی[4] دەچووین. ئیبراهیم باسی نیگەرانی دایکی منی پێ گرنگ بوو. هەربۆیە وا هەستی

---

[3] - شتر دیدی ندیدی، مانی ئەوەیە: وشترت بینیوە، نەتبینیوە!. مەسەلێکی فارسیە. کەسێک کە ئەو مەسەلە بۆ بەرانبەری بەکار دەبات، مەبەستی ئەوەیە کە خۆت گێل بکە لەوەی کە بینیوتە، باسی هەست و سرنجی خۆت لەسەر ئەو شتە کە بینیوتە بۆ کەس باس مەکە.

[4] _ شاعەباسی، ناوی گەڕەکێکی شاری سەرپێڵی زەهاوە.

دەکرد کە بیر کردن لە سەفەرەکە ئیتر بەهای نیە. من بە ترس و دڵەڕاوکێوە قسەم بۆ ئیبراهیم دەکرد. نیگەرانی دایکم بە گرنگ نەزانی و وتم بە ئیبراهیم: ئەو خەم و دەردە نابێت ببێتە هۆی ئەوە کە سەفەری ناسینی دونیا فەرامۆش بکەین!

من دەورێکی زۆرم هەبوو لەوە کە ئیبراهیم بە دوای پەشیمانی نەکەوێت. بیر و خەیاڵ و قسەم زۆر لەسەر ئەو سەفەرە دەکرد. وامدەزانی کە لەو سەفەرەیە کە وەک شاعیران و ناودارانی گەورە بە زانین و ناسینێکی گەورە دەگەین. لەبەر ئەوەی کە کەس جگە لە من و  ئیبراهیم باسی ئەو سەفەرەی نەدەکرد، ئیتر بە دەستی خۆمان بوو کە نائومێد یان ئومێدەوار بین. من ئومێددەرێکی گەورە بووم بۆ ئیبراهیم.

پاش ئەوەی کە چەند رۆژ بەسەر لێکدان و پێکدانی بڕیاری کۆتایی چوو، گەیشتین بەوە کە باسی پێداویستیەکانی سەفەر و شێوەی دەرچوونمان لە شاری سەرپێڵ بکەین.

لە ڕێگەی ماڵەوە یەکی بەستەنیەکمان[5] کڕی و زوبانمان بە بەستەنی دەهێنا و باسی پێداویستیەکان و شێوەی دەرچوون لە شاری سەرپێڵمان دەکرد!.

ئیبراهیم بە پێکەنین وتی: تەناف و چەقۆ و کبریت و جلی زیادە و کەوشی سەفەر لە کەژ و کێومان دەوێت.

وتم: نەخشەیەکمان دەوێت کە بزانین لە کوێن و بۆ کوێ بڕۆین.

ئیبراهیم وتی: نەخشەیەک کە ناوی ئاواییەکان و شارەکان و بەخشەکانی ئێرانی تێدا بێت.

ئیبراهیم بەردەوام بوو: چەند کتێب لەگەڵ خۆمان دەبەین، قورئانێک و دیوانی سەعدی و حافز.

## شێوەی دەرچوون لە شاری سەرپێڵی زەهاو:

[5] _ بەستەنی، مۆتە، ئایس کرێم.

شەوی ئەو ڕۆژە کە باسی پێداویستیەکانی سەفەرمان دەکرد، لەسەر جادەی پشتی ماڵی ئیبراهیم لەسەر جەدوەڵی ئاوی نێو کۆلانەکان لە بن تیری بەرقێک دانیشتبووین.

وتم: دەبێت بە شێوەیەک لە شار دەربچین کە کەس نەزانێت چۆن لە شار دەرچووین!.

ئیبراهیم: ئەگەر لە ترمیناڵەوە بڕۆین، باوکم و ئەوان دەچن بۆ ترمیناڵ و ڕێ و شوێنی ئێمە دەدۆزنەوە و دەزانن کە ڕوومان لە کوێ کردووە.

وتم: نابێت کە بزانن ڕوومان لە کوێ کردووە.

ئیبراهیم: لە ڕێگەی جادەکەی ناوکەلەوە، لە پشتی شارەوە، لە ڕێگەی ئاواییەکان، لەو دەرودەشتەوە دەچین و خۆمان لە سەرپێڵ دوور دەکەینەوە.

بە خۆشیەوە وتم: ئەرێ وەڵا ئەوە باشترین ڕێگەیە!.

ئیبراهیم: لە ڕێگەی ئەو جادەوە دەچین بۆ سەرجادەی سەرەکی سەرپێڵ بۆ کرماشان و لەوێوە سواری ئۆتۆمۆبیل دەبین و دەچین بەرەو کرماشانەوە!.

لەسەر جادەی نێو کۆڵانەوە ڕوومان لە زەوی تۆپانی منداڵەکان کرد و بە حاڵەتێکی وا کە ئەم شارە ئیتر شاری ئێمە نیە، وەک دوو کەسی خاوەن کێشە قسەمان دەکرد و لێکمان دەدایەوە. هەست و هەناسەی پیاوانەمان هەبوو!.

بە ترس و خۆپێوەنانێکەوە وتم: ئێستە دەبێت کە بڕیاری ئەوە بدەین کە کەی سەفەر بکەین!؟.

ئیبراهیم بێ دەنگ و مات بوو. منیش لە ترس بووم و چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد کە ئیبراهیم قسەیەک بکات.

ئیبراهیم: دەبێت کە ڕۆژی پەێنجشەمە هەفتە بێت.

وتم: بۆ!؟.

ئیبراهیم: لەبەر ئەوە کە بە ماڵەوەمان دەڵێین بۆ ئاوایی دەڕۆین، لە ڕاستیشدا ئێمە بۆ ئاوایی ناڕۆین، ئەوەندە کاتمان هەیە کە لە نیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەمە تا

ڕۆژی جومعە خۆمان لە شار دوور بکەینەوە. ئیتر ئەوانیش هەرچی دێرتر بزانن بە سوودی ئێمەیە.

بە گتەوە[6] وتم: یانی...

ئیبراهیم قسەمی بڕی: پاش ئەوەی کە ڕۆژی پێنجشەمە لە قوتابخانە هاتینەوە و نانی نیوەڕۆمان خوارد، خۆمان دەخەینە ڕێ و دەچین بۆ بەر دوکانەکەی ئێمە و داوای پارە لە باوکم دەکەم، هەرچی پارەی بە مندا، ئەوە لێ وەردەگرم و ڕاستەوخۆ لەوێوە دەچین بەرەو ناوکەلەوە و ڕێگەی خۆمان دگرینەبەر.

## ڕۆژی پێنجشەمە:

بەربەیانی رۆژی پێنجشەمە بە دڵەڕاوکێ لە ماڵ هاتمە دەرەوە و لەگەڵ منداڵەکانی تر چووین بۆ قوتابخانەوە. ئەو کاتە برایەکی ئیبراهیم و برایەکی من لە قوتابخانەی ئەبووزەڕ دەرسیان دەخوێند. خەمی تری ئێمە ئەوە بوو کە پاش ئەوەی کە قوتابخانەمان بەجێهێشت، چی بەسەر قوتابخانە و براکانمان و دۆستانی ئێمە دێت!؟.

من و ئیبراهیم ساتەکانمان دەژمارد کە کەی کاتی قوتابخانە تەواو دەبێت. هەر ئەوەی کە زەنگی تەواو بوون لێیدا، من و ئیبراهیم یەکمان گرت و بە پەلە پێش قوتابیەکانی تر لەسەر جادەی شاعەباسی بۆ ماڵەوە بەڕێ کەوتین.

ئیبراهیم هەناسە هەناسی دەدا: پاش ئەوەی کە نانت خوارد، داوای پارە لە دایکت بکە، هەرچی پێتدا وەری بگرە، و بێرە دەرەوە بۆ ماڵی ئێمە.

وتم: سندوقەکەی باوکت پارەی تێدا نیە!؟.

ئیبراهیم: دوێنە شەو سەیرم کرد، هیچی تێدا نیە، باوکم ئەم ڕۆژانە کار بە پارەکانی دەکات.

گەیشتینە دوو ڕێیانی ماڵی ئێمە. ئیبراهیم: چاوەڕێتم ها، زوو بێیت!.

: باشە خوا حافیز.

---

[6] _ گت کردن مەبەست ئەوەیە کە لە قسە کردن ڕائەوەستێت، دەم و زوبانی دەگیرێت و لە بیردا دەبێت.

چوومە ماڵی خۆمانەوە و بە پەلە کتێبەکانم دانیا و داوای نان و پارەم لە دایکم کرد. دایکم هێلکە و ئاوی ئەماتەی لە دەوریەک[7] کرد و هێنای بۆم.

: دایکە، بۆ زەهاو دەچم، پارەم دەوێت؟.

دایکم دەستی کردە سوخمەکەی و پارەیەکی دەرهێنا و دایپێم. لە پێش چاوی دایکم پارەکەم ژمارد. شەشسەد و پەنجا تمەن بوو. ئەو پارە کرایەی هات و چۆ کردن بۆ زەهاو بوو و دوو سەد تومەنی لێ دەمایەوە. بەپەلە نان و هێلکەکەم خوارد. خۆم ئامادە کرد. پێش ئەوەی کە لە ماڵ بڕۆمە دەرەوە، سەیری براکانم کرد، بە بێ ئەوەی کە هیچ ئاژاوەیەک لە گیانیان بێت، سەیری تەلەفیزیۆنیان دەکرد. دڵم بۆیان ناڕەحەت بوو. چووم و ماچیانم کرد، فرمێسک چاوانی منی گرت. لە دڵی خۆم وتم: دەڕۆم و ئیتر باوەڕ ناکەم بۆ جارێکی تر یەکدی ببینین!.

بە چاوی بە فرمێسکەوە لە ماڵ چوومە دەرەوە و ماڵ و کۆڵانم بەجێهێشت.

گەیشتمە بەر دەرگی ماڵی خاڵم، دەم و چاوم لە فرمێسک پاک کرد و لە دەرگەمدا. خاڵۆژنم دەرگەی بۆ من کردەوە.

: خاڵۆژن، ئیبراهیمم بۆ بانگ دەکەیت؟.

خاڵۆژنم دەستێکی بە دەرگە و ڕووی لە ژووری دانیشتن کرد: ئیبراهیم... ئیبراهیم گیان، وەر چاوەڕێتن!.

خاڵۆژنم دەرگەی بەجێهێشت و چووە ژوورەوە. ئیبراهیم بە ئەلاگەیەک کتێب و جلەوە هاتە دەرەوە. بە ئەسپایی بە بی ئەوەی کە دەنگی بەرز بێت: چەندەت پارە هێناوە؟.

منیش بە شەرمەوە: دایکم شەشسەد تومەنی بە مندا، هەر ئەوەم پێیە!.

ئیبراهیم دەرگەی داخست و پێکەوە بەڕێ کەوتین بۆ دوکانەکەی باوکی ئیبراهیم.

---

[7] _ دەوری، قاپی پان.

دوکانەکەی خاڵۆم زۆر خەڵکی تێدا بوو. لە سەر جادەکە ڕاوەستام و ئیبراهیم ئەلاگەکەی دەستی بە مندا و چووە نێو دوکانەکەوە. چەند خولەکی پێ چوو و گەڕایەوە.

: پارەی چەند پێتدا؟.

ئیبراهیم: دوو هەزاروپێنجسەد تومەن.

دڵم سادر بوو: هەرهەمووی پارەکەی ئێمە دەکاتە سێ هەزاروسەدوپەنجا تومەن!.

سەیری ئیبراهیمم کرد: پێتوایە کە ئەم پارە بەشمان دەکات!؟.

ئیبراهیم لە بیر و ترسدا بوو: نەدەبوو کە داوای پارەی زۆری لێ بکەم.... ئەگەر داوای زۆرم بکردبایەت، هەستیان بە شتێک دەکرد.

باسی پارەکەی لە بیر چوو و بە خەنین وتی: کاک حەبیب لە نێو دوکانەکە بوو!.

وتم: ئەی هیچی نەوت!؟.

ئیبراهیم: وتی بە من کە دەبێت دەرسەکانت ئیدامە بدەیت و ڕۆژیک ببیت بە دکتۆرێک!.

منیش بە پێکەنینەوە: کاک حەبیبی نازانێت کە ئەمڕۆژ بۆ هەمیشە بەجێیان دەهێڵین!.

حەسترەتێک و پێکەنینێک گرتمی.

لە سێ ڕێیانی جادەی ئیمام خومەینی چووین بەرەو گەڕەکی شاعەباسی و لەوێشەوە چووینە سەر ڕووباری ئەڵوەن بەرەو ناوکەلەوە. دەمانەویست کە بۆ جاری کۆتایی بە لای دیوارەکانی قوتابخانەی ئەبووزەڕ بڕۆین و سێ تفی کۆتایی لێ بکەین. خۆشی و دڵەڕاوکێ دەرچوون لە شاری سەرپێڵ دڵ و دەرونی ئێمەی گرتبوو. کە گەیشتینە قوتابخانەی ئەبووزەڕ، پێمان لە چوون نەرم کرد و بە چاوێکی سەیر و نامۆ سەیری بینایەی قوتابخانەکەمان دەکرد. لە دیوارەکەی نزیک بوومەوە، وەک سواڕێک کە لە شەڕی بردوویەتیەوە: ئیتر تەواو.... هەرگیز لە نێو تۆدا بەند و ئەسیر نابمەوە!.

ئیبراهیم سی تفی خەستی بە دیوارەکەی کرد و منیش تفم تی گرت و بە پەلە لە ناوکەلەوە بۆ ڕێگەی جادە خاکی ئاواییەکان بە ڕێ کەوتین. هەتاوەکو لە ناوکەل گوزەرمان دەکرد، سەرمان دەگەڕاندەوە و سەیری دواوەی خۆمان دەکرد.

ئەو ڕۆژە هەوا خۆش بوو، گەرمایەکی هاوینی ئێمەی گرتبوو. عارەقمان کردبوو. لەسەر جادەکە دەستمان دەبرد و چاوەبازەڵە و کنگر و تۆڵەکەی قەراخ جادەکەمان هەڵدەکەند و دەمانخوارد. هەستمان بە خۆشی دەکرد. نەرم نەرم بەو ڕێیەدا بۆ سەرجادەی قیرتاوی کرماشان بەرێکەوتبووین.

شاری سەرپێڵ پشتی بە کەژێکە کە دوو کەلی تێدایە، کەلێکی کە شار پشتی پێوە دەدات و ئەڵوەن دەهێنێت و لە تەنیشت قوتابخانەکەی ئێمەوە گوزەر دەکات. کەلەکەی تر تۆزێک لە شار دوورە و جادەی سەرەکی کرماشان بۆ شارەکانی قەسری شیرین و سەرپێڵ و سنووری خوسرەوی و عێراقە. ئێمە دەبوو کە ئەو کەژە دەور لێ بدەین و لە پشتەوەی خۆمان بگەیەنینە سەر ئەو جادە سەرەکیە کە ئاواییەک لەوێ هەیە بە ناوی حەیەوەند یان حەبیبوەند.

لە جادە خاکیەکە بە نەرمە نەرم و قسە و باسەوە بەرەو ئاوایی حەیەوەند دەچووین. ئەوەندە هەوا و دەرودەشت خۆش بوو، هەستی ترس و دڵەڕاوکێ و ئەوە کە بۆ سەفەرێکی گەورە دەچین لە ئێمەدا نەبوو.

ئۆتۆمۆبیلێکی پەیکان لە دوورەوە لەسەر جادەکە دەهات بەرەو ئێمەوە.

ئیبراهیم: با پرسیاری لێ بکەین بزانین کە بە چەندە دەمانبات بۆ کرماشان؟

هەر لە دوورەوە دەستمان لە پەیکان هەڵگرت و پەیکان ڕاوەستا: ئاغا بە چەند دەمانبەیت بۆ کرماشان؟

ڕانەندە: من بۆ کرماشان ناچم، بۆ شابات دەچم؟

دامە نێو قسەکانیدا: بە چەند تا شابات دەمانبەیت؟

ڕانەندە: تا شابات دەبێتە دەربەستی، بە سێ هەزار تمەن دەتانبەم!

سەیری ئیبراهیمم کرد و ئەویش سەری بادا بە مانای ئەوە کە ڕەتی بکەوە. سەیری کابرای ڕانەندەم کرد: نە ئاغا... ئەو پارە زۆرە!

ڕانەندە پێ بە گازی پەیکاندا نیا و بە جادەکەدا چوو.

ئیبراهیم بە ناڕەحەتی وتی: ئەم پارەیە کە هەمانە زۆر کەمە، بەشی کرێکەمان بۆ کرماشان ناکات!؟.

لە بیر و خەم و خەیاڵدا لەسەر جادە خاکیەکە بۆ سەرجادەی قیرتاو دەچووین و سەیری دەرودەشتمان دەکرد. هەندێک چووین و گەیشتین بە کانیەک، لەسەر کانیەکە ڕاوەستاین و دانیشتین و بە ئاوی جوانی کانیەکە دەست و دەم و ڕوومەتمان شۆرد و ئاومان خواردەوە.

لەسەر کانیەکە سەیری ماشینەکانمان دەکرد کە بەسەر جادەکەدا دەهاتن و دەچوون: ئەزانی چی ئیبراهیم، لەسەر جادەکە دەست لەهەر ماشینێک هەڵدەبڕین، دەبێت کە هەرچی زووترە لە کرماشان بڕۆینە دەرەوە.

ئیبراهیم هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی: خوا ڕەحممان پێ بکات، هادی برام لە ئسفەهانە، ئیمڕۆژ لەوێ دێتەوە، ئەگەر لەسەر ئەم جادە بمانبینێت، بە لێدان دەمانباتەوە بۆ ماڵەوە!.

لەو قسە ترس منی گرت: هەر ئیمڕۆژ دێتەوە!؟.

ئیبراهیم: ئەرێ وەڵا ئەم ئێوارە دێتەوە، ئێستە لە ڕێگەدایە!.

بەپەلە خۆمان گەیاندە سەر جادەی قیرتاو و دەستمان لە ماشینەکان هەڵدەگرت. کەس بۆ ئێمە ڕانەدەوەستا. لەسەر پردێک دانیشتین و نائومێدی و ترس ئێمەی گرت. لەوە دەترساین کە هادی برای ئیبراهیم لە ماشینێک دابەزێت و بە لێدان بمانباتەوە بۆ ماڵەوە!.

دوو نەفەری دەستمان لە ماشینەکان هەڵدەگرت و خوا خوامان دەکرد کە ماشینێک بۆمان ڕاوەستێت. لەو ترس و هەراسە بووین کە لۆریەکی زەرد ڕایگرت. بەپەلە هەڵمانکردە دەرگەی لۆریەکەوە. کابرا ڕانەندە: سەرکەون!.

خۆمان کردە نێو لۆریەکە و سەیری کابرامان کرد. ئەی خوایە گیان ئەمە دراوسێ کۆنەکەمانە. بە پێکەنینەوە وتی: بۆ کوێ دەرۆن؟.

ترسم لەوە بوو کە خەبەری ئێمە بداتە ماڵەوە کە لە ڕێگەدا هەڵمانیگرتووە. وتم: بۆ ماڵی خزمەکەمان لە کرماشان دەڕۆین...

ڕانەندەی لۆری: لە کوێ کرماشانن؟.

: لە شارەکی تەعاون.

ڕانەندەی لۆری: ئەی ئەزانن ماڵیان لە کوێیە؟.

: ئا ئەزانین، چەند جار چووین بۆ ماڵیان.

کابرای ڕانەندە بێ دەنگ بوو و ئێمەش هیچمان نەوت. کە گەیشتینە دوکانەکانی بەرەتای شاری شابات لە لۆریەکە دابەزی و نوشابەیەکی بۆ خۆی هێنا و هیچی بە ئێمە نەدا. زۆر حەزم لەو نوشانە بوو. حەسرەتی ئەو نوشابە لە دڵم قورس بوو!.

گەیشتینە بەرەتاکانی کرماشان و لە مەیدانی شارەکی پەردیس بە خاوەن لۆرمان وت دەبێت کە پارەی ئەم ڕێگەمان لێ وەرگرێت. کابرا تۆزێک منە منی کرد و وتی باشە.

وتم: نەفەری چەند تومەنمان لێ ئەسەنی؟.

کابرا وتی: نەفەری سێسەد تومەن.

شەشسەد تومەنم بە کابرادا و لە پێش گەژاری ئیسلام ئاباد دابەزین.

## نەخشەی ڕێگا

لە جادەکە کردمانە ئەوبەر و خۆشحاڵ بووین لەوە کە ئیتر لە شاری سەرپێڵ دوور کەوتینەتەوە. ئیتر یەکەم کار کە دەبوو بیکەین ئەوە بوو کە دوکانێک بدۆزینەوە کە نەخشە بفرۆشێت. هەرچی لە دوکانەکانی دەوروبەری ترمیناڵ گەڕاین هیچمان دەست نەکەوت. چووین بۆ شارەکی کەسرا و پارکینگ شەهرداریەوە. لەوێ دوکانێکمان دۆزیەوە کە کەرەستەی قوتابیان دەفرۆشێت. چووینە ژوورەوە و بە خاوەن دوکانمان وت کە نەخشەیەکمان دەوێت کە ناو و ڕێگەکانی ئێرانی بە تەواوی تێدا هەبێت. کابرا نەخشەیەکی هێنا و بە ئێمەی پیشاندا. نەخشەکە زۆر گەورە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ناوی سەرجەم دیهات و شارەکانی ئێرانی تێدا بوو.

پرسیارم کرد: ئاغا ئەم نەخشەیە بە چەند تومەنە؟.

خاوەن دوکان: بە چوارسەد تومەنە.

سەیری ئیبراهیمم کرد و وتم: من ئیتر هیچ پارەم پێ نەماوە، تۆ پارەکەی بدە!.

ئیبراهیم لە پارەکەی چوارسەد تومەنی بە کابرادا و لە دوکان هاتینە دەرەوە.

ئیبراهیم: برسیمە... دەبێت کە نانەوایەک بدۆزینەوە و چەند نانی لێ بکڕین و لە پارکێک دانیشین و دیاری بکەین کە لە کرماشانەوە بۆ کوێ بڕۆین؟.

نانەوایەکمان دۆزیەوە و چەند نانی لەواشمان کڕی و چووین بۆ پارکێک کە لە پارکینگ شەهرداری بوو. لە پارکەکە دانیشتین و نانمان دەخوار و سەیری نەخشەمان دەکرد کە بەرەو کوێوە بڕۆین.

ئیبراهیم: دەبێت کە بەرەو ڕۆژهەڵاتەوە بڕۆین.

وتم: با لە شارە کوردیەکانەوە دەست بە دونیا ناسی بکەین.

ئیبراهیم: یانی بڕۆین بۆ سنە و مەریوان و مەهاباد!؟.

وتم: دەچینە سنە و لەوێشەوە لە ڕێگەی ئاواییەکانەوە دەچین بۆ ئازەربایجان و لەوێشەوە دەچین بۆ باکووری ئێران و لەوێشەوە دەچین بۆ ئوستانی گوڵستان و مەشهەد و لەوێشەوە دێنە خوارەوە بۆ بەلوچستان و بەندەرعەباس و...

ئیبراهیم: وا باشە... هەرچی دەچێت، گەرمای هاوین دێت، دەبێت کە بەرەو شارەکانی باکووری ئێران بڕۆین.... لە هاویندا زۆر خۆشە.

بزگەیەک ڕوومەتی من و ئیبراهیمی گرت. خۆشحاڵ بووین کە شارەکانی باکووری ئێران دەبینین و دەچینە سەر ڕووباری خەزەر.

: دەبێت کە بڕۆین بۆ شاری سنە و لەوێشەوە دەست بە دونیاناسی بکەین.

ئیبراهیم: دەبێت ترمیناڵی شاری سنە لە کوێ بێت!؟.

سێ نانمان پی مابوو، خستمانە نێو ئەلاگەکە و بە دەمی بە قسەوە لە پارکەکە چووینە دەرەوە. چووینەوە بۆ ترمیناڵی ئیسلام ئاباد.

ئیسلام ئاباد ناوی تازەی شاری شاه ئابادە، کە لەگەڵ هاتنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ناوەکەیان گۆڕی بۆ ئیسلام ئاباد.

چووینە نێو ترمیناڵەکە و هەرچی کە بە چاو سەیرمان دەکرد، ناوی شاری سنەی تێدا نەبوو. لە ترمیناڵ چووینە دەرەوە و سەیری شووشەی پێشەوی دوکانەکانی تایبەتی هات و چۆمان دەکرد. ناوی شارەکانی ئیلام و مهرانی تێدا بوو، بەڵام ناوی شاری سنەی تێدا نەبوو. چووینە ژوورەوە، لە نێو دەرگای دوکانەکە پرسیارمان لەکابرا خاوەن دوکان کرد. کابرا زۆر تووڕە و نیگەران بوو: بڕۆنە دەرەوە سەگبابەکان، دەرەوە... دەی!!.

لە ترسی ئەوە کە کابرا لێمان هەڵنەسێت و لێمانەدات، بەپەلە چووینە دەرەوە و لەسەر جادەکە ڕاوەستاین. سەیری هەرهەموو دوکانەکانمان کرد، ناوی سنە بە هیچ یەک لە دوکانەکانەوە نەبوو.

کابرایەک لەسەر جادە نوشابەی دەفرۆشت. چووم و پرسیارم لەو کابرا کرد، وتی: دەبێت بڕۆن بۆ ترمیناڵی شەهید کاویانی. لێرە سوار تەکسی ببن بۆ دەمی گاراژ، وە لەوێشەوە سواری تەکسی بن بۆ گەراژی شەهید کاویانی.

بە قسەی کابرامان کرد و سواری تەکسی بووین و چووین بۆ دەمی گەراژ و لەوێشەوە سواری تەکسیەکی تر بووین بۆ ترمیناڵی شەهید کاویانی، کە ترمیناڵی گەورەی شاری کرماشانە.

لە ترمیناڵەکە دابەزین و لە تەعاونیەکان دەگەڕاین بۆ ناوی شاری سنە، هەرچیمان کرد ناوی شاری سنەی تێدا نەبوو. لە کابرایەکمان پرسیار کرد و ئەویش وتی: دەبێت بڕۆن بۆ ترمیناڵی شارەکانی سونقوڕ و ڕوانسەر.

کابرا دەستی ڕاکێشا و ترمیناڵەکەی بە ئێمە پیشاندا.

لە ترمیناڵی گەورەی شەهید کاویانی هاتینە دەرەوە و چووین بۆ ترمیناڵی چکۆلەیەک کە لە نێو ترمیناڵی شەهید کاویانی بوو. هەرچی دەگەڕاین ناوی شاری سنەمان نەدەدۆزیەوە. کابرایەک کە خاوەن مینی بوس بوو، بانگی دەکرد، سونقوڕ سونقوڕ...

لە کابرا نزیک بووینەوە. وتم: ئاغا ئێمە دەمانەوێت کە بچین بۆ شاری سنە، هیچ ماشینێک نیە کە بچێت بۆ شاری سنە؟.

کابرا وتی: من نازانم کە ماشینەکانی شاری سنە لە کوێوەیە، بەڵام دەتوانن کەلەگەڵ من بێن بۆ شاری سونقوڕ و لەوێشەوە بچن بۆ شاری سنە، لە سونقوڕ ماشین هەیە کە دەچێت بۆ شاری سنە، زۆر ڕەحەتە!.

سەرلێشێواوی من و ئیبراهیمی گرت. لەگەڵ خۆم خەیاڵم دەکرد، ئاخر چۆن دەبێت کە ماشینێک نەبێت بچێت بۆ شاری سنە؟ بۆ ترمینالی تایبەتی و شوێنی تایبەتی بۆ شاری سنە نیە؟ ئیبراهیم وتی: با تۆزێک لەم ناوە بگەڕێن، ئەگەر نەماندۆزیەوە، بە مینی بوسەکەی ئەم کابرا دەچین بۆ شاری سونقوڕ و لەوێشەوە دەچین بۆ شاری سنە.

لە نێو ترمینالەکە چارەکێک بە پێ خولاینەوە و هیچمان دەستگیر نەبوو. ئیبراهیم بە نارەحەتی وتی: با هەرچی زووترە بڕۆین، ئەوە وردە وردە شەو دەبێت و هەوا سارد دەکات.

گەڕاینەوە بۆ مینی بوسی شاری سونقوڕ و سوار بووین. کابرای ڕانەندە کە نەفەرەکانی تەواو بوو، سواری مینی بوس بوو و پارەی لە خەڵک کۆ دەکردەوە. ئیبراهیم شەش سەد تومەنی بۆ هەردووکمانیدا بە کابرا. پارەکەمان هەزار و هەفتسەد تومەنی لێ خورا بوو. مابووەوە هەزاروچوارسەد و شتێک!.

لە ترمینالی شەهید کاویانی بۆ شاری سونقوڕی کولیایی بەڕێ کەوتین. لە ڕێگەدا سەیری دەرودەشتمان دەکرد، شار و دەرودەشتەکانی کرماشان سروشتێکی شاخئاوی و دڵڕفێنیان هەیە. سەیری کەژەکان و کانی ئاوەکانم دەکرد و بیر و خەیاڵیماڵی خۆمان و ڕێگەیەک کە لە پێشمانە، منی لە خۆیدا خەریک کردبوو. من و ئیبراهیم لە درێژی ئەو ڕێگەدا هیچ قسەیەکمان لەگەڵ یەکدی نەکرد و لە نەرمە ترسێک خۆمان دەخواردەوە.

وردە وردە لە ڕێگەدا بووین کە ئێوارەمان لێ هات و ساردی و برسیەتی لەشی ئێمەی هیلاک و شەکەت دەکرد. پاش ئەوەی کە لە مینی بوس دابەزین، نەماندەزانی بۆ کوێ بڕۆین. یەکەمجارمان بوو کە دەچووین بۆ شاری سونقوڕ.

ئیبراهیم: با دوکانێک بدۆزینەوە و تۆزیک خەیار و تەماتەی لێ بکڕین، و لەگەڵ ئەم نانەی کە پێمانە بیخۆین.

هەرچی کە گەڕاین بۆ دوکان هەموو دوکانەکان داخرابوو. مزگەوتێکمان بینی و چووینە ژوورەوە و دەستنوێژمان گرت و نوێژی مەغریب و عیشامان قەسر و جەمع کرد. ئەو مزگەوتە هی شیعەکان بوو. ئێمە لە گۆشەیەک نوێژەکانمان دەخوێند، خەڵک لە دەوری ئێمە کۆ بووەوە و سەیریان لێ دەهات کە دوو منداڵی سونی لە مزگەوتەکەی ئەوان نوێژ بخوێنێت. پاش ئەوەی کە سەلام و سەڵەواتی نوێژماندا، لە مزگەوت چووینە دەرەوە بۆ ئەوەی کە ترمینالێک بدۆزینەوە بۆ شاری سنە.

لەسەر جادەیەک بووین کە ئوتوبوسێکمان بینی. بە خۆشیەوە لێ نزیک بووینەوە. خەڵکێکی زۆر لە دەوری ئوتوبوسەکە کۆ بووەوە و چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە دەرگەکەی بکرێتەوە و بچنە ناوەوە. کوڕێکی گەنج سەرودەستی لە نێو سندوقی ئوتوبوس خەریک بوو. لێ نزیک بووینەوە و پرسیارم لێ کرد: ئاغا ئێوە بۆ کوێ دەڕۆن؟.

کوڕەکە کە شاگردی ڕانەندە بوو: بۆ تاران دەچین.

ئیبراهیم ڕووی لە من کرد: بەخوا ڕێگەمان لێ تێکچووە!.

بە کوڕە شاگردەکەم وت: ماشین نیە کە بۆ شاری سنە بچێت؟.

شاگردەکە: ئێستە ماشینی سنە نیە، ئەتوانن کە لەگەڵ ئێمدا بێن و لە دووڕێیانی هەمەدان _ سنە دابەزن و بڕۆن بۆ شاری سنە.

سادری شەو و برسیەتی وای کرد کە قسەی ئەو شاگردە قبووڵ بکەین.

وتم: باشە... وا سوار دەبین.

شاگرد دەرگی سندوقەکەی بەست و وتی: دەبێت شوێنتان بۆ بدۆزمەوە، نەفەرەکان زۆرن و شوێنی زۆرمان نیە.

لەگەڵ خەڵکەکە ڕاوەستاین و ئەوانەی کە بلیتیان هەبوو سەرەتا سوار بوون و من و ئیبراهیم و چەند کەسێکی ترماینەوە.

پاش ئەوەی کە نەفەرەکان هەرهەموویان سەرکەوتن و جێگیر بوون، شاگرد هات و وتی: ئێوە دەبێت کە لە بوفەی ئوتوبوس دانیشن.... شوێنی زیادەمان نەماوە!.

هەفتسەد تومەنی لێمان وەرگرت و لە بوفە لەگەڵ چەند کەسێکی تر سەرکەوتین. کاتژمێر نۆی شەو بوو. لە سەرمادا چۆکمان بە سینگمانەوە نیا بوو و پاڵمان بەیەکەوە دابوو و خەوەنوچکە دەمانیبردەوە. لە نێوان خەو و بێداریدا بوو کە شاگردەکە بانگی لە من و ئیبراهیم بەردا: نەفەرەکانی دووڕییانی هەمەدان _ سنە ئامادە بن... تۆزێکی تر دادەبەزن!.

لە بوفەی ئوتوبوس خۆمان کۆ کردەوە و شوێنمان بۆ نەفەرەکانی تر خۆش کرد و لە پێش دەرگەی ڕاوەستاین. شاگردەکە دەستی ڕاکێشا بۆ ویستگەیەکی سەربازی: ئێوە دەبێت لەو سەربازانە پرسیار بکەن بۆ ئەوەی کە ماشێنێکتان بۆ ڕاگرن بۆ ئەوەی کە بتانگەیەنێتە شاری سنە.

ئوتوبوس ڕاوەستا و من و ئیبراهیم دابەزین. هەوا سارد و ویستگەکە زۆر ماشین و لۆری پێدا دەهات و دەچوو. لە جادەکە چووینە دەرەوە و لە تەنیشت سوپرمارکتێک ڕاوەستاین. سەیری خواردنەکانی نیو سوپرمارکتکەم دەکرد. زۆرم برسی بوو و پارەیەکی وامان پێ نەبوو کە خواردن بکڕین.

چووین و داوامان لە سەربازەکان کرد کە ماشینێکمان بۆ ڕاگرێت کە بمانگەیەنێتە شاری سنە. سەربازێک بە منی وت: دەبێت کە ماشینەکان هاتن داوایان لێ بکەن، بزانن سوارتان دەکەن یان نە!؟.

وتم: باشە.

لۆریەک هات و هەڵمکردەقەیدا و بە پەلە بە کابرای ڕانەندەم وت: دەمانبەیت بۆ سنە ئاغا!؟.

ڕانەندە بە تەواوی هێزی دەستی شەپازەیەکی لە مندا و فرێمی دایە خوارەوە و پشتم دای بەسەر زیخ و خۆڵی سەرجادەکەدا. ترسام و گریان گرتمی. سەربازەکانیش هیچیان نەوت و لۆری ویستگەی بەجێهێشت. ئازار لەشی منی گرت.

ئیبراهیم: ئەو سەگبابە بۆ وای کرد... هیچ کوێت نەشکاوە.. ها!؟.

: نە... نە... زوقانی[8] دەستم ئازاری هەیە.

ئیتر دەترساین کە هەڵبکەینە قەی دەرگەی ماشینەکاندا. هەر لە خوارەوە هاوارمان لە ڕانەندەکە بەردەدا. بۆ ماوەی نیو کاتژمێر ئاوەها لەو سەرما و زوقومیە[9] هەر ماشینێک کە دەهات پێمان دەوت، تا ئەوە کە ئوتوبوسێک هات کە بۆ شاری سنە دەچوو و شوێنی زۆری تێدا هەبوو. شاگردی ئوتوبوسەکە دەرگەی کردەوە و هەفتسەد تومەنی تری لە ئێمە وەرگرت و لە سەر کورسیەکانی دواوەی ئوتوبوسەکە پاڵمان دایەوە. زۆر برسی بووین. نانەکەمان دەرهێنا کە تۆزێکی لێ بخۆین. نانەکە ئەوەندە لە ئەلاگە گوشرابوو، بۆنی کردبوو، ترشابوو، لە گەروومان نەچوە خوارەوە.

کابرایەک لە سەر کورسیەکی تەنیشتی ئێمە: بۆ کوێ دەڕۆن ئێوە؟.

ئیبراهیم: بۆ سنە ئەچین، چیە... بۆ وا سەیرمان ئەکەیت!؟.

کابرا: دوو منداڵ بەو شەوە!؟.

گوێمان لەو کابرا نەدا.

## سنە و سەرما و برسیەتی

کاتژمێر یەکی شەو لایدابوو کە گەیشتین بە شاری سنە و پارەی گیرفانی من و ئیبراهیم سی تومەن بوو، کە دو نانیشی نەدەکرد. سەرما و برسیەتی ئازارمانی دەدا. هیچ شوێن و مەکانێک نەبوو کە تاوێک تێدا پاڵ بدەینەوە. لە مەیدانی ناوشاری سنە بەرەو جادەکانی ناوشار هات و چۆمان دەکرد. نەماندەزانی کە بۆ کوێ بڕۆین.

: ئیبراهیم، دەبێت ئاگرێک بکەینەوە، ئەگەرنە لە سەرمادا دەمرین ها!.

ئیبراهیم: ئاخر لە کوێ... بە چی!؟.

---

[8] _ زوقان، ئێسک.

[9] _ زوقوم، سەرما.

لەسەر جادەکان و کۆڵانەکان، دار و کارتۆن و ئەوەی کە بۆ سوتەمەنی بایەت، کۆمان کردەوە و گەڕاینەوە بۆ مەیدانی شار و لە بن دیوارێکی چکۆلە ئاگرێکمان کردەوە. ئاگرەکە هێشتا گەرمی نەکردبوو کە چەند دەمانخۆر دەوریان لە ئێمەدا و لە گۆشەیەکی دیوارەکە کروشکەیان[10] کرد. هەستم بە ترس کرد. ئیبراهیم پاڵی بە دیواردا و چاوەکانی بەست. منیش ئەلاگەی کتێبەکانم پێ بوو. دەترسام کە بخەوم و دەرمانخۆرەکان کێشەیەکمان بۆ دروست بکەن.

دەرمانخۆرێک کە لە نێوان خەو و خوماری بوو، هات و لە تەنیشتی من دانیشت و ڕووی لە من کرد: ئەو پلاستیکە چەی هاتیا ئابرا!؟.

کە وتی ئەو پلاستیکە چەی هاتیا، ئەوەندەی تر من ترسام. لەو ترسەدا بووم کە دەستەیەک سەرباز هاتن و بە بێ ئەوەی کە پرسیار بکەن ئەو ئاگرە کێ کردووەیەتیەوە، خۆیان پان کرد و کیسەکانی سەربازی خۆیان کردە سەرین و خەوتن. ئیتر ئەوەندە خەڵک لە دەوری ئاگرەکە کۆ بوونەوە شوێنی خۆمانی تێدا نەبوو. ئیبراهیمم هەڵسان و وتم: ئیبراهیم ئەم کەسانەی کە لە دەوری ئەم ئاگرەن، زۆر خەتەرن، دەترسێم با بڕۆین!.

ئیبراهیم هەڵسا و پێکەوە لە سەر جادەکانی شاری سنە بە بێ ئەوەی کە بزانین بۆ کوێ دەڕۆین، ملمان دەنیا و دەچووین. خەڵکیش کە ئێمەی دەبینی ئەیانزانی و تانە و قسەیان دەکرد. یەکێک لە بەر دەرگی دوکانێک هاواری کرد: فەرارین ئێوە، ها!؟.

کە ئەو خەڵکە ناوی فەراری و هەڵاتوویان دەبرد، ئەوەندەی تر دەترساین. لەوە دەترساین کە نیازێکی خراپیان هەبێت و کێشەیەکی گەورەمان بۆ دروست بکەن.

لەسەر جادەکان دەچووین کە پارکێکمان دۆزیەوە و چووینە سەر هەڵەمەقۆیەک[11]. گەمەمان نەدەکرد، دەمانەیوست کە ئاگامان لە دەور و پشتی یەکدی هەبێت و خەو نەمانگرێت و تووشی کێشەیەک نەبین. لە سواری هەڵەمەقۆکە بووین کە دەنگێک

---

[10] _ کروشکە کردن مەبەست ئەوەیە کە ئەژنۆی بە سینگی نیاوە و خۆی کۆ کردووە. کەسێک کە کروشکە دەکات، لە سەرما و خەمدا کروشکە دەکات. کروشکە کردن وەک حاڵەتی کەروێشک کە دەخەوێت. چاوی بەستووە، بەڵام لە ناوەوە ئاگای لە خۆیە.

[11] _ هەڵەمەقۆ، چەرخ و فەلەک.

لە پشتەوەی دارەکان هات، زۆر ترساین. دەستم برد و کوچکێکم[12] لە زەوی هەڵگرت و خستم بۆ شوێنی دەنگەکە. کوچکەکە لە شوێنێکی دا و تڵپەیەکی دروست کرد. هەر ئەوەمزانی کە ناڵەیەک هەڵساو و سەری کابرایەک لە بن دارەکان دەرهات. بەردەکە لە سکی سەربازێکی داماوی دابوو. سەربازیش ئەوەندە ئازاری پێ گەیشتبوو، لە شوێنی خۆی هەڵسا و بە شوێنی ئێمە کەوت. من و ئیبراهیمیش هەر ئەوەی کە سەری سەربازمان بینی، لە سواری هەڵەمەقۆ دابەزین و هەڕامان[13] کرد. ترس و هەراسێکی زۆر ئێمەی گرت. هەناسە هەناس و هەڕا هەڕا و کۆڵان بە کۆڵان دەردەچووین، بۆ ئەوەی کە سەرباز دەستی بە ئێمە نەگات. ئەوەندە هەڵاتین کە ئیتر کەوتینە هەناسە پڕوکێ و دەستمان دەنیایە سەر ئەژنۆمان و شەکەتی و ترسمان دەردەکرد. ئەژنۆکانمان لە ترسدا دەلەرزی.

گەڕاینە بۆ مەیدانی شار و دیسان لە دەوری مەیدانی شار دەخولاینەوە. ترس لەگەڵ سەرما و برسیەتی لێمان تێکەڵ ببوو. ئیبراهیم کە ئەو بارودۆخەی بینی و هەستی بە ئیهانەت و سووکی کرد، تووڕە بوو: دەگەڕێنەوە بۆ سەرپێڵ... پەیکانێک بە دەربەستی دەگرین و هەرچی پارەکەی بوو، لەوێ لە باوکمی وەردەگرین و دەیدەن بە ڕانەندەکە!.

هەستم کرد ئیبراهیم لە ترس و سەرما و برسیەتی و ناخۆشی ئەو بارودۆخە تاقەت و تەوانی نەماوە. وتم: ئیبراهیم ئەمە هێشتا شەوی یەکەمی سەفەری من و تۆیە... ئەی ئەو هەموو قسە و تەویرانە کە دەمانکرد چی!؟ دەتەوێت لە شەوی یەکەم بگەڕێنەوە بۆ کرماشان و قوتابخانەی ئەبووزەڕ!؟ تاقەتت هەبێت.... ڕۆژ دەبێت و خۆر گەرممان دەکاتەوە!.

زۆرم بۆ ئیبراهیم قسە کرد، ئەویش دڵی لەگەڵ قسەکانی مندا هات و ئارام بووەوە. ئیبراهیم هەستی بە سووکی و کەمی دەکرد کە بۆ گەرما و نان و خەوێک ئاوەهای لێ بەسەر بێت!.

لە قسە و باسدا بووین کە مەلای بەیانی بانگیدا و دەمانەویست کە مزگەوتێک بدۆزینەوە و نوێژی بەیانی تێدا بخوێنین. چەند کۆڵان گەڕاین و منارەیەکمان بینی

---

[12] _ کوچک، بەرد.

[13] _ هەڕا کردن، هەڵاتن بە خێرایی لە شوێنێک.

و خۆمان کرد بە مزگەوتەکەدا و دەستنوێژمان گرت و دوو رکعەت نوێژی سونەتمان خوێند و چاوەڕێ مەلا بووین کە قامەت ببەستێت. هەرهەمووی ئەو کەسانە کە هاتبوون بۆ نوێژی بەیانی چوار کەس بوون. لە تاوی خەودا نەمانزانی کە چۆن نوێژمان کرد. پاش ئەوەی کە نوێژ تەواو بوو، پاڵمان دایە دیواری مزگەوتەکەوە و خەو بردمانی. من پێموایە کە لە هۆش چووبووین!.

وەک مردوو سەرمان لەسەر شانی یەکدی شۆڕ ببوو. کابرای مجێوری مزگەوت بە پێلەقە ئێمە هەڵسان و دەیەوت: مزگەوت شوێنی خەو نیە، یەڵا بۆ دەرەوە!.

لە ناچاریدا لە مزگەوت هاتینە دەرەوە و دیسان لە کۆڵانەکانی شاری سنە بەرەڵا و برسی دەسووڕاینەوە.

ئیبراهیم بە دەم و ڕوومەتی تاڵ و وشکەوە: پارەمان پێ نیە کە نان بخۆین... چی بکەین!؟.

سی تومەن لە گیرفانی من بوو، دەرمهێنا و بە ئیبراهیمم پیشانمدا: هەر ئەوەمان پێ ماوەتەوە!.

ئیبراهیم کە ددانەکانی لە سەرما لەیەکدی دەدا: ئەوە دوو نان ناکات، چی بکەین؟.

ئیبراهیم کە قسەی دەکرد، سەیری دەستی منی دەکرد. نەمدەزانی کە بۆ سەیری دەستی من دەکات. وتم: چیەوە؟ بۆ سەیری دەستی من دەکەیت!؟.

ئیبراهیم: سەعاتەکەی دەستت شتێک پارە دەکات، ئەگەر بیفرۆشین پارەیەکمان بە دەست دێت و دەتوانین کە خواردنێک بخۆین!.

سەیری سەعاتەکەی دەستی خۆمم کرد. ئەو سەعاتە دیاری خزمێکمان بوو کە وەک دیاری بە منیان دابوو. دڵم نەدەهات کە بڵێم دەیفرۆشم. ئەمزانی کە ئەو سەعاتە تەنیا شتێکی بەهادارە کە لە لای ئێمەدا ماوەتەوە. بە نابەدڵیەوە وتم: باشە ئیبراهیم، با دوکانەکان بکرێنەوە دەیبەین و هەرکەس کە پارەیەکی باشی پێدا، دەیفرۆشین.

ئەو سەعاتە وەک ئومێدێک بوو کە دەیتوانی ڕۆژێکی تر ئێمە لەو سەفەر بەردەوام بکات. وردە وردە ڕۆژ دەرکەوت و دوکانەکان کرانەوە. سەرمای ئەو شەوە ئەوەندە سەخت و تاڵ بوو کە ڕۆژ و ڕووناکی بۆ ئێمە هیوا و ئومێد بوو.

بڕیارماندا پێش ئەوەی کە سەعات بفرۆشین بگەڕێین بۆ نانەوایەک کە نانی لێ بکڕین. برسی و هیلاک بووین. نانەوایەکمان دۆزیەوە و بەو سی تومەنە دوو نانی دەستی کوردیمان کڕی و لە بن پردی فردەوسی لەسەر جادەکە کەوتنە سەر دوو نانەکە، نەمانهێشت کە تۆزێکی ئەو نانە بە خەسار بچێت. خەڵکیش کە لەو بەرەبەیانە بۆ کار دەچوون، سەیریان دەکرد و سەیریان لێ دەهات!.

ئەو دوو نانە برسیەتی ئێمەی تێر نەکرد. دەبوو کە ساعاتەکە بفرۆشین بۆ ئەوەی کە نانێک بە دڵی خۆمان بخۆین. دوکانەکان کرانەوە و من و ئیبراهیم سەرمان کردە هەر دوکانێک و ڕوومان لەهەر کەسێک کرد کە سەعاتمان لێ بکڕێت. یەکێک دەیەوت سەد تومەن و یەکێکی تر بەزەیی دەهات و دەیەوت دوو سەد و یەکێک تا پێنج سەد تومەن دەچوو و یەکێکی تر تا هەشتسەد تومەن چوو.

ئەو سەعاتە بە تازەیی قیمەتی هەفت هەزار تومەن بوو. دڵم نەدەهات کە بە هەشتسەد تومەن بیفرۆشم. لە گەڕان بەردەوام بووین، بەدوای کەسێک بووین کە پارەی زۆرتر بدات. چەند کاتژمێر گەڕاین و لە کۆتایی کابرایەک وتی: بە هەزار و هەفتسەد تمەن[14] لێتان دەکڕم!.

منیش خۆم شایانی بەزەیی پیشاندا: کاکە بە خوا ئەم سەعاتە هەفت هەزار تومەنم پێداوە، تازەیە، ئێمە لەبەر بێ پارەیی دەیفرۆشین.... تو خوا پارەیەکی زۆرترمان پێ بدە؟.

کابرا وتی: پەنجا تومەن زیاتر دەدەم، دەیکەم بە هەزاروهەفتسەدوپەنجا تومەن... ئەگر دەتانەوێت باشە، ئەگەر نە منیش نایکڕم!؟.

---

[14] _ تمەن، تومەن. خەڵکی ناوچەکانی کوردسیان وشەکان بە دەمی خۆیان دەردەبڕن. لە ناوچەیەک بە منداڵ دەڵێن مناڵ. هەروەها لە جیاتی ئەوەی کە بڵێن وایە دەڵێن واسە. خوێنەر دەبێت کە ئەو جۆرە نووسین و قسە کردنانە بە هەڵە نەزانێت و بە جوانیەک وەریبگرێت. کاتێک کە منداڵ دەمی ورد و جوان و چکۆلەیە بە منداڵ دەڵێت مرار!. ئەمانە جوانیەکان ناوچەکان و ژیانی خەڵکەکانە کە دەبێت ڕەچاو بکرێت.

سەیری ئیبراهیمم کرد و ئەویش لە ناچاری وتی: باشە ئەو پارەیە لە هی ئەوەکانی تر باشترە!.

کابرا پارەکەی بە مندا و لە دوکان هاتینە دەرەوە. ئیتر من و ئیبراهیم خۆشحاڵ بووین پارەیەکمان پێیە کە خواردنێکی پێ بخۆین. لەسەر کورسیەکانی سەرجادە دانیشتین و ماینەوە کە ئێستە ڕوو لە کوێ بکەین!؟.

گوشار و ناڕەحەتی ئیتر لە بیری ئێمەی بردبوو کە لە کرماشان چ نەخشە و پلانێکمان ڕشتبوو. ئیتر ئەوەندە هیلاک و ماندوو بووین نەخشەمان دەرنەهێنا کە بە پێ نەخشە بچین.

ئیبراهیم بە ئومێدێکی کەمەوە: دەچین بۆ شاری هەمەدان و لەوێ کارێک دەدۆزینەوە و پارەیەک بەدەست دەهێنین و لە ڕێگەمان بەردەوام دەبین.

: دەبێت ترمینالی شاری سنە بدۆزینەوە.

ئیبراهیم: دەچین بۆ ترمینال و لەوێ نوشابە و ساندویچێک دەخۆین...(ئیبراهیم کە وتی نوشابە و ساندویچ، پێکەنی، لەبەر ئەوەی کە خواردنی خۆشی ئەو کاتە بۆ ئێمە ئەوە بوو) ئێمە دەوڵەمەندین.... چووینە شاری هەمەدان لەوێ کار دەدۆزینەوە... ئیتر ئەگەر ئێمە دەزانین کە لە هەمەدان پارەمان بە دەست دێت، بۆ نوشابە و ساندویچێک نەخۆین!؟.

بەو قسانە دەمانەویست هەرچۆنێک کە هەیە سەری خۆمان بخافڵێنین و نوشابە و ساندویچێک بخۆین. ئیتر دەمانەوت کە لە هەمەدان کار دەدۆزینەوە و پارە بەدەست دەهێنین!.

لە ناو شاری سنەوە بۆ ترمینال بەڕێکەوتین. بە هیوای ئەوە کە نوشابە و ساندویچێک بخۆین دڵمان شاد و گەش بوو. خۆمان گەیاندە ترمینال و چووینە ساندویچیەک و داوای دوو نوشابە و دوو ساندویچمان کرد. زۆر بە خۆشیەوە سەیری یەکدیمان دەکرد و نوشابەکەمان دەخوارد.

پاش ئەوەی کە نوشابە و ساندویچمان خوارد، چووین بۆ گەراژی مینی بوسەکان، دەمانەویست کە مینی بوس بۆ شاری هەمەدان بدۆزینەوە. سواری مینی بوسێک بووین و بە خەم و پەژارەییەوە سەیری دەرودەشتەکانی نێوان شاری هەمەدان و

سنەم دەکرد. من لە کورسی پێشەوە دانیشتبووم و ئیبراهیم لە داوە بوو. ئاوێنەی مینی بوسەکە لە منەوە دیار بوو. لە ناو ئاوێنەکە کچێک لە منەوە دیار بوو، زۆر جوان بوو. تاو تاو سەیری کچەکەم دەکرد. هەستێکی خۆشم هەبوو!.

زۆری نەخایاند کە منارەکەی باباتاهری عوریان لە منەوە دیار بوو. ڕووم لە ڕانەندە کرد: ئاغای ڕانەندە ئێرە هەمەدانە؟ ( دەستم بۆ منارەکەی باباتاهر ڕاکێشا و سەیری دواوەم کرد و ئیبراهیمیش سەروگوێ قوت کردبوو).

ڕانەندە بە بێ خەیاڵیەک: ئێرە هەمەدانە.... دەتانەوێت کە برۆنە ناو شارەوە یان دادەبەزن؟.

لەبەر بینینی منارەکەی باباتاهر وتم: ئاغا تکات لێ دەکەم ئەگەر ئەکرێت لێرە دامانبەزێنە!؟.

ڕانەندە لە دەرفەتێک ڕاوەستا و من و ئیبراهیم لە سەرجادەی نزیک بە منارەی باباتاهر دابەزین و دڵمان خۆش بوو کە دەچین و زیارەتێکی دەکەین.

لەسەر جادە چووینە نێو کۆڵانێکەوە و چاومان لە منارەی باباتاهر بوو. ئیبراهیم وتی: تینوومە!.

وتم: دەی باشە، با پێش ئەوەی کە بڕۆن بۆ باباتاهر مزگەوتێک بدۆزینەوە و ئاو بخۆین.

کۆڵان بە کۆڵان بە دوای مزگەوتێک دەگەڕاین کە ئاوی تێدا بخۆین. منارەی مزگەوتێکمان بینی و خۆمان لێ نزیک کردەوە. کابرایەک خەریک بوو بە بۆنەی ڕۆژەکانی موحەڕەمەوە پەردە و نووسینی هەڵدەواسی. زانیمان کە ئەوە مجێوری مزگەوتەکەیە. ئیبراهیم لێ نزیک بووەوە: ئاغا دەتوانین کە تۆزێک ئاو لەم مزگەوتە بخۆین؟.

کابرا سەیری کرد و تۆزێک بیری کردەوە: ئەگەر لە هەڵواسینی ئەم پەردە و نووسینانە هەندێک یارمەتی من بدەن، ئەوە دەتوانن کە ئاو بخۆن!.

من و ئیبراهیم بۆ ئەوەی کە ئاو بخۆین، یارمەتی کابرامان‌دا کە پەردەکان هەڵواسێ و کارەکەی تەواو بکات. پاش ئەوەی کە کارەکەی تەواو بوو. کابرا وتی: ئێستە دەتوانن کە بڕۆن ئاو بخۆن.

لە دڵی خۆم وتم: ئاویش بە کارە!.

بەپەلە خۆمان گەیاندە شێری ئاوەکان و دەممان نیا بە شێری ئاو و تێر ئاومان خوارد و لەسەر بەردەکانی شوێنی دەستنوێژ بە دەم و ڕوومەتی شۆراو و تەڕەوە ڕوومان لە یەک کرد. بە بزگەیەک وتم: ئیبراهیم ئێستە بۆ کوێ بڕۆین... چی بکەین!؟.

ئیبراهیم: ئەچین کار ئەدۆزینەوە و پارە دەردێنین... بە بێ پارە ناتوانین کە سەفەر بکەین.

لە شوێنی دەستنوێژ هەڵساین و لە مزگەوت چووینە دەرەوە. سکمان ئەوەندە ئاوی تێدا بوو، ئاو تێدا للّپی دەدا. نەماندەزانی کە ڕوو لە کوێ بکەین. ئەوەندە بیر و خەیاڵمان مەشغوڵ بوو کە باباتاهرمان لە بیر چوو. نەماندەزانی کە چۆن بچینە ناو ناوەندەی شارەوە. بە سەرەگڕە و هیلاکەتی دەچووین بۆ ئەو شوێنانە کە خەڵکی زۆر لێ بایەت. ئاوەها ناوەندی شاری هەمەدانمان دۆزیەوە.

واماندەزانی کە ناوەندی شارەکان وەک ناوەندی شاری سەرپێڵی زەهاوە، کە کرێکارەکان و ئەوانەی کە بەداوی کار دەگەڕێن لە شوێنێک کۆ دەبنەوە. هەرچی گەڕاین شوێنی کرێکارەکانمان نەدۆزیەوە. ماندوو و هیلاک لەسەر کورسیەکی ئاسنینی ناوشار دانیشتین و سەیری هات و چۆ کردنی ماشینەکان و خەڵکمان دەکرد.

کورێکم بیبی کە لە سەر پەرژینی ئاسنینی جادەی مەیدانی شار دانیشتووە. وتم بە ئیبراهیم با بڕۆین و لەو کوڕە پرسیار بکەین کە چۆن دەتوانین کارێک بدۆزینەوە؟. لە کوڕەکە نزیک بووینەوە و بە زمانی فارسی پرسیارمان لە کوڕەکە کرد: ئاغا لەم شارە کار هەیە؟ ئێمە چۆن دەتوانین کە کارێک بدۆزینەوە!؟.

کوڕەکە بزگە گرتی: ئەگەر لەم شارە کار هەبایەت، من لێرە چیم ئەکرد!؟.

بە بێ ئەوەی کە بەردەوامی بە قسەکان بدەین لە کوڕەکە جیا بووینەوە و چووین لەسەر کورسیە ئاسنینەکە دانیشتین.

بە ناڕەحەتی بە ئیبراهیمم وت: ئەگەر لێرە کارمان بۆ نەبێت، ئیتر پارەی چوونمان نیە، بە چ پارەیەک نان بخۆین و بە چ پارەیەک سەفەر بکەین!؟.

ئیبراهیم لە من داماوتر: ئەگەر داوای نان بکەین، خەڵک وەک سواڵکەر سەیرمان دەکەن...(ئیبراهیم هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا) دەبێت کە هەمەدان بەجێ بهێڵین؟.

: ئاخر بە چی؟ چۆن بەجێبهێڵین؟ ئێمە هیچ پارەمان پێ نیە!؟.

لەسەر کورسیەکە هەڵساین و بە شەکەتی و سەرلێشێواوی لە نێو بازاڕەکانی هەمەدان دەسووڕاینەوە. لە پێش چەند دوکانێک گوزەرمان کرد، بۆنێکی خۆشی لێوە هات. بۆنی نانێکی خۆش بوو، وەک نانی تەنووری کوردی!.

ئیبراهیم: ئەچم پرسیار ئەکەم بزانم کە ئەو نانە بە چەند تومەنە.

ئیبراهیم لە دوکانەکە نزیک بووەوە و پرسیاری لە ئەو چەند کەسە کرد کە لە نێو دوکانەکە بوون، یەکێک لەوانە کە نانەکانی دەفرۆشت وتی: نانێک بە پەنجا تومەنە.

ئیبراهیم بە پێکەنینێک ڕووی لە من کرد: با دوو نان بکڕین و بیخۆین!؟.

منیش کە برسی بووم: باشە، داوای دوو نانی لێ بکە.

دوو نانمان کڕی و گوڵمۆچەمان کرد و بە دەمی چوونەوە دەمانخوارد. ئیبراهیم قەپی لە نانەکە دەدا: نانەکە سەوزەیان تێ کردووە، بۆیە بۆن و تامی خۆشە.

بە حەسرەتەوە: ئەم نانە زۆر خۆشە، ئێمە پارەی زۆرمان پێ نیە، ئەگەرنە چەند نانمان پێ دەکڕی.

ئیبراهیم دەستی کردە نێو پەنتۆڵەکەی و ماشین حسابێکی دەرهێنا: ئەم ماشین حسابەم پێیە، دەبێت کە شوێنێک بدۆزینەوە بۆ ئەوەی کە بیفرۆشین...(بە دەمی بە نانەوە قسەی دەکرد) دەبێت کە سەد تومەنێک بکات... ئەگەر فرۆشتمان پارەی ئەمە دەدەین بە دوو نانی تر( خۆیشی پێ دەکەنی).

دەستم برد و ماشین حسابەکەم لێ وەرگرت و سەیرم کرد و تۆزێک حسابم پێ کرد، بئزافەکەی کاری نەدەکرد. دام بە دەستی ئیبراهیمەوە: ئەمە کە ئزافەکەی کار ناکات!؟.

ئیبراهیم: ئاخر من بە ئەمەشەوە ئێژم بەشکە سەد تومەن بکات!.

لە بازاڕی شاری هەمەدان گەڕان بۆ ئەوەی کە شوێنێک بدۆزینەوە کە ماشین حسابەکەی لێ بفرۆشین. کاتژمێرێک زیاتر گەڕاین و چاومان گێڕا تا ئەوەی کە چووینە سەر پردێک، کە تایبەت بە فرۆشتنی ئەو شتانە بوو کە دەستە دووە یان دزراوە وە یان دۆزراوە، یان هەرچیەکی تر کە بۆ فرۆشتن هاتووە.

کابرایەک کە لە دەرمانخۆر دەچوو لە گۆشەیەکی پردەکە سەر و چاوی تەپاو و تەزوێیەکی بە دەستە بوو، بەسەروچاوی دیار بوو کە دەرد و خەیاڵی لێ تێکەڵ بووە. لەو کابرا نزیک بووینەوە و ماشین حسابەکەمان دەرهێنا و پیشانماندا. بە زوبانێکی داماوانەوە وتم: ئاغا ئەمەمان پێیە بە چەند لێمانی دەکڕی؟.

کابرا سەیری ماشین حسابی کرد و وتی: سەد تومەن.

ئیبراهیم: باشە... بەڵام عەیبێکی هەیە!.

کابرا: عەیبی چیە... ها؟.

ئیبراهیم بە حاڵەت و ڕوومەتێک کە دەترسا لە وەڵامی کابرا: ئزافەکەی کار ناکات!.

کابرا بە بێ ئەوەی کە سەیری بکات: ئەسڵی ڕیازیات ئزافەکەیەتی، نامەوێت، بۆ خۆتان!.

منیش کە دەمەویست پارەیەکمان بە دەست کەوێت: ئەی بە چەند تومەن دەیکڕیت؟.

کابرا: دە تومەن!.

ئیبراهیم لەو قسەیە تووڕە بوو: ئەگەر بیخەمە ناو زبڵدانەوە، بە دە تومەن بە تۆی نافرۆشم.

وازمان لە کابرا هێنا و ئەمانزانی کە ئەگەر بە هەر کەسێکی بدەین، پارەیەکی باشمان پێ نادات. ئیتر دەستمان لەوە شۆرد کە بیفرۆشین.

لە بازاڕەکانی ناوشاری هەمەدان دەرچوون و دەمانەویست کە بەپێ لە شار بڕۆینە دەرەوە.

ئیبراهیم: بە ئوتوبانەکاندا دەچین و دەست لە ماشینەکان هەڵدەگرین، بەشکە کەسێک هەڵمانگرێت!.

تەنیا شتێک کە بۆ من و ئیبراهیم مابووەوە ئەوە بوو کە ڕوو لە جادەکان بکەین و بە پێ بە ڕێگەکاندا بڕۆین، لەبەر ئەوەی کە پارەی کرایەی ماشینمان پێ نەمابوو. هەستمان بە نائومێدی و هیلاکی زۆر دەکرد. پاش ئەوەی کە بە زەحمەتێکی زۆر ڕێگەوبانی دەرچوون لە شاری هەمەدانمان دۆزیەوە. بە جادەی ئوتوبانەوە بە ڕێ کەوتین و ملمان نیا بە ڕێدا. ئوتوبان زۆر ماشینی بەسەردا دەهات و دەچوو، هەرچی دەستمان لە ماشینەکان هەڵدەبڕی کەس بۆ ئێمەی ڕانەدەگرت. ئەو ڕۆژە خۆر بوو و هەوا زۆر خۆش بوو، هەرلەبەر ئەوە بۆمان گرنگ نەبوو کە چەندە لە شار و ئاوەدانی دوور دەبینەوە. نائومێدی وای کرد کە ئیتر دەست لە ماشینەکان هەڵنەبڕین و بە پێ لە زەویەکانی تەنیشت جادەیەکی دەرچوون لە شاری هەمەدان، نەرمە نەرم بە ترس و بیرەوە بڕۆین.

پاش زیاتر لە کاتژمێرێک شەکەت و ماندوو بووین و لەسەر بەردێک دانیشتین و بیرمان لەوە کرد کە بە نۆگە و نۆرە دەست لە ماشینەکان هەڵبڕین، بۆ ئەوەی کە ماشینێک لێمان ڕاوەستێت. ئیبراهیم دەستی بەرز کردبوو و سەیری ڕانەندەی ماشینەکانی دەکرد. کەس بۆ ئێمە ڕاینەدەگرت. خۆشمان لەوە دڵنیا بووین کە هیچ ڕانەندەیەک بۆمان ڕاناوەستێت.

نۆرەی من هات و شەکەتی و ماندویەتی منی گرتبوو، وام لێ هاتبوو کە خەیاڵم دەکرد بڕۆمە سەر جادەکە و خۆم بکەم بە ژێر ماشینێکدا. ئەوەندە هیلاک بووم کە فرمێسکی بێکەسی و برسیەتی و هیلاکەتی منی گرتبوو.

لۆریەک لێمان نزیک بووە و لە پێشمان ڕایگرت، سەیری ئیبراهیمم کرد و بە پەلە هەڵمانکردە دەرگەی لۆریەکەدا، پێمان خۆش بوو. کابرای ڕانەندە بە ژێرکراسێکەوە بە چاو وتی: سەرکەون!.

پێمان خۆش بوو. سەرکەوتین و دەستخۆشیمان لە ڕانەندەکە کرد. ڕانەندەکە دەستی برد بۆ فلاسکی چایەکە: گەر چایی دەخۆن، ئەوە چاییە، شەرم مەکەن!.

ڕانەندەکە سەیرێکی ئێمەی کرد: ئێستە ئێوە بۆ کوێ دەڕۆن؟.

منیش مەجالم پێ نەدا قسەکانی تەواو بکات: تۆ بۆ کوێ دەچیت!؟.

من و ئیبراهیم ئیتر پلان و نەخشەمان لێ تێک چووبوو، ئیتر بۆمان گرنگ نەبوو کە بۆ کوێ بچین، بەس دەمانەویست کە بڕۆین.

کابرا وتی: من بۆ دزفول دەچم، ئەی ئێوە بۆ کوێ دەچن؟.

ئیبراهیم: دزفول دوورە؟.

ڕانەندە: ئەرێ.. زۆر دوورە، ڕێگەیەکی درێژە.

ئیبراهیم: ئەی ئێمە یەکەم شار بە کوێدا گوزەر ئەکەین؟.

ڕانەندە: ئێستە ئێمە لە شاری مەلایرەوە گوزەر ئەکەین.

منیش بەپەلە وتم: باشە ئێمە تا شاری مەلایر لەگەڵ تۆدا دێین.

کابرای ڕانەندە: ئێوە خۆتان نازانن بۆ کوێ دەڕۆن!.

دەستی برد و شتێکی چکۆلەی ڕشی کردە نێو چاییەکەی و لەگەڵ چاییەکەدا خواردی. زانیم ئەوەی کە کردویەتیە نێو چاییەکە تەریاکە. تۆزێک ترسام لەو کابرا، یەکەم جار بوو لە ژیانم کە کەسێکم دەبینی کە دەمان بخوات.

من و ئیبراهیم بێ دەنگ بووین و کابراش هیچ قسەیەکی نەکرد و بی دەنگ مایەوە. کاتژمێرێکی نەبرد کە گەیشتین بە بەرەتاکانی شاری مەلایر. کابرای ڕانەندە، لۆریەکەی لە مەیدانێک ڕاگرت و ڕووی لە ئێمە کرد: ئەمە مەلایرە، من لێرە کتریەک ئاو گەرم دەکەم بۆ چاییەکەم و ئێوەش ئیتر خۆتان دەزانن کە بۆ کوێ دەڕۆن... خواتان لەگەڵ بێت!.

دەستخۆشیمان لە کابرا کرد و لە لۆریەکە دابەزین و چووینە نێو سەوزەلاییەک کە لە ناو مەیدانەکە هەبوو. لە ناو مەیدانەکە مزگەوتێک هەبوو. چووینە ناو مزگەوتەکە و دەستنوێژمان گرت و نوێژی نیوەڕۆ و عەسرمان قەسر و جەمع کرد. لە

مزگەوتەکە هاتینە دەرەوە و لە بەر خۆرەتاودا لە بن دارێک پاڵمان دایەوە. هەوای ئەو ڕۆژەش خۆش بوو. ساردی و برسیەتی لە گیانی ئێمە دابەزیبوو.

وتم: ئیبراهیم، ئێستە ئێمە لە شاری مەلایرین، دەبێت کە بۆ کوێ بڕۆین؟ چی بکەین!؟.

ئیبراهیم سەیری سوڕسوڕەیەکی دەکرد کە لە نێو پارکی تەنیشت مەیدانەکە بوو: ئەزانی ئەو سوڕسوڕەیە زۆر خۆشە... با بڕۆین و جارێک خۆمانی لەسەر خل بکەینەوە!؟.

منیش ئەوە یەکەمجار بوو کە ئاوەها سوڕسوڕەیەکی درێژم دەبینی. لە فیلمەکان سوڕسوڕەی ئاوەها درێژم بینیبوو. لە شوێنی خۆمان هەڵساین و لە کابرایەکی پیر کە لە لای سوڕسوڕەکان بوو نزیک بووینەوە. وتم بە کابرا: جارێک سوار بوون بە چەندە؟.

کابرا: نەفەرێک پەنجا تومەنە!.

ئیبراهیم لێم نزیک بوو و وتی: چەندە پارەمان پێ ماوە؟.

: سەد و سی چل تومەنمان پێ ماوە!.

ئیبراهیم: وەرە با هەردووکمان بۆ جاریکێش بووە سواری ئەو سوڕسوڕەیە بین!.

سەد تومەنم بە کابرادا و ئەویش دوو گونیەی بە ئێمەدا و وتی: کاتێک کە لە پلەکان چوونە سەرەوە و دەتانەویست کە خۆتان خل بکەنەوە، بچنە ناو ئەم گونیانەوە و خۆتان خل بکەنەوە.

گونیەکەمان لە کابرا وەرگرت و لە پلەکان چووینە سەرەوە و چووینە ناو گونیەکان و پێکەوە خۆمان خل کردەوە. سوڕسوڕەکە بەرز و درێژ بوو، کاتێک کە خۆمان خل کردەوە هەوایەکی خۆش لێمانی دەدا. هەرایەکمان کرد و بە چەند چرکە گەیشتینە خوارەوە. کە لە سوڕسوڕەکە هاتینە خوارەوە هەردووکمان پێ دەکەنین و کابرای پیریش دەستی هێنا بوو بۆ ئەوەی کە گونیەکانمان لێ وەرگرێت. وتی: خۆش بوو!؟.

منیش بە هەناسەیەکی قووڵەوە: ئا زۆر خۆش بوو ئاغا!.

ئیبراهیم: ئیتر پارەمان نیە، ئەگەرنە دوبارە سواری ئەو سوڕسوڕە دەبووین!.

لە کابرا دوور کەوتین و چووینە بن ئەو دارەی کە پێشتر لە بنی دانیشتبووین. هەست و هەوایەکی خۆش بوو. دەستم بۆ کتێبەکەی بوستانی سەعدی برد و کردمەوە و ئەم شیعرەم خوێندەوە:

چو خواهی کە نامت بود جاودان   مکن نام نیک بزرگان نهان

همین نقش بر خوان پس از عهد خویش   کە دیدی پس از عهد شاهان پیش

همین کام و ناز و طرب داشتند   بە آخر برفتند و بگذاشتند

یکی نام نیکو ببرد از جهان   یکی رسم بد ماند از او جاودان

ئیبراهیمیش قورئانی کردەوە و وتی: تۆ شیعرێکت لە بوستان خوێندەوە، منیش ئایەتێک لە قورئان دەخوێنمەوە.

لاپەڕەکانی قورئانی سەیر دەکرد، وەک ئەوە کە دەیەوێت ئایەتێک بە خواستی دڵی خۆی بخوێنێتەوە. سەری بەرز کرد و ئەم ئایەتەی لە قورئان خوێندەوە:

" قال عیسى ابن مریم اللهم ربنا انزل علینا مائدة من السماء تکون لنا عیدا لاولنا و ءاخرنا و ءایة منک و ارزقنا و انت خیر الرازقین(مائدة ١١٤)

بەو شیعر و ئایەتە ئەوەندەی تر گڕ و خۆشی کەوتە نێو دڵ و دەروونمان و وزەیەکی زۆرمان بە خۆوە گرت.

ئیبراهیم دەستی برد و نەخشەکەی کردەوە و شاری مەلایری دۆزیەوە و سەری دەلەقاند و لەبەر خۆیەوە: بە خوا زۆر دوور کەوتووینەتەوە!.

سەری هەڵبڕی و وتی: ئێستە بۆ کوێ بڕۆین.. ها؟.

بیرم چوو بۆ ماڵی خۆمانەوە: ئیبراهیم بە بیری تۆ ئێستە لە ماڵەوەمان چ باس و خەبەر بێت!؟.

ئیبراهیم پێکەنی و وتی: ئێستە بووەتە ڕۆموڵخەزا[15]... بە دوامان دەگەڕێن!.

---

[15] ـ ڕۆموڵخەزا لە زمانی خەڵکی لای ئێمە بە بارودۆخێکی شێواو دەڵێن. سەرچاوەی ئەم وشەیە بۆ من ڕوون نیە!.

سەیری نەخشەکەم کرد: شارێک کە لە سەر ڕێگەی ئێمەیە، شاری ئەراکە... ئەبێت کە بچین بۆ شاری ئەراک.

ئیبراهیم: ئاخر بە چی بچین بۆ شاری ئەراک، ئێمە کە هیچ پارەمان پێ نەماوە؟

سەیری لۆریەکانی سەر مەیدانەکەم کرد کە ڕاوەستابوون: ئەچین و داوا لە ڕانەندەکانی ئەو لۆریانە ئەکەین بۆ ئەوەی کە بزانین بۆ ئەراک دەڕۆن یان نە!؟

خۆمان کۆ کردەوە و چووین بەرەو لۆریەکانەوە. کەس لە دەرەوە نەبوو. ڕانەندەکان لە ناو لۆریەکان خەوتبوون. بە دەوری لۆریەکانەوە دەخولاینەوە و دەسووڕاینەوە. لە دوورەوە ڕانەندەیەک لە لۆریەکە دابەزی و ئێمەش بەپەلە چووین بەرەو کابراوە. هەتاوەکو ئێمە گەیشتین، کابرا دیسان سواری لۆری بووەوە.

چووینە سەر جادە و دەمانەویست کە دەست لەو لۆریانە هەڵبڕین کە لەسەر جادە دەچوون. لەسەر جادەکە دەستمان لە لۆریەک هەڵبڕی و لۆریەکە ڕاوەستا و ئێمەی سوار کرد. کابرای ڕانەندە پرسیاری کرد: بۆ کوێ ئەچن؟

منیش وتم: بۆ شاری ئەراک ئەچین.

کابرای ڕانەندە: من بارم نیە و بۆ هیچ شوێنێک ناچم، بەڵام دەتانبەم بۆ جادەکەی دەرەوەی شار بۆ ئەوەی کە پرس بە کەسێکی تر بکەن، بەشکە یارمەتیتان بدەن.

کابرا دەستی برد و سەیری کتێبەکانی کرد: ئەم قورئانە چیە پێتان؟ ئێوەش موسوڵمانن؟ خوا نیە... خوایەک نیە... ئەگەر هەبایەت ئەمریکیەکان دەیاندۆزیەوە... ئەمریکیەکان تا کورەی مانگ چوون... ئەگەر خوایەک هەبایەت ئەمریکا دەیگرێت و دەیهێنێت بۆ زەوی... ئێوەش دڵتان بە چی خۆش کردووە!

لۆریەکە گەیشت بە دەرەوەی شاری مەلایر و ئێمەی دابەزاند: بڕۆن لەو لۆریانە پرسیار بکەن... بەشکە یەکێکیان بۆ ئەراک بچێت.

لە لۆریەکانی تەنیشتی جادە کە ڕاوەستابوون نزیک بووینەوە. ڕانەندەکان خەریک بوون. لە یەکێک لە ڕانەندەکان نزیک بووینەوە: ئاغا... سڵاو ئاغا... ئێوە بۆ کوێ ئەچن؟

کابرای ڕانەندە: من بۆ ساوە ئەچم... ئێوە بۆ کوێ ئەچن؟

ئیبراهیم: بۆ ئەراک ئەچین.

ڕانەندە: پێتان خۆشە لەگەڵ من بێن بۆ ساوە؟(کابرا پێ دەکەنی).

وتم: ناچیت بۆ ئەراک؟.

ڕانەندە: ڕێگەی من لە ئەراک گوزەر ئەکات... ئەتوانن کە لەگەڵ من بێن و لە ئەراک دابەزن.

خۆشی ئێمەی گرت. سواری لۆری بووین و دانیشتین. شەکەتی و کەم خەوی منی دەخواردەوە. کابرای ڕانەندە پاش ئەوەی کە لۆریەکەی ئامادەی سەفەر کرد، سوار بوو و لۆری خستە گڕ. وتم بە کابرا: ئاغا من زۆر خەوم دێت... ئەتوانم کە لە شوێنی خەوی تۆ بخەوم!؟.

ڕانەندە بە ڕوویەکی خۆشەوە: کێشە نیە... ئەتوانیت کە لە شوێنی خەوی من بخەویت.

لۆریەکەی لە لۆریە کۆنەکان بوو. شوێنی خەوی ڕانەندەی لە دواوەی بوو. چووم و لە دواوەی پاڵم دایەوە. پەردەیەک لە نێوان شوێنی خەو و کورسیەکان بوون. پەردەکەم کێشایەوە و لە نێوان سرِی لەش و لەرە لەری چوونی لۆریەکە خەو منی برد.

زۆری نەخایاند ئیبراهیم بانگی منی کرد و منیش بە چاوێکی نیوە خەو چوومە سەر کورسیەکان دانیشتم. کابرا نەوارێکی خستبووە سەری کە ڕەوزە و دۆعای دەخوێند. کابرا بە من وتی: ئەتوانی گوڵەبەڕۆژە بخۆیت... ئەوەش چاییە... چاییەک بخۆ.

کابرا گوڵبەرۆژەی دەتەقاند و گوێ لە ڕەوزە دەگرت و قسەی لەگەڵ ئێمە دەکرد: ئێوەش مەلای واتان هەیە کە ڕەوزەتان بۆ بخوێنێت!؟.

ئیبراهیم: نە نیمانە.. مەلاکانی ئێمە ڕەوزە بۆ خەڵک ناخوێنن.

بەو قسە و باسانەوە شەومان لێ هات و گەیشتین بە بەرەتاکانی شاری ئەراک و کابرا وتی: ئەوە گەیشتین بە دەروازی شاری ئەراکەوە.

سەیری دەرەوەمان دەکرد کە تاریک بوو و خەڵکێکی کەم لە دەرەوە بوون. جۆرە ترس و هەراسێک دڵی من و ئیبراهیمی گرت. وتم بە کابرا: ئێوە بۆ ساوە ئەچن!؟.

کابرا پێستر بە ئێمەی وتبوو کە بۆ ساوە ئەچێت. هەستی بەوە کرد کە نامانەوێت دابەزین. ئەویش وتی: ئەتوانن کە بێن تا دووڕێیانی ساوە_ قوم و لەوێ دابەزن و لەوێشەوە بۆ قوم پێنج کیلومەترە، ئەتوانن کە بە پێ بچن بۆ شاری قوم!.

ئیبراهیم بە بێ ئەوەی کە کابرا قسەیەک بکات وتی: باشە ئاغا، دێن و لە دووڕێیانی ساوە_قوم دادەبەزین.

کابرای ڕانەندە بە سەیر لێهاتن وتی: ئێوە دەتانەوێت کە بۆ کوێ بڕۆن؟ سەرەتا دەتانەویست کە بۆ ئەراک بچن و ئێستەش دەتانەوێت کە بچن بۆ شاری قوم!؟.

هیچ قسەمان نەکرد و کابراش زۆر بە ڕەحم بوو کە هیچی لەگەڵ ئێمە نەوت. لە بێ دەنگیدا لۆریەکە لە جادە تاریکەکان بەرەو دووڕێیانی ساوە_قوم دەچوو، من و ئیبراهیمیش لەو پرسیارەی کابرا دڵ و دەرونمان کەوتبووە شەڵەژاوەوە کە بە ڕاستی ئێمە دەمانەوێت کە بۆ کوێ بڕۆین!؟.

زۆری نەخایاند و لەو بێ دەنگیە کابرا هاتە قسە و وتی: یەڵا.. خۆتان ئامادە بکەن بۆ دابەزین.

سەیری دەرەوەمان کرد. هیچ نەبوو جگە لە تاریکی نەبێت. ئیبراهیم بە ترسەوە: ئاغا ئێمە دەبێت کە بۆ کوێ بڕۆین!؟.

کابرا دەستی بۆ پێشەوە ڕاکێشا: ئێوە ڕاست بەم جادەوە بڕۆنەوە خوارەوە، منش لەم جادە(دەستی بۆ جادەکەی تر ڕاکێشا) دەڕۆم بۆ ساوە.

لۆریەکەی ڕاگرت و من و ئیبراهیم دەستخۆشیمان لە کابرا کرد و دابەزین. لۆری چوو و من و ئیبراهیم بە تەنیا ماینەوە. هیچمان لێوە دیار نەبوو جگە لە چراکانی ماشینەکان نەبێت کە لە تاریکی بە خێرایی لە تەنیشتی ئێمە گوزەریان دەکرد. جادەکەشمان بە جوانی نەدەبینی. ترس ئەژنۆی من و ئیبراهیمی گرتبوو. نەماندەزانی کە کامە جادەکەیە و کامە زەوی تەنیشتی جادەکەیە. سەرما و تاریکی و با وای کرد کە من و ئیبراهیم دەستی یەک بگرین و بەو ڕێگەدا بڕۆین کە کابرا وتی بەوێدا بڕۆین. هەرچیش کە سەیری پێشەوەمان دەکرد، هیچ نیشانەیەک نەبوو کە ئاماژە بەوە بێت کە شارێک و ئاوەدانیەک لە پێشەوەی ئێمە هەیە. لە لێوارەی جادەکە دەستمان لە ماشینەکان هەڵدەبڕی بۆ ئەوەی کە ماشینێک بۆ ئێمە

ڕایگرێت. هیچ ماشینێک بۆ ئێمە ڕاینەدەگرت، کەس دڵی ئەوەی نیە کە بۆ دو منداڵ کە خوا ئەزانێت چی ئەکەن لە لێوارەی ئەو جادە، ماشین ڕاگرێت!.

ناچاری بە ترس و لە سەرمادا ڕێگەمان دایەبەر و دڵ و زاورمان دەیەویست کە بتەقێت. دەترساین لە ئاژەڵێک کە پەلامارمان بدات یان چاڵێک کە بکەوین تێ. بە یەواشی هەنگاومان هەڵدەگرت و خوا خوامان دەکرد کە هیچمان لێ نەقەومێت هەتاوەکو دەگەین بە ئاوەدانی.

ئیبراهیم: خۆزگە لە ئەراک دابەزیبایەین، زۆرئەترسم لەم چۆڵەوانیە بمرین!.

قسەم بۆ نەدەکرا. ئاگام لە هەنگاوەکانی خۆم بوو. ماوەی نیوکاتژمێر بە پێ چووین و هیچ نیشانەیەک لە ئاوەدانی نەبوو. لەسەر جادەکە ڕاوەستاین و دەستمان لە ماشینەکان هەڵدەبڕی. ماشینێک کە تایبەت بۆ جێبەجێکردنی بارە قورسەکان بوو، ڕایگرت، من و ئیبراهیمیش بەپەلە سەرمان کردە نێویدا. من لە پێشدا چوومە ناوەوە. هەر ئەوەمزانی کە کابرای ڕانەندە بە زلە و شەپازە هات بە سەروچاوی مندا. سەرم گرتە سەر کورسیەکە و دەستم بە گریان کرد، کابرا لەبەر ئەوەی کە لەسەر جادە بوو و دەبوو جووڵەی بکردبایەت، دەستی بۆ ئیبراهیم نەخست. دەستی بە جنێودان کرد: ئاخر سەگبابەکان... بێ خاوەنەکان.... هیچ و پووچەکان... ئاخر بەم شەوە لەسەر ئەم جادە چی ئەکەن!!؟.

کابرا بەردەام بوو: گوو بە ئابا و ئەجداد و خاونەتان... ئاخر ئەمە شوێنە کە تێدا بیت!؟.

کابرا کارمەندی ڕێگەوبان بوو. بێسیمێکی بە دەستەوە بوو. کاری ئەوە بوو کە یارمەتی ئەو ماشینانە بدات کە لەسەر جادەکان تووشی لێقەومان دەبوون. بەردەوام لەگەڵ بێسیم قسەی دەکرد و کەمتر ئاگای لە ئێمە بوو، سەروچاوی مەشغوڵ بوو.

چەند خولەکێک بەڕێدا چووین و کابرای ڕانەندە بێسیمێکی بۆ هات کە ماشینێک تووشی ڕووداوو بووە و دەبێت کە بە زووترین کات بگاتە شوێنی ڕووداوەکە. کابرای ڕانەندە ماشینی ڕاگرت و بە پەلە وتی: بڕۆنە خوارەوە... دەبێت کە بگەڕێمەوە دواوە.... ئەگەر تۆزێکی تر بڕۆن ویستگەیەکی سەربازی لە پێشتانە... لەوێ داوای یارمەتیان لێ بکەن... دەی بڕۆنە خوارەوە.

لە ماشینەکەی دابەزین و کابرا بە خێرایی گەڕایەوە بۆ دواوە و ئێمەش تۆزێک دڵمان خۆش بوو کە هەندێک چرا و خانوو دەبینین.

ئیبراهیم: شەپازەکانی گلی[16] کرد ... ها!؟.

: نە هیچ نەبوو.

خۆمان گەیاندە ویستگە سەربازیەکە و لە دوورەوە لە بن دارێک دانیشتین کە بزانین چی بکەین.

ئیبراهیم: ئەگەر نزیک بینەوە بۆی هەیە پرسیارمان لێ بکەن کە لێرە چی ئەکەین؟ بۆی هەیە کە بمانگرن و کێشەمان بۆ دروست بکەن!.

لە شوێنی خۆم هەڵسام و سەیری چەند لۆریەکم کرد کە لە پێش ویستگەکە ڕایانگرتبووە: ئیبراهیم با بچین و داوا لەو ڕانەندانە بکەین بزانین کە یارمەتیمان دەدەن یان نە؟.

لە لۆریەکان نزیک بووینەوە و سەیرمان کرد کە سەربازێک بە ژ۳یەکەوە خەریکە کە پاسەوانی دەدات. هەستمان بە ترس نەکرد لە سەربازەکە، لێ نزیک بووینەوە و داوای ئەوەمان لێ کرد کە پێویستمان بەوە هەیە کە بڕۆین بۆ شاری قوم. سەربازەکە لە ژوورە دارینەکەی خۆی هاتە دەرەوە و چوو بۆ لای ڕانەندەیەک: دەتوانیت کە ئەم دوو منداڵە بەریت بۆ شاری قوم؟.

کابرای ڕانەندە: بۆ نە!؟... دەیانبەم... بەسەر چاوانم...(سەیری ئێمەی کرد) سواری لۆریەکە بن.

سەربازەکە دەستخۆشی لێ کرد و گەڕایەوە بۆ ژوورە دارینەکەی خۆی.

ڕانەندەکە سوار بوو و لۆریەکەی پێ کرد و بەرێ کەوتین. هەندێک نەچووبووین کە دەستی هێنا بەسەر ڕانی من و پرسیاری دەکرد و جوابی خۆی دەدایەوە: بۆچی ئەچن بۆ قوم؟ وەرن بۆ تاران... من ئەچم بۆ تاران... ئەگەر دەتانەوێت کە کار بدۆزنەوە، تاران شوێنێکە کە کاری زۆری تێدایە!.

---

[16] _ گل، ژان، ئازار، دەرد.

کابرا کە دەستی بەسەر ڕانی مندا دەهێنا، هەستم بەوە کرد نیەت و خواستی شەڕ و شەیتانی هەیە. ئیتر ترسام و داوام لێ کرد کە دامانبەزێنێت. کابراش هەستی بەوە کرد کە من تووڕە بووم.

لە نزیک بە سوپرمارکتێک ڕایگرت و من و ئیبراهیمیش بە پەلە دابەزین و ڕوومان لە مزگەوتێک کرد کە نزیک بە دوکانەکە بوو. چووینە نێو حەوشی مزگەوتەکەوە. هەندێک نەچووبووین کە مرە مرِی سەگمان بیست، لە شوێنەکەی خۆمان ڕاوەستاین و جووڵەمان نەکرد. سەیری پێشەوە و دەوروبەری خۆمان کرد کە سەگی زۆر لە حەوشی مزگەوتەکە خەریکی مشە و مرەن. لە ترسدا بە هەڕا هەڕا چووینە دەرەوە و ڕوومان لە سوپرمارکتەکە کرد. کابرای ڕانەندە کە ئێمەی بینی دەستی بە پێکەنین کرد و پێ خۆش بوو کە سەگەکان بەداوی ئێمە کەوتوون.

هەناسە هەناسم دەدا و دەلەرزیم: ئەمە سەگخانەیە یان مزگەوتە!؟.

کابرای ڕانەندە کە کتری ئاوەکەی کوڵا بوو و فلاسکی چایەکەی پڕ لە ئاو دەکرد، وتی: بۆ دەترسێن... وەرن لە ڕێگەی کەمەربەندی دەتانگەیەنم بەوبەری شاری قوم و دەتوانن کە بە ئاسانی بگەن بە ناوشاری قومەوە.... مەترسن و لەگەڵ من وەرن.

ئیبراهیم هەستی بە نیەتە شەڕەکانی ئەو کابرا نەکردبوو، وتی: با لەگەڵ ئەم پیاوە بڕۆین.. چیە!؟.

منیش لە ناچاری قبووڵم کرد و دیسان سواری لۆری بووینەوە. کابرا ئەمجارە ئاگای لە دەست و دەمی خۆی بوو. چاوم لە دەستی بوو. ئەگەر دەستی لە من نزیک بکردبایەت، لۆریەکەم لە ڕێگە بەدەر دەکرد. باش بوو کە هیچی نەکرد. لە کەمەربەندی شاری قوم گوزەرمان کرد و کابرای ڕانەندە ئێمەی دابەزاند و چووین بۆ ناو شاری قومەوە.

هەر ئەوە کە گەیشتبووین بە شاری قوم و لە ئاوەدانیدا بووین، بۆ من جێگەی دڵخۆشی بوو. هەستم بە خۆشی دەکرد کە جادە و چراکان دەبینیم و خەڵک دانە بە دانە هات و چۆ دەکەن. لەسەر جادە ڕێمان دەکرد کە ماشینێکی پەیکان ڕایگرت و دەرگەی کردەوە: سوار بن... دەتانەوێت کە بڕۆن بۆ مەرقەدی حەزرەتی مەعسومە؟ زوو سوار بن!.

ئێمەش لە خواخوامان بوو: بەڵێ دەمانەوێت کە بڕۆین بۆ مەرقەدی حەزرەتی مەعسومە!.

سواری پەیکان بووین و ئێمەی گەیاندە مەرقەدی حەزرەتی مەعسومە. دابەزین و پێمان خۆش بوو کە دەتوانین ئەمشەو لە نێو مەرقەدی حەزرەتی مەعسومە بخەوین. لە پەیکان دابەزین و چووینە خوارەوە. کە لە دەرگەی مەرقەد نزیک بووینەوە، چەند کەس لە پێش دەرگە بە خەڵکیان دەوت کە ئەمشەو مەرقەد داخراوە، بە هۆی ئەوە کە دەیانەوێت بۆ ڕۆژەکانی تاسوعا و عاشورا خاوێنی بکەنەوە.

خەڵکێکی زۆر لە دەرگی مەرقەد کۆ بوونەوە و دەنگ و هەرایەکی زۆر بوو. نەماندەزانی بۆ کوێ بڕۆین و ڕوو لە کوێ بکەین. چووینە سەر جادە بۆ ئەوەی لە پارکێک و سەوزاییەک بدۆزینەوە کە بخەوین. خەو و سەرما و هیلاکەتی وڕ و گێژمانی کردبوو. ئیتر ئاگامان لە خۆمان نەبوو کە بۆ کوێ هەنگاو هەڵدەگرین. مەیدانێکم بینی کە دەوریان پەرژین کێشاوە و ناوەوەی سەوزایی و گیا هەبوو. لە بن پەرژینەکانەوە چووینە ناو سەوزاییەکە و لەسەری ڕاکشاین.

سەرمان قورسی دەکرد و برسیمان بوو. نیوەخەو بووین کە کابرایەک لە دوورەوە جنێوی دەدا کە بۆ چوونە نێو مەیدانەکەوە!؟ سەرم هەڵبڕی و کابرام بینی کە بەرەو ئێمەوە دەهات.

لە ترس و هەراسی ئەوە کە لێمان بدات، لە مەیدان دوور کەوتینەوە و لەسەر جادەکانی نێو شاری قوم دەچووین. هەرهەموو شوێنی هات و چۆی خەڵک لە تەنیشت جادەکان گیرا بوو و خەڵکی ئەفغانی لە بن بەتانی و ئەلاگەوە خەوتبوون. سەیرم لێ دەهات کە چۆن ئەم هەموو ئەفغانیە لەسەر جادەکان و شوێنی هات و چۆکان دەخەون!.

ڕوومان لە چۆڵەوانیەک کرد کە هەندێک تاریک بوو، ئەوەندەم دەزانی کە شوێنێکە وەک پارک. چووینە ناوەوە و ئاگام لە خۆم نەما و لە هۆش چووم!.

کاتێک کە چاوم کردەوە، لە دواوەی پەیکانێک بووم کە کابرایەکی بێسیم بەدەست، لەگەڵ ئیبراهیم قسە دەکات. ئیبراهیم لە پێشەوەی پەیکانەکە دانیشتبوو و لەگەڵ

کابرا قسەی دەکرد و  پێدەکەنی. ترسام کە ئیتر ئێمەیان گرتووە و کابرا دەمانبات بۆ ئیدارەی پۆلیس و لەوێ لێکۆڵینەمان لەگەڵ دەکەن و دەمانێرنەوە بۆ کرماشان.

کابرا لە جادە لایدا و وتی: دەتانبەم بۆ دوکانەکەی خۆم، لەوێ بۆ خۆتان بخەون و ئیسراحەت بکەن تا ڕۆژ ئەبێتەوە، ئەزانم لە زۆر هیلاکن!.

کابرا بەردەوام بوو: دوکانەکەم داوە بە کوڕێکی ئەفغانی کە بەڕێوەی ببات، لەوێ دەخەوێت، ئەمشەو لەوێ نیە و ئێوە دەتوانن کە تا بەیانی لەوێ بخەون.

کە ئەو قسانەم لەو کابرا بیست، دڵم کەوتە خۆشی کە ئیتر دەتوانین ئەم شەوە تا بەیان بە ئاسوودەیی بخەوین و هیلاکەتی دەربکەین.

کابرا لە پێش دوکانێک، ماشینەکەی ڕاگرت. ماشینەکە هی ئیدارەی پۆلیس بوو. کابرا دەرگەی دوکانی کردەوە و خۆیشی لەگەڵ ئێمە هاتە ژوورەوە و دەرگەکەی داخست. چەند سەرین و بەتانی هێنا و ئیبراهیم پاڵی بە دیوارەکەدا و منیش لە تەنیشتی ئیبراهیم پاڵم دایەوە. ئیتر نەمزانی کە کابرا خۆی دەخەوێت یان دەچێتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی. ئەوەندە هیلاک و ماندوو بووین کە پرسیاری هیچمان لێ نەکرد.

هەستم بەوە دەکرد کە پاش ئەم چەند ڕۆژە شوێنێک هەیە کە بە ئارامی پاڵ بدەینەوە و خەوێک بکەین. لەو هەستانە بووم کە چاوم نەرم و گێژ ببوو. خەو منی برد و لە ناکاوە هەستم بەوە کرد دەستی من لە دەستی کابرایە. دڵم دەستی کرد بە لێدان. چاوم نەکردەوە، بێ جووڵە و لە ترسدا دەمەویست بزانم کە دەستی من بۆ لە دەستی ئەو کابرایە!؟  دەستی منی گرتبوو و دەیەویست کە بیهێنێت بە ناوگەڵی خۆیدا!. ئیتر هەستم کرد لە کێشەیەکی زۆر گەورەداین. دەستم توند ڕاشەکاند و لە شوێنی خۆم هەڵسام و چووم بۆ گۆشەی دوکانەکە. دوکانەکە دەرگەکەی داخرابوو. ئیبراهیمیش لەخەودا بوو. نەمدەوێرا کە هاوار بکە، لەبەر ئەوەی کە شەرمم دەکرد ئیبراهیم بزانێت ئەم کابرا چ تەمایەکی کردووە لە ئێمە. دوکانەکە تاریک و پڕ لە کتێب و نەواری فیدئۆ بوو، منیش خۆم بە نەواری ڤیدئۆکانەوە خەریک کردبوو. کابراش لە جێگەی خۆی نەجووڵا، نەیدەویست کە بکەوێتە هات و هاوارەوە. بە نەرمی بە منی دەوت کە وەرە بخەوە، هیچ نیە!!.

ترس منی گرتبوو. خوا خوام دەکرد کە هەرچی زووترە بەیانی بێت. ڕێگەی دەرچوونیش نەبوو، کلیلەکان لە لای خۆی بوو. ئیبراهیم بە دەمی قسەی ئێمەوە هەڵساو و نەیزانی کە چی بووە. منیش هیچم نەوت و کابراش بێدەنگ مایەوە.

وردە وردە ڕۆشنایی و دەنگی چۆلەکەکان دڵی منی لەوە گەرم کرد کە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە بڕۆینە دەرەوە و بەرەبەیان هاتووە. خوا لەوە ڕەحمی بە ئێمە کرد کە کابرا هیچی بە ئێمە نەوت و نەکرد، ئەگەرنە زۆر بە ئاسانی دەیتوانی ئەوەی کە بیەوێت بەسەری من و ئیبراهیم بهێنێت.

کابرای پۆلیس لە جێگە هەڵسا و بەتانیەکانی خڕ کردەوە و منیش لە پشتی دەرگە ڕاوەستابووم کە دەرگەکە بکاتەوە. ئیبراهیم دەمی لەگەڵ کابرا بە قسە گەرم بوو و ئاگای لەوە نەبوو کە شەو چ قەوماوە. کابراش وای دەنواند کە هیچ نەبووە و بە ڕوویەکی خەندانەوە دەرگەی کردەوە و وتی: ڕۆژ بووەتەوە و ئێوە دەتوانن کە بڕۆن، من پێتان دەڵێم کە برۆن و لە حەرەمی حەزرەتی مەعسومە دۆعایەک بکەن بۆ ئەوەی کە تووشی ناخۆشی نەبن!.

دەرگەی دوکانەکەی داخست و خۆی وەک کەسێکی خێرخواز دەرخست: من داوا لە ئێوە دەکەم کە بگەڕێنەوە بۆ ماڵی باوکتان و واز بهێنن لەو ڕیسک و خەتەرە کە دەیکەن.

سەیارەکەی پێ کرد و لە قسەکانی بەردەوام بوو: ئێستە دەتانگەیەنم بە مەرقەدی حەزرەتی مەعسومە و لەوێ دۆعا بۆ خۆتان بکەن!.

کابرای قومی کە پۆلیسی منداڵباز بوو، ئێمەی گەیاندە حەرەم و بەجێمانیهێشت. لە پەیکانەکەی دابەزین و چووینە ناوەوەی حەرەمەوەوە. خەڵکێکی زۆر لەوێ بوون. تینوومان بوو و بۆ ئاو دەگەڕاین کە تینوویەتیمان دەرکەین. چەند تانکر ئاو لەناو حەوشی حەرەم بوو. دەمم نیاوە قەی شێری ئاوەکەوە، ئاوێکی سۆڵ و سوێر بوو، تفاندم و لە حەرەم چووینە دەرەوە.

ئیبراهیم لەسەر کورسیەک دانیشت و وتی: برسیمە و هیچیش پارەمان پێ نیە، چی بکەین!؟.

: نازانم ئیبراهیم.... دەبێت کە دوکانێکی نانەوایی بدۆزینەوە و داوای نانیان لێ بکەین.... هیچ ڕێگەیەکی ترمان نەماوە!.

لە شوێنی خۆمان هەڵساین و بۆ دوکانی نانەوایی دەگەڕاین. بۆنێکی زۆر خۆش هات بە لوتماندا، سەیری دەوروبەری خۆمان دەکرد بۆ ئەوەی کە بزانین ئەو بۆنە لە کوێوە دێت. دوکانێکی نانەوایی کە نان و شیرینی دروست دەکرد، لێمان نزیک بوو. دوو دەرگەی هەبوو، یەکێکیان بۆ موشتەریەکان و ئەوەی تری تایبەتی بۆ هات و چۆی خۆیان بوو. ئەو دەرگەمان کردەوە کە تایبەتی بۆ خۆیان بوو، کابرایەک هات و وتی: چیتان دەوێت کە لەم دەرگەوە هاتوونە ناوەوە!؟.

بە دەنگی نزم و نەرم بە کابرام وت: ئاغا بە خوا زۆرمان برسیە، پارەمان پێ نیە، تکات لێ دەکەین کە تۆزێک نانمان پێ بدەیت کە بیخۆین و نەمرین!.

کابرا زۆر بەزەیی بە ئێمەدا هات: خەڵکی کوێن ئێوە!؟.

ئیبراهیم: خەڵکی کرماشانین.

کابرا سەیری دواوەی خۆی کرد و بانگی یەکێک لە دۆستانی خۆی کرد کە لە نانەواییەکە کاری دەکرد. کابرایەکی بەتەمەنی کورتەباڵا هات و لەگەڵ دۆستەکەی خۆی: ها بۆ بانگم دەکەیت... کارت چیە!؟.

دۆستەکەی: ئەم دوو منداڵە خەڵکی کرماشانن، هاوشاری خۆتن... برسیانە... داوای یارمەتی دەکەن!.

کابرا بە بەزەییەوە: کاکە ئێوە خەڵکی کوێن؟.

منیش وتم: خەڵکی سەرپێڵی زەهاوین.

کابرا: منیش خەڵکی ڕوانسەرم....(گتێکی کرد) چیتان دەوێت؟ بۆ لێرەن!؟.

ئیبراهیم بە هەستی بە شەرمەوە: پارەمان لێ بڕاوە و برسیمانە!.

کابرا: من دەتوانم کە ئەلاگەیەک خواردنتان پێ بدەم، لەوە زیاتر کۆمەکم پێ ناکرێت، داواتان لێ دەکەم کە هەر ئەمڕۆژ بڕۆن بۆ کومیتە ئیمدادی ئیمام

خومەینی بۆ ئەوەی کە یارمەتیتان بدات، زۆر لە ئێرەوە دوور نیە، بە ئوتوبوسی خەتی واحد[17] دەگەن.

کابرا ئەلاگەیەک نانی بە ئێمەدا و هاتە دەرەوە لەگەڵ ئێمەدا، دەستی بۆ ویستگەی ئوتوبوسەکان ڕاکێشا: لەوێوە سوار بن و بە ڕانەندەکەی بڵێن کە لە کومیتە ئیمداد داتانبەزێنێت.

دەستخۆشیمان لە کابرای ڕوانسەری کرد و چووین بۆ ویستگەی خەتی واحدی ئوتوبوسەکان و لەوێ ڕاوەستاین کە خەتی واحد سوارمان بکات. ئوتوبوسێک هات و بە بێ ئەوەی کە بلیتمان هەبێت سوار بووین و بە کابرای ڕانەندەمان وت کە دەمانەوێت بڕۆین بۆ کومیتە ئیمداد و لەو ویستگە کە لە کومیتە ئیمداد نزیکە، ئوتوبوسەکەمان بۆ ڕاگرێت. کابرای ڕانەندەش بەو قسە دەیزانی لە هیچمان پارەمان پێ نیە، هیچی نەوت و خۆی لێ گێل کرد.

ئێمە نەماندەزانی کە کومیتە ئیمداد لە کوێوەیە، هەر بۆیە زۆر وە بیری کابرامان دەهێنایەوە کە ئاگای لە ئێمە بێت. کابراش لەبەر ئەوەی کە ئێمەی پێ داماو بوو، هەر دەیەوت کە خەمتان نەبێت لە کاتی خۆی پێتان دەڵێم کە دابەزن.

لە ویستگەیەک کابرای ڕانەندە داوای لە ئێمە کرد دابەزین، بە پەلە چووینە خوارەوە و ڕانەندەکە لە ترافیک لایت لە پشت چرای سوور ڕاوەستابوو و سەیری ئێمەی دەکرد. دەەستی هێنایەوە دەرەوە و وتی: لەو کۆڵانە برۆنە ناوەوە، کومیتە ئیمداد لەوێیە.

بە قسەی کابرامان کرد و لەو کۆڵانە کە ئەو وتی چووینە ناوەوە و دەرگەی کومیتە ئیمدادمان بینی و لە دەرگەکەی چووینە ناوەوە. کوڕێک لە پرسگە دانیشتبوو. سڵاومان لێ کرد و ڕاوەستاین. کوڕەکە وتی: کارتان چیە لێرە؟.

بە ناڕەحەتی وتم: ڕاستیەکەی پارەمان پێ نەماوە و نازانین کە چی بکەین؟ هاتووین بۆ ئێرە کە یارمەتیمان بدەن.

[17] _ ئوتوبوسی خەتی واحد ئەو باسانەیە کە لە نێو شار هات و چۆ بە خەڵک دەکەن.

کوڕەکە یەکسەر وتی: ئێوە دەبێت کە بڕۆن بۆ سازمانی تەسهیلاتی زائیرەکانی قوم، ئەوان دەتوانن کە یارمەتی ئێوە بدەن، ئێمە ناتوانین کە یارمەتی حاڵەتی وەک ئێوە بدەین.

ئیبراهیم: ئەی چۆن بیدۆزینەوە.... چەندە لێرەوە دوورە؟.

کوڕەکە: لێرە کە چوونە دەرەوە بچنە سەرجادەی سەرەکی و بگەڕێنەوە بۆ ناوەندی شار و لەوێ کە پرسیار لە خەڵک بکەن پێتان دەڵێن کە لە کوێوەیە.

من و ئیبراهیم بە ناڕەحەتیەوە هاتینە دەرەوە و گەڕاینەوە بۆ ناوەندی شاری قوم و بە دوای ئەوە دەگەڕاین کە سازمانی تەسهیلاتی زائیرەکان بدۆزینەوە. ڕێگەیەکی دوور بوو و هیلاکەتی ئێمەی گرتبوو، بە تایبەت کە بێ خەوی گێژمانی کردبوو. تاو تاو لە سەر کورسیەکان دادەنیشتین و سەیری شاری قوممان دەکرد و هەرکات کە تاقەتی ڕێ کردنمان بایەت، ڕێمان دەکرد. ئەوەندە هیلاک و ماندوو و بێ چارەسەر بووین کە من و ئیبراهیم قسەیەکی واشمان لە نێوان نەمابوو کە بیکەین. بەس لە بێدەنگی و بێخەوی و ماندوویەتی ملمان دەنیا و دەچووین.

بە پرس و ڕا کردن بە خەڵک، سازمانی تەسهیلاتی زائیرەکانمان دۆزیەوە. چەند ژووری ئاسنین بوو کە لە ناوەندی پارکێک بوو. دڵمان خۆش بوو کە پارەیەک و یارمەتیەکمان پێ دەبەخشن. چووینە ژوورەوە و ڕاوەستاین، کابرایەک لە تەمەنی پەنجا و پەنجاو پەنجساڵیدا سەیری ئێمەی کرد و وتی: ئێوە بۆ هاتوون بۆ ئێرە و چیتان دەوێت!؟.

جۆریک بە توندی و ناخۆشی دەمی کردەوە کە ئێمە زۆرمان پی ناخۆش بوو. منیش بە نەرمی و خۆ فەقیر کردنەوە وتم: ئاغا ئێمە هیچ پارەمان پێ نەماوە و ...

کابرا نەیهێشت کە قسەکانم تەواو بکەم: خەڵکێ کوێن!؟.

منیش وتم: خەڵکی کرماشانین.

کابرا: دەتوانم کە بلیتتان پێ بدەم کە بگەڕێنەوە بۆ شاری کرماشان.

کە باسی کرماشانی کرد، دڵمان تاوی گرت و ڕەتمان کردەوە: نا نا... ئێمە دەمانەوێت کە پارەمان پێ بدەیت خۆمان دەڕۆینەوە.

کابرا لەو قسە تووڕە بوو و وتی: ئێوە لە ماڵی باوکتان هەڵاتوون و فەرارین، ئێستە دەبێت کە لەگەڵ ماڵەوەتان قسە بکەم بۆ ئەوەی کە بزانم هەڵاتوون یان نە!؟.

کابرا تووڕە بوو و ئیبراهیمیش چووە پێشەوە و بە تووڕەیی وتی: ئێمە ئەوە نین کە تۆ باسی دەکەیت، دەتوانی کە پەیوەندەی بە ماڵەوەمان بکەیت، ئەوە ژمارەی ماڵەوەی ئێمەیە... دەی بیگرە...٨٣٤٣٣٣٧...

ئیبراهیم بێ دەنگ بوو و کابرا تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و چەند ژمارەی لێدا و ڕاوەستا. ترسام لەوە کە ژمارەکە بگرێت، لەبەر ئەوەی کە ئیبراهیم ژمارەکەی ماڵی خۆیانی بە دروستی بە ئەو کابرا دابوو. هەستم بەوە کرد کە بۆ ئیبراهیم ئاوەها تووڕە بووە. من و ئیبراهیم ڕقمان لەوە دەهات کە بە ئێمە بڵێن کەسانێکن کە فەرارین یان لەبەر هۆی بی خاوەنی و هەتیوی و هۆیەکی ئاکاری و هەژاەی ماڵەوەیان بەجێهێشتووە. ئێمە بەو قسانە تووڕە دەبووین، لەبەر ئەوەی کە من و ئیبراهیم بۆ ناسین و ڕۆشنایی و لەبەر ناوی ناودارەکان ئاوەها ئاوارەی شارەکان بووین.

کابرا وازی لەوە هێنا کە ژمارە بگرێت. تەلەفۆنەکەی دانیا و وتی: یەڵا دەی بڕۆنە دەرەوە، هیچ هاوکاری ئێوە ناکەم، جگە لەوە کە بلیتی کرماشانتان پێ بدەم، بۆ دەرەوە.. دەی!.

کابرا دەنگی بەرز کرد و من و ئیبراهیمیش بە نائومێدی هاتینە دەرەوە. لە سەر کورسیەکانی نێو پارکەکە دانیشتین و وتم بە ئیبراهیم: ئەزانی ئەگەر ژمارەکەی بگرتبایەت، لە ماڵەوە شوێن و ڕێ ئێمەیان دەدۆزیەوە و دەهاتن و دەمانیانبردەوە بۆ کرماشان!؟.

ئیبراهیم: ئەی نەتبینی کە ئەو کابرا چۆن قسەی خراپی بە ئێمە دەوت!؟ ئێمە بۆ چی ئاوارە بووین و شار و خاکمان بەجێهێشت، بۆ ئەوەی کە ئاوەها کەسێک سووکمان بکات!؟.

: ئەی ئێستە چی بکەین... هیچ ڕێ و چارەیەکمان بۆ نەماوە!؟.

ئیبراهیم بە وەرەسی و خەمێکی زۆرەوە: نازانم دەبێت کە ڕێگەیەک بدۆزینەوە.

هەندیک لە نانەکەمان خوارد و چووین لە ئاوی شێری پارکەکە ئاومان خوارد و لەسەر کورسیەکان دانیشتینەوە و بیرمان لەوە دەکرد کە چارەسەرێک بدۆزینەوە.

ئیبراهیم: ئەزانی چی، دەبێت کارێک بدۆزینەوە و پارەیەک دەربهێنین، ئەگەر نە هیچ چارەسەرێکمان بۆ نیە.

: لە کوێ کار بدۆزینەوە!؟

ئیبراهیم: دەچین و دەگەڕێین!.

لە شوێنی خۆمان هەڵسایین و خۆشمان نەماندەزانی کە بۆ کوێ ئەچین. جادەکان و کۆڵانەکانمان دەگەڕاند و پرسیاری کارمان لە خەڵک دەکرد. هیچ سوودی نەبوو. ڕێمان کەوتە سەر جادەی ئاسنی قیتار و لەسەر جادەی قیتارەکە دەچووینە خوارەوە. یەکەمجارم بوو کە لەسەر ڕێلی قیتار ڕێ بکەم. گەیشتین بە چۆڵەوانیەک و باخێکمان بینی. چووینە نێو دارەکان و پاڵمان دا بە دارێکی سێوە و دەمانەویست کە تۆزێک بخەوین. لە نێو گژ و گیاکان بۆ ماوەی نیوکاتژمێر ڕاکشایین و چاوەکانمان بەستبوو. من خەوم لێ نەدەکەوت، بیرم لەوە دەکردەوە کە دەبێت چی بکەین و چارەسەر چی ئەبێت. سەرم بەرز کرد و بە ئیبراهیمم وت: ئێرە بۆ شوێنی خەو باشە، ئەگەر لە شاری قوم ماینەوە، شەوان دێین و لەم باخە دەخەوین.

ئیبراهیم سەری بەرز کرد: ئێرە زۆر جێگەی ترسە... سقەی پێ ناکرێت... ئەگەر ئێمەیان لێرە کوشت، ئەو کاتە چی!؟.

سەرم سووڕاند و مەیدانێکی گەورەم بینی کە پڕی دەوری لە دوکان و لۆری و خەڵکە: ئیبراهیم سەیری ئەو مەیدانە بکە، لۆری و دوکانی ڕستورانە، ناشێت لەوێ کار نەبێت!؟.

لە شوێنی خۆمان هەڵسایین و باخەکەمان بەجێهێشت و چووین بەرەو مەیدانەکەوە. دڵمان بەوە خۆش بوو کە لە ڕستورانەکان کارێک بدۆزینەوە یان لۆریەک هاوکاریمان بکات و بمانگەیەنێتە شارێک.

گەیشتینە ڕستورانەکانی دەوری مەیدانەکە و چووینە بن کەپری ڕستورانێک و لەوێ لەسەر سەکۆیەک کە لە سیمان دروست کرابوو، دانیشتین و قسەمان لەسەر ئەوە دەکرد کە چۆن بچینە ناوەوەی ڕستورانەکە و داوای کار لە خاوەن

ڕستورانەکە بکەین. نیو کاتژمێر دانیشتین و لە خۆمانەوە سەرەگڕەمان دەکرد. لە ناکاوە کابرایەکی درێژ، بە جلی چێشتخانەوە هاتە دەرەوە و لە ئێمە نزیک بووەوە: ئێوە لێرە چیتان دەوێت؟.

کەوتینە منە من کردن: هاتووین کە بزانین پێویستتان بە کرێکار هەیە یان نە!؟.

کابرای چێشتخانە: خەڵکی کوێن؟.

ئیبراهیم: خەڵکی کرماشانین.

کابرا وتی: وەرنە نێو چێشتخانەکە.

بە دوای کابرا چووینە نێو چێشتخانەکە و ئەویش ناپیاوی نەکرد و دەستی برد و دوو قاپی بە دەستەوە گرت: نانتان خواردووە؟( دەیەویست کە برنج بکاتە نێو قاپەکانەوە).

سەیری دەستی کابرامان کرد کە دەیەویست بە دەست و قامکی خۆی برنج بکاتە نێو قاپەکانەوە. قیزمان کرد: نە ئاغا دەستت خۆش بێت، ئێمە برسیمان نیە، هاتووین بۆ کار، ئەگەر کار هەیە، دەیکەین؟.

کابرا قاپەکانی دانیا و وتی: تا کاتژمێر چواری ئێوارە سەبر بکەن، بزانم چۆن دەبێت.

ئێمەش دڵمان خۆش بوو. لە ڕستورانەکە چووینە دەرەوە و لەسەر سەکۆکە دانیشتین. دڵمان خۆش بوو کە کابرا دێت و دەڵێت وەرن کار بکەن!.

بە خۆشیەوە بە ئیبراهیمم وت: ئەگەر ئەم کابرا کاری هەبێت و ڕۆژی چوارهەزار تومەنمان پێبدات، ئەوە مانگی سەد هەزار تومەن زیاتر دەردەهێنن!.

ئیبراهیم لە شوێنی خۆی هەڵسا و سەیری پشتەوەی ڕستورانەکەی کرد و بە خۆشیەوە هاتەوە: پێم وایە کە ئەم ڕستورانە شوێنی هەیە کە شەوان تێدا بخەوین!.

منیش چووم و سەیری ژوورەکانی پشتەوەی ڕستورانەکەم کرد و دڵم زۆر خۆش بوو کە لەو ڕستورانە بتوانین پارەیەک بە دەست بهێنین و شەوانیش لەوێ بخوین. لەو

قسە و باسانە بووین کە کوڕێکی مۆتورسوار خۆی کردە بن کەپرەکە و دابەزی و وتی: چۆنن؟ باشن؟ لێرە چی دەکەن!؟.

ئیبراهیم: هاتووین کە بزانین لەم ڕستورانە کار هەیە کە بیکەین یان نە؟ وەتەک خاوەنەکەی قسەمان کردووە، وتی دانیشن تا کاتژمێر چواری ئێوارە.

کوڕەکە سەرێکی بادا و چووە نێو ڕستورانەکە: ئەوە کێشاویەتی!.

کوڕەکە چووە ناو ڕستورانەکە و هاتە دەرەوە و لەسەر سەکۆکە دانیشت: ئێوە چیتان بەسەر هاتووە؟.

ئیبراهیم تەواوی چیرۆکەکەی بۆ کوڕەکە باس کرد.

کوڕەکە کەوتە بیر کردنەوە و پاش ئەوەی دوو سێ جار دەستی بە توێڵیدا[18] هێنا، وتی: ئەزانن چیە... ئەم مەیدانە پڕە کە پۆلیس مەخفی و پیاوی حکومەت، ئێرە شوێنی خەلافی زۆرێک لە خەلافکارەکانە... من برایەکم هەیە کە لە ناوشاری قوم دوکانێکی کەوش فرۆشی هەیە، ئەگەر پێتان خۆشە وەرن با بڕۆین بۆ لای براکەم، بەشکە کاری هەبوو بۆ ئێوە؟.

کوڕەکە لەسەر سەکۆکە هەڵساو مۆتورەکەی پێ کرد و چاوەڕوانی ئێمە بوو کە سوار بین.

ئیبراهیم سەیری منی کرد و وتی: با بچین، بەشکە ئەمە ڕاست بکات و کارێکمان بە دەست بکەوێت.

سواری مۆتور بووین و کوڕەکە بەڕێکەوت. ئەوەندە نەچووبووین کە لە ڕێگەدا بۆنی سووتاو دەهات. پێم گەرم بوو و نەمدەتوانی لە سەیری پێم بکەم. دووکەڵ لە بن پێم هەڵسا.

: سووتام.... کاکە.... سووتام.... ڕاوەستە.. تو خوا ڕاوەستە!.

کوڕەکە مۆتورەکەی یەواش کرد و ڕایگرت. بە پەلە دابەزیم و کەوشەکەم داکەند و سەیریم کرد. لایەکی کەوشەکەم گەرمای ئگزوزی مۆتورەکە تاواندبوویەوە.

---

[18] _ توێڵ، نێوچاوان.

ناڕەحەت بووم، پووم لێ ئەکرد. ئەو کاتە کەوتمە بیری کابرایەکی شێت لە شاری سەرپێڵ کە بە کەوشی دڕاوو و سووتاوەوە لە ناوشار دەگەڕا و خەڵک گاڵتەی پێ دەکرد. وا بیرم دەکرد کە منیش وردە وردە دەبمە کەسێکی وەک ئەو شێتە و خەڵک گاڵتەم پێ دەکات!.

فرمێسک کەوتە ناوچاوانم.

کوڕەکە: کە سواری بوویت، پێت لەسەر ئگزوزەکە دامەنێ... باشە؟.

سەرم تەکاندا بە مانای ئەوە کە باشە. سوار بووین و هەردوو پێم هەڵبڕاوە ڕاگرت.

لە لای ئەو باخانە کە پێشتر ئێمە تێدا دانیشتبووین، ڕاوەستا و چووە خوارەوە و وتی: لێرە بن و بۆ هیچ شوێنێک نەڕۆن، دێمەوە.

کوڕەکە چوو و من و ئیبراهیم لەلای مۆتورەکە ماینەوە. کوڕەکە چووە نێو باخەکە و لەگەڵ چەند پیاوی تر هاتە دەرەوە و لەسەر ڕێلی قیتارەکە ڕاوەستان و قسەیان دەکرد. پێمانوابوو کە باسی ئێمە دەکەن. نەماندەزانی کە چی بکەین و بۆ کوێ بڕۆین. کەوشەکەم خوار ببوو، لەگەڵ ئەوەشدا کون و دڕاوەی گەورەی تێدا نەبوو. نیو کاتژمێری پێ چوو و کوڕەکە هاتەوە، هەر لە دوورەوە دەستی بە قسە کرد: ئێوە ئەوە باشە کە بڕۆنەوە بۆ سازمانی تەسهیلاتی زائیرەکانی قوم و بلیتەکەی کرماشان کە بە ئێوەی دابوو، لێ وەرگرن و بیبەن لە ترمیناڵی شاری قوم بیفرۆشن بە کەسێک کە بۆ شاری کرماشان دەچێت، ئەمە باشترین ڕێگەی چارەسەر بۆ ئێوە.

کوڕەکە سواری مۆتورەکی بوو و دەستی بەرز کرد و وتی: من دەبێت بڕۆم، کارم هەیە، خواحافیزتان بێت!.

کوڕەکە ئێمەی بەجێهێشت و ڕۆیشت.

من و ئیبراهیم بە خەم و ناڕەحەتیەوە ماینەوە و وردە وردە شەومان لێ دەهات. وتم بە ئیبراهیم: باش وایە بگەڕێنەوە بۆ سازمانی تەسهیلات و داوای ئەو بلیتەی لێ بکەین، گەر پێمانیدا ئەوکات دەیبەین و لە ترمیناڵی شاری قوم دەیفرۆشین بە کەسانێک کە بۆ کرماشان دەڕۆن، ئاوەها دەتوانین پارەیەک بە دەست بهێنین.

ئیبراهیمیش هیچی نەوت و پێکەوە بەڕێکەوتین بۆ ئەوەی کە بچینەوە بۆ لای ئەو کابرا کە لێمان تووڕە بوو. زۆری نەبرد و گەیشتین بە سازمانی تەسهیلاتی قوم و چووینە ژوورەوە. چووینە لای کابرا و داوامان لێ کرد کە بلیتی شاری کرماشانمان پێ بدات. کابرا دیسان تووڕە بوو و لە شوێنی خۆی هەڵسا و بە ناوچاوێکی گرژ و تاڵەوە: بڕۆنەوە دەرەوە، دەی، بلیتی کرماشان بە ئێوە نادەم، دەی، خواحافیزتان بێت، بۆ دەرەوە، یەڵا ون بن، تا بانگی پۆلیسم نەکردووە!.

نائومێد بووین و چووین لەسەر کورسیەک دانیشتین و بیرمان لەوە دەکرد کە چی بکەین. ئیبراهیم ڕەنگ لە ڕوومەتی نەمابوو. ناوچاوانی وشک و هیلاک بوو. قسەشی بۆ نەدەهات. هەڵسا و چوو لە شێری ئاوەی پارکەکە ئاوی خوارد و دەم و چاوی شۆرد و گەڕایەوە و دەستی بە قسە کرد: ئەزانی چیە، ئەچین بۆ ئەو مەیدانە کە تێدا بووین، لەوێ داوا لە لۆریەک دەکەین کە بمانبات بۆ شارێکی تر، ئاوەها باشتر نیە!؟(بزگەیەک گرتی وەک ئەوە کە ڕێگەیەکی باشی دۆزیبێتەوە).

: بە عەقڵی تۆ ئەو مەیدانە لۆریەکانی بۆ کوێ ئەچێت!؟.

ئیبراهیم: نازانم، بۆ هەرکوێ بوو ئەچین، بۆ تاران، مەشهەد، بەندەرعەباس، هەرکوێ بوو، ئەچین!.

من و ئیبراهیم دیسان ڕێگەی مەیدانەکەمان گرتەبەر و گەڕاینەوە. هەوا ساردی دەکرد و دەبوو کە بۆ شەو شوێن و ڕێگەیەک بدۆزینەوە کە ئارام بگرین و تۆزێک بخەوین. گەیشتین بە مەیدانەکە و لە لۆریەکان نزیک بووینەوە و لە ڕانەندەکان پرسیارمان دەکرد. بە بیری قسەکەی ئەو کوڕە کەوتم کە وتی ئەم مەیدانە شوێنی خەڵافکارەکانە. دەترساین کە تووشی کابرایەک بین کە کێشەمان بۆ دروست بکات.

کابرایەک خەریک بە لاستیکی لۆریەکەی بوو، لێ نزیک بووینەوە: ئاغا جەنابت بۆ کوێ ئەچیت؟.

کابرا عارەقی کردبوو و تاقەتی قسەی نەبوو: من بۆ هیچ کوێ ناچم!.

ترساین و لە کابرا دوور کەوتینەوە و چەند لۆری ئەوبەرتر کابرایەکی تر خەریک بە دەرگای دواوەی لۆریەکەی بوو. ئیبراهیم بە ترسێکەوە لێ نزیک بووەوە و وتی: ئاغا جەنابت بۆ کوێ ئەچیت؟.

کابرا سەیری لێ هات و خۆی نزیک کردەوە: بۆ چی؟.

ئیبراهیم: ئاخر...

کابرا قسەی بە ئیبراهیم بڕی: دەتانەوێت کە بۆ کوێ بڕۆن؟.

ئیبراهیم: ڕاستی پارەمان پێ نەماوە و دەمانەوێت کە کەسێک یارمەتیمان بدات.

کابرا چوو بەرەو دەرگەی لۆریەکەی و لە کاتێک کە پشتی لە ئێمە بوو، وتی: من ناتوانم کە هیچ یارمەتی ئێوە بدەم... خواتان لەگەڵ!.

نائومێدی من و ئیبراهیمی گرت و بە ناڕەحەتیەوە چووین لە بن دارێک دانیشتین و بێدەنگ ماینەوە. سەرما و کزە بایەک لە ڕوومەتمانی دەدا و هەستمان بە ناخۆشی دەکرد. نانەکانمان تەواو ببوو و برسیشمان بوو. ئیبراهیم بە ناڕەحەتیەوە وتی: بە خوا کەس یارمەتیمان نادات... لە سەرما و برسیدا دەمرین!.

سەیری کابرایەم کرد کە لە لۆریەک دابەزی و خەریک بوو کە کتری چاییەکەی لە سەر ئاگر دەنیا، وتم بە ئیبراهیم: سەیری ئەو کابرا بکە ئیبراهیم، بۆ نەچین و پرسیار لەو کابرا نەکەین؟ بەشکە لەگەڵ خۆی سوارمان بکات.

لە بن دارەکە هەڵساین و بە ئەسپایی و لە پشتەوە لە کابرا نزیک بووینەوە. کابرایەکی قەڵەوی سمێڵی بوو. ئیبراهیم چوو پێشەوە: ئاغا ئێوە بۆ کوێ ئەچن؟.

کابرا سەری لەسەر ئاگرەکە بەرز کرد و بە چاوێکی تیژبوو سەیری ئێمەی کرد: بۆچی!؟.

ئیبراهیم بە ئاە و ناڵەوە: وەڵا پارەمان پێ نیە و دەمانەوێت کە کەسێک یارمەتیمان بدات.

کابرا وتی: من بۆ ئەسفەهان دەچم... دەتانەوێت کە بێن بۆ ئەسفەهان!؟.

منیش بە پەلە وتم: بەڵێ ئاغا دێن... بۆ ئەسفەهان دێن!.

کابراش وتی: باشە سواری لۆری بن... ئاوی چاییەکە کە کوڵا، ئەو کاتە دەڕۆین.

من و ئیبراهیم لە خۆشیدا هەڵدەپەڕین. بە خۆشیەوە سواری لۆری بووین و دانیشتین تا کابرا هاتەوە سەرەوە. لۆری کەوتە سەرجادە و کابرای ڕانەندە دەستی بە قسە و پرسیار کرد و سەری ئێمە و خۆی گەرم کردبوو.

کابرا وتی: ئێوە بۆ ئەسفەهان دەچن یان لەبەر ئەوەی کە من بۆ ئەسفەهان دەچم، ئێوەش بۆ ئەسفەهان دەچن!؟.

کابرا نەیهێشت کە قسە بکەین، پرسیارێکی تری کرد: ماڵەوەتان لە کوێیە و دەتانەوێت کە بۆ کوێ بڕۆن!؟.

ئیبراهیم لەو پرسیارە بزگەیەک گرتی و وتی: هاتین کە دونیا و مرۆڤ بناسین!.

کابرای ڕانەندە بە پێکەنین وتی: هاتوون کە لە قوم دونیا و مرۆڤ بناسن!؟(کابرا پێکەنی و کڵۆی قەندی بۆ دەمی فڕێدا).

من و ئیبراهیم هیچ قسەیەکمان پێ نەبوو کە لەگەڵ کابرا باسی بکەین. کابراش گۆی لە گۆرانیەک دەگرت کە لە ڕادیۆ بڵاو دەکرایەوە. زۆر نەچووبووین کە کابرا لە لێوارەی جادەیەک ڕایگرت و وتی: ئێوە نانتان خواردووە؟.

من و ئیبراهیمیش شەرممان دەکرد کە بڵێین برسیمانە. وەڵامێکی دروستمان بە کابرا نەدا و کابراش لە لۆری چووە خوارەوە. دەرگەی داخست و وتی: ئێستە خواردنێک دەهێنم کە پێکەوە بیخۆین، چاوەڕوان بن.

دڵمان کەوتە خۆشی کە نانێکی گەرم و خۆش و بەتام دەخۆین. چاوەڕوان بووین تا ئەوەی کە کابرا بە ئەلاگەیەکی خواردن هاتەوە. لە خوارەوە داوای لە ئێمە کرد کە لە لۆریەکە دابەزین و لە خوارەوە نانەکە بخۆین. من و ئیبراهیمیش لە لۆری دابەزین و لەگەڵ کابرا دەستمان بە خواردن کرد. خواردنێکی زۆر خۆش و بەتام بوو. تێرمان خوارد. کابرا سەیری لێ دەهات کە من و ئیبراهیم ئاوەها بە پەلە دەست بۆ نان و چێشتەکە دەبەین.

پاش ئەوەی کە نانمان خوارد و بە سکێکی پڕەوە سواری لۆری بووینەوە. کابرا وتی: ئێوە پێتان خۆشە کە کار بکەن؟.

منیش وتم: چ کارێک!؟.

کابرا: هەریەک لە ئێوە ببێت بە شاگردی لۆریەک، هەم دەگەڕێن وە هەم پارەش بە دەست دەهێنن!.

دڵم کەوتە خۆشی کە ئەو قسەیە کرد.

کابرا بەردەوام بوو: برادەرێکم هەیە کە لۆری هەیە، یەکێک لە ئێوە لەگەڵ ئەو ئیش بکات و یەکێکتان لەگەڵ من کار بکات.

لەو قسەیە ترسام، وتم: نابێت کە هەردووکمان بۆ تۆ کار بکەین، پارەی یەک نەفەرمان پێ بدە!؟.

کابرا وتی: نە نابێت، ئەگەر دەتانەوێت کە کار بکەن، دەبێت کە یەک کەستان لەگەڵ من بێت.

کاتێک کە وتی یەک کەستان، هەستم بە ترس کرد. لەبەر ئەوەی کە دەروونم دەیخوێندەوە کە تەمای خراپی هەیە. ئێمەش خۆمان لێ گێل کرد و وتمان دەستت خۆش بێت، کارمان ناوێت، هەر ئەوە کە بگەین بە ئەسفەهان بۆ ئێمە بەسە!.

کابرا هیچ قسە و پێداگری لەسەری نەکرد و ئیتر ئەو باسەی بڕیەوە. هەردوولامان بێ دەنگ بووین و کابراش بیر و خەیاڵی چووبوو بۆ لای ڕادیۆکەی. وردە وردە خەم و خەو سەروچاوی منی لە خۆی گرت و داییپۆشی.

## بەرەبەیانی ئەسفەهان

چاوم کردەوە و خۆم بینی کە لە باوەشی ئیبراهیم، لەسەر دوو کورسی بەردین باوەشمان بە یەکدا کردووە و لە سەرمادا دەلەرزین و گوڵمۆچە بووین. هەوا تەم و لێڵ بوو. چاوم بە باشی نەدەکرایەوە. نەمدەزانی کە ئەمە کوێیە!؟ سەیرم لێ هات و لەسەر کورسیەکە هەڵسام و چوومە سەرجادەکە و بە هەستێکی ڕماوەوە وتم: ئیبراهیم ئێمە دوێنەشەو لە سواری لۆری بووین؟ چۆن دابەزیووین!؟.

ئیبراهیم کە لە سەرما و ئازار وڕ و کاس بوو، نەیدەزانی کە چی بڵێت، لەسەر جادەکە، لە خانوویەکی گەورە نزیک بووەوە بۆ ئەوەی کە نووسینێک بخوێنێت کە بزانێت ئێمە لە کوێن.

ئیبراهیم وەک من سەیری لێ دەهات: چۆن لە سواری ئەو لۆریە دابەزین؟ ئەی ئەو کابرا چی بەسەرهات؟ کەی خەوتین!!؟.

لەسەر جادەیەکی خەڵوەت چووینە خوارەوە، بە جوانی و دارەکانی دووبەری جادەکە، هەستێکی خۆشمان هەبوو. وێنەیەکی رۆمانتیک و دڵڕفێن بوو. وردە وردە ڕۆشنایی تاریکی دەڕەتاند و ونی دەکرد. سەرمان سووڕمابوو کە دوێنەشەو چیمان بەسەرمان هات؟ ئەوە وای کردبوو کە ئێمە بێ دەنگ بین و سەرمان لە گیانی خۆمان مات بێت. هەستم دەکرد کە ڕێژەی ماندوویەتی و هیلاکەتی لە گیانمان ئەوەندەیە کە زوو زوو بێهۆش دەبین!.

لە جادەکە دەچووینە خوارەوە و کزە بایەکی سارد موچڕکەی بە لەشی ئێمەدا دەهێنا. پەیکان باریەک لە دوورەوە هات و ئێمەش سەرمان بۆی گەڕاندەوە. ڕانەندەکە چراکانی وەک هێما پێ کرد و کوژاندیەوە. کە گەیشتە تەنیشتی ئێمە پەیکانەکەی ڕاگرت و دەستی هەڵبڕی، بە مانای ئەوە کە سەرکەون. من و ئیبراهیمیش بە بێ ئەوەی کە پرسیار بکەین کە بۆ کوێ دەچێت، سەرکەوتین و هیچمان نەوت. کابرایەکی تر لە دواوە بوو کە لە کرێکار دەچوو. چارەکێک چوو و لە بەر ترمینالێک بە ناوی ترمینالی کاوە ڕایگرت و بە بێ ئەوەی کە خۆی دابەزێت: یەڵا دەی دابەزن.

من و ئیبراهیم هەر نەماندەزانی کە ئەو کابرا بۆ ئێمەی سوار کرد و بۆ ئێمەی هێنا بۆ ترمنیاڵ کاوە. دابەزین و چووینە ناوەوەی ترمینالی کاوە. هەوایەکی گەرم و خۆش دەهات. دەرگەکانی هەموو شووشە بوو، ناوەوەی ترمینالەکەی گەرم ڕاگرتبوو. ناوەوەی ترمینالەکە بە بەردی جوان ڕازاوە بوو، شوێنێک بوو بۆ خەو. چەند سەرباز لە گۆشەیەکەوە بەتانی سەربازیان لە سەروبنی خۆیان پان کردبوو و خەوتبوون. منیش چووم و لە تەنیشت سەربازەکان بە بێ ئەوەی کە شتێک لە ژێری خۆم دابخەم، ڕاکشام و ئەژنۆم لەسەر سینگم نیا و دەستم پێچایەوە و بە جوانی بە لاوەوە کروشکەم کرد، وەک نانی کوردی کە ژنی کورد قەدی دەکات!. گەرما و خاوێنی ترمینالەکە وای کرد کە خەوێکی خۆش من ببات. ئاگام لەوە بوو کە

ئیبراهیم زیپەکەی[19] خۆی دابەسەری مندا، بۆ ئەوەی کە باشتر گەرمم بێتەوە و بخەوم. ئیتر نەمزانی کە خۆی چوو بۆ کوێ.

ئەوەندەی نەخایاند کە من لە خەو هەڵسام و سەیرم کرد کە ئیبراهیم خەریکە نووسراوەکانی سەر تابلۆی ڕاگەیاندنی ترمیناڵ دەخوێنێتەوە. چووم بەرەو ئیبراهیمەوە: ئیبراهیم دەرەوە خۆرە، با بڕۆینە دەرەوە لە بەر خۆرەتاو دانیشین.

ئیبراهیم: خەوتی؟.

: نازانم، تۆزێک، تۆ بۆ نەخەوتی!؟.

ئیبراهیم لە دەرگە چووە دەرەوە و قسەیەکی نەکرد. چووینە بەر خۆرەتاو و لە تەنیشت دەکەیەکی تەلەفۆن دانیشتین و ڕوومان لە خۆر کرد. ئیبراهیم لە شوێنەکەی خۆی هەڵسا و بە بزگەیەکەوە وتی: بۆ تەلەفۆنێک نەکەین بۆ ئەو ماڵەی کە یاسین تێدا دەژی، بزانین کە لە ماڵەوە چ باس و خەبەرێکە!؟.

منیش لە شوێنی خۆم هەڵسام و جۆرێک پێم خۆش بوو کە بزانم لە ماڵەوە چیان بەسەر هاتووە. تۆزێک ترسام: ئەی ئەگەر پرسیاری کرد کە لە کوێین، چی بڵێین!؟.

ئیبراهیم: شوێنی خۆمان ناڵێین!.

ئیبراهیم دەیەویست کە جۆرێک تەلەفۆن بکات کە یاسین نەزانێت کە ئەو کەسە کە تەلەفۆنی کردووە ئیبراهیمە. بەس ئەوەی دەویست کە بزانێت کە چیان بەسەر هاتووە. ئەو خواستەی لەگەڵ بزگەیەک بوو کە ئاماژەی بەوە دەکرد کە ئەوەندە بۆی گرنگ نەبوو کە چ ڕەنج و دەردێک لە دواوەی ئێمە دەکێشن. بەس دەمانەویست کە بزانین بارودۆخی ئەوان چۆنە.

سی چل تومەنێک پێنج تومەنی ئاسنینم لە گیرفان هەبوو. دەبوو کە ئەو پەنج تومەنیە ئاسنینانە بۆ ئەو تەلەفۆنە بەکاربەرین. پێنج تومەنیەکەمان یەک بە یەک لە ماشینەکە خست و ماشینەکەش یەک بە یەک قوتی دەدا. ئیبراهیم بە خێرایی ژمارەکەی گرت و وتی: ئەلۆ.. ئەلۆ... شۆڕش... شۆڕش...

ئیبراهیم سەیری منی کرد: قەت بوو، پارەمان پێ نەماوە!؟.

---

[19] _ زیپ، قەمسەڵە.

: نە هیچ پارەمان پێ نەماوە.

زانیمان کە پارەکە چووە و ئیتر بۆمان ناکرێت کە پەیوەندەی بکەین. ئیبراهیم لە زەوی بن دیوارەکە دانیشت: تۆ بێژی کە لە ماڵەوە چیان بەسەر هاتبێت؟ ئێستە ئیتر خەم و ناڕەحەتی هەر هەموویانی گرتووە، باوکم ئێستە زۆر عەسەبیە.

وتم: ئیبراهیم، با لە ئەسفەهان بگەڕێن، بەشکە کارێکمان بە دەست کەوت، هەر لە دوکانەکانی ئێرە دەست بە پرسیار ئەکەین، قبووڵتە؟.

ئیبراهیم: ناچارین کە بگەڕێن، هیچ پارەمان بۆ نەماوە، خوا ڕەحممان پێبکات!.

لە ترمیناڵەکە چووینە دەرەوە و لە دوکانێکی دوچەرخە فرۆشی دەستمان بە پرسیار کردن لە کار کرد. چووینە ناوەوەی دوکانەکە و لە کابرایەک کە خەریکی چاککردنەوەی دوچەرخەیەک بوو پرسیارمان کرد. کابرا وتی کارمان نیە و شاگردمان ناوێت. لە دوکانەکە چووینە دەرەوە و چووینە دوکانێکی شیرینی فرۆشی، چەند کوڕی گەنج دانیشتبوون. چوومە پێشەوە و پرسیارم کرد: ببەخشن، ئێوە کارتان نیە؟.

یەکێک لە کوڕەکان پێکەنی و وتی: ئاخر ئەگەر کار هەبێت، ئێمە ئاوەها دادەنیشین!؟.

بە بێ ئەوەی کە قسەیەکی تر بکەین لە دوکانەکە چووینە دەرەوە و ئیتر یەک بە یەکی دوکانەکانی سەر جادەکەمان گەڕاند. هیچ دوکانێک کرێکار و شاگردی نەدەویست. ئەوە بووە هۆی ئەوە کە خەم و نائومێدی دیسان یەخەی ئێمە بگرێت و لە بن دارێکی نێو پارکێک دانیشتین.

: ئیبراهیم، وەزعمان زۆر خراپە، چارەسەری ئەم بارودۆخە زۆر سەختە.

ئیبراهیم: وایە، ئەی نازانم کە چی بکەین، زۆر دەردمان کێشاوە بە خوا!.

: با هەندێکی تر لە دوکانەکان بگەڕێن، بەشکە کارێکمان دۆزیەوە، ئاوەها نابێت.

ئیبراهیم: برسیمە!.

لە شوێنی خۆمان هەڵساین و چووین بەرەو دەستە دوکانێکی ترەوە کە هەندێک لێمانەوە دوور بوون. هەرچی کە پرسمان کرد، کەس دڵمانی خۆش نەدەکرد.

گەراژێکی تایبەتی بە ئوتوبوسمان بینی و چووینە ژوورەوە. گەراژەکە زۆر گەورە بوو. دەستەیەک خەریک بە کار بوون و دوو کەسی تر لەسەر دوو کورسی دارین دانیشتیبوون و کوڕێکی گەنجی تر لە تەنیشتیان ڕاوەستابوو. لێیان نزیک بووینە و بە ڕوویەکی بە شەرمەوە سەلاممان لێیان کرد و وتم: ئاغا ئێوە کرێکارتان ناوێت؟.

یەکێک لەوان کە کابرایەکی کۆسە بوو پێکەنی و وتی: خەڵکی کوێن؟.

منیش وتم: خەڵکی کرماشانین.

کابرا بە خۆشیەوە: ها کاکەجان، خاسی، باشی!.

کابرا دیار بوو کە بیرەوەری لەگەڵ خەڵکی کورد هەبووە، بۆیە ئاوەها بە خۆشیەوە چەند وشەیەک بە کوردی قسەی کرد. وتی: ناسنامەتان پێیە؟.

من و ئیبراهیم ناسنامەکانی خۆمان بە کابرادا و ئەویش سەیری کرد و وتی: لێرە وەک شاگرد وەرتان دەگرین و ڕۆژی دویست تومەنتان پێ دەدەین. ئەو ژوورە( دەستی بۆ دوکانێکی نێو گەراژەکە درێژ کرد) ئەوە دوکانێکە کە یەکێک لە شاگردەکان تێدا نان دەخوات و شەوان تێدا دەخەوێت. ئێوەش لەگەڵ ئەو نان دەخۆن و لەو ژوورە دەخەون. (گتێکی کرد) یەکێک لە ئێوە( دەستی بۆ ئیبراهیم درێژ کرد) تۆ، لەبەردەستی وەستا حەمید کار دەکەیت و تۆش(دەستی بۆ من درێژ کرد) لە بەردەستی وەستا ڕەزا کار دەکەی.

کابرا کە دەبووە وەستای من، وتی: بڕۆ ئەو ژووەر، ئەوێ شوێنی کاری تۆیە. ئیبراهیمیش لەگەڵ وەستا حەمید خەریک بە کار بوو. پاش ئەوەی کە چوومە ژوورەکە سەیرم کرد کە کاری من تایبەت بە دروست کردنی بەرگ و ڕووپۆشی کورسی و سەندەلیەکانی ئوتوبوسە. لە شووشەکە سەیرم کرد کە ئیبراهیم لە بەردەستی وەستای میکانیکی شاگردی دەکات.

وەستا ڕەزا هاتەوە و لەگەڵیدا خەریک بە کار بووم، کاری من کارکردن بە چەسپ و قەیچی و مەتر و ئەو شتانە بوو. کورسیە کۆنەکانم دەهێنا و بە تێخ دەمدڕی و ئامادەم دەکرد بۆ ئەوەی کە ڕووپۆشی تازەی پێوە بگرێت. بە خۆشیەوە کارم دەکرد. دڵم لەوە خۆش بوو کە شوێنێک هەیە کە تێدا بخەوین و پارەیەکی کەممان هەیە کە نانێکی پێ بخۆین. تاو تاو دەچوومە دەرەوە و سەیری ئیبراهیمم دەکرد و

دەمەویست بزانم کە خەریک بە چیە. کارەکەی سەخت بوو. جلەکانی لە یەکەم کاتژمێردا، هەرهەمووی بووە ڕۆن و بەنزین و گریس و ڕەش و پیس ببوو. دڵم بۆی دەسووتا. بە پێچەوانەوە، کارەکەی من زۆر ڕەحەت و ئاسوودە بوو.

بووە نزیک بە دوازدە و یەکی نیوەڕۆ و کابرای کۆسە هات و وتی: کاتی نان خواردنە، ئەو کوڕە شاگردەکە خەریکە خواردن دروست دەکات، بڕۆن لەگەڵ ئەو نان بخۆن، تا کاتژمێر دووی نیوەڕۆ دەتوانن کە ئیسراحەت بکەن.

وەستا ڕزا پێش ئەوەی کە لە ژوورەکە بڕواتە دەرەوە دەستی برد و شتێکی چکۆلە وەک تریاکی لە بن دیوارەکە دەرهێنا و وتی: یەڵا بڕۆ نانەکەت بخۆ.

منیش  بە ترسەوە دەستم لەکار هەڵگرت و دەست و ڕوومەتم لە ئاوی شێرەکە شۆرد و لەگەڵ ئیبراهیم چوومە ناو ژوورەکەی ترەوە کە نزیک بە دەرگەی سەرەکی بوو، دانیشتین. شاگردەکەی تر لەوێ بوو و خواردنی دروست دەکرد. ئەو کوڕە شاگردە، کوڕێکی زۆر داماو و بێ دەنگ بوو، لە ئێمە شەرمی دەکرد و خەجاڵەتی لە ئێمە دەکێشا.

ئیبراهیم وتی: خەڵکی کوێت؟.

وتی: من خەڵکی ئاواییەکانی دەرەوەی نەجەف ئابادی ئەسفەهانم، هاتووم کە فێری وەستایی ببم، شەوان لێرە دەخەوم و ئەمە ماوەیەکە کە لێرە شاگردی دەکەم.

کوڕەکە خەریک بوو کە تەماتە و هێلکە و سۆسیسی لە ڕۆندا ئامادە دەکرد. پاش ئەوەی کە نان و چاییمان خوارد. لە کوڕەکە پرسیارم کرد: لەم دەوروبەرە کومیتە ئیمداد یان شوێنێک هەیە کە یارمەتی بدەن؟.

کوڕەکە دەستی بەرز کرد: ئەم دەوروبەرە شوێنێکی وای نیە، دەبێت کە بڕۆنە مەلکشەهر و لەوێ بگەڕێن.

ئیبراهیم: مەلکشەهر دوورە لێرەوە؟.

کوڕە شاگردەکە: نە زۆر دوور نیە، لە جادەی دوو سایتی بکەنە ئەو بەرەوە و بڕۆنە خوارەوە، ئەو گەڕەکە مەلکشەهرە، پێموایە کە کومیتە ئیمدادی هەبێت.

دەمانەویست کە لە ماوەی کاتژمێرێک برۆین و بگەڕێین. دەمانەویست کە لە چەند لاوە یارمەتی بۆ خۆمان کۆ بکەینەوە. جۆرێک لە دڵەوە لە کاری میکانیکی ئۆتوبوس و ڕۆژانە دویست تومەن، دڵخۆش نەبووین. دویست تومەن بەس بەشی خواردنی ڕۆژانەی ئێمەی دەکرد و لەوێ ئەوەندەی تر هیلاک دەبووین. ئێمەش لەوە دڵنیا بووین کە نامانەوێت کە ببین بە وەستای چاککردنەوەی ئۆتوبوس. ئەم قسە و وتانەی لە دەروونمان وای کرد کە بە دوای ڕێگەیەکی باشتر بۆ چارەسەری بگەڕێین.

بە بێ ئەوەی کە ڕووخسەت کە خاوەن کارەکە بگرین بە کوڕە شاگردەکەمان وت کە پێش کاتژمێر دوو دێینەوە. لە گەراژەکە چووینە دەرەوە و لە دوو سایتیەکە کردمانە ئەوبەر و بە لاڕێگەیەکدا چووین بەرەو مەلکشەهرەوە. سەیری دەرودیواری خانوو و بینایەکانمان دەکرد بۆ ئەوەی کە شوێنێکی خێرخوازی بدۆزینەوە. هیچ شتێکمان نەدۆزیەوە و وردە وردە ڕێگەی گەڕانەوەشمان لێ ون دەبوو. لەو ڕێگە کە هاتبووین گەڕاینەوە. چەند کۆڵانمان گۆڕی و بە کۆڵانی تردا چووین. مزگەوتێکمان بینی کە چادری ڕەش و پارچە و نووسینی عاشوورا و ئیمام حوسەین هەڵواسراوە. کابرایەک بە جلی ڕەشەوە خەریک بوو کە دار و میلەی ئاسنی دەبردە ناوەوە. زانیمان کە ئەو کابرا بەرپرسی ئەو حوسەینیەیە، لێ نزیک بووینەوە. کابرا خۆی هەستی بە ئێمە کرد، سەیری ئێمەی کرد: فەرموون، چیتان دەوێت؟.

ئیبراهیم: ئاغا ئێوە نازانن کە کومیتەی ئیمدادی ئیمام خومەینی لە کوێیە!؟.

کابرا چاوی تیژ کرد و وتی: کومیتە ئیمداد، بۆچیتانە، چی بووە!؟.

منیش بە ناڕەحەتیەوە باسی خۆمان بۆ ئەو کابرا کرد و کابراش زۆر بە وردی و ژیریەوە گوێ لە من گرت. وتی: لەم دەورە کومیتە ئیمداد نیە( گتێکی کرد و سەیری زەوی کرد و چووە بیرەوە) من دەتوانم کە هاوکاری ئێوە بکەم!.

کە وتی من دەتوانم یارمەتیتان بدەم، شەوق و خۆشی گیانی ئێمەی گرتەوە. هیچمان نەوت و چاوەڕوانی ئەوە بووین کە کابرا قسەکانی بەردەوام بکات. کابرا چادرێکی گەورەی گرتە شانەوە و چووە ناو حوسەینیەکە: وەرنە ناوەوە.

من و ئیبراهیمیش چووینە ناوەوە. کابرا چادرەکەی لە زەوی دانیا و وتی: هەتاوەکو ئێوارە هەرکەسم بینی باسی ئێوەی بۆ ئەکەم و لە خەڵک داوای پارە دەکەم، هەرچیم کۆ کردەوە، بە ئێوەی دەدەم، وا باشە!؟.

ئێمەش لە خۆشیدا گیانێکی تازەمان گرت. کابرا چووە دەرەوە و هاتە ناوەوەی حوسەینیەکە: ئێوەش بڕۆن و لە گەراژەکە ناسنامەکانی خۆتان بهێنن و بێنەوە.

من و ئیبراهیمیش لەوە خۆشحاڵ بووین کە کەسێکی ئاوەها یارمەتی ئێمە دەدات. بە خۆشی و پەلە چووینەوە بۆ گەراژەکە و چووینە لای کابرا کۆسەکە کە یەکەمجار کاری بە ئێمەدا: ئاغا تۆ ئەو خوایە ناسنامەکەمان پێبدەرەوە، دەمانەوێت کە بڕۆین، هیچمان ناوێت، بەس ناسنامەکەمان دەوێت.

کابرای کۆسەش سەیری لێهات کە بە زوویی بەجێیان دەهێڵین، چووە ژوورێک و دوو ناسنامەکەی هێنا و دای بە من و ئیبراهیم.

خواحزافیزیمان کرد و لە گەراژ هاتینە دەرەوە و چووینەوە بۆ مەلکشەهر. خۆشی و شادمانیەک لە گیانمان بوو. بە پەلەیەکی زۆرەوە خۆمان کرد بە حوسەینیەکەدا. کابرای خاوەن حوسەینیە لەوێ نەبوو. لەسەر چەند بەتانیەک دانیشتن و چاوەڕوانی کابرا بووین. ئەوەندەی پێ نەچوو کە کابرا لەگەڵ دوو پیاوی بە تەمەنی تر هاتنە ناو حەسەینیەکەوە. کابرا بە دوو کابراکەی تر وتی: ئەم دوو منداڵەن!.

سەیری منی کرد و وتی: ناسنامەکەتان هێنایەوە؟.

منیش ناسنامەی خۆم و ئیبراهیمم بە کابرادا و ئەویش سەیری کرد. دای بە دەستی ئەو کابرای ترەوە. کابرای پیر بزگەیەک گرتی و وتی: ئەمانە لە ئاوارەکانی شەڕی ئێران و عێراقن!.

کابرای خاوەن حوسەینیە پرسی: چۆن ئەزانیت؟.

کابرای بە تەمەن: ئەمانە لە عێراق لە دایک بوون و کاتێک کە هاتوونەتەوە بۆ ئێران، ژمارەی تایبەتی ٣٣٦ تیان پێدراوە.

کابرای خاوەن حوسەینیە سەیری ناسنامەکەی دەکرد و سەری دەلەقاندەوە: وایە، ڕاست دەکەیت.

کابرای پیر: ئەمانە بۆ ماوەیەکی زۆر لە کەمپ و ئوردوگاکانی بەعس ئاوارە و ئەسیر بوون.

کابرای بە تەمەن: ئەو کاتە من سەرهەنگ بووم، بارودۆخێکی زۆر ناخۆش بوو. (سەری بەرز کرد) ئەی چۆن لە کرماشان بە بێ پارە خۆتان گەیاندووە بە ئەسفەهان!؟.

منیش وتم: زۆربەی کات بە لۆری!.

کابرا لێوی خۆی گەزی و : خوا ڕەحمی بە ئێوە کردووە، دەستەیەکی ڕانەندە لۆریەکان مێباز و منداڵباز و خەتەرناکن، وای وای، خوا ڕەحمی بە ئێوە کردووە!.

سەیری کابرای خاوەن حوسەینیەی کرد: ئەمانە باش بووە کە سەلامەت دەرچوون لەم ڕێگەوبانە!.

ئیتر قسە و پرسیاریان نەکرد و ڕوویان لە دەرگەی چوونە دەرەوە کرد. ئەو دوو کابرا بە جل و قسەکانیان دیار بوو کە لە کۆنە خاوەن پلەکانی سپای ئێران بوون. ناسنامەکانیان بە ئێمە دایەوە و لە پێش دەرگەی حوسەینیەکە ڕاوەستان و لە نێوان خۆیان قسەیان دەکرد.

من و ئیبراهیم کە خۆشمان لە ئەدەبی کابرای حوسەینیە هات، پرسیاری ناویمان کرد. ئەویش بە خەندەیەک وتی: ناوی من عەلی هۆمامیە، من لە ئەیامی موحەڕەم سەرپەرەشتی ئەم حوسەینیە دەکەم.

عەلی هۆمامی دەستی لەسەر شانی من دانیا و وتی: لێرە بن تا ئێوارە، پارەیەکتان بۆ کۆ دەکەمەوە کە بڕۆن، خەمتان نەبێت!.

کاک عەلی لە حوسەینیە چووە دەرەوە و لە کۆڵانەکە لەگەڵ دوو پیاوەکەی تر ڕاوەستا. هەندێک پارەی بە دەستەوە بوو و ڕێگەی لە خەڵک دەگرت و داوای پارەی لێیان دەکرد. من و ئیبراهیمیش لە گۆشەیەکی حوسەینیە دانیشتبووین و چاوەڕوان بووین. دانیشتبووین کە منداڵێکی چکۆلانە لە پشت میلە ئاسنیەکانەوە وەک پشیلە بە چاوو و هەنگاوی چکۆلە لێمان نزیک بووەوە: ئێوە لێرە چی ئەکەن!؟.

منیش بە بزگەیەک وتم: ئێمە دانیشتووین و هیچ ناکەین.

لە پشتی میلەکان هاتە دەرەوە و خۆی لە ئێمە نزیک کردەوە: ئیمام حوسەینتان خۆش گەرەکە!؟.

ئیبراهیم بە بزگەیەکەوە: ئا خۆشمان گەرەکە.

منداڵەکە: شەو دێن بۆ سینەزەنی؟.

منیش وتم: شەو ئێمە لێرە نین.

منداڵەکە: ئەی بۆ کوێ ئەچن!؟.

ئیبراهیم ماشین حسابەکەی لە گیرفان دەرهێنا: ئەم ماشین حسابەت دەوێت؟.

کوڕەکە تۆزێک ترسا و دووری گرت: دایکم وتوویە کە هیچ شت لە کەسی نەناسراو وەرنەگرم!.

کوڕەکە چووە پشتی میلەکان و سەیرێکی ئێمەی کرد و چوو.

ئیبراهیم کتێبی بوستانی سەعدی دەرهێنا و وتی: لەبەر ئەوەی کە ئەم پیاوە یارمەتیمان دەدات، ئێمەش ئەم کتێبەی وەک دیاری پێشکەشی دەکەین.

ئیبراهیم پێنووسەکەی دەرهێنا و لە لاپەڕی سەرەتای کتێبەکە نووسی: ئاغای هۆمامی زۆر سوپاست دەکەین بۆ یارمەتیەکەت.

کتێبەکەمان ئیتر کە نێو ئەلاگەکە نەنیا و بە دەستمانەوە گرتمان، بۆ ئەوەی کە لە کاتی چووندا، پێشکەشی بکەین.

من و ئیبراهیم هەتاوەکو دەمەوخۆرئاوا لە حوسەینیەکەماینەوە و لە خۆشی پارەدا لە شوێنی خۆمان نەجوولاین. ئاغای عەلی هۆمامی بە دەستێکی بە پارەوە هات و ئێمەش لەسەر چادرەکان هەڵساین. بە پێکەنینی دوای ماندوویەتیەکی زۆرەوە وتی: توانیم کە شەش هەوت هەزار تومەنتان بۆ کۆ بکەمەوە. ئەم پارەیە دەتوانێت کە ببێت بە بلیت و بتانگەیەنێت.

پارەکەی بە مندا و وتی: تکاتان لێ دەکەم کە بگەڕێنەوە بۆ ماڵی باوکتان، لەبەر ئەوەی کە ئێستە زۆر بۆ ئێوە ناڕەحەتن، دوای ئەوە زۆر وریا بن لە ڕانەندە لۆریەکان، ئەوانە منداڵی وەک ئێوەیان دەوێت، بۆی هەیە خوای نەکردە بەڵایەکتان بەسەر بهێنن، یان تەجاوزتان پێ بکەن یان گورچیلە و بەشە هەستیارەکانی لەشتان بۆ فرۆشتن دەربهێنن، بۆیە ئاگاتان لە خۆتان بێت!.

لە موحەببەت و دڵی میهرەبانی ئەو کابرا فرمێسک کەوتە ناوچاومان و دەمانەویست کە بگرین. ئیبراهیم کتێبەکەی بوستانی سەعدی پیشانیدا و وتی: ئاغای هۆمامی، ئەم کتێبەمان وەک وەڵامی چاکەت، لێمان وەرگرە، تکات لێ ئەکەین!؟.

ئاغای هۆمامی کتێبەکەی وەرگرت و تەکسیەکی بە کرێ گرت بۆ ئەوەی کە بمانگەیەنێتە ترمینالٚ کاوە. سواری تەکسی بووین و بە خۆشی و فرمێسکەوە لە ئاغای هۆمامی جیا بووینەوە. ئەوەندە موحەببەتی لە دڵمان چوو کە حەزمان نەدەکرد، لێ ببڕین.

من و ئیبراهیم لە تەکسیەکەدا، قسەی ئەوەمان دەکرد کە ئەم پارەیە چۆن خەرجی بکەین و بیدەین بە چی. ئیبراهیم وتی: لەبیرتە کە لە شاری سنە، وتمان ئەچین بۆ هەمەدان و کار ئەکەین، هەربۆیە با لە ترمینالٚی شاری سنە نوشابە و ساندویچێک بخۆین!؟.

منیش بە بزگەیەک وتم: بەڵێ، لە بیرمە.

ئەمزانی کە مەبەستی لەوە چیە. دەیەویست کە بڵێت ئیتر نابێت ئەم پارەیە بە ئاسانی بخۆین و سەری خۆمان بە قسە و خەیاڵی پووچ خۆش بکەین.

## بەرەو شیرازەوە

پاش ئەوەی کە گەیشتین بە ترمینالٚی کاوە، دابەزین و چووین بۆ ساندویچیەک و دوو نانی ساندویچ، بە بێ ئەوەی کە هیچ شتێک لە ناوەوەی بێت، کڕیمان. نانەکە وشک بوو، بەڵام لە ناچاری و داماوی بە ئاو تەڕمان کرد و خواردمان. پاش ئەوەی کە نانەکەمان خوارد، چووین بۆ ئەوەی کە بزانین ڕوو لە کوێ بکەین؟ سەیری نەخشەیەکی سەر دیوارەکەمان کرد. شاری شیراز چاوی ئێمە گرت و بردی. وتم: ئیبراهیم با بڕۆین بۆ شاری شیراز و لەوێ دەچین بۆ سەر قەبری سەعدی و حافز!؟ ئێمە کە ئاواتی بینینی مەزارگەی ئەوانمان هەبوو!.

ئیبراهیم وەک من پێ خۆش بوو کە بڕۆین بۆ شاری شیراز. چووین و لە شوێنی فرۆشتنی بلیت، پرسیارمان کرد. کابرا وتی کە نەفەری هەزار و پێنجسەد تومەنە. ئەو پارە بۆ گەیشتن بە شیراز پارەیەکی زۆر بوو بۆ ئێمە. دوو دڵ بووین، لە سرێ

چووینە دەرەوە و بیر و هۆشمان بەوە مەشغوڵ بوو کە بڕیارێک بدەین. لەسەر کورسیەک دانیشتین و بێ دەنگ بووین، لێکمان دەدایەوە بۆ ئەوەی کە بڕیاری کۆتایی بدەین کە بڕۆین بۆ شیراز یان نە!؟.

ئیبراهیم: با زۆر بیر لەوە نەکەینەوە، ئێمە ئاواتمان ئەوە بوو کە ڕۆژێک بچینە سەر مەزاری سەعدی و حافز، ئیتر بۆ بیر لەوە بکەین کە بچین یان نە!؟.

: ئیبراهیم، هەڵسە با سەیری کاتی چوونی ئوتوبوسەکان بکەین، دەبێت کاتێک بڕۆین کە ئەمشەو تا بەیانی لە ئوتوبوس بین و بەرەبەیان کە ڕۆژ بووەوە بگەین بە شیراز، ئاوەها شەو بێ شوێن نامێنین و خەویکیش ئەکەین!.

ئیبراهیم: وایە، دەبێت کە شەو لە ئوتوبوس بین و بەرەبەیان بگەین.

سەیری کاتی چوونی ئوتوبوسەکانمان دەکرد. ئوتوبوسێک هەبوو کە کاتژمێر دەی شەو دەردەچوو. وتم بە ئیبراهیم کە ئەگەر بەو ئوتوبوسە بڕۆین بەرەبەیان دەگەین بە شیراز و چەند کاتژمێریش لە ناو ئوتوبوسەکە دەخەوین. چووینە سرێ کڕینی بلیت و ڕاوەستاین کە نۆرەمان بگات.

داوای دوو بلیتمان کرد و نەفەری هەزاروپێنجسەد تومەنمان بە کابرادا. بلیتمان کڕی و چووین لە حەوشی ئوتوبوسەکان نیوکاتژمێر ڕاوەستاین بۆ ئەوەی کە کاتی چوونی ئوتوبوسەکە بگات. ئەوەندەی نەبرد کە خەڵک لە دەوری ئوتوبوس کۆ بووەوە و سوار بووین و بە دڵخۆشی شیراز و بینینی مەزاری شاعیرانی شیراز پاڵمان دایەوە بە کورسیەکانەوە. ئیتر هەستمان بە خۆشی دەکرد کە وەک بەرەڵای سەرجادەکان نین کە دەست لە خەڵک پان بکەینەوە. هەستمان بە غرور دەکرد، لەوە کە وەک خەڵکی تر سواری ئوتوبوس بووین و بۆ مەزاری شاعیرانی شیراز دەڕۆین.

ئەو شەوە ئەوەندە بیر و خەیاڵات منی گرتەوە، نەمزانی کە چۆن بوو کە کات لە خۆیەوە دەچوو. چاوم چووە خەو، بە تیشکی زەردی خۆر کە لە شووشەی دەدا و دەگەڕایەوە بۆ دەم وچاوی من، لە خەو هەڵسام و هەستم بە خۆشیەکی زۆر دەکرد. ئیبراهیم سەری بەسەر شانی من کەوتبوو. ئەویش لە خەو هەڵسا. سەیری جادەکەم دەکرد کە لە نێوان دار و گوڵەکان گوزەری دەکرد و دەچوو. هەستم بە بۆنی شیراز دەکرد. هەستم بەوە دەکرد کە گوڵ و بولبول و بۆن و خوڕەی ئاو و تیشکی زەردی

خۆر و گەڵای سەوز و شنە بای نەرم و تەنیایی و هەوەسی چاوی خومار و خەڵوەتێک بە دەستنوێژەوە، هەستەکانم وەک دارێک کە چوکەر دەدات و دێتە دەرەوە، ئاوەها هەستەکانی من چوکەری دەدا و دەهاتە دەرەوە.

: ئیبراهیم، ئەمە شیرازە، شاری سەعدی و حافز، گەیشتین!.

ئیبراهیم لە دەوری پەنجەرەی ئوتوبوسەکە سەری دەگەڕاند و بزگەیەکی خۆش گرتبووی. لە دەوم و چاوی دەمبینی کە ماندوویەتی و برسیەتی نەماوە، لە عەشقی سەعدی و حافز، ڕوومەتی گەش و شادمان بوو.

ئوتوبوسەکە چووە نێو ترمینالی شیراز و ڕاوەستا، خەڵک دابەزین و بایشکیان دەدا و خۆیان ڕادەشەکاند و دەست و دەم و چاویان دەگوشی. من و ئیبراهیمیش پێمان لە ئوتوبوس دانیاوە خوارەوە و چووینە بەر خۆرەتاوێکی بن دارێک دانیشتین. سەرمان دەگەڕاند کە شێرێکی ئاو بدۆزینەوە و ئاوێک بخۆین.

ئێمە لە شیراز بووین، لەگەڵ ئەوەشدا نەماندەزانی کە دەبێت چی بکەین و چۆن مەزاری سەعدی و حافز بدۆزینەوە. ئیبراهیم بە ناڕەحەتیەکەوە وتی: ئەزانی چی؟ من و تۆ ڕێگەیەکی درێژمان بە برسیەتی و بێ خەوی بڕیوە، بارودۆخمان زۆر باش نیە و نابێت کە بە خەیاڵی بەتاڵەوە دڵی خۆمان خۆش بکەین. ئەگەر ئەمڕۆمان بووە شەو، ئەو کاتە ئیتر من و تۆ هیچ شوێنێکمان نیە کە تێدا بخەوین، پارەیەکی کەمتر لە چوار هەزار تومەنمان پێیە و نابێت کە لە خۆوە لە دەستی بدەین، دەبێت کە بیرێکی بنەڕەتی بکەین، کە چی بکەین و ڕوو لە کوێ بکەین؟ ئاوەها ژیانی خۆمان لە مەترسی دەخەین کە دەست و دەم لەگەڵ هەرکەسێک بکەینەوە.

ئەو قسانەم پێ جوان بوو: بە ڕای تۆ چی بکەین؟.

ئیبراهیم: دەبێت کە بیری لێ بکەینەوە.

من و ئیبراهیم سەرمان لەو قسانە بوو کە لە ناکاوە ئیبراهیم دەستی وەک نیشانەی دۆزینەوەی چارەسەر هەڵبڕی: ئەزانم چی بکەین، ئەچین بۆ لای مامۆستا پوردڵ لە بەندەرعەباس، ڕێگەکەشمان زۆر نزیکە، باشترین کار و چارەسەر ئەمەیە!.

منیش بەوە کە ئیبراهیم کەوتە بیری ناوی مامۆستا پوردڵ پێم خۆش بوو. قسە و ناوێک بوو، کە لە کاتی خۆی بۆمان دەرەکەوت.

مامۆستا موحەممەدی پوردڵ، مامۆستایەکی ئایینی خەڵکی بەندەرعەباسە کە ئەو سەردەمە نەوار و کاست و ڤیدئۆی قسەکانی لە مزگەوتەکانی بەندەرعەباس سرنجی زۆری خەڵکی ڕاکێشابوو، خەڵکی شارەکانی کرماشان و کوردستان لەگەڵ ناوی مامۆستا پوردڵ ئاشنایەتیان هەبوو. ناوی مامۆستا پوردڵ بۆ خەڵکی کرماشان وەک ڕێبەر و گەورەیەک بوو کە ئاواتیان ئەوە بوو کە ڕۆژێک لە نزیکەوە ببینن. ئەو کاتە لەو ترمینالە کە ئیبراهیم ناوی پوردڵی هێنا، وەک ئەوە بوو کە پوردڵ خولقابوو بۆ ئەوەی کە بە ناوی خۆی چارەسەرێکی گەورە بێت بۆ ئاوارەییەکەی من و ئیبراهیم.

ئێمە ئەمانزانی کە مامۆستا پوردڵ لە ناو شاری بەندەرعەباس دەژی و ئەگەر بتوانین کە بگەین بە بەندەرعەباس، ئەوە دەتوانین کە خۆمان بگەیەنین بە مامۆستا پوردڵ.

من و ئیبراهیم زۆرمان لە بێ خەوی و برسیەتی و نامیهریمان لە مرۆڤ چێشتبوو، هەربۆیە دەبوو کە ڕوومان بکەینە شوێنێک کە ئاسایشمان پێ بدات و بە ناویەوە ئەم چیرۆکە بە ئەنجامێکی باش بگەیەنین.

ئیبراهیم: پێش ئەوەی کە بڕۆین بۆ مەزاری سەعدی دەبێت پرسیار بکەین و دوو بلیت بۆ شاری بەندەرعەباس بکڕین.

چووینە ناوەوەی ترمینال و داوای بلیتی بەندەرعەباسمان لە کابرای فرۆشیاری بلیت کرد. کابرا وتی: نەفەرێک هەزار و پێنجسەد تومەن دەکات.

وتم: ئاغا بلیتێکمان پێ بدە کە شەو کاتژمێر دە و یازدەی شەو ئۆتوبوسەکە بەڕێ کەوێت.

کابرا سەیری کاغەزەکانی کرد و وتی: کاتژمێر یازدەی شەو لێرەوە بۆ بەندەرعەباس، باشە؟

منیش بە خۆشیەوە: باشە، زۆر سوپاس.

کابرا: پارەکە بێ زەحمەت؟.

سەیرێکی ئیبراهیمم کرد: خوا ڕەحمی کرد کە لەوە زیاتر نەبوو، سێ هەزار و دویست و هەفتا تومەنمان پێماوە!.

سێ هەزار تومەنم بە کابرادا و دوو بلیتی شاری بەندەرعەباسم کڕی و دڵمان خۆش بوو کە ئیتر ئەزانین چی ئەکەین.

لەترمیناڵ چووینە دەرەوە و لە خەڵک پرسیاری مەزاری سەعدیمان دەکرد. خەڵک ڕاست و چەپ ئێمەیان لە مەزاری سەعدی نزیک کرد و لە دوورەوە دەرگەی مەزاری سەعدیمان بینی. دڵمان خۆش بوو کە گەیشتووین بە مەزاری شێخ سەعدی و وەک بیرەوەری و یادەوەری لەگەڵ خۆمان هەڵیدەگرین و دەبێتە هەوێنێک بۆ بیر و هەستەکانمان.

بە خۆشی لە دەرگە نزیک بووینەوە. کابرایەک لە پێش دەرگە ڕاوەستابوو: بۆ کوێ ئاوەها بە پەلە دەچن!؟.

هەنگاوەکەنمان خاو کرد و سەیری کابرامان کرد. کابرا: ئەگەر دەتانەوێت کە برۆنە ژوورەوە دەبێت کە پارە بدەن!؟.

ئیبراهیم دەستی بە دەرگەی چوونە ژوورەوە گرت و وتی: نەفەری بە چەندە پارەی چوونە ژوورەوە؟.

کابرا: نەفەرێک دویست تومەنە!.

پێکەنین منی گرت: ئیبراهیم من و تۆ دویست و هەفتا تومەنمان پێیە، چۆن بەو پارە، هەردووکمان بچینە ژوورەوە!؟.

کابرا کە ئاگای لەوە بوو من وتم دویست و هەفتا تومەنمان هەیە، وتی: هەر کەسێک کە دەچێتە ژوورەوە دەبێت دویست تومەن بدات، ئەگەرنە ناهێڵیم بچنە ژوورەوە.

ئیبراهیم بە دڵێکی بە بەزەییەوە: تۆ دویست تومەن بدە و بڕۆ ژوورەوە ( پێکەنین گرتی) بە سەعدی بڵێ زیارەتی گۆڕەکەت بۆ هەر کەس، دویست تومەنە!.( ئیبراهیم کە ئەو قسەیە کرد، زوو پێکەنین لە سەر ڕوومەتی ون بوو و ماتی گرتی).

منیش وتم: نە بە خوا ناچم ئیبراهیم، من و تۆ پێکەوە هاتووین بۆ ئێرە، بە بێ تۆ ناچمە ژوورەوە.

هەندێک لە پێش دەرگەی چوونە ژوورەوە، ڕاوەستاین و حەسرەتی ئەوەمان خوارد کە تا شیراز هاتین و پارەی چوونە ژوورەوەمان پێ نیە!.

وەک هەنگاوەکانی کەسانێک کە لە شەڕ شکستیان خواردووە، دوورکەوتین. باخێکمان بینی بە ناوی باغ دلگشا، لە باخەکە چووینە ژوورەوە. کەس لە باخەکە نەبوو. زۆر جوان و ڕێک و پێک و ئاوەدان بوو. جۆگە و خوڕەی ئاو لەگەڵ بۆنی گوڵەکان و سێبەری جوانی دارەکان ئێمەیان بە خۆیانەوە گرت و لە بن دارێک دانیشتین و هەناسەیەکی خۆشمان هەڵکێشا و پاڵمان بە دارێکەوەدا و زۆر ناڕەحەتی ئەوەبووین کە پارەی چوونە ژوورەوەمان پێ نەبوو. هەروەک سەعدی، مەزاری حافزیش پێویستی بە پارە هەیە و ئیتر لەوە پەشیمان بووین کە بچین بۆ سەر مەزارەکەی حافزیش. ئیتر بە ئاسوودەیی پاڵم بە دارەکدا و چاوانم بەست. بیر و هۆشم مەشغوڵ بوو، زۆر بۆ من سەیر بوو کە لە تەنیشت مەزاری باباتاهر و سەعدی و حافز گوزەرم کرد و دەرفەت و خواستی ئەوە نەبوو کە بچمە ناوەوەی مەزاری ئەوانەوە!؟.

هەستم بەوە دەکرد کە عەشقی گوزەر لە ڕێگەیەکی ئاوەها سەخت و پڕ لە دڵەراوکێ بووەتە هۆی ئەوە کە بەرانبەر بە گوڕەکان بێ هەست ببم.

نزیک بە کاتژمێرێک لە باخی دڵگوشا دانیشتین و قسەمان کرد و وتمان. لەوێ وەڕەس بووین و لە باخەکە چووینە دەرەوە و ڕێگەی ترمیناڵمان گرتەبەر و گەڕاینەوە. گەیشتین بە ترميناڵ و لەبەر خۆرەتاوێکی خۆش لە بن دیوارێک ڕاکشاین و چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد کە شەومان لێ بێت و سواری ئۆتوبوس بین و بڕۆین بۆ شاری بەندەرعەباس. هەوا خۆش بوو و من و ئیبراهیم سەرومێشکان گەرمی خەیاڵاتی ئەوە بوو کە لە بەندەرعەباس چی دەبێت!؟.

دڵمان نەدەهات کە لە دویست و هەفتا تومەنەکە نانێکی گەرم بکڕین. نەدەبوو کە ئەو پارە هەر لە خۆوە بۆ هیچ خەرجی بکەین. ددانمان لەسەر جەرگ دانیا و ڕۆژمان لە دەوروبەری ترمیناڵەکە بردەسەر و وردە وردە کاتی ئەوەهات کە سواری ئۆتوبوس بین. بووە کاتژمێر دە و نیوی شەو، خەڵکێک کە بۆ شاری بەندەرعەباس

دەچوون کۆ بووەنەوە و ئێمەش لەگەڵ خەڵکەکە ڕاوستاین و چاوەڕێمان کرد. زۆری نەخایاند کە ئوتوبوس هات و خەڵک سەرکەوت و ئێمەش لەسەر دوو کورسی لە تەنیشتی یەکدی دانیشتن و شوێنمان گەرم کرد. دڵمان بەوە خۆش بوو کە لە مامۆستا پوردڵ نزیک دەبین و دەچینە شارەکەی و بە ئاسایشێک دەگەین.

ئوتوبوس بە ڕێکەوت و ئێمەش سەرمان بۆ سەر شانی یەکدی شل کرد و نەرمە خەوێک بردمانی. زۆر نەچووبووین کە ئوتوبوسەکە تەکانێکی خوارد و لەتەنیشت جادەکە ڕایگرت و داوایان لە خەڵکەکە کرد کە لە ئوتوبوسەکە دابەزێت. ئێمەش نەماندەزانی کە هۆکەی چیە، کە چووینە خوارەوە باسی ئەوەیان دەکرد کە مەکینەی ئوتوبوسەکە تووشی کێشەیەک بووە و ئیتر لەوە زیاتر ناڕوات. ئوتوبوسەکە لە نزیکی شاری فەسا لە بیابانێک ئاوەهای لێ قەومابوو. خەڵک لەبەر تاریکی و سەرما ئاگریان کردەوە و لە دەوری ئاگرەکان کۆ بوونەوە.

زیاتر لە کاتژمێرێک لەو سەرما و تاریکیە ماینەوە، تا ئەوە کە ئوتوبوسێکی نیوەنەفەر لەسەر جادەکە ڕایگرت و بە خەڵکیان وت کە دەبێت هەرهەمووتان سواری ئەم ئوتوبوسە بن. بۆ ئێمە زۆر ناخۆش بوو کە سواری ئوتوبوسێکی تر بین کە نەفەری تێدایە. ئەوانەی کە زوو چوونە ناوەوەی ئوتوبەسەکە، شوێنیان بۆ خۆیان گرت و ئێمەش کە لە دواوەی سەرکەوتین. لە ناچاریدا لە ڕێڕەوی ئوتوبوسەکە لەبەر پێ خەڵک دانیشتین و چارەیەکی ترمان نەبوو. زۆر بۆ ئێمە ناخۆش بوو، خەومان دەهات و نەماندەتوانی کە سەرمان بنێینە سەر شتێکەوە. من و ئیبراهیم پشتمان بەیەکەوە دابوو و سەرمان لەسەر ئەژنۆمان گرتبوو. زۆرمانی هیلاک کرد. سەرمان بۆ سەرەوە بەرز دەکرد و کەسیش سەیرمانی نەدەکرد. دەستم برد کە بزانم لە بن کورسیەکان شوێن هەیە کە لە بن پێ خەڵک ڕاکشێم. کە سەرم بردە بن کورسیەکان، بینیم ژنێک خەوی لێ کەوتووە. ئیتر زانیم کە بن کورسیەکانیش شوێن بۆ خەو نیە!

کوڕێک لەسەر کورسیەکەی هەڵسا و دەستی نیا بەشانی ئیبراهیمەوە: هەڵسە بڕۆ لەسەر شوێنەکەی من بخەوە!

کوڕێکی گەنج بوو، زۆر بە بەزەیی بوو. ئیبراهیم یەکسەر بە منی وت: تۆ بڕۆ لەسەر شوێنەکەی بخەوە، تۆ هیلاکتری.

منیش بەبێ ئەوەی کە قسەیەک بکەم، چووم و لەسەر شوێنەکەی کوڕەکە پاڵم دایەوە. سەیری کوڕەکە و ئیبراهیمم کرد، ئەوانیش سەیری منیان کرد و بزگەیەک گرتیانی!.

ئوتوبوسەکە لە چێشتخانەیەک ڕایگرت و خەڵک بۆ خواردن چوونە خوارەوە. من و ئیبراهیمیش هیچ پارەمان پێ نەبوو. زۆریش برسیمان بوو. خەڵکەکە دەچوونە ناوەوەی چێشتخانە و ئێمەش لە دەرەوە ڕاوەستابووین. کوڕەکە بە پاکەتێک بسکویتەوە هات بۆ لای ئێمە. وتی: ئەزانم برسیتانە، ها لەو بسکویتە بخۆن.

ئیبراهیم پرسیاری لێ کرد: تۆ کارت چیە لە بەندەرعەباس؟.

کوڕەکە: من قوتابی زانکۆم، دەگەڕێمەوە بۆ زانکۆ.

منیش وتم: خەڵکی کوێیت؟.

کوڕەکە: من خەڵکی هەمەدانم.

سەیرێکی ئیبراهیمم کرد، بەو مانا کە لەبیرتە لە هەمەدان گوزەرمان کرد!.

کوڕەکە: جا کاری ئێوە چیە لە بەندەرعەباس؟.

ئیبراهیم بە خێرایی وتی: ئەچین بۆ ماڵی خزمەکەمان!.

سەیری ئیبراهیمم کرد و بزگەیەک گرتمی، بەو مانا کە ئێمە کەی خزممان لەوێ هەیە!؟.

کوڕەکە: ماڵەکەیان لە کوێوەیە؟.

ئیبراهیم: لە ناوچەیەک بە ناوی باباغولام!.

کە ناوی باباغولامی هێنا بە بیرم کەوتەوە کە ئێمە خزم و کەس و کاری زۆرمان لەوێ هەیە. ئەوەندەی تر دڵم کەوتە خۆشی. بە خۆشی وتم: ئیبراهیم ئەزانی خەڵکی ئاواییەکەی خۆمان هەرهەموویان لەوێن!؟.

ئیبراهیم: هادی برام ماوەیەک پێشتر لەوێ بوو، ئێستەش برادەرەکانی هەر هەموویان لەوێن.

کوڕەکە کاغەزێکی دەرهێنا و وتی: ناونیشان و ژمارە تەلەفۆنی خۆم بە ئێوە دەدەم، ئەگەر هەر کێشەیەکتان هەبوو، پەیوەندیم پێوە بکەن.

کاغەزەکەمان لە کوڕەکە وەرگرت. خەڵک وردە وردە دەگەڕایەوە بۆ نێو ئوتوبوسەکە. کوڕەکە بە ئیبراهیمی وت: تۆ لەسەر شوێنەکەی من دانیشە.

ئیبراهیم: نە زۆر سوپاس، ئێستە کێشەم نیە، ئەگەر پێویست بوو، داوات لێ دەکەم، بەڵام ئەگەر پیاوەتی بکەیت و بە ڕانەندە بڵێت کە لە باباغوڵام ڕایگرێت و دوورمان نەکاتەوە.

کوڕەکە وتی: باشە خۆم لە کاتی خۆیدا پێتان دەڵێم.

کوڕەکە چووە سەر شوێنەکەی و من و ئیبراهیم لە ڕێڕەوی ئوتوبوسەکە، باسی چاکە و پیاوەتی ئەو کوڕەمان لەگەڵ یەکدی دەکرد. ئوتوبوسەکە بەڕێکەوت و دڵمان بەوە خۆش بوو کە دەتوانین لە بەندەرعەباس ڕوو لە زۆر کەسان بکەین!.

سەروملمان ئەوەندە ئەملاوئەولای کردبوو، ماندوو ببوو. بە خۆشی بەندەرعەباس ئەوەشمان قبووڵ کرد و هیوای ئەوەمان هەبوو، کاتێک کە ڕۆژ دەبێتەوە، چاومان بە بینینی مامۆستا پوردڵ شاد دەبێت.

ڕۆژ بوو و ئوتوبوسەکە و خەڵکەکەی ناوەوەی بە تیشکی خۆر گەرم بوون و وردە وردە خەڵک خۆیان کۆ دەکردەوە. کوڕەکە بە چاو ئاماژەی بە من کرد، کە ئاگام لێیە و لە کاتی خۆی ئاگادارتان دەکەم.

کوڕەکە لە شوێنی خۆی هەڵسا و چووە لای ڕانەندەوە. قسەی لەگەڵ کرد و سەیری ئێمەی کرد و دەستی بەرز کرد کە ئامادە بن بۆ ئەوەی کە دابەزن. لە شوێنی خۆمان هەڵساین و چووینە پێشەوە. کوڕەکە وتی: تۆزێکی تر دەگەین بە باباغوڵام، ئەگەر هەر پێویستیەکتان بە من هەبوو، پەیوەندیم پێوە بکەن، خواتان لەگەڵ بێت.

ئوتوبوس ڕایگرت و ئێمە دەستمان بە مانای دەستخۆشی و خواحافیزی لە کوڕەکە هەڵبڕی و دابەزین. ئوتوبوسەکە چوو و ئێمە سەیری ئوتوبوسەکەمان دەکرد. جادەی باباغوڵام گەورە بوو و لۆری زۆر لەوێ ڕایگرتبوو. هەرچی چاومان دەدا کە کەسێک بدۆزینەوە و هەواڵی خەڵکی کرماشانی لێ بپرسین، کەس نەبوو. چەند دوکانمان

بینی کە دەرگەکانیان داخرابوو. تابلۆیەک هەڵواسرابوو و لە پشتەوەی نووسرابوو مزگەوت. زانیمان کە مزگەوتێک لەوێ هەیە. مزگەوتەکە لە پشتەوەی دوکانەکان بوو. کەس لەوێ نەبوو. چووینە ناوەوەی مزگەوتەکە، بۆنی پیسی مرۆڤ دەهات، مزگەوتەکەیان پڕ لە پیسی کردبوو. بە پەلە چووینە دەرەوە، سەیرمان لێ هات کە مزگەوتێک هەبێت، کە ئاوەها پیس و بۆگەن بێت. چووینەوە سەر جادە و چاومان بۆ خەڵک دەدا. کابرایەک بە شەرواڵی کوردی و تەزوێیەکی زەردەوە لە دوورەوە هات، دڵم خۆش بو کە ئەو کابرا شوێن و ڕێ خزمەکانمان بزانێت. کابرا نزیک بووەوە: چیتان دەوێت لێرە!؟

ئیبراهیم: بە دوای خزمەکانمان دەگەڕێن؟

کابرا: ناویان چیە؟

ئیبراهیم: عەلی، ئەحمەد.

منیش وتم: سامان، کەمال.

کابرا تەزوێکەی دەورێک لێدا: ئەزانن چیە، بۆ هەرچی کە هاتوون بۆ بەندەرعەباس، خۆتان و شیری دالگتان[20] بە دوای کاری خەلاف و دەرمان نەکەون!.

کابرا دەیەویست کە ئامۆژگاریمان بکات، وای ئەزانی کە بۆ کار و پارە چووین بۆ بەندەرعەباس.

ئیبراهیم: کاکە بەس دەمانەوێت کە خزمەکانمان بدۆزینەوە، هیچی ترمان ناوێت.

کابرا هەر لە خۆیەوە وتی: دەبێت کە بڕۆن بۆ ناوشار لەوێ خەڵکی زۆر هەیە، بەشکە لە ناو کوردەکان ئەوان ببیننەوە.

منیش وتم: لە کوێ سواری ماشین بین بۆ ئەوەی کە بڕۆینە ناو شارەوە؟

کابرا دەستی بۆ مەیدانێک لە خوارەوە ڕاکێشا و وتی: بڕۆن و لەو مەیدانە ڕاوەستن، ماشینەکان خۆیان بۆتان ڕائەوەستن، خوا لەگەڵتان.

---

[20] _ دالگ، دایک.

بەقسەی کابرامان کرد و چووین بۆ مەیدانەکە. ماشینێکی تۆیۆتای باری ڕایگرت و دەرگەی کردەوە، بە پەلە بوو، نەیدەویست کە ماشینەکەی زۆر لە دەوری مەیدان ڕاگرێت: زووبن سەرکەون!.

پرسیاری کرێ لێمان نەکرد. ئیبراهیم: ئاغا نەفەری چەند دەمانبەیت بۆ ناوشار؟.

کابرای ڕانەندە: نەفەری دویست تومەن.

ئیبراهیم سەیری منی کرد و ڕووی کردە کابرا: ئاغا ئێمە بەس دویست و هەفتا تومەنمان پێیە، قبووڵ دەکەیت!؟.

کابرا سەیری کرد و وتی: لەوە زیاترتان پێ نیە؟.

ئیبراهیم: نە بە خوا لەوە زیاترمان پێ نیە.

کابرا: قەی ناکات، کێشەیەکی گەورە نیە، لەش و ماشین سەلامەت بێت!.

گەیشتین بە بازاڕی شاری بەندەرعەباس و لە شوێنێک دابەزین کە کۆیەکی زۆر لە خەڵک کۆ بوو و دەنگ و هەرایەکی زۆریان دروست کردبوو. چەند کەسم بینی بە جلی کوردیەوە. نزیک بوومەوە: کاکە ئێوە کوردن؟.

یەکێک لەوانە کە کوڕێکی گەنج بوو: ها، چە ئێژی ئابرا!؟.

ئیبراهیم: بۆ خەڵکی کرماشان دەگەڕێن... هەندێک لە خزمەکەنمان لێرەن.

کوڕە گەنجەکە: کرماشانی چە ئەکات لە بەندەرعەباس ئابرا!.

پیاوێکی تر کە لە تەنیشتی دانیشتبوو: بۆ گاڵتەیان پێ ئەکەیت!؟ (سەیری ئێمەی کرد و بە ڕوویەکی باوکانەوە) ئێمە کرماشانی لێرە ناناسین، بگەڕێن بەشکە کەسێکتان دۆزیەوە.

من و ئیبراهیمیش لە نێو خەڵکەکە گەڕاین و هەرچیمان کرد کەسێک نەبوو کە خەڵکی کرماشان بێت. نائومێد بووین لەوە کە خزمەکانمان بدۆزینەوە. بە هەنگاوی شەکەت و یەواشەوە کە نەماندەزانی بۆ کوێ بچین و ڕوو لە کوێ بکەین، جادە بە جادە و کۆڵان بە کۆڵان دەگەڕاین.

ئیبراهیم وەرەس و تووڕە: ماموستا پوردڵ لەم شارەیە، هەرهەموو شارەکە دەگەڕێن، هەر دەیدۆزینەوە!.

گەورەیی بەندەرعەباس و شەکەتی و هیلاکەتی خۆمان زۆری پێمان هێنابوو و وەرەس بووین لەو شڵەژاویە.

زۆر ئەمسەروئەوسەرمان کرد و پرسیارمان لە خەڵک دەکرد، هەرکەس و ناونیشانێکی بە ئێمە دەدا. لە کۆڵانێک چووینە ژوورەوە و سەیرم کرد کە کوڕێک بە ڕوومانەوە دێت، لە خوماری دەتوت بە سینگەوە ڕێ دەکات. منیش نزیک بوومەوە و ڕێم لە کوڕەکە گرت و پرسیارم لێ کرد: ئاغا.... ئاغا... ئەزانی ماڵی ماموستا پوردڵ لە کوێوەیە؟.

کوڕەکە کە تەوانی ئەوەی تێدا نەبوو سەری بگەڕێنیتە لاوە و سەیری من بکات، دەستی بە تووڕەیی بەرز کرد و وتی: ئاخر من چووزانم کە مەلا پوردڵ چ سەگبابێکە!.

ئیبراهیم بە من وتی: ئاخر تۆ مرۆڤ نەمابوو پرسیاری لێ بکەیت جگە لەم دەرمانخۆرە نەبێت، ئەمە تاقەتی خۆشی نەبوو (ئیبراهیم پێکەنی).

گەڕانەکانی ئێمە وەڵامی خۆی دایەوە و کابرایەک بە ئێمەی وت کە بۆ ئەوەی ماموستا پوردڵ بدۆزنەوە، دەبێت کە بڕۆن بۆ مزگەوتی مەلا موحموود. پاش چەند کاتژمێر گەڕان، مزگەوتی مەلا مەحموودمان دۆزیەوە و لە دەوری دەسووڕاینەوە، زۆرمان پێ خۆش بوو، وەک ئەوە کە لە دەوری ماڵی خوا دەسووڕێنەوە. نانەوایەک لە پێش مزگەوتەکە بوو و بۆنی نان بە سەرولوتماندا دەچوو. پارەشمان پێ نەبوو کە نان بکڕین و بیخۆین. هەر سەیری یەکدیمان دەکرد و پێدەکەنین!.

ئەوەندەی نەبرد و کابرایەکی بە تەمەن هات و دەرگەی مزگەوتی بۆ نوێژی نیوەڕۆ کردەوە. بە پەلە خۆمان بە کابرا گەیاند و سەلاممان لێ کرد. کابرا وەڵامی بە پێکەنین دایەوە و وتی: فەرموون، وەرنە ژورەوە، ئەوە شوێنی دەستنوێژە.

ئیبراهیم: ئێمە هاتووین بزانین ماڵی ماموستا پوردڵ لە کوێیە؟.

کابرا بە سەیرلێهاتن: ئێوە ماموستا پوردڵتان بۆچیە!؟.

منیش وتم: دەبێت ببینین، کێشەیەکی گەورەمان هەیە.

کابرای مجێور: باشە، با نوێژی نیوەڕۆ بکەین، ئەوکاتە دەچین بۆ ماڵی مامۆستا.

ئیبراهیم: ئێمە نوێژ قەسر و جەمع دەکەین، خۆمان دەیخوێنین.

ئێمە لەشمان بە نوێژەوە نەبوو، لەش و جلەکانمان خاوێن نەبوو، نەماندەویست کە ئەوە بە کابرای مجێور بڵێین، شەرممان دەکرد. لە حەوشی مزگەوت دانیشتین و چاوەڕوانی ئەوە بووین کە نوێژی نیوەڕۆ تەواو بێت و کابرا بێتە دەرەوە.

پاش ئەوەی کە خەڵک هەرهەمووی لە مزگەوت چووە دەرەوە، کابرای مجێور بە ڕوویەکی خۆشەوە هات و پێش ئێمە کەوت. چەند کۆڵان ئەولاتر لە پێش دەرگەی بینایەکی دوو قاتی ڕاوەستا و دای لە زەنگی ماڵەکەوە. کابرایەک وەڵامی دایەوە: بەڵی؟.

مجێوری مزگەوت: مامۆستا پوردڵ لە ماڵە؟.

کابرا: نە لە ماڵ نیە، چەند کاتژمێری تر دێتەوە، کارێکتان هەبوو؟.

مجێوری مزگەوت: میوانی تایبەتی خۆی هەیە، دەڵێن کە دەمانەوێت مامۆستا ببینین.

کابرا بە مجێوری وت: تکات لێ دەکەم کە بیانبەیت بۆ مزگەوت و لەوێ ئاگات لێیان بێت و خزمەتیان بکەیت، زۆر مەمنون دەبم.

مجێوری مزگەوت: باشە بەسەر چاوان، میوانی عەزیزی خۆمن.

ئێمەش شەرممان کرد کە ببین بە میوانی مجێور، ئیبراهیم وتی: ئێمە ئەچین و ئەگەڕێن و بۆ نوێژی عەسر دێنەوە بۆ مزگەوت، ئاوەها باشترە، بەشکە کارتان هەبێت.

مجێور: چاوەڕێتان دەکەم، ها!.

ئێمەش خواحافیزیمان کرد و لێ جیا بووینەوە و چوینە سەرجادەی سەرەکیەوە.

ئیبراهیم: ئیتر پێموایە کە ناتوانین ئاوەها لە خۆمانەوە لە خەلیجی فارس لەو ئاو و دەریا گوزەر بکەین، ئەمە ئیتر کۆتاییە و ناتوانین کە لە زیاتر بڕۆین!.

هەستم کرد کە ئیتر ئیبراهیم بە ئەنجامێکی زۆر گەورە گەیشتووە کە ئەڵێت، ئیتر لە خەلیج ناتوانین گوزەر بکەین. منیش بزگەیەک لە خۆشی ئەو کۆتاییە گرتمی: ئەی چی بکەین!؟.

ئیبراهیم: کاتی ئەوە هاتووە کە تەلەفۆن بۆ ماڵەوە بکەین و پێیان بلێن کە لە مزگەوتەکەی مامۆستا پوردڵین و حاڵمان باشە.

خۆشیەکی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، پاش ئەو هەموو دەرد و سەختیە دای بەسەر گیان و دڵمدا. لەوە دڵنیا بووین کە پاڵدانی ئێمە بە مامۆستا پوردڵەوە، دەبێتە هۆی ئەوە کە لە گەڕانەوەدا وەک قارەمانێک سەیرمان بکەن.

ئیبراهیم: دەبێت کە شوێنێک بۆ تەلەفۆن کردن بدۆزینەوە.

لەسەر جادەکە ڕاست و ڕاست چووین و دوکانێکی تەلەفۆن کردنمان دۆزیەوە و چووینە ژوورەوە. کابرایەک بە جلی عەرەبیەوە لەوێ بوو. باسی خۆمان کرد کە پارەمان پێ نیە و زۆر پێویستە کە تەلەفۆنێک بکەین. کابرا قبووڵی کرد و گوشی تەلەفۆنەکەی بە ئیبراهیمدا کە ژمارەکە بگرێت.

ئیبراهیم سەیری کابرای کرد: ئاغا بە خوا پارەکەت بۆ دەهێنینەوە.

خاوەن دوکان: تەلەفۆنەکەت بکە، گرنگ نیە.

ئیبراهیم سەیری منی کرد و پێکەنینێک گرتی: تۆ قسە بکە!.

منیش هەستەکانم دەکولا و دەست و گیانم دەلەرزی: نە... نە.... بە خوا خۆت دەبێت کە قسە بکەیت.

ئیبراهیم بە نەرمی و لە ترسێکدا کە خۆشی پێوە بوو، نەرم نەرم ژمارکەی گرت و چاوەڕێ بوو، منیش گوێم لە زەنگەکان بوو.

دەنگێک هات: ئەلۆ... ئەلۆ....

ئیبراهیم گتێکی کرد و خۆی پێوەنا: ئەلۆ... من ئیبراهیمم....

دەنگەکە: ئیبببببببببببببببببببببببراهیم.... ئیبراهیمە خوایە گیان!.

هەستم کرد کە کۆیەکی زۆر لە خەڵک لە پشتەوەی تەلەفۆنەکە کۆبوونەتەوە.

دەنگی خاڵم هات: ئیبراهیم گیان بە قوربانت بن، ئەوە لە کوێ، لە کوێ باوکەکەم!؟.

ئیبراهیم: کاکە من لە بەندەرعەباسم، لە مزگەوتەکەی مامۆستا پوردڵ.

خاڵم وەک ئەوە کە بەنج بووبێت: ئەی بە قوربانەکەی تۆ بم لە مزگەوتی مامۆستا پوردڵ چی ئەکەیت، ئەی خوایە بەقوربانت بم!؟.

ئیبراهیم سەیری کابرای خاوەن دوکانی تەلەفۆنی کرد، هەستی کرد کە زۆر قسەی کردووە، بە شەرم و ترس لە کابرای خاوەن دوکان وتی: کاکە دوایی خۆمان وەتەک مامۆستا پوردڵ تەلەفۆنت بۆ ئەکەین، خوا حافیزت بێت.

ئیبراهیم تەلەفۆنەکەی داخست و بە خۆشیەکی زۆرەوە بە کابرای وت: ئاغا بە خوا پارەی تەلەفۆنەکەت بۆ دەهێنین، وەعد دەدەم.

لە دوکان هاتینە دەرەوە و هەستێکی سووک بوون، گیانی من و ئیبراهیم گرتبوو. هەستمان کرد کە ئەگەر بگەڕێنەوە وەک دوو قارەمان سەیرمان دەکەن، خۆشی و تامی ئەو کاتە زۆر بوو، تەنیا من و ئیبراهیم ئەمانزانی کە ئەو حاڵە پاش ئەو هەموو ناخۆشیە چ تامێکی هەیە!.

لە ڕێگەدا ئیبراهیم وتی: داواکاریەکت لێ دەکەم!؟.

: چیە!؟.

ئیبراهیم: ئەگەر گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە بە هیچ شێوەیەک باسی ئەم بەسەرهاتە بۆکەس مەکە و مەیگێڕەوە!.

کە وتی مەیگێڕەوە، سەیرم لێهات: ئاخر بۆ؟ بۆچی باسی ڕووداوەکانی ئەم سەفەرە بۆ کەس نەکەین!؟.

ئیبراهیم: هەر ئەوە ئیتر... لەسەری مەڕۆ!.

سەیرم لێ هات کە ئاوەها لەسەر ئەوە دانی جیڕ و چیڕ کردووە، کە قسە لەسەر ئەم چیرۆک و سەفەرە نەکەین. من هیچ وەعدم پێنەدا کە باسی نەکەم. ئەوەی کە بۆ من گرنگ بوو، ئەوە بوو کە چی وای لێ کردووە کە ئەو قسە بکات؟ بۆ پێناخۆشە

باسی ئەم چیرۆکە بکەین!؟ وەک ئەوە کە لە شتێک دەترسێت و دەبێتە هۆی ئەوە کە کێشەی بۆ دروست بکات.

گەڕاینەوە بۆ مزگەوتەکە و لە پێش دەرگی مزگەوتەکە دانیشتین. کابرای مجێور لە ناوەوە هاتە دەرەوە و سەیری کرد کە ئێمە لە پێش دەرگا دانیشتووین. مجێوری ڕووخۆش، ئێمەی بردە ناوەوەی مزگەوت و دەرگەکانی کردەوە و لە حەوشی مزگەوت لەگەڵ ئێمە دانیشت. بە ڕوویەکی خۆشەوە باسی ڕێبازی ئیسلامی بۆ ئێمە کرد و بە ڕوویەکی میهرەبان و باوکانە پرسیاری کرد: ئێوە ماڵی خۆتان بەجێهێشتووە!؟.

ئیبراهیم: بەڵێ!.

مجێوری مزگەوت: بگەڕێنەوە بۆ ماڵی باوکتان.(بە ڕوویەکی ناڕەحەتەوە) ئایا ئەوان ئاگایان هەیە کە لێرەن!؟.

: بەڵێ، تەلەفۆنمان بۆیان کرد.

مجێوری مزگەوت: ئەی نانتان خواردووە؟.

هیچمان نەوت. مجێور زانی کە زۆرمان برسیە، دەستی کردە گیرفانی و شەشسەد تومەنی بە مندا و وتی: بڕۆن هەتا نوێژ تەواو دەبێت، شتێک بخۆن و وەرنەوە بۆ ئێرە، بە خوا ئەگەر لەبەر ئێوەش بێت، شەوان ئەم مزگەوتە دەکەمەوە، خەمتان نەبێت، خوا گەورەیە!.

خۆشحاڵ بووم کە ئەو قسەی کرد، هەر ئەو کاتە یەکسەر بیری ئەو کابرای مجێورە کەوتم کە لە شاری سنە ئێمەی بە پێلەقە لە مزگەوت دەرکرد. هەستم خۆش بوو کە ئەگەر شەو ماینەوە، لەم مزگەوتە دەخەوین.

من و ئیبراهیم لە مزگەوت چووینە دەرەوە و چووینە سەرجادە و لە دوکانێک دوو نوشابەمان کڕی و بە خۆشیەکی زۆرەوە لە بن سێبەری دیواری دوکانەکەوە خواردمان. هەر لەو کاتە بوو کە دەنگی بانگ هات و ئێمەش وردە وردە گەڕاینەوە بۆ پێشە دەرگەی مزگەوت و هەر لەوێ ڕاوەستاین بۆ ئەوە کە مجێور بێتە دەرەوە.

مجێور بە تەزوێ دەستی و خەندەی لێوانی هاتە دەرەوە و وتی: وەرن با بڕۆین، ئینشائەڵا کە مامۆستا لە ماڵی خۆیەتی ئێستە!.

من و ئیبراهیمیش بە خۆشیەکی زۆرەوە بە دوای کابرا کەوتین و دڵمان لێ دەدا کە تا چەند خولەکێکی تر مامۆستا پوردڵ لە نزیکەوە دەبینین.

مجێور زەنگی دەرگەی لێدا و چاوەڕوانی وەڵام بوو. ئێمەش لە خۆشیدا دەمانەویست کە بۆنی باڵای مامۆستا پوردڵ بکەین.

دەرگە کرایەوە و مامۆستا پوردڵ بە باڵای بەرز و ڕوومەتی خەندان و خۆشیەوە هاتە دەرەوە و ئێمەی بە باوەشی خۆی شادمان کرد. باوەشمان بە مامۆستا کرد و وەک ئەوەی کە لە شتێکی گەورە کە بەدوامان بێت و هەڵاتبین، لە باوەشی مامۆستا گریاین و باوەشی مامۆستامان بە توندی بە خۆوە گرت.

مامۆستا پوردڵ کە ئاوەها حاڵێکی بینی، هەستی بەوە کرد کە ئێمە پێویستمان بە موحەببەتێکی زۆرتر هەیە. مجێورەکە خواحافیزی کرد و ڕۆیشت. مامۆستا پوردڵ ئێمەی بردە هۆڵی ماڵەکەی و هەوڵە و جلی هێنا کە خۆمان لە حەمام بشۆرین. ئێمەش هەستمان بە ئاسوودەیی ئەوە نەدەکرد کە خۆمان بشۆرین. دەست و دەم و چاوی خۆمان شۆرد و لە هۆڵەکە دانیشتین. مامۆستا خواردنی بۆ ئێمە هێنا، سینیەک پڕ لە گۆشت و برنج و سەوزە و میوە و شەربەتی میوە. مامۆستا پاش ئەوەی کە خواردنەکەی هێنا وتی: ئێستە بە دڵی خۆتان بخۆن و شەرم مەکەن!

مامۆستا لە هۆڵەکە چووە دەرەوە و من و ئیبراهیم بە خۆشی و پەلە دەستمان بە خواردن کرد.

ئیبراهیم بە خۆشیەوە: وامەزانە کە چووە دەرەوە و ئاگای لێمان نیە، ئێستە لە گۆشە و کونێکەوە سەیرمان دەکات کە بزانێت چۆن نان دەخۆین!

منیش سەیری دیوار و پەنجەرەکانم کرد: وەڵا کەس سەیرمان ناکات، دایوارەکانیش هیچ کون و کەلێکی تێدا نیە!

ئیبراهیم قەپی لە پلە گۆشت دەدا و دەست و دەمی چەور ببوو: ئەزانی کە ماوەیەکە خواردنی ئاوەهامان نەخواردووە؟

تێری سکی خۆمان خوارد و دەست و دەمی خۆمان شۆرد و چاوەڕوانی ئەوەمان کرد مامۆستا پوردڵ بێت. لەوەدا مابووینەوە کە مامۆستا لەبەر ئەوەی کە ئێمە بە ئاسوودەیی نان بخۆین، ئێمەی بەجێهێشت یان ڕەسمی ئەوان وایە کە میوان بۆ

خۆی نان بخوات!؟ ئەوەی کە هەستمان پێ کرد ئەوە بوو کە مامۆستا لەبەر دڵی ئێمە چووە دەرەوە، لەبەر ئەوەی کە ئەیزانی شەرم دەکەین.

مامۆستا بە ڕوویەکی خۆشەوە هاتەوە: بەخێر هاتنەوە ئەی بەندەکانی خوای گەورە، ئەی موسافرە خۆشەویستەکان!.

مامۆستا سینیەکەی برد و هاتەوە. بۆ ئێمە سەیر بوو کە بۆ چی منداڵ و ژنی مامۆستا دیار نین و نایەنە ژووری میوانەوە.

مامۆستا بە قۆریەک چا و قەندەوە هاتەوە و دانیشت و بە هەستێکی زۆر نزیکەوە: ئێوە کێن!؟ چیتان بەسەر هاتووە!؟.

منیش باسی حاڵی خۆمان کرد، کاتێک کە لە تەنیشت ڕووبارەکەی ئەڵوەنەوە بووین تا ئەو کاتە کە لە ماڵی مامۆستا بووین. مامۆستا وەک چیرۆک و بەسەرهاتێکی شایستەی گوێ گرتن، بێدەنگ گوێ لە من دەگرت.

پاش ئەوەی کە گێڕانەوەی چیرۆکی من تەواو بوو، مامۆستا هەناسەیەکی گەورەی لە سینگی دەرکرد و وتی: ئەی خوای من، ئێوە چ بەسەرهاتێکتان هەبووە، باوەڕ ناکرێت، خوای گەورە بەزەیی بە ئێوەدا هاتووە کە بەسەلامەت گیانتان دەرکردووە، ئێوە سەفەرنامەیەکی گەورەتان لەلایە کە بۆ گێڕانەوە باشە!.

مامۆستا لە شوێنی خۆی هەڵسا و قۆری و پیاڵەکانی هەڵگرت: ئێوە ڕاستیخوازە گەورەکانن، ئافەرین و ڕەحمەت لە هەنگاوەکانی ئێوە!.

مامۆستا هاتەوە و وتی: دەبێت کە ماڵەوەتان ئاگادار بکەنەوە.

ئیبراهیم: ئەمڕۆژ بەوانمان وت کە لە کوێین.

مامۆستا: وتتان کە لە ماڵەکەی من لە ئاسایشدان؟.

مامۆستا سەرودەستی لێمان نزیک کردەوە: تکاتان لێ دەکەم کە ژمارەی ماڵی خۆتان بدەن بە من بۆ ئەوەی کە پەیوەندیان پێ بکەم و بارودۆخی ئێوەیان بۆ باس بکەم.

ئیبراهیم ژمارەی ماڵی خۆیانی بە مامۆستادا. مامۆستا لە شوێنی خۆی هەڵسا و وتی: ئێوە ئیسراحەتێک بکەن و سەرخەوێک بشکێنن، ئەزانم کە زۆر هیلاک و ماندوون.

من و ئیبراهیم دوو پێخەفی هاوینەمان بە خۆماندا و سەرمان لەسەر بەتانی دانیا و دەمانەویست کە بخەوین. هەرچیمان دەکرد، بیر و خەیاڵات نەیدەهێشت کە بخەوین. کاتژمێرێکی نەبرد و بە دەنگی دەرگە و بیانۆی ئاودەست، وامان پیشاندا کە لە خەو هەڵساوین. دەمانەویست کە قسەی زۆرتر لەگەڵ مامۆستا بکەین. مامۆستا هات و بە ڕوویەکی خۆشەوە شووتی و میوەی هێنا و دانیشت.

مامۆستا: لەگەڵ ئاغا نادر قسەم کرد( مەبەستی باوکی ئیبراهیم بوو) باسی ئێوەم بۆی کرد و وتم کە دڵنیا بن کە منداڵەکان شوێنیان خۆش و ئاسوودەیە.

ئیبراهیم بە ڕوویەکی پڕ لە ترسەوە: ناونیشانی ئێرەت پێیاندا!؟.

مامۆستا: دەبێت کە بڵێم لە کوێن، ئەوان لەبەر ئێوە ژیانیان لێ تێک چووە!.

ئیبراهیم: ئاخر ئەوان دێن و دەمانبەنەوە بۆ کرماشان!.

مامۆستا: ئاغا نادر وتی کە چەند دەستە لە پیاوەکان لە شارەکانی ئێران بۆ ئێوە دەگەڕێن، وتی کە ئاغا هادی کوڕی، لە شاری شیراز بووە و ئێستە لە ڕێ شاری بەندەرعەباسدایە.

ترس و هەراس من و ئیبراهیمی گرت. مامۆستا هەستی بەو ترسە کرد.

مامۆستا: ناڕاحەت مەبن، من ناهێڵم کە هیچ کێشە و نیگەرانیەکتان بۆ دروست بکەن، هەرچیتان بوێت ئەوە ئەنجام دەدرێت، بە من بڵێن کە ئێستە چی دەتوانم بۆ ئێوە بکەم؟.

ئیبراهیم: مامۆستا تکات لێ دەکەین کە ئەگەر لەم شارە حوجرە و خانەقایەک هەیە، کارێک بکەیت کە وەرمانگرن و لێرە دەست بە خوێندن بکەین و ئیتر نەگەڕێنەوە بۆ بارودۆخی ڕابردووی خۆمان.

مامۆستا: لێرە قوتابخانەیەکی دینی هەیە کە هی براکەی مامۆستا زیاییە(ضیائی) ئەگەر پێتان خۆش بێت دەچین و سبەی سەردانی ئەو قوتابخانە دەکەین.

بەو قسە دڵمان خۆش بوو کە ئەمشەو لە ماڵی مامۆستا دەمێنینەوە، وە خاڵی تری گرنگ ئەوەیە کە حوجرەیەک هەیە کە بتوانین تێدا بخوێنین. ئەمە بووە هۆی ئەوە کە هەست بە ترسی زۆر نەکەین.

مامۆستا: ئێستە هەستن بۆ ئەوەی کە پیاسەیەکی لێوارەی دەریا بکەین، ئەزانم کە نەتانبینیوە!.

لەگەڵ مامۆستا هەڵساین بۆ ئەوە کە بڕۆینە دەرەوە، لە ناکاوە دەنگی دەرگە هات. مامۆستا چووە دەرەوە و دەرگەی کردەوە. ئێمەش لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوەمان دەکرد. سەری هادی برای ئیبراهیمم بینی. ترس گرتمی: ئیبراهیم، ئەوە هادی براتە، بە خوا تەواو بوو!.

ئیبراهیم ترس گرتی و دەمی لە سەیرلێهاتن کرایەوە: ئەوە چۆن بەم زووییە گەیشتن بە بەندەرعەباس!؟.

مامۆستا هات و بانگی ئێمەی کرد. چووینە دەرەوە. هادی لەگەڵ خزمێکمان هاتبوو. بینینی مامۆستا ئەوانی بەنج کردبوو. وەک ئەوە کە هیپنۆتیزم کرابن. هادی لەبەر مامۆستا و خۆشی و عەشقێک کە بۆ مامۆستا هەیبوو، ئەوەندە ئاگای لە ئێمە نەمابوو، ڕووی لە مامۆستا بوو، لەبەر ئەوە کە یەکەمجار بوو کە مامۆستایان لە نزیکەوە دەبینی. خەیاڵیان بۆ ئەوە نەدەچوو کە لەگەڵ مامۆستا پوردڵ بین!. ئێمەیان بینی و دەستمۆچانیان لەگەڵمان کرد و بە ڕوویەکی خۆشەوە: ئێوە ئاو و ئاگرتان لە ئەو خەڵکە بەردا، دونیا بە شوێنتان گەڕاوین، بیرمان بۆ هەموو شوێن ئەچوو جگە لە مامۆستا پوردڵ نەبێت!.

مامۆستا: ئاغا هادی دەڵێت کە دەبێت لەگەڵ من بگەڕێنەوە بۆ کرماشان، چی دەڵێن؟ بە ڕای من ئەگەر بگەڕێنەوە باشترە، لەبەر ئەوە کە خوێندنتان هەیە، ساڵی داهاتوو، پاش ئەوەی کە ناوەندیتان تەواو کرد، دەتوانن کە بگەڕێنەوە بۆ ئێرە و لە قوتابخانەکەی مامۆستا زیائی ناونووسی بکەن و بخوێنن.

من و ئیبراهیم زانیمان کە ئیتر هیچ ڕێگەیەکی دەرچوون نەماوە. هەستمان بەوە کرد کرد کە مامۆستا پوردڵ هەر ئەوەندەی توانیوە بکات کە نانێک بە ئێمە بدات و پەیوەندی بە ماڵەوەی ئێمە بکات.

سەرمان کردە خوار و هادی دەستی خواحافیزی بۆ مامۆستا درێژ کرد و مامۆستاش باوەشی بە ئێمەدا کرد و وتی: نارەحەت مەبن، ماڵەوەتان بۆ ئێوە زۆر نیگەرانن، دەبێت کە بگەڕێنەوە.

خواحافیزیمان لە مامۆستا پوردڵ کرد و لەگەڵ هادی و برادەرەکەی سواری پەیکان بووین. لەسەر جادەکەدا دەچووین کە دوکانی تەلەفۆنەکەم بینی. بە پەلە دەستم درێژ کرد و وتم: هادی تو خوا لێرە بوەستە، لەو دوکانە تەلەفۆنمان کرد و پولمان پێ نەدا، تو خوا بچۆ و پولەکەی پێ بدە، وەعدماندا کە پولەکەی پێ بدەینەوە، تو خوا **!؟**

هادی لە ماشین چووە خوارەوە و منیش لەگەڵی چووم. هادی سەلامی کرد و وتی: ئەم کوڕە بەیانی تەلەفۆنی کردووە و پولی پێ نەبووە، پولەکەی چەند دەبێت کە بیدەینەوە. کابرا پارەیەکی وەرگرت و سەیری منی کرد، گلێنەی چاوی بە پرسەوە سەیری منی دەکرد. هەستم کرد کە پرسیارەکەی ئەوەیە: تۆ چۆن بیری ئەوە کەوتیت کە پولەکەی من بهێنیتەوە **!؟**

لە دوکانە چووینە دەرەوە و سواری ماشین بووین.

ئیبراهیم: کاتێک کە هاتین لە باباغوڵام دابەزین، کەسمان نەدۆزیەوە **!؟**

برادەرەکەی هادی کە ناوی عەلی بوو: ماڵتان ئاوەدان، دەبوو بهاتبایەن بۆ شەهرەک نامجوو، ئێمە لە شەهرەک نامجوو دەژین.

منیش دەستم وەک چەپۆکە کوتا بەسەری خۆمدا: ئای بە خوا ئەو ناوەم پێشتر شنەفتبوو[21] ، ئەمزانی کە ئێوە لەوێ ئەژین، چۆن لە بیرم چووبوو **!؟**

هادی: ئێمە ئەمڕۆژ ناچینەوە بۆ کرماشان، چەند ڕۆژ لەگەڵ برادەرەکانم دەبین و پاشان دەگەڕێنەوە، باشە؟ (پرسیاری لە ئێمە دەکرد).

ئیبراهیم: باشە، هەرچی کە خۆت بێژی.

لەگەڵ هادی و عەلی چووین بۆ شەهرەک نامجوو کە نزیک لە باباغوڵام بوو و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەوێ ماینەوە، وە هەر لەو چەند ڕۆژە بوو کە چووینە لێوارەی

[21] _ شنەفتن، شنەوتن، شنین، بیستن.

دەریای خەلیج و لە شاری بەندەر عەباس گەڕاین و ئیسراحەتمان کرد و بە دڵی خۆمان لە هەوای شێداری بەندەرعەباس لەبەر هەواگۆڕە گازیەکان دەخەوتین.

## گەڕانەوە بۆ کرماشان

پاش ئەوەی کە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە شەهرەک نامجووماینەوە، کاتی ئەوە هات کە بگەڕێینەوە بۆ کرماشان. براکەی ئیبراهیم بۆ ئەوەی کە دڵداری ئیبراهیم بدات، دووچەرخەیەکی بۆ کڕی و بە ماشینەکەوە بەستی و ناوی خوایان لێ هێنا و بەڕێ کەوتین.

من و ئیبراهیم لەوە خۆشمان بوو کە لە بێ شوێنی و بێ خواردنی، ڕزگارمان بووە. بەڵام ئەوەی کە وەک هەوری ڕەش دڵی ئێمەی گرتبوو، ئەوە بوو کە کەسێکی ژیر و دانا نەبوو کە وەک باوەش و دەستێک بێت کە بەجێمان نەهێڵێت و پێوە ئارام بگرین.

بە قسە و فشەکانی برادەرەکەی هادی گەیشتین بە شاری کرماشان و لەوێشەوە چووین بۆ شاری سەرپێڵی زەهاو. لە ڕێگەدا خۆمان بە چکۆلە و شکەست خواردوو دەزانی، کە وەک دوو ئەسیری شەڕ گەڕاوینەتەوە و دەست و پێمان بەستراوەتەوە. کاتێک کە گەیشتین بە حەیەوەند، بیری ئەو کاتەم دەکرد کە من و ئیبراهیم چاوەڕوانی ماشینێکمان دەکرد کە بۆمان ڕاوەستێت. حەسرەت و خۆشیەکی زۆری تێدا بوو، هەستم دەکرد، منێک کە گەڕاومەتەوە، زۆر دوور و جیاوازم لەوەی کە چووبووم.

ورده ورده لە شار نزیک بووینەوە و ماشینەکە لایدا بۆ گەڕەکی میراس فەرهەنگی. منداڵەکانی ڕەفیقی ئێمە لە زەوی تۆپاندا خەریکی تۆپان و گەمە بوون. بزگەیەکی مانادار گرتمی، لە دڵی خۆمدا وتم: خوایە گیان من و ئیبراهیم بۆ ڕاستی و ناسین سەفەرێکمان کرد و لە مەرگ نزیک بووینەوە، لە کاتێکدا کە دۆستانی منداڵی ئێمە، هێشتا لە زەوی تۆپان خەریکی گەمە و خۆڵە پۆتە کردنن**!؟** ئەو هەست و پرسیارانە بۆ من جێگەی شکۆی زۆر بوو، وەک پەلەوەرێک کە لە پەنجەرەیەک دێتە ناوەوە و بۆ چوونە دەرەوە، خۆی بە دەر و دیواردا دەدا. هەروەها ئەو هەستانە، زوو لە گیانی من دەردەچوو. لەبەری ئەوە کە ئەو هەستانە لە دەروونی منداڵێکی سێزدە ساڵە گەر بمێنێت، زوو گەورە و پیری دەکات. هەروەها ش بوو، بە خوا ئەو

هەست و هەناسانە وەک پەلەوەرێک دەهاتە ژوورەوە و دەچوو دەرەوە و دەهاتەوە و ئەوەندە خۆی بە دەر و دیواری مندا دەکوتا، منی ژیر و پیر و میر کرد.

ماشینەکە لە دەرگەی ماڵەوەی ئیبراهیم نزیک بووە و ڕاوستا. خەڵکێک لە دەرگی ماڵەوەیان دەهاتن و دەچوون. چەند منداڵ کردیانە هەرا و بە خەندەوە ڕاوەستان کە ئێمە ببینن. لە ماشین دابەزین و خاڵم و خاڵۆژن و دایکم و باوکم، بە خەندە و شادمانیەوە هاتنە دەرەوە. خەندەکەی باوکمم لە بیرە، هەستی بە شانازی دەکرد کە ئێمە مامۆستا پوردڵمان بینیوە و لەلای ئەو گەڕاوینەتەوە.

خاڵم دەستی کردە ملی ئیبراهیم و ماچی کرد: باوکەکەم چیت کەم بوو کە ئاوەها بەجێمانت هێشت!؟.

خاڵم ماچی ئیبراهیمی کرد و دەستی کردە ملی من و ماچی منیشی کرد. دایکم و باوکم سەر و چاوی من و ئیبراهیمیان ماچ کرد. خەڵکی تر ڕاوەستابوون کە ئێمە دەستمۆچانیان لەگەڵدا بکەین. براکانم و منداڵەکانی خزممان شاد و خەندان بوون. منیش سەیری ئەوانم دەکرد و بزگە دەمیگرتەوە.

زۆر ماچمانیان کرد و چووینە ژوورەوە و لە هۆڵی ماڵی خاڵم دانیشتین و چاییان هێنا و خەڵک دەهات و چاو و دڵ ڕۆشنیان لە باوکم و خاڵم دەکرد. ئێمە لە ماڵی خۆمان وەک میوان دانیشتبووین و چاییمان دەخوارد. سەیری دایکم کرد، ڕوومەتی ئەوەندەی تر هیلاک و ماندوو بوو، دەتوت کە بۆ ماوەیەکی زۆر خەوی لێ نەکەوتووە. باوکم وەڵامی قسە و پرسیاری میوانەکانی دەدایەوە. ماڵەوەی خاڵم زۆر شلوخ و هەرا بوو، کەس قسەی کەسی نەدەبیست. خاڵم لە تەنیشت ئیبراهیم دانیشتبوو و زوو زوو ماچی دەکرد.

خزمێکمان سەیری من و ئیبراهیمی کرد و بە دەنگی بەرزەوە وتی: ئەزانن کە چیمان بەسەر هات لەم ماوەدا!؟ شوێن نەما کە نەچین، خەستەخانە و بەندینخانە و مردووخانە و شێتخانە و هەر شوێنێک کە ئێوە خەیاڵی پێوە بکەن، ئێمە واماندەزانی کە شتێکتان بەسەر هاتووە، خوا ڕەحمی کرد کە سەلامەتن!.

ژنێکی خزممان لە تەنیشت منەوە دانیشتبوو: بەو خوا ڕۆڵە گیان بە ژن و کەنیشک و منداڵەوە لە سەر چەمەکان و دۆڵەکان و دەراوەکان دەگەڕاین و بە دوای ئەوە

بووین کە بتاندۆزینەوە، دەترساین کە گورگ و ئاژەڵ ئێوەی خواردبێت. داگات[22] کە ئێستە لێرە نیە، لەسەر چەم و دۆڵەکان دەگەڕا و سەرمۆری دەهێنا و هاواری دەکرد بۆ قاپی خوا کە ئێوە سەلامەت بن.

مامی ئیبراهیم: ئەگەر تا ئێستە هەواڵمان لە ئێوە نەزانیبایەت، ئەوە ناوتان دەچووە ڕۆژنامەکان و وەک منداڵی ون بوو دەناسران، پەیوەندیمان بە ڕۆژنامەکانەوە کرد.

کوڕە مامی باوکم: دەستەیەک لە ئێمە دەیەویست کە بۆ بەلوچستان و ئەو شوێنانە بچوات.

دایکی ئیبراهیم: بە خوا ئەم نادرە(مەبەستی مێردەکەی خۆی بوو) تووڕە بوو و بە هادی دەوت هەتاوەکو ئەم کوڕانەتان نەدۆزیوەتەوە نەگەڕێوە بۆ ماڵەوە.

باوکم: بیرمان بۆ هەر شوێن دەچوو، جگە لە بەندەرعەباس و مامۆستا پوردڵ نەبێت!.

دایکم: ئاژەمان تێبەربوو، خەڵکی دۆست و دراوسێ پێمانەوە هیلاک بوون، هەر نەماندەزانی کە شەو و ڕۆژ چۆن دێت و دەچێت!؟.

منداڵێک کە خزممان بوو پاش ئەوەی کە دایکم قسەکانی تەواو کرد، بە پەلە دەستی بە قسە کردن کرد، دەترسا کە کەسێک بداتە ناوی قسەکانی و قسەکانی پێ ببڕێت: بە خوا مناڵەکان لە زەوی تۆپان و گەمە کردن هەر باسی ئێوەیان دەکرد... دەیانەوت...

پیاوێکی خزممان قسەی بڕی: خوا ڕەحمی پێتان کرد!.

منداڵکەکە دیسان بە ترسەوەکە کە کەسێک قسەکەی نەبڕێت و زوو قسەکەی تەواو بکات: بە خوا... مناڵەکان ئەیانەوت...

خاڵم قسەی بە منداڵەکە بڕی: ئەی ئێوە بە بێ پارە و بە نەزانیەوە چۆن گەیشتن بە بەندەر عەباس!؟.

---

[22] _ داگا، داپیر.

سەیری ڕوومەتی منداڵەکەی خزممان کرد، و لە دڵی خۆمدا وتم: خۆزگە من و تۆ تەنیا دەبووین و تۆ باسی ئەو خەڵکەت بۆ من بکردبایەت!.

ئیبراهیم پێکەنی و ڕوومەتی تۆزێک سوور بووەوە. نەیدەویست کە باسی هیچ بکات: تو خوا لەسەر ئەوە مەڕۆن!.

سەیری ناوچاوانی ئیبراهیمم کرد، هەستم کرد کە نایەوێت باسی هیچ بکات. کەسیش وەڵامی ئەوەی بۆ گرنگ نەبوو. کەس بۆی گرنگ نەبوو کە ئێمە چۆن بە سێهەزار و سەد تومەن گەیشتین بە ماڵی مامۆستا پوردڵ!؟.

خواردنی ئێوارەمان لە ماڵی خاڵم خوارد و من و باوکم و دایکم و چەند ژن و پیاوی خزممان هەڵساین کە بگەڕێنەوە بۆ ماڵی ئێمە. خاڵم وتی: دەبێت کە بەیانی بیانوەین بۆ ئیدارەی پۆلیس، بۆ ئەوەی کە پێیان بڵێین دۆزراونەتەوە.

باوکم وتی باشە. لە ماڵی خاڵم هاتینە دەرەوە. لە ڕێدا برا چکۆلەکەم دەستی منی گرت و باسی منداڵەکان و قوتابخانەی بۆ من کرد: بە خوا ئێوە نەون لە قوتابخانە منداڵەکان هەرهەمووەمان ئیتر ئەو خۆشی و گەمەی جارانە لە ناومان نەبوو، وەتەکی یەک لە حەوشەکەی قوتابخانە دادەنیشتین و هیچی تر، جار و بار لە ناوی منداڵەکان دەگریام... بەخوا... بەخوا زۆر ناخۆش بوو.... کاکە گیان مامۆستاکان هەواڵی ئێوەیان لە ئێمە دەپرسی... ئاغای موعاون دەیەوت براکەت لە کوێیە؟ منیش دەستم بە گریان دەکرد... وام ئەزانی کە ئێوە مردوون.... هەر کەسێک کە باسی مردنی بکردبایەت ئەوە ئێمە دەستمان بە گریان دەکرد.

دایکم: ئەم ماوە جارێکیش خواردنم دروست نەکرد!.

برا چکۆلەکەم کە ئەو قسەیە لە زوبانی دایکم بیست: بە خوا ئەگەر بزانی کە ئێمە ئەم ماوە چیمان خواردووە، هەر باوەڕ ناکەیت، بەخوا بەس نان و ماستمان دەخوارد... هیچمان پێ نەدەخورا.... بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە بەس نان و ماست بوو!.

لە دەرگەی ماڵەوە چووینە ژوورەوە و بیری ئەو ڕۆژە کەوتم کە ماڵم بەجێهێشت. بەبێ قسە دانیشتم و بیر و خەیاڵی ڕۆژی یەکەم و شەوی یەکەم لە شاری سنە کە بۆ شوێنی خەوێک و گەرمایەک دەگەڕاین، کەوتمەوە.

باوکم دانیشت و بە پێکەنینێک: ئەیماڵی مامۆستا پوردڵتان چۆن دۆزیەوە!؟.

: لە بەندەرعەباس زۆر گەڕاین.

باوکم: چوونە چ شارانێک؟.

دایکم: ئەو خوا بەزەیی پێیان هاتووە، ڕۆڵە گیان.

مامم: دەبێت کە بەیانی دوای ئەوە کە لە ئیدارەی پۆلیس هاتنە دەرەوە بچی بۆ زەهاو بۆ ئەوەی کە داگات بتبینێت. ئەو زۆر بۆتان گریا و سەرمۆری[23] هێنا، بە خوا شەوان خەوی لێ نەدەکەوت، ئێمەش خەومان لێ نەدەکەوت!.

دایکم و مامۆژنم جێگەی خەویان داخست و ئێمەش چووینە سەر جێگە و قسەکانمان بەردەوام بوو.

برا چکۆلەکەم پێ دەکەنی: دەیانەویست کە بچن بۆ عێراق، بۆ ئەوەی کە شوێنتان بدۆزنەوە.

مامم پاش ئەوەی کە براکەم قسەی تەواو کرد: ڕاست ئەکات، چەند کەس خۆیان بەڕێ خستبوو بۆ ئەوەی کە بچن بۆ کوردستانی عێراق، دەمانەوت کە تۆ لەبەر ئەوەی کە ساڵەکەی پێشتری لە کوردستان بوویت و حەزت لەوێ کردووە، بۆی هەیە کە بە دزیەوە چووبیت بۆ کوردستان!.

مامۆژنم بە پێکەنینێکی خۆشەوە: مامە سابیرت و چەند کەسی تر دەیانەویست کە بچن بۆ بەلوچستان و زاهەدان، هەر دەستەیەک بۆ شارێک و لایەک دەچوون!.

مامم دەستی بەرز کرد و وتی: ئیمامەکە کاک نادر لەم ماوەدا ئەوەندە عەسەبی بوو، دوو ددانی دەرهێنا، دەرد و ئازار لە ددانەکانی دەیدا و ئەویش دەریدەهێنا!.

هەر هەموومان پێکەنین.

باوکم پێکەنی: کەس نەیدەوێرا کە قسە لەگەڵ کاک نادر بکات، دەیەوت ئیبراهیم ئەو کوڕە نیە کە ئاوەهای بەسەر بێت، هەرچی هەیە لە بن سەری تۆیە!.

---

[23] _ سەرمۆر جۆرێکی ئاواز و وتنە کە ژنەکان لە تەنیایی و لە پرسەدا دەیخوێنن. سەرمۆر بە شێوەیەک وەک هۆرەی پیاوانە.

منیش سەیرم لێهات: من!؟ مەبەستی ئەوەبوو کە من وام کردووە کە ئیبراهیم ماڵ بەجێ بهێڵێت!؟.

مامم: کاک نادر چەند جار بانگی یاسینی دەکرد و دەیەوت بە یاسین کە تۆ ئاگات لێیان هەیە کە چوون بۆ کوێ؟ یاسینی داماویش قەسەمی دەخوارد کە هیچ ئاگام لێیان نیە و نازانم کە لە کوێن. کاک نادر هەر دەیەویست کە بە زۆر قسە لە دەمی یاسین دەربهێنێت(مامم پێدەکەنی).

بەو قسانەوە بوو کە خەوێکی شیرین منی برد و ئاگام لە خۆم نەما.

بەیانیەکەی لە خەو هەڵسام و نانی بەیانیم و خوارد و خۆم خستە ڕێ بۆ ئەوەی کە لەگەڵ خاڵم و ئیبراهیم بچین بۆ ئیدارەی پۆلیس.

سواری ماشینەکەی خاڵم بووین و چووین بۆ ئیدارەی پۆلیس. لە ناو ماشینەکە خاڵم وتی: ئەمانتان بووم باسی ئەوە نەکەن کە چوون بۆ بەندەرعەباس و بینینی مامۆستا پوردڵ، باشە!؟ هەر پرسیاریان کرد بەس بلێن کە لەبەر بێ تاقەتی ماڵمان بەجێهێشتووە و ئێستە پەشیمانین.

خاڵم لەوە نیگەران بوو کە قسەیەک بکەین کە باسی مامۆستا پوردڵی تێدا بێت و کێشەی لێ بکەوێتەوە. لە ئێراندا چین و توێژی سونی مەزهەب کێشە و گرفتی زۆریان لە لایەن حکومەتی شیعەوە بۆ دروست دەبێت. خاڵم هەستی بەوە دەکرد کە من و ئیبراهیم ناتوانین کە بە دڵی ئەو قسە بکەین. لە ڕاستیدا خاڵم دەترسا.

بە ماشین گەیشتین بە ئیدارەی پولیس و چووینە ژوورەوە، چەند ئەفسەرێک لەسەر کورسی دانیشتبوون و یەکێکیان پەروەندەکەی ئێمەی کردەوە و ئەوەکانی تر سەیری ئێمەیان دەکرد و چاوەڕوان بوون کە بزانین باسی چی دەکەین.

ئەفسەری پۆلیس خۆی تووڕە دەرخست: بۆ ماڵەوەتان بەجێهێشتووە... ها!؟.

ئیبراهیم ترسا، خاڵم هەستی بەوە کرد بەس بۆ ترساندن خۆی تووڕە کردووە. ئەفسەرەکە سەیری ئێمەی کرد کە قسەیەک بکەین.

ئیبراهیم سەری کردە خوارەوە و هیچی نەوت. خاڵم بە ترسێکەوە هاتە قسە: جەناب سەرکار... ئەم دووانە نەزانیان کردووە و فەراریان کردووە... وەعد دەدەن کە جارێکی تر ماڵەوە بەجێنەهێڵن!.

ئەفسەرەکە دەیەویست کە ئێمە قسە بکەین: زوبانتان بڕاوە کە قسە بکەن... ها.. بۆ شتێک ناڵێن!؟.

منیش وتم: جەناب سەرکار، بە خوا ئشتباهمان کردووە، ئیتر کاری وا ناکەین... وەعد دەدەین.

ئەفسەری پۆلیس دەستی برد بۆ پێنووس و کاغەزەکانی پەروەندەی ئێمەی پڕ دەکردەوە. زانی کە ترساوین و قسەمان پێ ناکرێت.

خاڵم دیسان لە جیاتی ئێمە هاتە قسە: جەناب سەرکار منداڵن و نەزان، بە گەورەیی خۆتان بیانبەخشە، ئیتر دووبارەی ناکەنەوە.

ئەفسەرەکە سەیری خاڵمی دەکرد. خاڵم جۆرێک قسەی دەکرد وەک ئەوە کە هاوکاری ئیدارەی پۆلیس دەکات.

ئەفسەرێکی تر لەولاوە هاتە قسە: جارێکی تر کێشە بنێنەوە زیندانی دەکرێن!!.

ئەفسەری خاوەن پەروەندەکەی ئێمە: دەبێت کە ئیمزامان بۆ بکەن کە جارێکی تر کاری هەڵەی واناکەن، ئەگەر کارێکی ئاوەها بکەن، زیندانی دەبن، ئەزانن کە زیندان چۆنە... ها!؟(ڕوومەتی گرژ کرد).

ئەفسەرەکە کاغەزەکەی بە خاڵمدا بۆ ئەوەی کە ئیمزای بکات. پاش ئەوەی کە خاڵم ئیمزای کرد، کاغەزەکەی بە ئێمەدا بۆ ئەوەی کە ئیمزای بکەین.

پاش وەعد و وەعید لە ئیدارەی پۆلیس هاتینە دەرەوە و سواری ماشینەکەی خاڵم بووین بۆ دوکانەکەی. خاڵم خەندە کەوتە دەمی و بۆ ترساندن: بینیتان کە چۆن قسەی دەکرد؟ ئەگەر جارێکی تر کارێکی ئاوەها بکەن، ئیتر دەتانگرن و زیندانی دەبن... دەبێت کە عاقڵ و ژیر بن و کاری هەڵەی ئاوەها نەکەن، باوکەکەم!.

لەبەر دەرگی دوکانەکەی خاڵم لەگەڵ ئیبراهیم بۆ گەراژی ماشینەکانی دەشتی زەهاو بەڕێکەوتین. لە ڕێگەدا ئیتر وەک ئەو کوڕەکەی جاران نەبووین کە وەک

منداڵ لەسەر جادەکان بەسەر دار و دیواردا هەڵبقونین و گەمە لەگەڵ سێبەری خۆمان بکەین. نتم و نیانیەکی تایبەتی کەوتبووە دەروونی من و ئیبراهیمەوە.

کە گەیشتینە گەراژەکە لە تەنیشتی ماشینێکی جیپ ڕاوەستام و ئیبراهیم خواحافیزی لە من کرد و چووەوە بۆ ماڵی خۆیان. سواری جیپ بووم و بەرەو دەشتی زەهاو بەڕێکەوتم. بیرم لەوە دەکرد کە چۆن بچمە ناوەوەی ئاواییەوە. گەر لەسەر جادەی ئاوایی بۆ ماڵی باپیرم بڕۆشتبایەم، ئەوە خەڵک لە دەوری من کۆ دەبوونەوە. کە گەیشتینە نزیکی ئاوایی بە ڕانەندەی جیپەکەم وت کە کاکە دادەبەزم. دەمەویست کە دەوری ئاوایی بدەم و لە حەوشەی پشتی ماڵی باپیرمەوە بچمە ژوورەوە. خۆم کرد بە ژووردا. داپیرم خەریک بە ژەندنی مەشکە بوو. میمکم کە منی بینی باوەشی کردەوە و بانگی بەردایە داپیرم: ئەوە هاتەوە... بە سێقەت بم!.

داپیرم وازی لە مەشکە ژەندن هێنا و بە ڕوومەتێکی وشک و هیلاک دەستی نیا بە کەلەکەی و لە خۆشی بینینی من ڕاوەستا و خۆشیەکی فراوان کەوتە ناو دەم و چاویەوە. دەستەکانی کردەوە و چاوەڕوانی ئەوە بوو کە خۆم بخەمە باوەشیەوە. داپیرم سەروچاوی منی تێر تێر ماچ کرد و بۆ چەند خولەک منی لە باوەشی خۆی ڕاگرت. گریا و وتی: ئاخر ڕۆڵە گیان تۆ بۆ ئێمەت بەجێهێشت!؟ چ دەردێک لە دڵت بوو کە وای کرد، ئێمە بەجێ بهێڵیت!؟ خوا بمکات بە قوربانت، لە دووری تۆ زۆر داوام لە خوای مەزن کرد کە تۆمان بۆ بگەڕێنێتەوە.

میمکم نەوگنێکی[24] هێنا و لەسێبەری دیواری خانووەکەیان دایخست و منیش دانیشتم و داگام دەستی لە دەستی نیابوو. جاربەجار دەستی منی بەرز دەکرد و ماچی دەکرد.

داپیرم بە پێکەنینێکی شیرینەوە: هەمووی ئێمەت بەجێهێشت، بۆ چی ڕۆڵە گیان!؟.

## گەڕانەوە بۆ ئەبووزەڕ

[24] _ نەوگن، بەرهەمێکە کە لە خوری مەڕ دروست دەکرێت و بۆ ئەوە باشە کە خەڵک لەسەری دانیشێت، یان وەک دۆشەکی خەو بە کار دەبرێت.

پاش ئەوەی کە لە ئاوایی گەڕامەوە بۆ سەرپێڵ، ئیتر دەبوو کە وەک جاری جاران بگەڕێنەوە بۆ قوتابخانەی ئەبووزەڕ و دەرس و خوێندنمان دەست پێ بکەینەوە. لە ڕاستیدا ئیتر ئەوە من و ئیبراهیمی کۆن نەبووین کە گەڕاینەوە بۆ ئەبووزەڕ. سینگی ئێمە فێری کێشانی هەناسەی سارد بوو. سەروچاوی ئێمە قورسی و هەوایەکی تێکەوت کە بووە هۆی ئەوە کە ئیتر وەک منداڵەکانی تر هەڵسوکەوت نەکەین.

ڕۆژی یەکەم بۆ ئێمە ڕۆژی وەڵامدانەوەی پرسیار و لێپرسینەوەکانی مامۆستا و بەرپرسانی قوتابخانە بوو. لە ئیدارەی بەرپرسی قوتابخانەوە بانگی ئێمەیان کرد و ئێمەش چووینە ئیدارەی بەرپرسەوە.

بەرپرسی قوتابخانە: ئەتوانن کە بڵێن ئەم ماوەیە بۆ نەهاتن بۆ قوتابخانە!؟

قسەکانی بەردەوام کرد: دەبێت کە ئیمزامان بۆ بکەن کە ئیتر غەیبەت نەکەن و خۆتان نەدزنەوە لە وانەکانی قوتابخانە!

من و ئیبراهیمیش وتمان باشە و بەرپرسی قوتابخانە کاغەزێکی بە ئێمەدا کە ئیمزای بکەین. نەترساین و ئیمزامان کرد و وتی دەتوانن کە بڕۆنە پۆلەکەتان و لە خوێندنتان بەردەوام بن.

چووینە ژووری وانەکەمان و دانیشتین. زۆرێک لە منداڵەکان ئاگایان لە باس و بەسەرهاتی ئێمە نەبوو. مامۆستایەکمان هەبوو بە ناوی ئاغای بەیگی. هاتە ژوورەوە و دانیشت و سەیری منی کرد. هەر لە دوورەوە ڕووی قسەکانی لە من کرد: تۆ بۆ خۆت لە قوتابخانە و وانەکان دەدزیەوە، ها!؟ وا دەزانی کە کەس لێپرسینەوەت لێ ناکات!؟

منیش بێ دەنگ مامەوە. هیچ قسەم نەکرد و وەک شەمشەمە کوێرە بۆ کون و تاریکی دەگەڕام کە خۆمی تێدا حەشار بدەم.

لە زەنگی پشووی نێوان وانەکان من و منداڵەکان پێکەوە کۆ بووین و دیسان وەک جاران، هەرا و بەزمی جاران دەستی پێ کردەوە.

مامۆستاکان و قوتابیەکان وەک هەڵاتنێک، کە لە ئەنجامی خۆ دزینەوە لە وانەکان و کاتەکانی خوێندن بێت، لێکیان دەدایەوە. هەر لەسەر ئەو لێکدانەوە، ئەو بەسەرهاتەیان لای خۆیان هەڵگرت.

ماموٚستا حەبیب کە ئەو کاتە لە ماموٚستاکانی دەرەوەی قوتابخانەی ئێمە بوو، ئەو بەسەرهاتەی بۆ گرنگ نەبوو و هیچ لێپرسینەوە و قسەیەکی تایبەتی لەسەر ئەو چوونەی ئێمەی نەکرد.

هەرهەموو دەوروبەریەکان بە هەڵاتن لە وانەکانی قوتابخانە و خۆ دزینەوە دەیانناسیەوە، هەر ئەو قسانە کاریگەری لە ئێمە کرد کە ئەو بەسەرهاتە بێکەڵک بزانین و قوڕی بەسەردا بدەین.

پاش ئەوەی کە گەڕاینەوە قسەکەی ماموٚستا پوردڵم لە بیر بوو کە وتی: ئەم کارەی ئێوە بەسەرهاتێکە کە دەبێت سەفەرنامەیەکی لێ بنووسنەوە!.

ئەو قسەی ماموٚستا پوردڵ ئاماژە بە بەهای ڕووداوەکانی ئەم بەسەرهاتەی دەکرد، وەک سەفەرەکانی مارکۆپۆلۆ. ئەگەرنە ئەو قسەی ماموٚستا هیچ بەهای ئەوەی تێدا نەبوو کە ئەو سەفەرە چ کاریگەریەک لە داهاتووی ئێمە دەکات!؟.

پاش ئەوەی کە ماوەیەک گوزەری کرد، دەستم بۆ پێنووس برد و ئەو چیروٚکەم نووسیەوە بۆ ئەوەی کە وردە کاریەکانی ئەو بەسەرهاتە لە بیرم نەچێت و بمێنێتەوە. دەستنووسی ئەو کاتە لێم فەوتا و لەناوچوو. پاش چەند ساڵ دیسان ئەو بەسەرهاتەم وەک چیروٚکێک بۆ وتنەوە نووسیەوە. بە داخی زۆرەوە کە دیسان ئەو دەستنووسە لێم فەوتا و ون بوو. پاش ئەو دەستنووسانە ئیتر نەمنووسیەوە تا لە ئینگلیسدا لەم بەندینخانەیە بۆ جاری سێهەم نووسیمەوە.

لە درێژی ئەم ماوەیە کە ساڵەها بەسەر ئەم چیروٚکە دەگوزەرێت، وەک چیروٚکێکی بەهێز بۆ ژیانی خۆم کەڵکم لێ وەرگرتووە. ئەم بەسەرهاتە وەک ئەزموونێکی قورس و پتەو بوو کە بە خوێن و گیانی خۆم خولقاندم، بۆیە زۆر پڕ بەهایە کە مرۆڤ کەڵک لە ئەو بەسەرهاتانە وەربگرێت کە خۆی دەیخولقێنێت. ئەم بەسەرهاتە وەک کۆڵەکەیەک بووە کە خۆم پێیهەڵواسیوە و خۆمم پێ ژەندووە. دەتوانێت کە نەوەکانی تر بیکەن بە کۆڵەکە و بۆ گرتنەوەی خۆیان کەڵکی لێ وەربگرن.

ئیبراهیم کە ناوی دووهەمی ئەم بەسەرهاتەیە، لەم بەسەرهاتە دوور کەوت و خۆی بە خاوەنی نەناسیەوە و شایستەی گێڕانەوەی نەزانی. من لە درێژی ئەم چەند ساڵە خۆم بە وەرگێڕ و وتەبێژی ئەم بەسەرهاتە دەناسمەوە. ئەم بەسەرهاتە نەک

تەنیا بۆ ئیبراهیم بەهایەکی فراوانی نەبوو، بەڵکو ماڵ و بنەماڵەی من و ئیبراهیم هیچ بەهایان بەو بەسەرهاتە نەدا و پشت گوێیان خست.

ئەم بەسەرهاتە وەک ئەستێرەیەکی ڕۆشن و ڕێنمایە کە وزە و هێزی بەردەوام لە ژیانی من کاریگەر بووە. ئەم بەسەرهاتە وەک وشە و ئەستێرەیەکە کە کەسێک نەزانێت و نەیناسێت، نازانێت کە دەور و بەهای چیە، وە نازانێت و ناتوانێت کە چۆن ڕێگەبەری و ڕێنمایی لێ وەرگرێت!!.

## نێردراوەکان و دانراوەکان

پەنا بە ناوی خوای مەزن دەبەم لە شەڕی ناوەکان. بە ناوی خوای مەزن دەست و گیان پێ دەکەم.

لە دەستە بەندیەک ناوەکان بۆ من دوو دەستەیە:

١_ نێردراوەکان

٢_ دانراوەکان

ناوەکان لە ڕێگە و چوونی مندا دەبنە دوو دەستەوە کە ڕێ و چوونی من بەرەو ئاوەدانی یان ڕووخاندن دەبەن. ناوەکانی وەک نووسەرەکان و بیرمەندەکان و مامۆستاکان و کەسانێک کە دۆستی من بوون یان دەستەیەک کە یارمەتی ڕێگەی منیان داوە یان ئەوانەی کە بە قسەیەک یان جووڵەیەک و وێنەیەک ڕێگەیان بۆ من ئاوەدان یان وێران کردووە، کە بە ناوەکانی دانراوەکان و نێردراوەکان دەیانناسێنمەوە. ئەم داتاشین و پۆلین کردنە، تایبەت بە ژیان و ناوی منە کە دەتوانێت یارمەتی نەوەکانی کورد بدات. من بە ناوی  خوای مەزن بە بیر و ژیری خۆم دیاری دەکەم کە کام لە ناوەکان لە دانراوەکان و کام لە ناوەکان لە نێردراوەکانن.

باسی دوو نموونە لە ناوەکان دەکەم، کە لە پێگەی وەک دانراو یان نێردراو بوون، کە ژیانی منیان بەرەو ڕێگەیەکی تایبەتی ڕوو پێداوە. یەکێک لە ناوە نێردراوەکان، لە ژیانی من کاک عەبدوڵای گوێکوڕی بوو، کە زەمینەی ئەوەی بۆ من

خۆش کرد کە ڕوو لە کوردستانی باشوور بکەم. کاک عەبدوڵای گوێکوڕی لە خزمەکانی داپیرمە کە ساڵی دووهەزاروسێ بۆ سەردانێک لە هەولێرەوە بۆ سەرەخۆشی کردن لە مەرگی باپیرم سەردانیان کردبوو. ئێوارەی ئەو ڕۆژە کە لە ماڵی باپیرم بوون، منیش لەوێ بووم. باسی منیان بۆی کردبوو کە دەرسی دین دەخوێنێت و فەقێیە. کاک عەبدوڵا لەوەی کە من فەقێم، زۆر کەیفخۆش بوو. خۆی کەسێکی بە دین و ئیمان بوو، بە ڕوومەتیەوە دیار بوو. کاتی نوێژی مەغریب بە پێکەنین بە من وتی کە دەبێت بەرنوێژیمان بکەیت. منیش بە شەرمەوە قبووڵم کرد. زۆر بۆ من قورس بوو کە لە پێش ئاوەها پیاوێک ڕوو لە خوای مەزن بکەم. پاش نوێژ و دۆعا و سەڵەوات بە پێکەنینێکی ڕێگەگۆڕانەوە بە منی وت: بۆ هەوڵ نادەیت کە بێت بۆ باشووری کوردستان و لەوێ پەرە بە خوێندن بدەیت!؟.

ئەو کاتە من تازە حوجرەی موحەممەد ئیقباڵی لاهوریم بەجێهێشتبوو، لە دەورەیەکی ناخۆشی لەگەڵ خۆم و ماڵەوەمان بووم. کاک عەبدوڵا دەیزانی کە من وازم لە خوێندن هێناوە و لە ئاوایی ماومەتەوە و هیچ شوێنێکم نیە کە تێدا پەرە بە خوێندن بدەم. هەر ئەم مانەوە بووە هۆی ئەوە کە پێشنیارم پێبکات و دڵ و دەروونم بۆ باشووری کوردستان بکاتەوە.

منیش هەر لەو شەوەوە هەستم بە خۆشیەک دەکرد، هەستم دەکرد کە ئیتر من لە کرماشان بۆ هەولێر دەچم و بە ئاسان ناگەڕێمەوە. کاک عەبدوڵا گەڕایەوە بۆ هەولێر و وەک ئەوەی کە خوا نادربێتی بۆ ئاوایی و پەیخاوێک بە من بدات، لە لای خۆم لێکم دایەوە. ئەو هاتەی کاک عەبدوڵا بۆ ئاوایی ئێمە لەو کاتە کە من لە قەیران بووم، هاتێکی تایبەتی بوو. هەربۆیە من ناوی کاک عەبدوڵام لە ڕێزی ناوە نێردراوەکان دانیاوە. ناوێکی نێردراوی وەک کاک عەبدوڵا بۆ هەمیشە ڕێز و بەهای دەمێنێت و ناوی بە شایستەی ستایش دەیناسمەوە. ئێستە لە ژیان نەماوە و بە ڕەحمەتی خوای گەورە چووە، هەر بۆیە دەبێت کە ناوی خۆی و نەوەکانی بە ڕێز و گەورە دەرببڕم. ناوە نێردراوەکان بە ڕێز و خۆشەویستی لە لای من دەمێننەوە و بە خێر یادیان دەکەمەوە.

یەکێک لە ناوە دانراوەکان لە ژیانی من ناوی حەیدەرە. حەیدەر یەکێک لەو کوردانە بوو کە لە وڵاتی ئینگلیس لەگەڵی ئاشنا بووم و بۆ ماوەی دوو ساڵ وەک دۆست و نزیک لەگەڵ یەکدی هات و چۆمان دەکرد و قسە و باس و بابەتی زۆرمان

کردەوە. ناوی حەیدەر لە ناوەکانی دانراوی ژیانی خۆم دەناسمەوە، لەبەر ئەوەی کە ناوەکانی ئاڵمانی بە تایبەت ناوی فردریک نیچەی بە من ناساند و وەرگێڕانێکی تایبەت و بە هەستی لە ناوی نیچە بۆ من کردەوە.

حەیدەر خەڵکی دەوروبەری شەقڵاوە بوو. لە کوردەکانی ئاوارەی ئێران بوو کە ژیانی بە نەقاشی و نیچە و ئاوارەیی خەریک ببوو. لە کوردستان ئاوارەی ئینگلیس بوو. سوتفە لەسەر جادەیەکی شاری لیورپول بینیم و بانگم کرد و ئەویش بە خۆشیەوە بووە میوان و بۆ ماوەی دوو ساڵ وەک دۆستێک لە دوور و نزیکەوە باس و قسە و تەویری زۆری بۆ من دەکردەوە.

ناوەکانی دانراو، لە ژیانی من بەردەوام نابن و بۆ ماوەیەکی دیار دەردەکەون و شتانێک بۆ من دەکەنەوە و دیاری دەکەن و ڕێگە و ناو و چوونم بۆ ئاسانتر و ڕوونتر دەکەنەوە. ناوەکانی دانراوی ژیانی من لێدان و پێدان لەیەک تێکەڵ دەکەن و بۆی هەیە کە من بڕووخێنن. حەیدەر بوو کە ناوی نیچە و فەیلەسوفەکانی ئاڵمانی بۆ من کردەوە. باسی ناوی یەکێک لە دۆستەکانی بۆم کرد کە فارس بووە و تەوانی ئەوەی هەبووە کە هەرکەس کە بیەوێت هیپنۆتیزمی بکات. حەیدەر لەبەر ئەوەی کە وەک باوا گەورەی، نیچەی بەراز، بێ ئاکار بوو، دەیەویست کە من هیپنۆیتزم بکات. حەیدەر بە منی دەوت کە ساڵێکی تر واز لە نووسین و خوێندن دەهێنیت و هەرهەمووی بە پووچ دەناسیتەوە!.

ئەو قسەیە دەکرد، لەبەر ئەوەی کە دەیزانی بەسەر من زاڵە و دەتوانێت کە قسەکانی تێکەڵی خوێنی من بکات. من ئاگام لێ بوو کە دەیەویست بە قسەکان و هەست و جووڵەکانی من بە هپنۆتیزم یان خواستی شەڕی خۆی کە پێ دەوت بەزەیی لە جۆری نیچەیی، ببەستێتەوە!.

پاش ئەوەی کە دوو ساڵ بەسەر دۆستی من و حەیدەر گوزەرا، وردە وردە بە یەکێک لەو کەسانە ناسیمەوە کە چۆن کەسێک نکۆڵی دەکات کارێک بکات و تۆش دەڵێیت، شەقت تێهەڵ دەدەم و کارەکەتیش پێدەکەم!. هەروەها حەیدەر دەستەیەک ناو و وشە و هەست و هزری بۆ من بە تێهەڵدانی خوا کردەوە!.

هەروەها حەیدەرم لەوانە ناسیەوە کە خوای گەورە شەقی تێهەڵدەدا و ئەوەی کە بۆی دیاری کردبوو، پێ کردی و ئەوەی کە لەسەری بوو بە منی گەیاند. حەیدەر

کەسێک بوو، هاتبووە کە چەند ڕستە و ناو و هەست بۆ من بکاتەوە و بەجێم بهێڵێت.

هەریەک لە ناوەکان کە لەسەر ڕێ و چوونی من دەردەکەون و لە ڕێگە دڵنیام دەکەنەوە و دیاری دکەن کە من دەبێت چی بکەم، بە ناوەکانی نێردراو یان دانراو دەناسمەوە. کاک عەبدوڵا و حەیدەر دوو نموونە بوون. ناوەکانی تر لە ژیانی من دەکەونە نێو ئەو دوو دەستەوە. دەتوانم کە باسی ناوەکانی تر بکەم بۆ ئەوەی کە نەوەکانی کورد بزانن چۆن ناوەکانی لێکبدەنەوە و بیانناسنەوە.

کاک حەبیب لە شاری سەرپێڵی زەهاو کە منی بە مزگەوت و قورئان نزیک و دۆست کرد، لە ناوەکانی نێردراوە، کە دەستی زۆری هەبوو لە سەرجەم ڕێکان و ناوەکانی ژیانم. کاک حەبیب بۆ ماوەی سێ ساڵ مامۆستای هەفتانەی وانەی وتنەوەی قورئانی من و دەستەیەک لە منداڵەکانی شاری سەرپێڵی زەهاو بوو. باس و بابەتەکانی مامۆستا حەبیب تەوانی ئەوەی هەبوو کە هەست و هەناسەی من بگوشێت و جۆرە نیگەرانی و دەردێکم بۆ دروست بکات.

لە بیرمە کە ڕۆژێک چووم بۆ ماڵی مامۆستا حەبیب و باسی خوێندن و وانەکان و داهاتووی خۆم بۆی کرد. ئاوەهام دەزانی کە مامۆستا حەبیب دەسڵاتی بەسەر تەواوی ژیانی من هەیە و هەرهەموو شتی من بە ناوی ئەوە بەست و بەندە و دەبێت کە ئەو هەرهەموو شتەکانی من بزانێت و ڕێنوێنی لەو وەربگرم.

مامۆستا حەبیب بە قسەکان و وتەکانی هەرهەموو شتی بۆ من سەخت کردبوو، جۆرێک بۆ ئێمە قسەی دەکرد کە سەرکەوتنی ئیسلام و موسوڵمانەکان لە دەستی ئەو پەروەردەیە کە ئەوان بەڕێوەی دەبەن. هەر بۆیە وام دەزانی کە هەرهەموو شتی ئێمە لە بن دەستی ئەوانە. دەوروبەریەکان بە تایبەت ماڵی خاڵم و کوڕەکانی زۆر بایان لە ناوەکان دەکرد و زۆریان چەور دەکرد. دەیانەوت کە مامۆستا حەبیب لەگەڵ بیست کەسی تر بوون کە بڵاو بوونەتەوە و دەیانەوێت کە خەڵک بۆ ئیسلام بانگەهێشت بکەن. بە جۆرێک دەمەوێت سرنج لەوە بدەن کە لە هەر ژینگەیەک کەسانێک هەن کە بە شێوەیەکی ناحەق با لە ناوەکان دەکەن و چەوریان دەکەن. کەسێکی وەک من لەو کاتە هەستم بە چکۆلەیی و کەمی لە بەرانبەر ئەوان دەکرد.

ئەو ڕۆژە کە بوومە میوانی ماڵی مامۆستا حەبیب، گریام و سەرم لە خوار کرد و هەناسە بڕیسکەم دەکرد، مامۆستا حەبیب نەیدەزانی کە چی بڵێت؟ خۆیشی مابووەوە کە من بۆچی ئەگریم!؟ نەیدەزانی کە چی بکات؟ دەیەویست کە هەرچی زووترە من لەو ژوورە کە پێکەوەین لە گریان ڕاموەستێنێت، دەستی برد و چکۆلاتێکی بە مندا و دەیەویست کە ئارامم بکاتەوە. مامۆستا حەبیب ئاوەها مامۆستایەک بوو کە وای کرد کە لە پێشیدا بگریم و دەروونی خۆمی بۆ دەربڕم. ئەوە بۆ مامۆستایەک گەورەیی و بۆ قوتابیەک لاوازی بوو. مامۆستا حەبیب تەوانی ئەوەی هەبوو کە من بخاتە گریانێک کە بە میهر و هەستی خۆی نەتوانێت کە چارەسەری بکات. کێشە و دەردەکانی من ئەوەندە گەورە بوو کە مامۆستا حەبیب و قسەکان و وانەکانی نەیاندەتوانی کە من ئارام بکەنەوە. هەر ئەمە بووە هۆی ئەوە کە زەمینە بۆ هەڵاتنی گەورە دروست بێت و من و ئیبراهیم پێکەوە شار و خەڵک بەجێبهێڵین.

هەریەک لە ناوەکانی نێردراو یان دانراو زەمینەی ئەوەیان خۆش دەکرد کە هەستەکانی من زۆر بە جۆش و خرۆش بێت و لە ناکاوە بگریم و فرمێسک لە چاوانم بێتە دەرەوە، یان زوو هەڵچم و تووڕە ببم، یان بێدەنگ و خەمۆش بمێنێمەوە.

لە دەورانێک کە لەگەڵ مامۆستا حەبیب ئاشنایەتیم هەبوو، هەر لەو کاتەدا خوێنەری ژیان و شیعری شاعیرانی فارسی زمان بووم. شاعیرانی وەک سەعدی و حافز و مەولەوی و ئیقباڵی لاهوری کە توانیان کاریگەری زۆر لە سەر دەروونی ئێمە بکەن. لە ڕاستیدا بێزار ببووین لەوە کە لەبەردەستی مامۆستایەکی وەک مامۆستا حەبیب بەردەوام چۆک بدەین. ناسینمان لە ڕەوەندەیی دەویست. ناسین لە ڕەوەندەیی وەک ژیان و بەسەرهاتی شاعیرانی کورد و فارس کە نیوەی زیاتری ژیانیان لە سەفەر و گەڕان و ئاوارەیی بووە. هەر ئەمە لە دڵ و دەروونی من و ئیبراهیم جێگەی خۆش کردبوو. دەمانەویست هاوکات لەگەڵ سەفەری لەش، هۆشمان بە وشەکان و ناوەکان خەریک بکەین.

ژیانی شاعیرەکان، من و ئیبراهیمیان لە خاک و ئاو دوور خستەوە و بە بێ ئەوەی کە کەس پێمان بزانێت، هەڵاتین و دەستمان بە هەڵاتنێک کرد کە بووە هۆی بەدەست هێنانی ئەزموونێکی تیژ و سەخت کە بووە هەوێن بۆ ژیانی خوێندنی داهاتووی ئێمە.

ئەوەم بۆ کرایەوە کە ناوەکان چ نێردراو و چ دانراو لە بڕگەیەکی کاتی تایبەت یارمەتی ئێمە دەدەن، هەربۆیە وریا بووم کە لەوە زیاتر چاوەڕوانیم لە ناوەکان نەبێت. سەعدی و حافز و شاعیران ئەوەندە بەها و دەوریان هەبوو کە ئێمەیان بۆ هەڵاتنێک خۆشە کرد و وانە و ئەزموونێکی گەورەیان بە ئێمە بەخشی. ئیتر چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد کە شیعر و وتەکانی ئەوانە بخوێنم. لەبەر ئەوەی کە هەر ناوێک بە شێوەیەک لێدان و پێدانی خۆی لە ئاستی ئێمە دەکرد. ناوێکی وەک کاک عەبدوڵا بۆ ئەوە بوو کە بەس بڵێت وەرە بۆ کوردستانی باشوور، و لەوێ میوانداری من بکات. مامۆستا حەبیب ئەوەی کرد کە منی لە ناوەکانی قورئان و مزگەوت و ئیسلام نزیک کردەوە و فێری گیانم بکات، بەس ناساندن و ئاشنایەتی. کەسێکی وەک حەیدەر، ناوی نیچە و ناوەکانی تری ئاڵمانی بۆ من بەرجەستە کرد و لە ژیانی من چووە دەرەوە.

من باوەڕم بە ئەوە هەیە، کە ئەوەی شایستەی دەروونی من بێت، خۆی بۆ من دێت، وە ئەوەی کە بەهای هەبێت، لە دەروونی من نزیک دەبێتەوە و لە خوێن و ئێسکم تەشەنە دەکات. ئەو ناوانەی کە بەرجەستە و گەورە بن، دێنە پێشوازی هۆش و دەروونی من. ئیتر زەمینەی ئەو هاتنە خوای مەزن خۆشی دەکات.

پاش ئەوەی کە ئەزموونی مامۆستا حەبیب و شاعیرەکان و کاک عەبدوڵام بە دەست هێنا، ئیتر شارەزاییم لەوە بەدەست هێنا کە بە چ شێوەیەک هەڵسوکەوت لەگەڵ ناوەکان بکەم. مامۆستا حەبیب و شاعیران دوو ئەزموونی تاڵ و بەپیت بوون. تاڵیەکە بووە هۆی ئەوە کە ئیتر لە تەنیایی و لە نزیکەوە لە ناوەکان نزیک نەبمەوە و خۆمیان لێ نەدەم.

ناوەکانم دەستە دەستە دەکرد و لەگەڵیان هەست و بیرم دەجووڵاند. بۆ نموونە کەسانی وەک ناسری سوبحانی و ئەحمەدی موفتی زادە لەگەڵ ناوەکانی فارسی وەک عەلی شەریعەتی و سەید حوسەینی نەسر و عەبدولکەریمی سروش لەیەک دەستە دەمناسیەوە. ئەمزانی کە ئەوانە لە چ ژینگە و خاکێک زایراون. دەستەیەکی تر لە ناوەکانی وەک عەبدوڵا ئوجەڵان و عەبدولڕەحمانی قاسملوو لە نێو کورد وە مەنسووری حیکمەت لە نێو فارسەکان لە یەک ژینگە و پێشینە سەریان هەڵداوە.

دەستەی ئەو ناوانە وەک کۆڵەکەیەکە کە مەشکەیەک دەژەنێت و دەیانگرێتەوە. ئەو ناوانە لە دوو دەستە ئەدەبێک و نەوەیەکی تایبەتیان لە نێو کورد و فارس گرتووەتەوە. من ئەمزانی کە ئەو ناوانە وەک کۆڵەکەن. لەم حاڵەتە من بە وردی و ژیری ئەوەم بۆ گرنگ بوو، کە ئەوە کێیە کە ئەو ناوانە دەستە دەستە وەک کۆڵەکە پێکەوە دەبەستێت و نەوەکانی پێ دەژەنێت؟ ئەوە کێیە کە بە دەستێک و خواستێک کۆڵەکە و مەشکە، ناوەکان و نەوەکان بۆ خۆی دەگرێتەوە!؟ ئەوە بۆ من بەهای هەبوو.

ئیتر ئاوەها بە ڕوونی دەمزانی کە پەکەکە و حیزبت دیموکرات و موکتەبی قورئان و ئیخوان لە ئێران، بە ئەدەب و دەستی ئەوانی تر بوونەتە کۆڵەکە کە نەوەکانی کورد دەگرنەوە. بۆیە پشت و پاڵ و پەنام بۆ هیچ یەک لەو کۆڵەکانە نەدەبرد و نەدەدا. ئەمزانی کە ئەوانە وەک باخەوانێکن، بەس ئاوی ئەو باخە دەدەن کە کەسانی تر خاوەنی سەرەکی ئەو باخ و زەویەن.

سادقی هیدایەت لە ناوە دانراوەکان بوو، کە ماوەی دوو ساڵ لە ژیانم بە ناویەوە خەریک بووم. بووە هۆی ئەوە کە ژینگە و زەمینەیەک بۆ هەستەکان و بیرەکانی من خۆش بکات. لە ڕستەکان و ژیانی نزیک دەبوومەوە، تا ئەو جێگە هەڵمی گەرمای لووتم لەسەر پێستی ژیان و ڕستەکان ئاوی دەکرد. نەمزانی ئاوەها نزیکیەک ڕێگەم لێ تەنگ و سەخت دەکات. هەوڵی ناسین و چوونە نێو ژیانی تاکەکەسی ڕەوەندەکان گرفت و کێشە زۆر دروست دەکات.

"سروشتی مرۆڤ، حەزی لە چوونی لە ڕادە بەدەرە."

سادقی هیدایەت وەک حەیدەر، ناوەکانی ڕۆژئاوای بە من ناساند و ئەوەندەی تر بووە هۆی ئەوە کە لەگەڵ نووسەران و بیرمەندانی ڕۆژئاوا ئاشنایەتی پەیدا بکەم. کافکا و کامۆ و سارتر و یۆنگ و فرۆید لەو ناوانە بوون کە لە ناوی سادقەوە بە من ناسران. سادقی هیدایەت لەو کەسانە بوو کە خاوەن هەست و هەناسەی تایبەتی بوو، کەسێک کە لەو سەردەمەی ناتەواوی ڕۆژهەڵات، نووسینەکانی کافکای وەردەگێڕا و باس و بەهای عومەری خەیامی بۆ نەوەکان دەنووسیەوە.

هەست و دڵی من ئەو دەستە لە ناوانەی دۆستی دەکرد کە بازنە و کەشێکی تایبەتی خۆیان هەبێت و نەهێڵن کە کەس تێدا دەست و ناوی خەریک و تێکەڵ

بکات. ئەو ناوانە کە سینگ و دەروونیان بۆ خۆی کەهکەشانێکی تایبەتیە کە پڕە لە ڕێکخراوەکانی ئەستێرەکان و سەییارەکان، کە کەس تەوانی نیە لەو کەهکەشانە نزیک بێتەوە. سادق لەو ناوانە بوو.

سادق ڕوومەتی منی بۆ ڕۆژئاوا گەڕاند و سووڕاندی، وە بووە هۆی ئاشنایەتیەک کە سەفەر و ئاوارەیی زۆری لە ژیانی من خستەوە. دانراوێک بوو کە ڕێگە و ئەرکی خۆی بەجێ گەیاند و ڕۆیشت.

فردریک نیچەی ئاڵمانی کە حەیدەر پێ دەوت: خاڵە نیچەی بەراز، بووە یەکێکی تر لە دانراوەکان کە بە هاوکاری دانراوێکی تر(حەیدەر) ناوی لە ناوی من نزیک بووەوە. نیچە وەک دانراوێکی زۆر تەوانا و بەهێز، بووە هۆی ئەوەی کە ناوەکانی تر ببڕێتەوە. نیچە وەک سادقی هیدایەت، منی بە ناوەکانی تر و وەرگێڕانەکان و نووسەرەکان نەدەناساند، بەڵکو بووە هۆی ئەوە کە ناوەکان ببەستێتەوە و سلەوەجایان بکات و نەهێڵێت کە کەسیان قوتە قوت بکەن.

نیچە هەوڵ دەدات کە مرۆڤ لە ناخی خۆی و دەروونی خۆی نزیک بکاتەوە و بە کەمی و بە پیتی بدرکێنێت. سادقی هیدایەت بە قسەی دۆستەکانی کەسێک بووە کە دەردی خۆی بۆ کەس نەدەوت، لەگەڵ ئەوەدا حەزی لێبووە کە دەرد و ناڵەی خۆی بە کەسانی نزیک، کە هەست بە ئاسایش لەگەڵیان بکات، بدرکێنێت. دەردەکانی سادق لە دڵی مایەوە و بە کوشتیدا. نیچە لەوەدا لە سادق نزیک بوو، هەستی بەوە کرد کە لە سروشتدا کەس نیە کە پشت و پاڵی پێوە بدەیت. نیچە سقەی بە هیچ ناوێک و بوونەوەرێک نەبوو، هەرئەوە بووە هۆی ئەوە کە بڕمێت و نەخۆش بێت و بەو نەخۆشیانەوە بێت. چوون لە تەنیایی بە سینگێکی پەریشان و نیگەران، زۆر کەم مرۆڤ دەتوانێت کە لەگەڵیدا بەردەوام بێت. بەتایبەت کەسانی وەک سادق و نیچە کە بە قسە و ڕوومەتی کەس شاد نەدەبوون. سادق بە ناوی عومەری خەیام و ئەبولعەئلا موعرِی هاوخوان و هاوخوێنی هەبوو، وە نیچە بە ناوی زەردەشت و شوپنهاور. کەم کەس توانی کە لە ژیانی ئەوانە تەشەنە بکات و کاریگەریان لێ بکات. مانەوەی سادق و نیچە لە دەروونی تەنیای خۆیان لە کاتی قسەیان لەگەڵ دۆستانیان یان لە نووسینیان دەردەکەوێت. قسەکان و وشەکانیان بە زەردە خەنەی دەم و گرژی نێو چاویان دەدەبڕن. ئەو بزگە و زەردەخەنەی ئەوانە وەک ئەوەیە کە ڕۆن بەسەر ئاسنی داخدا بکەیت، ئاگر لە ئاسن بەردەدات.

خوێنەری ناو و ئەدەبی سادق و نیچە هەست بەوە دەکات کە ئەوە ڕستە نیە، ئاسنێکی داخە کە ڕۆنی پێوەیە!.

نیچە لە ئاوێک مەلێ دەکرد کە  هەناسەی درێژی دەویست، هەر ئەمە وا دەکات کە هەست و هەناسە بۆ مرۆڤ دروست بێت. حەیدەر لەوانە بوو کە بە ناوی نیچەوە هەسایەوە، هەست و هەناسەکانی لە نیچە نزیکی هەبوو. لەبەر ئەوەی کە مامۆستای مەلێ لە ئاوی قووڵدا، هەناسەی درێژ بە قوتابیەکان هەڵدەکێشێت. هەریەک لە ناوەکانی دانراو یان نێردراو هەست و هەناسە بۆ قوتابی و شاگرەکانی خۆیان دروست دەکەن.

نیچە وەک دانراوێک، بە هاوکاری چوارچێوەی ژیانی یان زوقانەکانی ژیانی، توانی کە ئەرکی خۆی بۆ من بەجێ بگەیەنێت. بۆ نموونە نیچە بە یەکەم نووسین و نووسینی کۆتایی ئەوەی دەرخست کە کەسێکی خاوەن، جووڵەیەکی تایبەتی بووە. دۆستی نیچە لەگەڵ شوپنهاور و دوژمنی لەگەڵ مارکس، بووە هۆی ئەوە کە دەروونی ناوەکانی ئاڵمانی بناسمەوە. شاگردەکانی نیچە وەک هیتلەر و حەیدەر و فۆکۆ و مریلن منسون، بوونە هۆی ئەوە کە باشتر بزانم، کە ناوە قورسەکان چ جۆرەیەک لە شاگرەکان دەخەنەوە. ژیانی نیچە، بە هەڵاتن و هەڵهاتن لە ناوی عیسا و نزیکی لە ناوی زەردەشت، بووە هۆی ئەوە کە بزانم، کە هەرچی ناوە مرۆڤیەکان و فەیلەسوفەکانی مرۆڤ گەورە و گران بن، خۆیان بە قوتابی و بەردەستی پەیامهێنەران دەردەخەن. نیچە هەناسەکان و هەستەکانی لە نووسینی ئنجیل وەرگرت.

چۆن خوێنەر یان قوتابی و فەقێ بەو ناوانە ئاشنا دەبێت کە هاوخوانی و هاوخوێنی بە ئاسانی دروست دەکات!؟.

هەر مرۆڤێک سروشت و سەرنوشتێکی هەیە کە بەس خوا ئاگای لێیە. چۆنیەتی سروشت و سەرنوشتی مرۆڤ بۆ خودی مرۆڤ ئاسان نیە، کە شارەزایی لێ بێت. خوای مەزن هەروەک یارمەتی ناوەکانی خۆی وەک یوسف و موسایداوە، تەوانی ئەوەی هەیە کە یارمەتی هەر ناوێک کە بیەوێت بیدات. زەمینەی ئەو یارمەتیە بەس بە خواستی خوای مەزن دەبێت. لە قورئانی پیرۆز لە زۆر شوێن خوای مەزن ئاماژە بەوە دەکات کە هەرکەس کە بمانەوێت بە شێوەیەکی تایبەتی یارمەتی دەدەن.

لە منداڵیەوە زۆر هەوڵی ئەوەمدا کە بزانم ناوی من لە چ دەستەیەک لە ناوەکان دووری و نزیکی هەیە. کتێبی بێنەواکانی ڤیکتۆر هۆگۆم خوێندەوە، ڕقم لە هەتیوپەرەستی و هەژاردۆستی فەرەنسیەکان هات، برسی و بێنەوا و سواڵکەر پێناسە دەکەن. هەر ئەو هەتیوپەرەستانە کاریگەریان لەسەر نووسەرانی فارسی زمان و کورد زمان کرد، ئەوانیش بە عەشق و حەزێکی لاواز و گێلانە چوون بەرەو گێڕانەوەی ژیانی هەژارەکان و هەتیوەکان!.

خۆ خەریک کردن بە ناوەکان و نووسینەکان و ژیانی ناوەکان و بیر و باسەکان، هەرهەمووی دەتوانێت کە ڕێگە دەرخەن یان ئەوەندەی تر مرۆڤ سەرگەردان و ڕووگەردان بهێڵنەوە. بازبازێن و هەڵقونین و ملە بە ملە چوون و یاڵ بە یاڵی و بەردەوامی لە خۆ خەریک کردن بە ناوەکان، کارێک دەکات کە مرۆڤ خۆی هەست بکات کە لەگەڵ چ جۆرەیەک لە ناوەکان دەتوانێت کە دۆستی و نزیکی بکات. من بەو ناوانە خەریک دەبووم کە سینگیان هەردەم بەستراوە و بۆ کەس ناکرێتەوە و خۆیان بۆ خۆیان لە نێو سینگی خۆیان دەژین.

## ژینگەی نێچیر و نێچیروان

لە ئاوایی دەستە منداڵیک هەبوون کە ڕاوی پەلەوەریان دەکرد و خۆیان بە پەلەوەرەکانەوە خەریک دەکرد. هەریەک لەوانە بە سروشتی دەست و چاوی، خۆی ئاشنایی هەبوو کە ڕاوی چ جۆرەیەک لە پەلەوەرەکان بکات. ئەوانەی کە مەلوچک و پلیسرگیان[25] ڕاو دەکرد، زۆر بوون. کاری ئەوانە زۆر ئاسان بوو. پاساری دیوارەکان و گەلەخانەکان زۆری لەو مەلوچکانە تێدا بوو کە منداڵەکان ڕاوی بکەن. بە دوولقێک کە منداڵەکان لە کێش و دار دروستیان دەکرد، بە ئاسانی ڕاوی خۆیان دەکرد. چەند کوڕێک هەبوون کە ڕاوی پەلەوەرە ڕنگین و نایابەکانیان دەکرد وە هەر بۆ ئەمەش ڕاو و داوی تایبەتی خۆیان هەبوو. ئەو چەند کوڕە ئەیانزانی کە شوێنی پەلەوەرە ڕەنگینەکان، بن پاساری خانووەکان و گەلەخانەکان نیە، وە بە ئاسانی لە ئاوەدانی و ئاوایی نزیک نابنەوە و لە دەرودەشتی دوور لە ژیانی مرۆڤ دەژین و دەفڕن. هەر بۆ ئەمەش داوێکی

[25] _ پلیسرگ، ناوی پەلەوەرێکە کە لە بن پاساری ماڵەکانی ئاوایی هێلانە دەکات، وە بە پەلەوەرێکی پیرۆز دەناسرێت و کەس نێچیریان ناکات.

تایبەتیان لە دار دروست دەکرد کە لە دەشتاییەکان و تەپکەکان و شوێنە کراوەکان دایاندەکوتا و خۆیان لە داوەکە دوور دەکەوتن و لە دوورەوە دەست و باڵیان تەکان دەدا بۆ ئەوەی کە ئەو پەلەوەرە ڕەنگینانە لە داوەکە نزیک بێتەوە. کاری ئەو کوڕانە زۆر سەخت بوو و کاتی زۆر دەبرد و جاری واش هیچ دەسکەوتیان بە دەست نەدەهێنا. ئەگەریش بیانتوانیبایەت پەلەوەرە ڕەنگینەکان لە داوی خۆیان ڕاو بکەن، ئەوە نەیاندەکوشت و نەیاندەخوارد، بەڵکو دەیانبرد بۆ شار و بە پارەیەکی باش دەیانفرۆشت بەو کەسانە کە بەداوی پەلەوەرە جوانەکان دەگەڕان.

ڕاوی کەو و سوێسک یەکێکی تر لە ڕاوەکانی منداڵەکانی ئاوایی بوو. شێوەی ڕاوی کەو و سوێسک، ئیتر بە تیروکەوان و دوولق و دار نەبوو، بەڵکو منداڵەکان لە ئاوایی دوور دەبوون و لە کەژەکان و ملەکان چاڵێکی چکۆلەیان دەکەند و تەتەیەکی بەردیان بە دار لەسەر چاڵەکە بە لادا ڕادەگرت، بۆ ئەوەی کە کاتێک کە کەو یان سوێسک دەچێتە نێو چاڵەکە، لەشی بدات لە دارەکە و تەتە بەردەکە بدات بەسەر چاڵەکە و لە نێو چاڵەکەدا گیر بکات. ئەو کەسانەی کە چاڵیان دەکەند و تەتەیان دادەنیا، پاش ئەوە دەچوونەوە بۆ ماڵەوە و لە کاتێکی تر سەردانیان دەکرد.

هەریەک لە منداڵەکان بۆ خۆیان چاڵ و تەتەی تایبەتی خۆی هەبوو، بەجێیان دەهێشت و دەچوونەوە بۆ ماڵ و لە کاتی تر سەردانی چاڵەکانیان دەکرد. ڕۆژێک لەگەڵ منداڵەکان چووین بۆ کەژەکان و چاڵ و تەتەمان دامەرزاند و گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە. پاش ئەوەی کە ڕۆژێک بەسەر ئەوەدا چوو، هەرهەموومان گەڕاینەوە بۆ کەژەکە و سەردانی چاڵەکانمان کرد. لە دوورەوە منداڵەکان چاویان بۆ چاڵەکانی خۆیان دەدا. چەند چاڵێک دار و تەتە بەسەر چاڵەکە ڕمابوو و چەند چاڵێکیش هەر وەک خۆی مابووەوە. چاڵەکەی من هەروەک خۆی مابوو. چووم سەیری چاڵی منداڵەکانی ترم دەکرد، بە ترسەوە تەتەکەیان لادەدا، دەترسان کە کەو یان سوێسکەکە بفڕێت و دەرچێت. یەکەم تەتەیان لادا، هیچی لە بن نەبوو، سەیرمان لێ هات کە چی بووە هۆی ئەوە کە تەتەکە بڕمێت؟. چووینە سەر چاڵەکەی تر و یەکێک لە دۆستەکانم، دەستی بۆی برد و بە ئەسپایی تەتەکەی لادا و بینی کە کەوێک لە بنیەتی. لە خۆشیدا نەیدەزانی چی بکات. چووینە سەر چاڵێکی تر کە هی یەکێکی تر لە دۆستەکانم بوو، دەستی بۆ تەتەکە برد و بە ئەسپایی لایدا و

دەیەویست کە تۆزە تۆزە تەتە لەسەری لابدات. بە ئەندازەی سێ پەنجەی لادابوو کە پێستی مارێکی ڕەنگین دەرکەوت. منداڵەکان هەرهەموویان لە ترسان خۆیان دوور کردەوە و ماینەوە. یەکێک لە کوڕەکان بە خاوەن چاڵەکەی وت: چەندە نەکبەتی تۆ، لە جیاتی کەو، مارت بۆ دەگرێت!.

لە دوورەوە بە دار و بەرد سەری تەتەکەمان لادا، مارێک لە نێو چاڵەکە پەپکەی دابوو. سەری دەرهێنا و ترس ئێمە و مارەکەی گرتبوو. بە بەرد هاتین بە مارەکەدا. چەند بەردێکی بەرکەوت و لە نێو بەرد و گیاکان خۆی دزیەوە. ئێمەش بە کەوێکەوە گەڕاینەوە بۆ ئاوایی و ئەوە بووە ئەزموونێک کە وریا بین کە چی لە چاڵەکانمان دەکەوێت!؟. لە ڕێ گەڕانەوە، لەسەر یاڵێک چاڵێکمان بینی کە تەتەیەکی لەسەرە. سەیرمان لێهات. یەکێک لە ڕەفیقەکانم چوو و سەری تەتەکەی لادا. دای بەسەری خۆیدا: بێن، بێن... سەیرکەن... ئەم چاڵە هی کێیە کە کەوێک لە بنی تۆپیوە!؟.

چووین و سەیرمان کرد. کەسێک چاڵێکی کەندووە و تەتەی لەسەر دانیاوە و نەگەڕاوەتەوە کە سەیری بکات. ئەمانزانی کە هی ئێمە نیە. کەسێک پێشتر ئەو چاڵەی کەندووە و نەگەڕاوەتەوە بۆی.

هەروەها دەستەیەک لە نەوەکان بە دوای مەلوچکەکانی بن پاساری دیواری گەلەخان و خانووەکانی خۆیان دەکەون. زۆرێک لە نەوەکان بە دەستە دەستەی ناوەکان خەریک دەبن کە وەک مەلوچکەکانی بن پاساری دیوارەکان جریوەیان دێت و دێن و دەڕۆن. کەسانێکی کەمیش بە دوای داوی پەلەوەرە ڕەنگینەکان لە دەرودەشتەکان دەکەون. دەشت و دەر و زەمینە و ژینگەیەکی فراوانیان دەوێت کە پەلەوەرێکی ڕەنگین داوی ڕاوی خۆیان بکەن. ئەو کەسانە کە بەدوای ئەو پەلەوەرانە دەکەون، تاق و تەرا دەردەکەون. هەروەها ئەو کەسانە کە ئەدەبی ڕاوی پەلەوەرە ڕەنگینەکان دەزانن، دنکە و کەمن. دەستەیەکی کەم لە نەوەکان و فەقێ و قوتابیەکان بە دوای داو و ڕاوی ناوە دنکە و جوانەکان دەکەون، لەبەر ئەوەی کە ئەو ناوانە دنکە و تاقانەن، وە دوای ئەوەش ڕاو کردن و گرتنی ئەو ناوانە بۆیان سەخت و دژوارە و ژینگە و سروشتێکی دەوڵەمەندی دەوێت. کەسانێکیش لە نەوەکان داو بۆ شتێک دادەنێن و شتێکی تریان بە دەست دەکەوێت یان ژینگە و زەمینە بۆ ناسینی ناوەکان بۆیان خۆش دەبێت، بەڵام وەک ئەو کەسە

کە چاڵەکەی لە بیر دەچێت و کەو تێدا دەتۆپێت، تۆی ناوەکان لە دەروونیان دەمرد و دەتۆپێت.

هەریەک لە نەوەکان دەبێت کە ئەوە بزانێت کە هەر مرۆڤێک سروشت و سەرنوشتی بۆ ژینگەیەک لە ڕاو و داوەکان دەچێت و هەریەک لە نەوەکان لە پاسار و دەشت و چاڵێک بە دوای داو کردنی ناوەکان دەگەڕێت. ئنجا من گرنگی بەو نەوانە دەدەم کە تەوان و هونەری داوی هەر جۆرە ناو و پەلەوەرێکیان هەیە. ئەگەریش زەمینە و تەوانی ئەوەیان تێدا نیە کە خۆیان لەهەر ناوێک نزیک بکەنەوە، ئەوە دەبێت کە هەوڵی ئەوە بدەن کە بە ڕاهێنان و چۆک و فرمێسک ئەو سروشت و زەمینە لە دەروونی خۆیان دروست بکەن.

بە ناوی خوای مەزن مرۆڤ تەوانی ئەوەی هەیە کە هەر وشە و ناوێک بکات بە بزمار و بۆ کوتان و ڕاگرتنی ژیانی بە کاریان بەرێت. من ئەو کەسانەم دەوێت کە مرۆڤ و وشەکان بۆ ژیانی خۆیان دەکەن بە بزمار و بە کاریان دەبەن و خۆیان لە ڕمان و ڕووخان دەرباز دەکەن.

لە باسی ناوەکان لە پێگەی نێردراوەکان و دانراوەکاندا، گرنگی بەوە دەدەم کە ناوی من وەک ڕەوەندەیەکە کە ناوەکانی تر بە لێدان و پێدان، بە هێما و نیشانە، بە خێرایی یان لە کاتی درێژدا، ڕێگە و چوون و شێوەی چوون بۆ من ئەکەنەوە و بە خواستی خۆیان یان بە تێهەڵدانی خوای مەزن، ئاگاهانە یان لە نائاگاهیدا، کرانەوە بۆ من دەکەن.

## گوێگری و گوێبڕی

## سلەوەجا بوون

خوێندن بە دەم دەکرێت یان بە چاو یان گوێ مرۆڤ!؟.

من چەندەها وێنەم لە گوێگری و گوێبڕی لە دەورانی منداڵیم بینیوە:

زۆر مامۆستا و باوک و گەورەی منداڵم بینیوە کە پاش ئەوەی منداڵ یان قەتابی قسەی گەورەی خۆی وەرنەگرتووە، بە دەست گوێیان گرتووە.

چەندەها کەسم بینیوە کە گوێیەکیان بڕاوە. هەرگیز پرسیاری ئەوەم نەکردووە کە بۆ گوێیان بڕاوە، بەڵام چیرۆکەکان وایان دەوت کە کەسێک وەک دوژمن، گوێ ئەو کەسەی بڕیوە!.

سێهەم حاڵەت ئەو کاتە بوو کە باپیرم گوێ ڕاست یان چەپی مەڕەکانی دەبڕی. کاتێک کە پرسیارم لە باوام کرد، بۆ گوێ مەڕەکان دەبڕی!؟ بە منی وت: مەڕ کە سەلەوەجا بێت، دەبێت کە بە بڕینی گوێ ڕاست یان چەپی، چارەسەر بکرێت!.

سلەوەجا بوونی مەڕ چیە!؟.

کاتێک کە مەڕ زۆر دەخوات و کاری زۆر لە دەمی دەکێشێت، بۆی هەیە کە تووشی سلەوەجا بوون بێت. سلەوەجا بوونی مەڕ ئەوەیە کە پەردەیەکی لای چەپ یان ڕاستی دەمی مەڕ دەدڕێت. ئیتر مەڕ هەرچی دەخوات، لە دەمی دەبێتە گلک و گنک یان تۆپەڵ دەبێت. گەر لای چەپی دەمی بوو، ئەوە هەندێک لە گوێ ڕاستی دەبڕن، وە ئەگەر لای ڕاستی دەمی بوو، ئەوە لە گوێ چەپی دەبڕن. بە پێ پزیشکی کۆنی کوردەواری!.

جووڵە و گەردش و خواردنی زۆری دەمی مەڕ، چاو و گوێ دەخاتە مەترسیەوە و سەروچاو گێژ و تەپاو دەکات. لێرەوەیە کە قاڕە و قاڕاندن بە دەمی مەڕ دروست دەبێت!!.

دەستەیەکی کەم لە ناوەکان کۆ کۆی نەوەکان بە وشەکان و نووسینەکانی خۆیانەوە سلەوەجا دەکەن. ئەوەی کە سلەوەجا بووە، وەک مەڕێکە کە بەس دەخوات، خوێندن لە نێوان دەم و دەستیە. ئیتر هەتاوەکو وەک مەڕ هەندێک لە گوێ نەبڕی، ئەوەش بۆ دەرمان، ئاگایان لە خۆیان نیە. نەوەیەک کە سلەوەجا بوو، ئیتر دەبێت کە دەستێکی بە چەقۆوە بۆی بچێت!.

## خوێندن لە نێوان دەم و دەستدا

کاتێک کە من نووسینەکانی دینی و ئەدەبی ڕۆژئاوا بە تایبەت وەرگێڕانەکانی فارس و ئەدەبی داهێنراوی فارسیم دەخوێندەوە، دەستە دەستەی وشەکان و ناوەکان و هەستەکان لە لای من کۆ بوونەوە. من بە کۆی ئەو ناو و وشە و هەستانە خەریک بە نووسین دەبووم، هەر لە یەکەم نووسینەکانم کە وەک بیرەوەری ڕۆژانە،

تا بووە کتێبی چیرۆک بە زمانی فارسی وە تا گەیشتە نووسینی بیرەوەریەکان بە زمانی کوردی، وە لەوێشەوە تا گەیشتە کتێب نووسین بە زمانی کوردی.

پاشان زانیم کە ئەو نووسیانە، هەرهەمووی مەشق کردن بووە بۆ ئەوەی کە خۆم وەک لقی دارێک لە ناوقەدی دارێک جیا بکەمەوە. کەوایە هەوڵەکانی من دەرهاتن وەک لقێک بووە لە ناوقەدی دارێکەوە. دەمەویست کە سەربەخۆیی بە جووڵەی دەروونی خۆم لە ناوقەدی ئەوانی تر بدەم!.

دەرئەنجام:

خوێندنی کتێبەکانی ئەدەبی دینی و ڕۆژئاوایی و فارسی، بەشێکی هەوڵی من بووە. بەشە هەرە گرنگەکەی خوێندنی من، ئەو کاتە بووە کە هەوڵم دەدا بە وشەکان و ناوەکان و هەستەکانی ئەو ئەدەبانە، بنووسم. سەرکەوتووترین جۆرەکانی خوێندن، مەشق کردنە بە نووسین، کار کردنی من و پێنووس بووە!.

زۆرێک لە نەوەکان و ناوەکان کە دەنووسن، لە ڕاستیدا ئەوانە بە باشی دەخوێننەوە. هەر کات کە ناوێک دەمی نەوەکانی بە ڕستەکانی خۆی دڕی و سلەوەجایانی کرد، ئەوە ئیتر خوێنەر نیە، بەڵکو خوێننەرە!.

## خۆڵەکەوە و با

لە قورئانی پیرۆزدا خوای مەزن ئاوەها دەفەرمێت:

مثل الذین کفروا بربهم اعمالهم کرماد اشتد به الریح فی یوم عاصف لا یقدرون مما کسبت علی شیء ذلک هو الضلال البعید(ابراهیم ١٨)

وشەی گرتنەوە و کۆکردنەوە لە ئەدەبی ژیانی مرۆڤ زۆر فراوانە. مرۆڤ سروشتی بوونەوەرێکە، کە بەردەوام هەوڵی کۆکردن و گرتنەوە هەیە. وەک گرتنەوەی کەرە و پەنیر و کەشک و دۆ و سۆڵەکە لە شیر. وەک گرتنەوەی دەرمانەوەکان لە گیاکان، یان گرتنەوەی دەوا و دەرمانەوەکان لە گیاکان بۆ خواردنەکان و جوانکاریەکان.

هەروەها مرۆڤ کۆکەرە، وەک کۆکەری پارە، موڵک و منداڵ، کۆکەری جوانیەکان و پێداویستیەکانی ژیانی.

لە بواری وشەکان و وێنەکاندا، ناوەکان و نەوەکان هەردەم هەوڵی ئەوە دەدەن کە لە کۆکراوەکان بەر و بەرهەمی خۆیان بگرنەوە. من یەکێک لەو نەوانە بووم کە بەردەوام دەمەویست کە زانست و ناسین و دەستی گرتنەوەی سەرجەم ناوەکان و وشەکان و وێنەکان بە دەست بهێنم.

سروشتی لەشی منداڵ جۆرێکە کە زۆر حەزی لێیە کە بە دەوری خۆیدا بسووڕێتەوە، هەروەها یەکێکی تر لە تایبەتمەندیەکانی دەورانی منداڵی ئەوەیە کە منداڵ زۆر لا لە پشتی خۆی دەکاتەوە و زۆر سەری بۆ دەوروبەری دەسووڕێنێت و لە دەوروبەری خۆی دەسووڕێتەوە. هەروەها لە بەرەتاوە سووڕان و لاکردن و سەرەگرە زۆر لە لای مندا هەبووە.

لێرە من پرسی سووڕان و گەڕان لە دەوری خۆ و لە گەردش و گەردان بوون بە گرنگ دەزانم. بە نموونەی قورئان و کەعبە دەتوانم کە باسی ئەو بەهایە بکەم. کەعبە و تەواف بۆ موسوڵمانەکان فرمان و کارێکە کە لای خوای مەزن خۆش ویستراوە. گەردش لە دەوری ماڵی خوادا، هەفت جار. ئەمە گەردش و سووڕانێکە کە دەمبات بۆ بەهای سووڕان لە دەوری خۆ و خوا لە دین و منداڵیدا. ئنجا بە هاوکاری قورئان و قەرائەتی قورئان باس لە بەهای گەردش و سووڕان کە قورئان دەلکێنم بە باسەکەوە. خوای مەزن ئامۆژگاری فراوان دەکات کە قورئان زۆر بخوێنن یان گوێ بگرن، کە ئامارژەیەکە بە گەردش و سووڕان و چەرخان لە نێو باس و چیرۆکەکانی قورئاندا. قورئان ئەوە دەردەخات، کە موسوڵمان، بە هاوکاری وشەکان و وێنەکانی قورئان دەگیرێتەوە، لەبەر ئەوەی کە کۆیەک لە نموونە و وێنە و چیرۆکی تێدایە کە خوایەکی بەخشندە بە مرۆڤی بەخشیوە. لێرە ئەوە بۆ من گرنگە کە خوایەک و دینێک هەیە کە یەک کۆکراوەی ڕێکخراوی زیندووی بە مرۆڤ بەخشیوە کە پڕە لە قسەکان و باسەکان و ناوەکان و وێنەکان کە ناوێک خاوەنداری دەکات و زۆر بە بەهاداری دەزانێت کە نەوەکانی موسوڵمان لە نێو ئەو کتێبە کۆکراوەدا ژیان و گیان و هۆشیان گەردان بکەن. بە شێوەیەک ئەوە بۆ من دەردەکەوێت کە قەرائەتی ئەو کتێبە نەک خوێندنی، کە وەک سووڕان لە دەوری ماڵی خوایە، تەوانی ئەوەی هەیە کە بەخشەندەیی بە نەوەکانی موسوڵمان بکات. لێرەدا ئەوەی کە گرنگە،

ئەوەیە کە خوای مەزن وەک بوونێکی ئاگاە و زیندوو، لە پشتەوەی هەر یەک لە ڕستەکانی قورئان، دەزانێت کە بە وشەکان و ناوەکان و ڕستەکان و وێنەکان، بە چ شێوەیەک بە خوێنەری خۆی بەخشەندەیی بکات. ئیتر ئەوە لە دەستی خوێنەر نیە کە بۆ خۆی بگرێتەوە و کۆ بکاتەوە، بەڵکو خوای مەزن لە پشتەوەی ڕستەکان بۆ خوێنەری خۆی دەیگرێتەوە!!.

مامۆستا هەژای کە داوا لە خوای مەزن دەکەم ڕەحم بە ناوی بکات، بە کتێبی چێشتی مجێوەر، خۆی وەک کۆکەرێک دەرخست، بەڵام وەک ناوێک کە وێنەکان بکات بە وانەکان، نەیتوانی کە خۆی دەربخات. کۆکەری و گرتنەوە دوو پێگەیە کە هەرکەس ناتوانێت بە دەستی بهێنێت و کاری لەگەڵ بکات.

بە پێچەوانەی مامۆستا هەژار، فردریک نیچە وەک دانەیەک بوو(تۆی گیایەک) کە دەیەویست کە ئەو دانەیە لە خاک، بە دەستی خۆی خاوەنداری بکات. کەسێک لە دوو پێگەی جیاوازدا. لە هەمان کاتدا کە دانە بوو، دەیەویست کە ئەو کەسەش بێت کە دانە ئاو دەدات و بە خێوی دەکات. نیچە لەو کەسانە بوو کە دەیەویست کە ناوی خۆی بە دەستی خۆی بزێنێت و گەورەی بکات.

لێرە باسی بەسەرهاتی دوو دار هەنجیر دەکەم لە ئاواییدا چیرۆکیان بۆ من دروست کرد.

## دار هەنجیری یەکەم:

ڕۆژێک لەگەڵ منداڵەکانی ئاوایی چووین بۆ کەژەکانی دەوروبەری ئاوایی بۆ ئەوەی کە کنگر و قارچک بدۆزینەوە و هەرچیش کە بەکەڵک بوو و هاتە بەردەستمان، لەگەڵ خۆمان بیهێنینەوە. چەند ملەیەکمان بڕی و چووینە سەر ملەیەک، کە خەڵکی ئاوایی پێیاندەوت هەنجیرەکە. هەنجیرەکە مەبەستیان کانیەک بوو کە خەڵک بەرگەل و پەزەکانیان دەبرد لەوێ ئاویان دەدا. کانیەکی کەژی بوو. لە سەر ئەو کانیە، دارێکی هەنجیر هەبوو کە بەو دارە ناوی ئەو ملە و کانیەیان نیابوو.

لە کانیەکە نزیک بووینەوە و منداڵەکان دەست و دەمیان لە ئاوی کانی خست و تینوویەتیان دەشکاند. منیش لە دار هەنجیر نزیک بوومەوە. دار هەنجیر، چەند

هەنجیری چکۆلەی گرتبوو. هەنجیرەکانم لە دارەکە کەندەوە و یەکێکم بۆ خۆم ڕاگرت و ئەوەکانی ترم دا بە منداڵەکان. هەنجیرەکە چکۆلە بوو، کە خستمەوە دەمم ترش و شیرین بوو، زۆر بە تام و چێژ بوو. ئەوەندە تامی هەبوو کە تامەکەی لە نێو دەم و بن ددانم مایەوە و بووە تامێک کە نەسڕایەوە. هەنجیری کەژی تام و چێژێکی هەیە کە لە باوەڕدا نیە. ئەو دار هەنجیرە کەس لەوێ نەیچەقاندبوو، خۆی بۆ خۆی لەو ملەیە ڕووابوو.

## داری هەنجیر دووهەم:

پانزدە ساڵ پێش، باپیرم دارێکی هەنجیری لە نێو حەوشەی ماڵەکەی لە خاک نابوو، بۆ ئەوەی کە دیمەنێکی جوان بدات بە ماڵەکەی و هەر ماوەیەک هەنجیری لێ بخوات.

ڕۆژێک لە بەرهەیوانی ماڵەوە، پێکەوە دانیشتبووین، باسی چۆنیەتی چاندنی ئەو دار هەنجیرەی بۆ من کرد، وتی: سەردەمی موحەممەد ڕەزا شا کابرایەک بە کەر و بارەوە دەهات بۆ لادێ و هەنار و هەنجیر و هەرمێ و میوەکانی تری دەفرۆشت. هەر ماوەیەک دەهات بۆ لادێ و تا بۆمان دەکرا میوە و سەوزەمان لێ دەکڕی. ئەویش نانێکی دەخوارت یان شەوێک دادەنیشت و دەڕۆیشت. ئیتر پاش ماوەیەک بوو بە دۆست و ئاشنامان و وای لێ هات کە داوەتمانی کرد بڕۆین بۆ ناوچەی ڕێژاو، کە شوێنی ژیانی بوو. زۆری نەخایاند بە کەر و هێستر ڕۆیشتین بۆ ناوچەی ڕێژاو و لەگەڵ بنەماڵەکەی و زۆر کەسی تردا ئاشنا بووین وە هەر ئەو سەردانانە وای کرد دۆستایەتیەکی فراوان و بەربڵاو لە نێوانمان دروست بێت.

باپیرم بەردەوام بوو:

پاش گەڕانەوە لە عێراق و ڕووخانی ڕژێمی موحەممەد ڕەزاشا چووین بۆ سەردانیان و دیسان هات و چۆی کۆن دەستی پێ کردەوە، وە جاری وا بە سندووق گوێز و هەنجیری دەداپێمان و لەبەر گوێز و هەنجیر، منداڵە وردە دایم میوانی ماڵەوەمان بوون.

جارێکیان چووین بۆ ڕێژاو و لە کاتی گەڕانەوە کاک شێخمراد وتی: خاڵۆ کەریم بۆ هەوڵ نادەی دار هەنجیرێک لە نێو حەوشی ماڵەکەت بنێت!؟.

بە خۆشحاڵی لێم قبووڵ کرد و پاش هەفتەیەک هێنای و لە نێوەڕاستی حەوشەکە چاڵی بۆ کەند. ئیتر خۆش خۆش ئاومان دەدا و ئاگامان لێ بوو کە بزن گەڵای نەخوات و بنی نەبێتە مۆڵگەی پەلەوەرەکان.

باپیرم ئەو چیرۆکەی لە کاتێک بۆ من دەگێڕایەوە کە دار هەنجیرەکە تووشی حاڵەت و دەردێکی زۆر سەیر ببوو کە دۆستە دێرینەکەی لە ڕێژاو عیلمی ئەو دەردەی پێ نەبوو. دار هەنجیرەکە گەڵای دەکرد و پاشان گەڵاکە بە پەلە زەرد دەبوو، وەرز و ساڵی بۆ نەبوو، گەڵای پێ دەگەیشت و زەرد دەبوو، بەری هەنجیریشی دەدا، جۆرێک بێ تام و شەڵەقاو بوو. وای لێ هات کە ئیتر دڵخۆشیمان بەو دار هەنجیرە نەما، ئیتر ئاویان نەدا و هێشتیان وشک بێت و وردە وردە بنچکێکی لێ مابوو، ئەویشیان دەرهێنا و قاڵی بڕایەوە.

بەسەرهاتی ئەو دوو هەنجیرە بۆ ئەوە باشە بکرێت بە نموونە و وانە بۆ ئەوە کە بوترێت، دەستەیەک لەناوەکان سروشتی و بەتام و دنکە دەخولقێن و دەستەیەکی تر لە ناوەکان بە دەستی کەسانی تر دەنرێن و دەگیرێنەوە کە تام و چێژ و ماندەگاری زۆریان نیە.

ئەو دانە و دارە کە بە شێوەی سروشتی و بە دۆستی لەگەڵ خاک دەزێت، کەڵک لە ئاو و خاک وەردەگرێت و بە ناسیاو و ئاشنای ئەو خاکە دەناسرێت و خاک و ئاویش هەرچیان کە هەبێت بە ئەو دانە و دارەی دەبەخشن. بەڵام بە پێچەوانەوە گەر لە ناکاوە دارێک لە خاکێک بچەقێنیت کە ئاشنای ئەو ئاو و خاکە نیە و شارەزایی لە بەخێو کردنی دار و دانە نیە، خاک و ئاویش لە تەوان و تامی خۆیان بەو دانە و دارە نابەخشن. لەبەر ئەوەی کە لەیەکدی بێگانەن.

لێرە ئەوەی کە بەهای زۆر هەیە، ئەوەیە کە دەستەیەک لە ناوەکان وەک دار هەنجیری یەکەم کەڵک لە سەرجەم تەواناکانی زەوی و ئاو وەردەگرن و بۆ بە تامکرن و بە چێژکردنی بەرهەمی خۆیان، هەرچی کە هەبێت لەو خاک و ئاوە بۆ خۆیان دەیگرنەوە. خاڵێکی تر ئەوەیە کە دار هەنجیری یەکەم، دنکەیەک بووە کە لەو خاکە هاتووەتە دەرەوە. هەردەم دنکەکان و تاقانەکان لە لای خاک و ئاودا خۆشەویستن!.

بەڵام دار هەنجیری دووهەم دانراوە و دەرهاتوو یان نێردراو نیە، زایین نیە، بەڵکو هەلێکە بۆ ئەوەی کە تەوان و وزەکانی خاک و ئاو بۆ ناوێک یان دارێک و دانەیەک بگێردرێتەوە.

ناوەکانی مرۆڤ کە زۆر بەروبەرهەمیان بۆ مرۆڤەکان لە بواری فەرهەنگی و زمانەوانی هێناوەتە بەرهەم، وەک ناوی فردریک نیچە، کە یەکێک لە گەورەکانی ئەندیشەی مرۆڤیە، وەک وێنەی لکاندی چەڵەمەی داری قۆخ و هەنجیرە. لکاندن و پەیوەندی داری قۆخ و هەنجیر بەرێک دروست دەکات کە تێکەڵێکە لە قۆخ و هەنجیر، کە تام و بۆنی هەردووکیان لەیەک بەردا تێکەڵ  دەبێت. کەوایە لەوە سرنج بدەن کە مرۆڤ کاری پەیوەنددان و پێکەوە لکێنەری دەکات. نیچە، ناوی عیسا و زەردەشتی وەک قۆخ و هەنجیر لە یەکدا، لە گیان و ژیانی خۆی گرتەوە. ئەوەی کە لێ بەدەرهات بەرێکی پەیوەندراوی ناوی عیسا و زەردەشت بوو.

لە بەرەتاکانی بیر و ژیر و هەست و هزر و ئەندیشەدا، هەرهەموو ناوەکان و وشەکان و وێنەکان بۆ من کێشە و گرفتیان دروست دەکرد و نەمدەزانی کە من دەبێت کە چیان لەگەڵ بکەم و چۆن ڕاگرایەتی و بەڕیوبەرایەری ئەم وشە و وێنانە بکەم کە لە ژیانی من قەوماون و دەردەکەون!؟ لەبەر ئەوەی کە بیر و هەستی جیاواز و جۆراوجۆر بۆ من دروست دەبوو. لە لایەکەوە بە خۆم دەوت کە هەرهەموو وێنەکان و چیرۆکەکان و بەسەرهاتەکان ئەوەندە بەهای نیە کە ئەوەندە من لەسەریان کار بکەم. بە پووچ و پەرتەوازە و بێکەڵک و هەڕەمەکی دەمناسی و بێبەهام دەکرد و دەمەوت کە دەبێت وەک مردوویەک لە گۆڕێک بۆ هەمیشە بنێژرێن. بەڵام تین و گڕی دەروونم لێم هەڵسا و ئەوەی بۆ من دەرخست کە : هیچ یەک لە وێنەکان و وشەکان و ڕستەکان و ناوەکان لە ژیانی من نانێژرێن و وەک وێنە و ناوی زیندوو لە ژیانی من بەشداری دەکەن. هەر ئەمە بووە هۆی ئەوە کە بە وریایی و وردی لەگەڵ هەرچی ناو و وشەیە کە لە ژیانی من دەخولقێت هەستیار و هۆشیار بم.

ئەمزانی کە وێنەکان و وشەکان و بەسەرهاتەکانی ژیانی هەر مرۆڤێک بە دەست و هزر و هەستی مرۆڤ دەگیرێتەوە. ئەوە لای من پرسیار بوو کە بۆ ناتوانم کە کۆی بکەمەوە و بیگرمەوە!؟ دەمەویست کە بزانم کە من چ کێشە و گرفتێکم هەیە!؟.

قەیرانی کۆ کردن و گرتنەوەی وشەکان و وێنەکان و ناوەکانم لەوەدا بینی کە پەیوەندی بە کێشەکانی لەش و هۆش پێکەوە هەیە. مرۆڤ پرسیارەکانی زۆر زل و گەورەیە، بەڵام هەوڵەکانی زۆر چکۆلە و بچووکە، ئەمە هۆیەکی گرنگی هەیە. ئاکار و لەش ناهێڵن کە هۆش و دڵی مرۆڤ بە ئارامی لە زەوی ئاسایش بگرێت. کێشەی ئیبلیس و شەیاتین و چێژی شەڕ و کوشتن و لەشی ژن و شەراب و دەرمان و پووچەڵ کردن و پیلان و پلانەکان بۆ داڕمانی هۆشی مرۆڤ، لە هۆکارە گرنگەکانی نەهێشتنی ئەوەیە کە مرۆڤ بتوانێت کە کۆکەر بێت و بگرێتەوە.

هۆش و لەش لە کۆکردن و چووندا زۆر کێشە و گرفت دروست دەکەن، بۆ نموونە باسی ئەو قوتابیانە دەکەم کە لە ئاواییەکان و شارەکانی کوردستان دەهاتن بۆ زانکۆکان و شارە گەورەکانی وەک سلێمانی و هەولێر. ئەو قوتابیانە بە لەشیان هاتبوون کە فێری زانست و ناسین بن، بەڵام لەشی قوتابیەکان بۆ خۆی خەریک بە خۆشیەکانی خۆی دەبێت و ناهیلێت کە قوتابی وشەکان و وێنەکان لە دەروونی کۆ بکاتەوە. لەش دەسڵات بەسەر هۆشدا دەگرێت و بۆ خواستەکانی خۆی بەکاری دەبات. یان ئەو قوتابیانەی کە لە ڕۆژهەڵاتەوە دەچن بۆ ڕۆژئاوا، لەش بۆ ژن و سەفەر و چێژ و مەشروب و جگەرە و تەنیایی، دەسڵاتی هۆش لە خۆی کۆ دەکاتەوە. لەشی مرۆڤ ئەوەندەی کە یارمەتی مرۆڤ دەدات، ئەوەندەش دەتوانێت کە بەرگریکەری چوونی مرۆڤ بکات.

یەکێک لە پێگەکانی هۆشی مرۆڤ وەک تەوشێیە، بەس لەت لەت دەکات و کوت کوت دەکات. هۆشی مرۆڤ زۆر تەوان و لێهاتوویی هەیە بۆ بڕین و لەت لەت کردن. یەکێک لە شێوەکانی فێر کردنی منداڵەکان لە مزگەوتەکان بۆ ئەوەی کە قورئان فێر بێت، ڕەوشی حنجە بوو. حنجە بە شێوەیەک دەوترێت کە مەلا و مامۆستا هەوڵی ئەوە دەدات بە وشەکان و ڕستەکان بۆ فەقێ یان منداڵ حنجە بکات، بۆ ئەوەی بە ئاسانی فێری گوزەر لە وشەکان و ڕستەکان بێت. حنجە کردن وەک شێوەیەک دەناسرا کە تەوانی ئەوەی بە منداڵەکان دەدا کە وشەکان و ڕستەکان فێر ببن. ڕەوشی حنجە بۆ منداڵەکان زۆر سەخت بوو. ڕۆژانە بە ڕستەیەکەوە خەریک دەبوون، گوزەر کردن لە ڕستەکان بە حنجە سەختی و دژواری تێدایە.

وشەی حنجە لە وشەی قنجە زۆر نزیکە، قنجە کردن بەوە دەوترێت کە مەڕێک پاش ئەوەی کە سەردەبڕێت، گۆشت و ئێسکی قنجە قنجە دەکرێت، بۆ ئەوەی کە ئەو کەسەی کە دەیەوێت کە لێ بخوات بە ئاسانی و بە ڕێژەی خۆی گۆشت بەکار ببات.

هەروەها حنجە و قنجە شێوە و ڕەوشێکی پەروەردەییە کە بە ورد کردن و لەت لەت کردن بتوانرێت کە نەوەکان بە تیکەکان و بەشەکانی پەیکەری مەڕێک یان ئەدەبێک ئاشنا بکرێن.

لەشی مەڕ کۆیەک گۆشتە، کە خوای مەزن لەیەک کۆی زیندوو کردووە وە مرۆڤ ئەو کۆی زیندووە بە چەقۆ لەت لەت دەکات و بەش بەشی دەکات و بۆ خواستەکانی خۆی بەکاری دەبات. هەروەهاش دەبێت لەوە وریا بین کە کۆیەکی زیندوو کە بەری وەک شیر و بەرخەکان دەبەخشێت، وەک کۆیەکی وێنەکان و وشەکان و ڕستەکانە، کە بەر و بەرهەم دەبەخشێت و نەوەکانی لێ دەکەوێتەوە. قورئان کۆیەکی زیندووە کە هەرچی موفەسیران و بیرمەندان لێ لەت لەت دەکەن و لێ دەکەننەوە، وەک کۆیەکی زیندوو دەمێنێتەوە.

کەوایە بۆ ئەوەی کە نەوەکان و ناوەکان بتوانن کە کۆ بکەنەوە و بگرنەوە دەبێت کە تەوانی ئەوەیان هەبێت کە حنجە و قنجە بکەن. ئەگەر باوەڕ بە من بکەن، مرۆڤ لە درێژی ژیانی کە دەبێتە ڕابردووی، هەر ڕۆژ و هەر قسە و کردەیەک کە دەیکات، تیکە و ئەندامەکانی هۆش و پەیکەرێک پێکەوە دەنێت. گەر سەیری ڕابردووی هەریەک لە خۆمان بکەین، ئەو هەموو وێنە و کردە و وشە و ڕستانەی کە لە ئێمەوە سەری هەڵداوە و زایراوە، وەک لەش و پەیکەری غول و دێوێکە کە هەریەک لە ئێمە ئازار دەدات. بەشکە کەسانێکی وەک پەیامهێنەری خۆشەویستی ئیسلام و عیسای کوڕی مریەم و یوسف، ژیانیان وەک فریشتەیەک بێت، ئەگەرنە هەریەک لە مرۆڤەکان ئەوەندە وێنە و وشەیان تیکەڵ کردووە، هیچ ڕوومەتێک بۆ ئەو غولە بەدی ناکرێت!.

حنجە کردن ئەدەبێکە بۆ ئەوەی کە نەوەکان بتوانن کە چیرۆکەکان و بەسەرهاتەکان و وشەکان و وێنەکان بە وردی و لە تەنیایی بۆ خۆیان بکەنەوە، بۆ ئەوەی کە بتوانن کە خۆیان خاوێن بکەن و بزانن کە کێشە و گرفتەکان لە کوێ بووە. ئەمە بە کار و ئەرکێکی تاکانە ناسراوە.

پرسیار ئەوەیە کە نەوەکان چۆن فێری حنجە و قنجە کردنی وێنەکان و وشەکان و ناوەکان بن!؟ کەسانێک لە لای خۆیان ئاوەها خەیاڵ دەکەن کە ئەگەر کەسێک ویستی سوارکاری ئەسپ فێر بێت، دەبێت کە لە کەرەوە دەست پێ بکات. هەروەها لە پەروەردەکان کتێبەکان و ناوەکانیان بۆ نەوەکان دیاری کرد و وتیان کە دەبێت، نەوەکان بەسەر ئەو دەستە لە ناوەکان و نووسینەکان گوزەر بکەن، بۆ ئەوەی کە تەوان و شارەزایی کار کردنیان لەگەڵ ناوەکان و نووسینەکان و بابەتەکان هەبێت. هەر بۆ ئەمەش پێویست بە پەروەردەی چەند ئەدەبی کرا و باسیان لەوە هێنایەوە ئاراوە کە دەبێت ئەدەبەکان لەگەڵ یەکدی بۆ نەوەکان بگیرێنەوە، وە بەو ئەدەبە گیراوە، نەوەکان فێری ناسین و زانست بکرێن.

بۆ ئەوەی کە پەروەردەی چەند ئەدەبی دروست ببێت، دەبێت کە وەرگێڕەکان و ڕێگەکانی پەیوەندی و دروست کردنی بونیادی هاوبەش، بکرێتەوە.

کوردستان ناوچەیەکی شاخاویە و ڕێگەکان بە کەژەکان و ملەکان گوزەر دەکات. کوردستان ناوچەیەکی بیابانی نیە، هەربۆیە لە ناوچەی کوێستانی دەبێت کە ڕێگە بۆ گوزەر هەبێت و بزانرێت کە لە کوێوە هات و چۆ بکرێت. هەروەها وشەکانی کورد و سروشتێک کە وشەکان کورد دەزێنێت، ناوچەیەکی شاخاوی و سەخت و دڕە. ناوەکان و نەوەکانی کورد هەردەم بە سەر ڕێگەیەک کە لەسەر هۆشی کورد کەنراوە، گوزەر دەکەن. لە بیابان و دەشتەکان دەتوانرێت کە بە ئاسانی ڕێگە و ڕووگە بگۆڕدرێت، بەڵام لە کەژەکانی کوردستاندا ڕێگەیەک کە کەنراو و ئامادە کرا، ئیتر نەوەکان لە دوای یەکدی بەسەر ئەو ڕێگەدا گوزەر دەکەن و وەک ڕێگەی هەمیشەیی دەیناسن. بیر و ڕێباز و دین و هزرێک کە لە کوردستان جێ گرت و ڕێ بۆی خۆی دروست کرد، ئیتر نەوەکانی بە خۆیەوە خەریک دەکات.

پەروەردەی چەند زمانی و چەند ئەدەبی و چەند ڕێگەیی، شێوەی چوون بۆ نەوەکانی کورد دیاری دەکات. لە بەرەتاوە من کێشەی زۆرم لەگەڵ ناوەکان و نووسینەکان هەبوو. هەڵچوون و داچوونی زۆرم بەرانبەر بە ناوەکان هەبوو. خۆم لە ناوەکان و نووسینەکان دەدا، لە وەرگێڕەکان و داهێنەرەکان و خاوەندارەکان و لاساییکەرەکان. هەرهەمووی ئەمانە بووە هۆی ئەوە کە من لەشکرێک لە ڕستەکان و ئەزموونەکان و بەسەرهاتەکان لەگەڵ خۆم بەردەوام بە گڕ و ئامادە، ڕابگرم و

وەک شەڕکەرەکانی خۆم بیانناسمەوە. ئیتر هەرکات کە لەگەڵ ناوێک ڕووبەڕوو دەبووم، بە هاوکاری لەشکرێک لە وشەکان و ئەزموونەکان لەگەڵیدا دۆستی یان دوژمنیم دەکرد. بۆ من ڕوون ببوو کە هیچ شێوەیەکی چوون و خوێندنی ناوەکان وکتێبەکان ڕاست نیە. بە خواستی خوای مەزن هەر جۆرە بەخشندەییەک لە ئاستی مرۆڤ دەتوانرێت کە ببێت.

ئیتر من بەهام بە هیچ یەک لە ناوەکان نەدەدا کە بە چ شێوەیەک و ڕێگەیەک دەگەن بە ناسین و ڕستەکان. ئەوەی کە بۆ من روونکرایەوە، زۆر ئاسان بوو. وێنەکان خۆیان لە دەروونم دروست دەبوون و بە منیان دەوت کە ڕێگە و شێوەی من چۆن دەبێت. لەم بەندینخانەیە، وێنەی گۆزەی شەراب هات بە گیانمدا. من وەک گۆزەیەکی شەرابم کە لە گۆشەیەکی ژێرزەوی لە تەنیایی و خەڵوەت دانراوم و ڕاگیراوم. هەرچی کە من لەم تەنیایی و تاریکی و خەڵوەتە دەمێنێم، تام و چێژ و سەرخۆشی من فراوان دەبێت.

ئەمە شێوەی تایبەت بە منە کە وێنەکان لە کاتی پێویست دێنە فریادم و بە من دەڵێن کە بە چ شێوەیەک کار لەگەڵ ژینگەی خۆمدا بکەم.

یەکێکی تر لە وێنەکان کە بەردەوام خۆی بۆ من دەردەخست، دانەکانی هەنار بوو. من بەردەوام هەوڵی ئەوە دەدەم کە وێنەکان و وشەکان و چیرۆکەکانی ژیانم وەک دانەی هەنار کۆ بکەمەوە و لە بن پێستی هەنارێک پاڵیان بە پاڵی یەکدی بدەم و لەگەڵ یەکدی بیانبەستمەوە. لێرەیە کە دەردەکەوێت، مرۆڤ بە ناوی خوای مەزن، تەوانی ئەوەی هەیە کە شارەزا و ئاگاه و زاڵ بێت بەسەر ژیانیدا و لە پەیکەری هەنارێک بیناسێنێت و دەریبڕێت و نەترسێت.

ترسی من لە ئایەتی هەژدەی سوورەتی ئیبراهیم بوو، لەو ئایەتە ترسام کە خوای مەزن ئاماژە بە کافرەکان دەکات کە کارەکانی ئەوانە وەک خۆڵەکەوەیەکە کە بایەکی توند لێ هەڵیکردبێت. من ئەو ئایەتەم ئاوەها گرتەوە کە سەرجەم ئەو ناوانەی کە هەوڵی ناسین و کۆکردن و گرتنەوەی ناسین دەدەن، وەک ئەو کەسە وایە کە تەواوی ژیانی بووە بە وانە و چیرۆک و وشە و ناو و ڕستە، هەرچی کە هەوڵی ئەوە دەدات کە ئەو کۆکراوە بگرێتەوە و ڕێکخراوەیەک لە وشەکان و وێنەکان وەک دانەکانی هەنار لە بن پێستێک بگریتەوە، ناتوانێت. نەک تەنیا کە ناتوانێت، بەڵکو بە ناوی خوای مەزن و خواستی خوای مەزن، سەرجەم ئەو وانە و

وشە و وێنە و چیرۆکانەی کە کۆی کردووە، لێ دەبێتە گەردەلوول و تۆز و خۆڵێکی توند کە دەچێتە نێو چاو و گیان و ژیانی، لە ئەنجام نەخۆشی دەکات و دەیکوژێت.

بەسەرهاتەکان و چیرۆکەکانی مرۆڤ وەک خۆڵەکەوە، پاشماوەیەکی پووچ و سووتاوی ژیانی مرۆڤەکانە، کە ئەگەر خوای مەزن بیەوێت کە بایەکی لێ هەڵبکات و بیدات بە چاوانی مرۆڤەکاندا، هیچ کەس تەوانی بەرگری لەو بایەی نیە. بە خواستی خوای مەزن دەکرێت کە خۆڵەکەوە بکرێتە، دانەکانی هەنار کە بە دەست و دەمی مرۆڤ لە بن پێستی هەنارێک یەکدی بگرنەوە و تام و چێژ و خۆشی و ناسین ببەخشێت.

کەوایە ورد و وریا بن کە لەم باسەدا، لەسەر سێ ناو، گۆزەی شەراب و خۆڵەکەوە و دانەکانی هەنار، دان و ددانم تیژ کردووە.

من لە باسەکان و بابەتەکانی ئەم نووسینە زۆر تۆ و توخم و دانە دەدەم بە دەم و دەستی خوێنەردا، بۆ ئەوەی کە بە ژیری و وریایی لەگەڵیدا کار بکات و بەروبەرهەم بۆ خۆی بگرێتەوە. دەمەوێت کە نەوەکانی کورد ئازاد و ڕەها، هەست و هزرەکانی خۆیان گەورە بکەن. کەسانێکم دەناسی لە حوجرە و زانکۆ کە کاریان وەک ڕاوچیەک بوو، کە وشەکان و وێنەکانیان لە ناوەکان و نووسینەکان وەردەگرت و خۆیان بەوانەوە خەریک دەکرد. پاش ئەوەی کە ماوەیەک بەسەر ئەو ڕاوچیەتیە گوزەری کرد و ماندوویەتی و هیلاکی گرتیانی، ئیتر بە ئاسانی بوونە چەتەی وشەکان و وێنەکان. ڕاوچیەکان زەمینەی ئەوەیان تێدا هەیە کە ببن بە ملەگر و چەتە. ئاماژە بە دوو دوەرە دەکەم، دەورەیەک کە نەوەکان لە دەرودەشتی ئەدەب و زمانی خۆیان ڕاو دەکەن و دەخۆن، وە دەورەیەک کە ئیتر نەوەکان هیچ وشە و وێنەیەک لە دەرودەشتی ئەدەب و زمانی خۆیان نابینن. ئیتر دەبن بە ملەگر و چەتە و یەکدی تالان و چەپاو دەکەن و یەکدی ڕووت و ئاوارە دەکەن. لە ناوی وەرگر و وەرگێڕ و پێگێڕ و بگێڕدا ناوی خۆیان دەردەخەن. وەک ئەو کەسانەی کە کاری کڕین و فرۆشتنی شوێنەوارە کۆنەکان دەکات و هەردەم دەم و دەستی لەگەڵ دزەکانەوەیە، یان وەک ڕاوچیەک کە لە بازاڕی ئەوانە کار دەکات کە پەلەوەرە ڕەنگینەکانی خۆیان دەفرۆشن. ئەو کەسە بەس لەو بازاڕەیە و ڕاوچیەکان دەناسێت. هەروەها زۆرێک لە نەوەکان زۆر زوو و بە ئاسانی دەچنە نێو بازاڕەکانی کڕین و فرۆشتنی بەرهەمە نایابەکان و وەک وەرگر و وەرگێڕ و بگێڕ،

ناوی خۆیان دەناسێنن. ئەو کەسانە بە دوای ئەوە نین کە ڕێکخراوەیەک لە دانەکانی هەنار لە بن پێستی هەنارێک جێگیر بکەن و ببنە هۆی ڕووناکی و ناسین بۆ نەوەکانی مرۆڤ.

لە درێژی خوێندنم لە حوجرە و زانکۆدا، دەستەیەکی فراوانم لە قوتابی و فەقێکان بینی کە لە پێگەی کۆکەری و گرتنەوەدا نەبوون. بەڵکو پێگەی تریان بۆ خۆیان هەڵدەبژارد. بۆ نموونە برادەرێکم هەیە بە ناوی سۆرانی قوربانی. کاری دروست کردنی فیلم دەکات. کەسێکیش کە کاری دەرهێنەری و دروست کردنی فیلم دەکات، کار لەگەڵ کۆیەک وشە و وێنەی تایبەت دەکات کە لە فیلمەکەیدا جێگیریان دەکات. لێرە هاوبەشی من و سۆران لەوەیە کە هەردووکمان کۆ دەکەینەوە. ڕۆژێک بەسەرهاتێکم بۆی گێڕایەوە و ئەویش کەیفی پێهات و وتی کە دەتوانێت ببێت بە سوژەی فیلمێک. کێشە و تووڕەیی من لەگەڵ سۆران لەوێوە دەست پێدەکات، ئەو کاتە کە وێنەیەک لەوانی تر وەردەگرێت و لە فیلم دایدەڕێژێت. ئیتر کاری ئەو دەبێتە جۆرێک سەرگەرمی. ئەوەی من لێ دڵنیام، ئەوەیە کە سۆران بە دوای کۆکردن و گرتنەوە وشەکان و وێنەکانی ژیانی نیە.

کاتێک کە سۆران ئەو بەسەرهاتەی من بە گرنگ ئەزانێت، ئیتر ئەزانم کە دەروونی ئەو جۆرە کەسانە یان فیلمدەرکەرانە بە دوای کرانەوە بۆ ناسین نیە. بە وێنە و بەسەرهاتێک خۆیان خەریک دەکەن. هەروەها لە حوجرەدا چەند فەقێ هەبوون کە لەگەڵ ئەوەی فەقێ بوون لەبەردەستی مامۆستاکانی حوجرە، لەهەمانکاتدا، وتارخوێنی مزگەوتەکانی ئاوایی خۆیان بوون. وشە و وانەکانیان لە حوجرە هەڵدەگرت و بۆ خەڵکیان دەبرد. گۆزە دەبێت کە دایبنێت و ماوەیەک کاتی بدەیتێ کە بگیرێتەوە. گۆزە بە دەستەوە ناگیرێتەوە. ئەو فەقێیانە وانەکانیان وەک نانی گەرم لە حوجرە دەبرد و بە خەڵکیان دەبەخشی. وشەیان بۆ خەڵک بوو. ئەمەیە کە دۆستی و هاونشینی من لەگەڵ ئەوانە دەبووە، جودایی و جیاوازی و دوورکەوتن. کاریگەری کردە نێوانمان، ئیتر من نەمدەتوانی کە پێگەی خۆیان بە خۆیان بڵێمەوە. هەرئەوەم پێدەکرا کە لێیان دوور کەومەوە. بەم نووسینەش دەتوانم کە باسی جیاوازی کەسێکتان بۆ بەدەربەخەم کە هەوێر و قوڕ بۆ خەڵک و ئەوانی تر دەشێلێت، لەگەڵ کەسێک کە دەیەوێت وەک هەنگ، هەنگوین و ژەهر لە گیانی پێکەوە دروست بکات!.

# هەنگ لە شەڕ و ئاشتیدا

هەنگ کاری کۆ کردنی تۆی گۆڵەکانە بۆ ئەوەی کە هەنگوین و ژەهری لێ درودت بکات. هەنگوینی دەبەخشێت و ژەهری لە گیانی بۆ ئەوانە دەهێڵێت کە ئازاری دەدەن. هەنگ گەر شەڕ بکات بە خۆی و ئەو ژەهرەی کە تێدایە بۆ دوژمنی دەچێت. لە ئاشتیشدا بەری خۆی بۆ بخۆرەکان و هەڵگرەکانی بەجێ دەهێڵێت. تایبەتمەندی هەنگ لەوەیە لە کاری گرتنی دوو بەری دژ بەیەکە، کە هەرگیز تێکەڵی یەکدی ناکات. تایبەتمەندی جوان و گەورەی تری هەنگ لەوەیە کە ئەگەر کەسێک لە بەری نزیک بێتەوە، دژی هێرشبەر شەڕ دەکات و ناهێڵێت کە دەستی کەس نزیکی بێتەوە. هەنگەکان لەسەر ئەوە هاوپەیمان نین کە بە لەشکر هێرش بکەن، هەربۆیە دوژمنی و شەڕی هەنگەکان بەهێز نیە. کاتێک کە مرۆڤ یان هێرشبەر دەستی خستە نێو بەرەکەی، بەجێ دەهێڵێت و وازدەهێنێت. بەری هەنگ لە دینی ئیسلام بە شەفا ناسراوە، وە وەک دەرمان بۆ نەخۆشەکان بەکار دەچێت.

لە قورئانی پیرۆز ئاماژە بەوە دەکات: و اوحی ربک الی النحل ان اتخذی من الجبال بیوتا و من الشجر و مما یعرشون(نحل ٦٨) ثم کلی من کل الثمرات فاسلکی سبل ذللا یخرج من بطونها شراب مختلف الوانه فیه شفاء للناس ان فی ذلک لایة لقوم یتفکرون(نحل ٦٩) ئەمە مانای ئەوەیە کە ژەهر و هەنگوین لە بەر و لەشی هەنگ، دەستێکی گەورەی لە پشتەوەیە.

ناوەکان وەک نووسەرەکان و بیرمەندەکان لە پێگەی کۆکەر و گرتنەوەدا، تەوانی ئەوەیان نیە کە وشەکان و وێنەکان و چیرۆکەکان و ڕستەکان، وەک هەنگ لە دوو بەری ژەهر و هەنگوین لە لەش و بەردا، دامەرزێنن. پێگەی کۆکەری و گرتنەوە گەر هاوکاری و یارمەتی خوای مەزنی لە پشتەوە نەبێت، ژەهر و هەنگوین لەیەکدی تێکەڵ دەکەن. هۆی ئەوەش کە خوای مەزن لە قورئان ئاماژە بەوە دەکات کە وەحیمان بە هەنگ کرد، لەوەیە کە خواستی خوای مەزن لە دەروونی هەنگ هەیە کە ئاوەها ژەهر و هەنگوین تێکەڵ نەبێت. کاری خوا مەزن ئاوەهایە، گەر بیەوێت زۆر بە وردی دەروونی هەنگ دادەمەرزێنێت و دەخولقێنێت. ناوی هەنگ وەک وێنە و نموونەیەکە بۆ ئەوەی کە مرۆڤ وریا بێت کە خوای مەزن خۆی خاوەن ناوەکانە و خواستی پیرۆزی لەسەر ناوەکانە. بەڵام مرۆڤ هەرگیز تەوانی ئەوەی نیە کە تۆی گەردش و گەڕانی خۆی لەیەکدی جیا بکاتەوە. بۆ نموونە بەسەرهاتی سالۆمە و

نیچە، وای لەو بیرمەندە کرد کە ژەهری گیانی بەرانبەر بە ناوی ژن، تێکەڵ بکات. نەک تەنیا لەو بەسەرهاتە، بەڵکو، نیچە لەگەڵ عیسای کوڕی مریەم، هەروەک سالۆمە، ژەهری گیانی تێکەڵی ڕستەکان کرد و بووە هۆی ئەوە کە خوێنەرانی نیچە بەرانبەر بە ناوەکانی دین، دوژمنی و دژایەتی بکەن. نیچە خواستی خوای مەزن ئاوەها لەسەری بوو کە ژەهر و هەنگوێنی ژیانی، دەرئەنجامی هەوڵەکانی بۆ ناسین، لەگەڵ یەکدا تێکەڵ بکات و بخۆر و بخوێنی ڕستەکانی لە مەترسی بخات. نیچە بە هۆی شکستەکانی لەگەڵ ژن، یارمەتی لە دەورەکانی تری ژیانی وەرگرت کە وەک ئەدیبێک، دژایەتی ناوی ژن بکات. هەنگ هەرگیز ژەهری لەگەڵ بەری تێکەڵ ناکات. نیچە و سادق بە پێچەوانەی هەنگ، بە خۆیان و بەر و باریان دژایەتی خوێنەریان دەکەن. ئەوە نیە کە بەریان و باریان لەیەکدی جیا بێت، بەڵکو ژەهری تەنیایی و نەکبەتی خۆیان لە ڕستەکان خستووە.

هیچ کەس وەک هەنگ، ژەهر و هەنگوین، لەیەکدی ناپارێزێت، هەروەها هیچ نووسەر و بیرمەندێک ناتوانێت کە ژەهر و هەنگوینی ژیانی لەگەڵ یەکدی تێکەڵ نەکات. ئەمە من دەبات بۆ ئەوەی کە بڵێم، هەر ناوێک بە خواستی خوای مەزن، وەحێکی پێکراوە کە لە درێژی ژیانی چۆن وشەکان و وێنەکان کۆ بکات و بیگرێتەوە و بە کاریان بەرێت.

بۆیە ئەو شوێنانە کە خوای مەزن کە قورئان دەفەرمێت: و هم لایشعورن... لا یفقهون... لا یعقلون، بۆ من ویستگەیەکی سەخت و دژوار بووە. لە قورئاندا خوای مەزن ئاوەها دەفەرمێت: لقد ذرأنا لجهنم کثیرا من الجن و الانس لهم قلوب لا یفقهون بها و لهم أعین لا یبصرون بها و لهم ءاذان لا یسمعون بها اولئک کالانعام بل هم أضل اولئک هم الغافلون(اعراف ١٧٩).

## ئیبلیس و ژن و مار

ژن وەک مار، هەرکەسی پێ نەخورێت، ژەهری پێوە دەدات.

ژن و مار و ئیبلیس، سێ ناوی دوور و لەیەکدی نزیکن. دووری ئەوانە ئەوەیە کە ژن بە پێچەوانەی مار و ئیبلیسە، هەردەم حەز و عەشقی هەیە کە خۆی لە خۆشیدا دەربخات، بەڵام مار لە شەڕدا خۆی دەردەخات. نزیکیان لەوەیە کە ئیبلیس، هەردەم ژن وەک پەناگایەک و گۆڕەپانێک بۆ گەشەی شەڕ و ئاژاوە، بەکار دەبات.

نابێت کە ئەو ڕستانەی کە گرنگە، بنوسرێن و وەک تابلۆ هەڵواسرێن، لەبەر ئەوەی کە ستەم لە ڕستەکانی تر دەکات!.

ژن دوو شتی تێدا کۆکراوە کە بەهایەکی زۆری هەیە و لە پیاودا نیە، ئەو دووانەش سینگ و داوێن، وەک لاوێنگەیە. هەردووکی لە ژن هەیە. ژن تەوانی زۆر فراوانی هەیە لە کۆکەری، دەتوانێت کە بە خواستی خۆی کۆکراوەکان بەکاریان بەرێت. بۆیە ژن لە ئیسلام ئەوەندە ئامۆژگاری کراوە کە خۆی داپۆشێت، لە کردنەوەی داوێن و سینگی. ئیبلیس تەوان و زەمینە کە ژندا دەبینێت، بۆیە پەنایان پێ دەبات. کاتێک کە ژن سینگ و داوێنی خۆی نەپاراست و دای بە دەستی خواستە چڵکنەکانی شەیتانەوە، ئیتر سینگ و داوێنی نامێنێت، دەبێت بە مار. مار سینگ و داوێنی نیە، ئەوەی کە پێ کۆ دەبێتەوە، ژەهرەکەیەتی!.

# دەست و گەنم

پەنا بە ناوی خوای مەزن دەبەم لە شەڕی ناوەکان. بە ناوی خوای مەزن دەست و گیان پێ دەکەم.

## تەرچک و چیڕ

لە ئاوایی لە نزیک هەر ماڵێک کە پەزوپۆڵی هەبوو، دەستەیەک لە تەتەکانیان دانیابوو و هەر ماوەیەک جارێک خوێیان لەسەری دەکرد، بۆ ئەوەی کە پەزەکان دەم لەسەری بگرن و بیخۆن و بیلێسنەوە. پەزەکان کە دەبران بۆ سەر تەتەکانی خوێ، زۆر بە پەلە و هەڕا هەڕا دەچوونە سەری و هەریەکەیان بە زوبان خوێکانیان دەلێسایەوە.

کاتێک کە سەیری پەلە و چوونی بە پەلەی پەزەکانم دەکرد، بۆ من پرسیار بوو کە بۆ پەزەکان بە تایبەت بزنەکان ئەوەندە پەرۆشی خواردنی خوێیان هەیە!؟ بۆم دەرکەوت کە پەزەکان بە تایبەتی بزنەکان بۆ گرتنەوەی پێست و گۆشتیان حەزیان لە خوێ هەیە. خاوەن پەزەکان ئەو بزن و مەڕانەی کە دەیانەویست بەر و شیری لی بگرنەوە، تایبەتی خوێیان پێدەدا، بۆ ئەوەی کە پێست و گۆشتیان لە تەرچکی و شکان و وەرین، بۆ پێست و گۆشتی چیڕ و گیراوە بچێت. لە لایەکی ترەوە ئەو

خاوەندارانەی کە دەیانەویست گۆشتی تازە و تەرچک بخۆن و چێژ وەربگرن، لە دەورەیەک کە بەرخ گەورەدەبێت و دەبێتە شەک[26] کە هێشتا نەبووە بە مەڕێک کە بزێنێت و شیر و بەر بدات، سەری دەبڕن.

دەورەکانی بەرەتای هەر پەزێک یان نەوەیەک، کە هۆشی دەزێت بە تەرچک دەناسمەوە. تەرچکی و چیڕی دوو دەورەی جیاواز و بە پێچەوانەی یەکدین. خاوەندار بە خواستی خۆی لە پەزەکان هەڵدەبژێرێت، بۆ ئەوەی کە لە دەورەی تەرچکی سەربڕین یان لە دەورەی چیڕی بەر و شیر ببەخشن؟ خاوەندارەکان دەزانن کە ئەو پەزانەی کە لە تەرچکی سەردەبڕێن، ئەوە بەس بە گۆشتی لەشیان تام دەبەخشن. هەروەها ئەو پەزانەی کە بۆ دەورانی چیڕی ئامادە دەکرێن، خاوەندار خواستی ئەوەی هەیە لە شیر و بەر و بەرهەم لێیان بگرێتەوە.

بۆ ئەوەی کە باسی تەرچک و چیڕ باشتر بکەمەوە، چەند نموونەیەک باس دەکەم کە بزانن چۆن ناوەکان و نەوەکان وەک شوانەکان و پەزەکان، هەوڵی ئەوە دەدەن کە نەوەکان بۆ چیڕی بەرن یان لە تەرچکی قوربانیان بکەن:

## دەست و چەقۆ ، مەڕ و چەقۆ

باوام کە ئێمە لە ناوچەی دەشتی زەهاو بە باپیری دەڵێن، کەسێکی خاوەن دەست بوو. خەڵکی ئاوایی کە پەزوپۆڵەکانیان نەخۆش دەبوو، دەیانهێنا بۆ لای باوام، بۆ ئەوەی کە نەخۆشی ئەو ئاژەڵانە چارەسەر بکات. باوام بە چەقۆکەی دەستی، پزیشکی مەڕوماڵاتەکان بوو. ئەو سەردەمە باس و پێگەیەک بە ناوی پزیشکی نوێ ئاژەڵ نەبوو، هەربۆیە خەڵک پەنایان بۆ پزیشکی سوننەتی ئاژەڵەکان دەبرد.

دەرمانی هەر دەردێکی پەزوپۆڵەکان بە چەقۆی دەستی باوام چارەسەری هەبوو. دەردەکانی مەڕوماڵاتەکان بە یەک ناو کە ئەویش چەقۆ بوو، چارەسەری هەبوو.

شێوەی کار باوام ئاوەها بوو، هەر کات کە خەڵکی ئاوایی یان ئاواییەکانی تر مەڕوماڵاتی نەخۆشیان بهێنابایەت بۆ چارەسەر، دەیانبردە حەوشی گەلەخانەکەی ماڵی باوام و لەوێ بەجێیان دەهێشت. خاوەن مەڕ دەچووە ماڵ بۆ ئەوەی کە چایەک بخوات. باپیرم بە تەنیایی و بە چەقۆکەی دەستی دەچوو و ملی مەڕەکەی

---

[26] _ شەک دەورەیەکە کە لە بەرخ بوون بۆ مەڕی دەچێت. ئازەوی مەڕ، وەک ئازەوی کچ!

دەگرت و دەیبرد بۆ نێو ژووری گەلەخانەکە و دەرگەی دادەخست. باوام نەیدەهێشت کەس لەگەڵی بچێتە ژوورەوە. پاش ئەوەی کە کار تەواو دەبوو بە چەقۆی خوێنئاوی دەستی دەهاتە دەرەوە و لایەک لە گوێ مەڕەکەی بە بڕاوی بە دەستیەوە دەهێنایەوە دەرەوە و هیچی تر!.

تەنیایی گەلەخان و چەقۆی دەستی باوام و مەڕی نەخۆش، بۆ من بووە پرسیار و سەیر لێ هاتن کە چەقۆ و مەڕ، چ حوکم و سرێکیان لە نێوان هەیە!؟.

پاش ئەوەی کە باوام وردە وردە بەرەو پیری و نەخۆشی چوو، خواستی ئەوەی هەبوو کە یەکێک لە مامەکانم فێری ئەو کارە بکات. یەکێک لە مامەکانمی هەڵبژارد و هەرکات کە مەڕێکی نەخۆشیان دەهێنا بۆ چارەسەر، باوام ئەو مامەمی لەگەڵ خۆی دەبردە ژووری گەلەخانەکەوە و فێری کارەکەی خۆی دەکرد.

ئەوەی کە من لە چارەسەری باپیرم دەستگیرم بوو، ئەوە بوو کە باوام نەیدەهێشت هەر کەسێک چارەسەری ئاژەڵ لە دەستی ئەوەوە ببینێت.

پاش ماوەیەک کە بەسەر فێرکردنی مامم گوزەری کرد، بە باوام وت: مامم ئەتوانێت کە ئەو کارەی تۆ فێر بێت!؟ باوام وتی: مامت بە کەڵکی ئەوە نایەت کە ئەو کارەی من فێر بێت. دەست و چاوی ئەو بۆ ئەو کارە نیە!.

## دەست و گەنم

لە دەورانی کۆندا، کێڵانی گەنم بە دەست بووە و خاوەن زەویەکان لە کاتی کێڵانی گەنم، بە دەستێکی شارەزا گەنمەکانیان دەوەشاند. کەسانێک لە خاوەن زەویەکان کە شارەزایی لە وەشاندنی گەنم نەبایەت، ئەوە هاوکاریان لە کەسێک وەردەگرت کە دەستی وەشانی گەنمی هەبایەت. کەسانێک شارەزاییان هەیە و بە پێ شارەزایی و ناسینی زەویەکان، گەنمیان تەنک یان پڕ دەوەشاند. هەروەها کەسانێک کە خوای مەزن لە نور و زانستی خۆی پێیان بەخشیبێت، وەک ئەو کەسەی کە شارەزایی هەیە کە چۆن بە دەستی گەنم بوەشێنێت، هەروەها شارەزایی هەیە کە بە دەمی وشەکان بە نەوەکان ببەخشێت، شارەزایی هەیە کە هەر وشە و چیرۆک و ناو و وێنەیەک لە چ ڕوویەک و ڕووبەرێک بوەشێنێت. کەسانێک دەستیان لە ناو خەڵک ناوبانگی هەیە، کە کابرا دەستی باشی هەیە،

هەروەها ناوانێک هەیە کە دەست و دەمی تەوانا و شارەزایان بۆ وەشانی وشەکان هەیە.

## وەشاندن، چاندن، تەقاندن

سەرجەم باسەکانی من بۆ ئەوەیە کە نەوەکانی کورد ورد و وردیا بن بۆ ئەوەی کە بزانن چۆن لە تەرچک بوو بەرەو چیڕ بوون بڕۆن و لە گەنجی و لاویدا قوربانی دەستی خاوەندارەکان نەبن.

هەریەک لە خاوەندارەکان بۆ ئەوەی کە وشەکانی ئەدەبی خۆیان بەکار ببەن و بە نەوەکانی بگەیەنن، لە شێوەکانی وەشان و تەقان و چاندن و کێڵانی وشەکان و ڕستەکان کەڵک وەردەگرن.

## وەشاندن

وشەی وەشان، دەتوانرێت کە لە شوێنی جیاواز بە دەم بگیرێت و بۆ مەبەستی جیاواز بە کار بچێت. خەڵک دەڵێت کە فڵان کەس گەنمی وەشاند، یان فڵان کەس دەستی لێ وەشێنراوە. دەست دەتوانێت کە گەنم لە زەوی بوەشێنێت یان بۆ لێدان و شێت کردن و ڕووخان مرۆڤێک بوەشێت. دەست وەشاندن، هێمای ئەوەیە کە کەسێک لێدراوە. کەوایە وەشان بۆ کارێکی پیرۆز و بۆ کارێکی شەڕ و شێتی بە کار دەچێت. هەروەها وشەکان بۆ وەشاندنی وەک گەنم بە کار دەچێت، یان وەشاندن بۆ لێدان، بەکار بچێت.

نمونەیەک کە شایستەی ئەم باسەیە، ژن و لەشی ژنە. لەشی ژن وەک خاکێکە کە پیاوەکان بە دەستیان، قسە و وشەیان تێ دەوەشێنن. ئەو ژنانەی کە پەیڕەوی یەک پیاو دەکەن و لەگەڵ یەک پیاو دەژین، لە داوی ئەدەبی ئەو پیاوە گیر و بەند و پەیوەست و پەیوەند دەبن. ئەو ژنانەی کە چەند شوو دەکەن و لەگەڵ چەند پیاوی جیاواز و دوور لەیەک دەژین، ئەوە ئەدەبی ئەو پیاوانە وەک ئاو لە لەشی ئەو ژنە دەمێنێت. ئەو ئاوە یان ئەدەبە کە لە پیاوە جۆراوجۆرەکان بە ژن گەیشتووە و تێدا ماوەتەوە، تەوانی ئەوەی تێدایە کە ژن لە وەشاندنی وشەکان وەک گەنم بۆ وەشاندنی دەستەکان بۆ لێدان، لە یەکدی نزیک ببێتەوە. ژنێک کە چەند شووی

کردبێت، زەمینەی ئەوەی تێدا هەیە کە وەشان لە چەند پێگەی جیاواز لە خۆی ببینێت.

نموونەیەکی تری وشەی وەشاندن، دەتوانرێت کە باسی وشە وەشاندن، بۆ قوتابی و فەقێکان بکرێت. کۆی ئەو قوتابی و فەقێیانە وەک گەنم لەسەر ئەدەب و خاکێک بە دەستێکی تایبەت دەوەشێنرێن، ئەو دەستە کە ئەوانە دەوەشێنێت، تەوانایی ئەوەی هەیە کە کاریگەری لە داهاتوویان بکات. وشەکان و ڕستەکان لە ژینگەی قوتابیەکان و فەقێکان، لە قوتابخانە یان حوجرە، دەوەشرێت. ئیتر ئەوە دەروونی فەقێ یان قوتابیە، کە لە خۆی دەیگرێت و لە گیانی دەمێنێت. وەشانی وشە، ئاماژە بە نەرمیەکە کە پێدەر هەیەتی بۆ پێدراو.

## چاندن

چاندن وشەیەکی بەستراوتر و دەستیترە، بۆ نموونە کەسێک بە دەستی خۆی دارێکی تایبەت لەسەر زەویەکی تایبەت دەچێنێت و بەو دەستە خاوەنداری دەکات. ئەوە بە چاندن دەناسرێت. چاندن ئاماژە بە کەندن و نێشتن دەکات، کردنەوەی زەویەک تا قووڵاییەک و نێشتنی لە نێو خاکدا. چاندن ئاماژە بە دنکەیی و تاقانەیی دەکات و ئەو دەستەی کە تایبەتی دەکەنێت و دەنێژێت. خاوەندار یان دەستی چێنەر بە تایبەتی ئاگاهی و چاوی لەسەر ئەو چێنراو و نێشتراوەی خۆی هەیە. دەستەیەک لە نەوەکان بە تایبەتی لە بن دەستی دەستەیەک لە ناوەکان گەورە و فێر دەبن. لە قورئانی پیرۆزدا خوای مەزن ئاماژە بە موسا دەکات کە: و اصطنعتک لنفسی (طه ٤١) بۆ نەفسی خۆم دروستم کردووە. هەروەها دەفەرمێت، لکل جعلنا منکم شرعة و منهاجا(مائدة ٤٨) بۆ کەسانێک لە ئێوە ڕێگە و ڕێبازمان دانیاوە. ئەمە ئەوە بە من دەگەیەنێت کە خوای دلۆڤان هەریەک لە مرۆڤەکان بە ڕێگەیەک و شێوەیەکی تایبەتی خاوەنداری دەکات و بە دەستی پیرۆزی دەیانچێنێت، وە لەسەریان پاسەوانی و پارێزەری دەکات. دەستی بۆ هەر یەک لە ناوەکان بە شێوەیەکی تایبەت خاوەنداری دەکرێت.

لە پەروەردەی مرۆڤیدا زۆر بە دنکە لە ناوەکان تەوانی ئەوەیان هەیە کە خاوەنداری نەوەکان بکەن. پەروەردەی مرۆڤی تەوان و زانستی ئەوەی نیە کە تایبەت نەوەکان لەسەر ئەدەبێک بچێنێت و خاوەنداری بکات.

# تەقاندن

وشەیەکی تر کە شێوەیەکی تری دیار و تایبەتی و فراوانە بۆ دەرکەوتنی ناوەکان و وشەکان، وشەی تەقاندنە. تەقاندن وەک تەقاندنی تیر. تەقان، دەنگ و تۆقان بە دوای خۆی دەهێنێت. وشەکان و ناوەکان دەتوانن کە بتەقێن بەسەر نەوەکان و مرۆڤەکانی تردا. تەقان شێوەیەک چوونە کە دڕان و کڕان بە دوای خۆی دەهێنێت. نموونەی هەرە دیاری ئەم شێوەیە لە وەرزشی تیر و کەوان کە لە کۆندا بۆ ڕاو بە کار چووە، دەتوانێت کە هاوکاری بکات بۆ ئەوەی کە تەقان و نێچیر و نێچیرڤان بناسێنێت. کەسانێک کە قسە دەکەن یان دەنووسن، خواستی ئەوەیان هەیە کە وشەکان و ڕستەکان بەسەر نەوەکاندا بتەقێنن و بتۆقێنن. قورئان وەک کتێبی ئاسمانی لە هەرە بە تواناکانە بۆ تەقاندن و تۆقاندنی ناوەکان و نەوەکان. لە قورئاندا خوای مەزن دەفەرمێت: و ما نرسل بالایات الا تخویفا(٥٩ اسراء).

دەستەیەک لە خوێنەرەکان هی ئەوە نین بەزەیی و لێبووردن پێیان بکرێت، دەبێت کە بتۆقێنرێن. ئەو کەسانەی کە لە بواری وشەکان و ڕستەکان شارەزایی و لێزانینیان هەیە، وشەکان و ڕستەکان وەک تیرێک، تایبەت دەهاوێژن بۆ خاڵێک کە خۆیان خوستیان لەسەری هەیە. ڕستەکان و وشەکان و چیرۆکەکانی قورئان وەک کۆیەک تیری ئامادەیە کە پێکەوە کۆکراون، بەڵام ئەو تیرانە هەریەکەیان بۆ کەسێک بە کار دەچێت. وشە وەک تیر بۆ تەقاندن، نیشانەی ئەوەیە کە نێچیرڤان، دەستی نالەرزێت و چاوی تیژە و لە کاتی دیار تیر دەهاوێژێت. هەروەها ئەو کەسانەی کە خاوەنداری وشەکان دەکەن، دەبێت کە لە کاتی دیار و تایبەتی خاوەنداری وشەکان و بابەتەکان بکەن. ئەو کەسانەی کە هێزی تەقاندن و تۆقاندیان هەیە، دەست و دەمێکی تەوانا و وریایان هەیە بۆ بەکاربردنی وشەکان و ناوەکان و بابەتەکان.

کاتێک کە قسەکەرێک یان نووسەرێک ئێژێت یان ئەنووسێت بۆ نەوەکان، وشەکان وەک تیری کەوانی خۆی دەوەشێنێت، وشە وەک تیر لە بێژەر جیا دەبێت و لێدەدات. یان بێژەر و نووسەر بە وشەوە، وەک ئەسپ و سوار دەچنە نێو دەروونی نەوەکانەوە. ئیتر وشە و بێژەر یان نووسەر لێک جیا نابنەوە، وشە و خاوەن وشە دەچنە ناوەوە و پێکەوە کار و کاریگەری لە گوێگر یان خوێنەر دەکەن.

لە دەورانی حوجرە و زانکۆی سەڵاحەدیندا، هەستم دەکرد کە گوشاری زۆری ئەو دوو ئەدەبەم لەسەرە و وشەکان و ناوەکانی ئەو دوو ئەدەبە بەردەوام دەروونی من دەگەزن. من بەردەام هەوڵی ئەوەم دەدا کە وێنەیەک لەو گوشارە دروست بکەم، پاشان هەوڵ بدەم خۆمی لێ دەرباز بکەم. پاش ئەوەی کە زانکۆم تەواو کرد و ئاوارەیی لەش کەوتە پاڵ ئاوارەیی هۆشم و لە وڵاتی ئینگلیس تەنیا مامەوە، گوشاری فراوان منی گرتەوە، لەو کاتە ناخۆشانە بوو کە ئەم وێنەیە بۆم دروست بوو، وێنەی گوشاری حوجرە و زانکۆ و ئاوارەیی لەش و هۆشم ئاوەها بوو: وێنەی ئەو کەسە بهێننە بەرچاوتان کە دەخرێتە دەریایەک. پێش ئەوەی کە دەخرێتە ئەو دەریا پێ دەڵێن: کە خرایتە دەریایەوە دەفەرتی ئەوەت هەیە کە خۆت فێری مەلێ بیت و کەنارێک بدۆزیتەوە بۆ ئەوەی کە دەربازیت بێت، کەس نیە لە خۆت زیاتر نەبێت کە یارمەتیت بدات!

هەروەها وشەکانی ئەدەبی حوجرە و زانکۆ  و دەورەکانی ئاوارەیی لەش و هۆش بۆ من وەک دەریایەک بوو کە بە بێ هیچ ئامادەییەک خرامە ناویەوە. بە بێ ئەوەی کە کەسێک دەستم بگرێت و کەنارێک هەبێت بۆ نەخنکان!.

پاش گوزەر لەو هەموو ناخۆشیە و بەردەوامی دەرد و ئازارەکانی مانەوە لە خۆدا، لە تەنیایی و ئاوارەیی ئەدەبەکان و وڵاتەکان، شکاوە و نائومێد بۆ چرایەک و ڕەوزەنەیەک لە کرانەوە دەگەڕام. ڕۆژێک قورئانم دەخوێندەوە، گەیشتم بە ئایەتی ٤٠ی سوورەتی نوور. تیشکێک لە گیانمیدا. ئایەتی ٤٠ سورەتی نوور لە قورئانی پیرۆز، بووە ئەستێرە و هێمایەکی ڕۆشن و ڕووناک. کە ئەو ئایەتەم خوێندەوە، دڵخۆشی و ئومێدێکی فرە و فراوان منی گرتەوە. خوای مەزن ئاوەها دەفەرمێت:

أو كظلمت فى بحر لجى يغشه موج من فوقه، موج من فوقه سحاب، ظلمت بعضها فوق بعض اذا أخرج يده لم يكد يراها و من لم يجعل الله له نورا فما له من نور (نور٤٠). پاش ئەوەی کە ئەو ئایەتەم خوێندەوە، هەستم کرد کە ئەو ئایەتە ڕێک وەک ئەو وێنەیە کە چەند ساڵ پێش لە خۆم کێشام، لە دەریایەک بە بێ زانینی مەلێ و کەنار!. هەستم بەوە کرد کە خوای مەزن بەو ئایەتە پەیخاو بە من دەدات کە دەست بە ناوی من بگرە.

لە خۆم پرسیارم دەکرد، کوا مامۆستا حەبیب و حوجرە؟ کوا مامۆستا فەریبورز و پەروەردەی جمهوری ئیسلامی؟ کوا مامۆستا حەمید و زانکۆی سەڵاحەدین؟ کوا ئەو

کەسانەی بوون بە خاوەن و گەورە و مامۆستای تۆ!؟ هیچ یەک لەو مامۆستا و ناوانە نەیانتوانی کە ئاگاهداری لە هەست و هەناسەکانی من لە دەورە جیاوازەکان بن. خوای مەزن تەنیا ناوێک بوو کە دەست و دەمی منی بینی کە هاوار دەکەم و دەپاڕێمەوە بۆ یارمەتی، لە دەریا و تۆفانێک کە مرۆڤ بۆ منی دروست کردووە.

لە تەرچکی و شکانەوەدا، هەست و هەناسەکانی من لەگەڵ ناوەکان و وشەکان بەرەتای دەست پێ کرد، بە خواستی خوای مەزن دەروونم گەیشت بە چیرپیەک کە دەم و چەقۆی هەر کەسێک کاریگەریم تێ ناکات.

لەم باسەدا پێداگری لەسەر ئەوە کراوە کە دەستێک و ناوێک هەردەم نەوەکان و ناوەکان خاوەنداری دەکات وە بە خواست و تەوانا و زانست و ژیری خۆیان، پەروەردەی نەوەکان و ناوەکان دەکەن. لە دوای ئەو هەموو دەورە و ناخۆشیانە کە لە وڵاتان و لە پەروەردەکان بە دەستم هێنا، بەو باوەڕە گەیشتم کە مرۆڤ و دەستی مرۆڤ تەوانی نیە کە بەردەوام دەستی بە منەوە بێت. زۆرێک لە قوتابیەکان و فەقێکان بە دەستی مامۆستا و گەورەکانیان خنکان و دۆڕان. خنکاون، لە کاتێک کە هێشتا کتێب بە دەست دەگرن و دەیانەوێت ژیر بن!.

## وشە بە خوێنەوە

بە ناوی خوای مەزن باس لە چوار لە ناوەکان دەکەم کە فرە و فراوان لە دەوری هەست و هەناسەکانی من براون و نراون و دراون. باس لە چوار لەو ناوانە دەکەم کە خاوەن پلە و پایە و پێگە بوون. ئەو ناوانەی کە بوونە هۆی ئەوە کە بەردەوام هەست بە خۆشی و ناخۆشیەکی پایەدار بکەم.

ناسری سوبحانی

سادقی هیدایەت

سەید قوتب

فردریک نیچە

ئەو چوار ناوە چوار مرۆڤی خاوەن قسە و نەوە و بۆن و ژەهر و خوێن بوون. داوا لە خوای مەزن دەکەم بە ڕەحمی خۆی مامەڵەیان لەگەڵ بکات.

باس لە تایبەتمەندیەکانی هەریەک لەو چووار ناوە دەکەم بۆ ئەوەی کە خوێنەر و نەوەکانی کورد شێوەی لێکدان و پێکدانی ناوەکان لە ئەدەبی مندا ئاشنا بێت.

**یەکەم_** شێوەی ناسینی ئەو ناوانە بە نووسین بووە. من هیچ یەک لەو ناوانەم بە زیندوویی نەبینیوە و لەگەڵیان ئاشنایەتی ڕووخساریم نیە. کەوایە ورد بن لەوە کە ئاشنایی من بە جەوهەر و نووسین بووە. ئەمە ئاماژیە بەوە کە ئەو ناوانە خاوەن دەستی نووسین بوون.

زۆرینەی ناوەکان خاوەن دەستی نووسین یان وشە بە جەوهەرن، ئەگەرنە ناوی خاوەن وشە بە خوێن دەگمەن دەزێت.

ئەو چوار ناوە خاوەن چوار ژینگە و چوار تەنیایی تایبەت و چوار مێز تایبەتی بوون کە کاریان بە وشەکان بە جەوهەر دەکرد.

**دووهەم_** منداڵی هەریەک لەو ناوانە خاوەن دەستەیەک چیرۆک و بەسەرهاتە کە دەوروبەریەکان وەک نیشانەکانی دەورانی منداڵیان دەیگێڕنەوە. بۆ نموونە باسی ناسری سوبحانی دەکەن کە مامۆستاکەی باسی لە تەوانی ناسری لەگەڵ خێزانەکەی کردووە. مامۆستاکەی زیرەکی ناسری لەوێوە بۆی دەرکەوتووە، کە وەفادار بووە بە وانەکانی قوتابخانە. یان فردریک نیچە کە چیرۆکی ئەوەی لێ دەگێڕنەوە لە منداڵی کتێبی ئینجیلی بە دەست دەگرت و دەیخوێند و پێوە دەگریا. هەروەها دەگێڕنەوە کە سەید قوتب کاتێک منداڵ بووە، چووە بۆ نێو کەلاوەیەک کە منداڵەکانی تر نەیاندەوێرا بچنەناوی، لەبەر ئەوەی کە دەیانەوت جنۆکەی تێدایە. هەروەها لە سادقی هیدایەت دەگێڕنەوە کە کاتێک منداڵ بووە ڕۆژنامە دیواری بە ناوەڕۆکی مەرگ بۆ بنەماڵەکەی خۆی نووسیوە.

ئەو ناوانە لە منداڵیەوە چیرۆک و قسەیان داوە بە دەوروبەریەکانیان کە بۆیان هەڵگرن و بیگێڕنەوە.

**سێهەم_** تایبەتمەندی تری ئەو ناوانە ئەوە بووە کە ناوی خۆیان لە ڕێگەی ناوی نووسەران و کتێبەکانەوە گەشە پێداوە. هەریەک لەو ناوانە بە خوێندن لە تەنیایی توانیویانە کە خۆیان بکەنەوە. ئەو ناوانە لە ڕێگەی وشەکان و ناسینی زمانەوە هەوڵی ئەوەیان داوە کە بە ناسین بگەن. کاریان لەسەر وشەکانی زمانەکان کردووە. سادقی هیدایەت سەردەمی خۆی سەفەری هیندوستانی کردووە، لە سەر زمان و ئەدەبی هیندی بە تایبەت سانسکریت شتانێکی وەرگرتووە، پاش ئەوە بازی داوەتە سەر زمانی فەرەنسی و کەڵکی زۆری لە زمان و ئەدەبی فەرەنسی بۆ ئەو وێنانەی لە نووسینەکانی درووست کردووە، وەرگرتووە. هەروەها ڕق و قینی لە سەر زمان و ئەدەبی عەرەبی لە نووسینەکانی هاوار دەکات تا جێگەیەک نووسینێک بە ناوی البعثة الاسلامیة الی البلاد الفرنجیة بڵاو دەکاتەوە، ئەم نووسینە بە ناوی کاروانی ئیسلام ناسرا، ناوەڕۆکەکەی ئاماژەیە بەوە تا چەندە هەستەکانی ڕق و نەفرەت و گاڵتە و سووکاتەتی تێدایە.

سەید قوتب مامۆستای ئەدەب و زمانی عەرەبی بووە، وە لە لێکۆڵینەوەیەک زمانی عەرەبی و عیبری لێک و پێک داوەتەوە، هەروەها جگە لە ئەدەبی ئیسلامی، شارەزاییەکی فراوانی لە ئەدەبی عەرەبی پێش و پاش ئیسلام هەبووە.

لە پلانێک وەزارەتی پەروەردەی میسر بۆ لێکۆڵینەوە دەینێرێت بۆ ئەمەریکا کە سەبارەت بە فەرهەنگی پەروەردە کردنی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا شارەزایی وەرگرێت. ئەو کاتەی کە دەنێردرێت بۆ ئەمریکا خوێنی بە وشەی ئیسلام گرێ نەگرتووە، بەڵکو خاوەن خوێن بە وشەی عەرەبی بووە، وە لە وەزارەتی پەروەردە کاری کردووە. بە قسەی کەسانێک هەر بۆ ئەوەی شەڕ و کێشەی لە سەر سیستەمی پەروەردە ببڕنەوە ناردوویانە بۆ ئەمریکا. لەو سەفەرەیە کە وشەکانی قورئان تێکەڵی خوێنی دەبێت و دەزێت. قوتب هەر لە منداڵیەوە قورئانی لە بەر کردبوو، کەسێک کە لە منداڵییەوە قورئان بخوێنێت یان لە بەری بکات، چاوەڕوانی لێ دەکرێت کە دۆستی یان دوژمنی دین بکات. ئەمە لە خوێنەری تەواوی پێکهاتە زمانیەکان دەتوانرێت ببینرێت. خوای گەورە لە قورئان دەفەرمێت: الم تر کیف ضرب الله مثلا کلمة طیبة کشجرة طیبة اصلها ثابت و فرعها فی السماء توءتی اکلها فی کل حین باذن ربها و یضرب الله الامثال للناس لعلهم یتذکرون. (إبراهیم٢٤- ٢٥) سەید قوتب لە منداڵی قورئانی لەبەر کردووە. خوای گەورەش لەو

ئایەتە ئاماژە بەوە دەکات کە بەری وشەکان و ناوەکان بە خواستی پیرۆزی خۆیەتی. هەرکەس کە خوای مەزن خواستی لەسەری هەبێت، بەری وشەکانی لێ بەدەر دەخات.

ماوەی دوو ساڵ لە ئەمەریکا دەبێت و لەو ماوە بە بەرهەمەکانی زمانی ئنگلیزی ئاشنا دەبێت، وە بە زوویی دژایەتی ئەو فەرهەنگ و ئەدەبە دەکات. بە شێوەیەک لە نووسینێکی سەبارەت بە ئەو سەفەرەی ئاماژە بە زۆر لایەنی هەستیار دەکات.

لە لێکۆڵینەوە ڕۆژئاواییەکان دەڵێن سەید قوتب کەوتوەتە ژێر کاریگەری هۆش و ئەندیشەی کابرایەک بە ناوی لئۆ ئشتراوس کە لە ڕخنەگرانی فەرهەنگی مۆدڕن بووە.

پاش گەڕانەوەی کە دووچاری ئەزمونی گرفت و بەرهەم لە ئەندیشە و بڕوا دەبێتەوە، لە لایەن حکومەتی میسر دەستگیر دەکرێت. ئەو دەستگیر کردنە نووسینی بە هێزی لێ دەکەوێتەوە. لە بەندینخانەیە کە هەستەکان و هزرەکانی دەخاتە خزمەتی وشە و ڕستەکانی قورئان و بەرهەمی کوشندە و لێدەری لێ دەکەوێتەوە.

هەر وەک سەید قوتب، ناسری سوبحانی کەسێکی خاوەن زمان بوو. ئەوەندە بەو کەیفخۆش بوو کە بە سەید قوتبی دەوت ئیمامی هودا. لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کەسانی کەم هەبوون کە وەک ناسری سونحانی شارەزایی لە زمانی عەرەب هەبێت، پاش ئەو سەفەرەی کە بۆ وڵاتانی موسوڵمانان کردی، عەرەبەکان سەیریان لێ هات کوردێک لە شاخەکانی هەورامان ئەوەندە بە وردی زمانی عەرەبی لێک بداتەوە.

لێردا گرنگە ئاماژە بەوە بکەم کە هەر ئەدەبێک لەگەڵ هەر مرۆڤێک چەندەها جۆری جیاوازی پێکهاتەی هزرەکان و هەستەکان بە خۆی دەگرێت و دادەڕێژێت.

ناسری سوبحانی لە بیارە سۆفی بوو، کەسێک کە دەبێتە سۆفی پێکهاتەیەک لە وشەکان و ڕستەکان لە سەر زوبان و زمانیەتی. وشەکان لە سەر زوبانی دەروێشەکان و سۆفیەکانە کورت و دانە بە دانەیە وەک تالیلە و تەسبیحات. ئەو پێکهاتە کە لە دەورەی بیارە لە سەر زاری ناسری سوبحانی بوو، پاش ناسینی سەید قوتب گۆڕا. پێکهاتەی زمانی دەورەی سۆفیایەتی نەبووە کەلاوە و ڕووخاو

بمێنێت، بەڵکو توێکی خست و بە ناوەڕۆک و پێستێکی نوێ، پێکهاتەیەکی تازەی لە ڕستەکان دامەرزاند.

مامۆستایەک دەیگێڕاوە لە مزگەوتێک لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە کرماشان مەلا ناسرم بینی کڵاوجامانەیەکی زلی بە سەرەوەیە و بەو ڕیشە نەرمەی خەریکی باس کردنی تێۆری چارڵز داروینە!.

لەم دێڕانە مەبەستم ڕوونکردنەوەی ئەوەیە کە دەبێت خوێنەر لە ڕادە بەدەر وریا بێت، کە دەورەکانی گوزەر لە پێکهاتەی ڕستەکان  کەسێکی شارەزای دەوێت، کە لە قوربانی بوون خۆی بپارێزێت.

پێکهاتەی ئەندیشە و ڕستەکانی ناسری سوبحانی کاریگەری کردە سەر نەوەکانی پاش خۆی، وە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەستەیەک فەقێ لە ژێر بەرنامەیەک گەورە بوون کە بایەخیان بە لێکدانی زمانی عەرەب دەدا، وە ئێستەش ئەو ڕەوتە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەردەوامە. هەروەها کاریگەری زۆری کردە سەر کوردستانی باشوور، تا جێگەیەک نووسراوەو وانە و وتنەکانی وەک سی دی و کاسێت لە نێو مەلا و فەقێکان لەوێ فراوانە. دەتوانین بەرهەمی بایەخ بە زار و زمانی عەرەب لە لای ناسری سوبحانی لە نووسینی بەندایەتی بە شێوەیەکی ڕوون ببینین، کە چەندە لێکدانی ڕستە و وشەکان گرنگی هەبووە لە لایدا.

لە بیرمە کە مامۆستا مەنسوور لە حوجرە وانەی سەرفی بە ئێمە دەوتەوە و باسی دەستەیەک فەقێ بۆ ئێمە دەگێڕایەوە: لە حوجرەیەک دەستە فەقێیەک خەریکی خوێندن بوون، پاش ئەوە کە فەقێکان بە تەواوی شارەزاییان لە ئەدەبی عەرەبی و زمانی عەرەبی بە دەست هێنا، مەلایەکی ئەو فەقێیانە قورئانێک دەدات بە دەستی فەقێکانەوە. فەقێکانیش کە قورئان دەبینن سەریان دەسووڕێت، لە جوانی داڕشتنی وشەکان و ڕستەکانی قورئان!.

مامۆستا مەنسوور ئەوەی گیڕایەوە، وەک نوکتە یان قسەیەک کە فەقێکان دەبێت لەسەر ژینگەیەک فێری وشەکان ببن. ئەو شێوە کە حوجرە بۆی گرنگ بوو، ئەوە بوو کە بە ناسینی وشەکان و ڕستەکان دەتوانرێت کە بۆ ناسین گوزەر بکرێت. مامۆستا مەنسوور تانەی لە حوجرەکانی پێشتر دەدا کە ئەدەبی عەرەبیان بە بێ ئەدەبی قورئان خوێندووە.

نیچە لێکۆڵەری زمانی یۆنان، ئەدەب و ناوناسی شارستانییەتی یۆنان و ڕۆم بوو. زۆرێک لە ڕستە بە نرخەکانی دەرئەنجامی ئەو ناسینە بووە. هەر لە یەکەم نووسینی زایش تراژدی تاوەکو نووسینی اینک انسان لە ڕستە کورتەکانی واز ناهێنێت.

نیچە بە دین ناس و ژن ناس ناوبانگی دەرکرد. دین و ژن داوێنێکی بەربڵاوی زمانی و هەستیان هەیە، کە هێزی نیچە پیشان دەدات، هەر بۆیە کەسی دەوێت هەنگاو لە داوێنی وشەکانی بنێت.

هەر وەک ئەو سێ کەسایەتیە، نیچە لە زمانەوە، وە بە زمان قاڵی هەموو شتی لە دەزگای خەیاڵی بڕیەوە.

هێزی نیچە لە ناسینی زمانی کۆنی یۆنان نەمابوو، بەڵکو لە جێگەیەک دەری دەبڕت، خۆزگە ئاریەکان بە سەر یۆنانیەکان زاڵ بایەن. ئەمە نیشانەی ئاشنایەتی ورد و قووڵە لە فەرهەنگی زەردەشتی و ڕۆژهەڵات نشینەکانە. هەستی بەوە کردبوو کە ڕووناکی و تیشکی گەرم و خاوێنی خۆر لە ڕۆژهەڵات بەهێزترە.

**چوارەم_** یەکێکی تر لە خاڵە هەستیارەکانی ئەو کەسایەتیانە، توانا و هێزی هەستەکانیان بووە بۆ لەش و خاوەنداری لەش. جووڵانی هەستەکان نیشانەیەکی بە بەهایە لە جۆری خاک و خوێنی ئەو ناوانە.

سادقی هیدایەت ژنی نەهێنا. هەرچەند لە بنەماڵەیەکی کار بە دەست و دەوڵەمەند بوو، بەڵام لە بەر بیر کردنی دەستی کێشا لەوەی ببێت بە خاوەن ژن و منداڵ.

جارێک باوکی بە یەکێک لە دۆستانی سادق دەڵێت: بڕۆ بە سادق بڵێ کە ژن بهێنێت، هەر کێ بوێت، لە هەرکوێ بێت، بۆی دەهێنین!.

ئەم دۆستە دەچێت و پەیخاوی باوک دەگەیەنێت. ئەویش پاش چەند ڕۆژ دەستپەڕێک دەکاتە سەر دەستماڵێک و دەیدات بە دۆستەکەی و پێ دەڵێت: بە بابم بڵێ ئەو تاوانەی تۆ لە حەقی منت کرد، من لە حەقی کەسی ناکەم!.

سادقی هیدایەت بە قسەی دۆستانی جگەرەکێش و مەشروبخۆر و دەمانخۆر بووە، ئەو کێشان و خواردنانە دەبێتە هۆی ئەوە کە هەستەکانی مرۆڤ بەرانبەر بە مرۆڤ و وشە و بوون تووشی بارێکی نائاسایی بێت.

سەید قوتب بە سەر هاتی کاتێکی دەگێڕاوە کە لە سەر کەشتییەکە چووە ژوورەکەی خۆی و هەندێک نابات کە دەدرێت لە دەرگەی ژوورەکەی، کە دەرگەی دەکاتەوە، ژنێکی نیوە ڕووت و سەرخۆش دەبینێت کە هۆشی تێدا نەماوە و ئاگری هەوەس لە گیانیەتی، سەید کە ئەو ژنە دەبینێت لە تووڕەییدا وا بە توندی دەرگە ژوورەکەی پێکەوەداوە، کە لەو دەنگە سرنجی کەسانی تر ڕادەکێشێت.

سەید قوتب تا مردنی ژنی نەهێنا و هەرکات کە ویستوویە ژن بهێنێت، تووشی بەندینخانە و گیر و گرفت بووەتەوە.

لە ناسری سوبحانی دەیانگێڕایەوە کە کاتێک سۆفی بووە، شەوی وا ناچار بە غوسل بووە، چووە بەفری هەورامانی ئاو کردووە و غوسلی کردووە.

لە دیمەنێکی تر دەگێڕنەوە کە بووە بە میوانی ماڵێک، ژنی ماڵەکە هەستی بەوە کردووە کە مەلا ناسر شت و مەکی خەو دەست لێوە نادات و هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە، ئەمەی بۆ مێردەکەی خۆی باس دەکات.

بۆ ئەوەی کە ڕاستی قسە دەرخات و تاقی بکاتەوە، سنجاخێک بە بەتانیەکەوە دەنووستێنێت و تا بەرەبەیان چاوەڕوان دەبن. ڕۆژی پاشان سەیر دەکەن هەر وەک خۆی ماوەتەوە و دەستی پێوە نەداوە. مەبەست ئەوەیە کە مەلا ناسر شەوان تا بەرەبەیان خەریکی تاعەت و عیبادەت و شەو نوێژ بووە. هەروەها لێ دەگێڕنەوە کە شەوان لەسەر کتێبەکان خەوی لێ کەوتووە، کە ئەمە ئاماژەیە بەوە چەندە لەشی قوربانی وشەکان کردووە.

فردریک نیچە لە لای واگنەر بە دەستپەڕچی ناسراوە. تابڵێت ژن دوست بووە، وە چیرۆکی خۆشەویستی لەگەڵ سالۆمە زۆر پەند و عیبرەتی ژنانەی لە زمانی نیچەوە بەدەر خست.

نیچە خۆشەویستیەکی فراوانی بۆ لەشی ژن هەبووە، فەلسەفەی خۆش بوون بوو، بۆیە ئەو پارەش کە وەری دەگرت لە قەحبەخانەکان بە سەر لەشی ژنەوە دای

دەنیا. بەڵام نزیکی و چێشتنی ئەو لەشە و هەستەکان و بیرەکانی فەلسەفی لەسەر گان کردن و ڕابوارن لەگەڵ ژنە لەشفرۆشەکان، بە ئەنجامی قوڕ و ناخۆش گەیشت.

خۆشیێ لەشی ژن و بەهای ڕستەی کورت لە لای نیچە بێ ئەنجام مایەوە، نەک تەنیا خۆشی گەشە پێ نەدرا، بە پێچەوانەوە ناخۆشیێ لە ژیانی خۆی و ڕستەکانی گەرای سەند. تووشی شێتی و لێدانی مێشک و مەرگ بووەوە.

**پێنجەم_** لە خاڵە بەهادارەکانی تری ئەو ناوانە توانیان کاریگەری کوشندە و بونیادنەر لە پێکهاتەی زمان و ئەندیشەی کۆمەڵانی نووسەران و ناوەندەکان دابنێن.

سادقی هیدایەتبە باوکی داهێنەری ستایلی ئەدەبی نوێ لە دونیای هاوچەرخ لە زمانی فارسی دەناسرێت.

زۆرێک لە نووسەران و پێنووس بە دەستانی هاوکاتی خۆی و پاش خۆی کەوتنە ژێر کاریگەری ستایلی نووسینەکانیەوە. تا جێگەیەک نووسەرە ئیسلامیەکانی پاش شۆڕشی ئێران لەو ستایلە بێ بەش نەبوون وە تا ئێسک خوێنیان تام و چامی دیارە. سادقی هیدایەت بووە هۆی ئەوە کە زۆر کتێب لەسەری بنوسرێت، وە زۆر لە خوێنەواران لەسەر ژیان و نووسینەکانی قسە بکەن.

نووسینی بوف کور و بەستنی بۆین باخ لە هەموو کاتەکانی دەرەوەی، خۆ کوشتی لە فەرەنسە، لە تایبەتمەندیەکانیەتی.

هەرچەندە سادق خۆی کوشت ، بەڵام فارسەکان دەڵێن ستایل و ئەدەبی ڕستەکانی سادق لەوێنەی نیە و زیندووە. مەبەستم ئەوەیە کە سادق لە گەورەکانی فەرهەنگی فارسە، وە من باش دەیناسم، لەو کاریگەرتر نەبووە. دەمەوێت ڕادەی کاریگەری ئەوان بەسەر زمان و ئەندیشەی میللەتی خۆیان دەر بخەم، تا ئاگاتان لێ بێت کە چۆن و چی بوون ئەو ناوانە. مەبەستم کردنەوەی ناوی ئەوانە بۆ ئەوەی کە ترس و هەراس لەوەدا نەمێنێت کە لێیان نزیک ببنەوە، هەر چۆن بە سەر منیان هێنا بە سەر نەوەکانی تری کورد نەیەت.

بۆ نموونە پرسی جنسی سادقی هیدایەت پرسێکی نامۆیە، وە باشە بزانین کە هەموو کەس سەبارەت بە جنس چیرۆکێکی لێ دەکەوێتەوە. باسی ئەوە کراوە کە لە فەرەنسە لە گەڵ کچێک ئاشنا بووە و دەیەویست مارەی بکات. پاش ئەوە باسی نێربازی سادق لە گەڵ مەسعوودی فەرزاد کراوە. هەرچەندە پێنووسی من لەوە خاوێنترە ناوی ئەو بە لایەک بەرێت و پێناسەی ئەو بکات، بەڵام ڕادەی کاریگەری لە سەر خەڵکی پاش خۆی ئەوەندە بوو و وە ئەوەندە دەنگ و هەرای شکۆداری لێ خراوە کە لێ نەدەگەڕان شێوەی هەڵسەنگاندن بناسرێت.

هەموو ساڵێک یادی سادق دەکرێت و جایزەی تایبەتی بە ناوی ئەو هەیە، سایتی بە ناوکراوە و برازاکەی بەرپرسی شێونەواری ژیانیەتی. بە کورتی کاریگەری فراوانی کردە سەر زمانی فارسی، تا جێگەیەک باوکی لە پاش مردنی سادق وتبووی نەمزانی نووسینەکانی ئاوەها بەهادار دەبێت!.

سەید قوتب کاریگەری نێودەوڵەتی هەبوو. کاریگەریەکی بەربڵاوی لە کۆمەڵگاکان و بزووتنەوەکان و ڕێکخراوەکان و کەسایەتیەکان کرد. یەکێک لە بەهاکانی سەید قوتب ناسینی وەک تیۆریسیەنی بزووتنەوەی ئەخوان ئەلموسلمینی میسریە.

موحەممەد قوتب، یوسفی قەرزاوی، ئیمەن ئەلزەواهری، لەو کەسایەتیانەن کە زمانی سەید قوتب، کەناڵی زۆری بۆ ئەوان دڕاندبوو. زەواهری یەکێکە لە بەرپرسانی گروپی قاعیدە، خۆی دکتۆرە و لە بنەماڵیەکی وریا گەشەی کردووە، ئێستەش لە سەر بڕواکانی خۆی شەڕ دەکات. قەرزاوی بەرپرسی یەکێتی زانایانی موسوڵمانانە، کە بە یەکێتیەکی خاوەن سقە لە نێو موسوڵمانان دەناسرێت. سەید قوتب لە نێو شیعەکانی ئێران لە سەردەمی شۆڕش بە قارەمانێکی بیر و بڕوا دەناسرا. قوتبی موفەسر، بە نووسینی في ضلال القرآن لە نێو فەقێکان قورسیەکی زۆری دەکرد، وای کردبوو گەیشتن بە پلەی ئەو بۆ فەقێکان خەونێک بێت.

لقی ئەخوانی کوردستای ڕۆژهەڵات لە وەرگێڕەکانی ئەدەب و زمانی قوتب لە نێو فەقێکان و خەڵکی کورد بوون.

قوتب لە نووسینی معالم فی الطریق ئاماژە بە هێزی تاکێک دەکات کە سنوورەکانی ئەندیشەی موسوڵمانانی پێ دۆڕاو و پتوورکەیە. ڕێگە بۆ کۆمەڵێک فەقێ خۆش دەکات بوێرانە دەست ببەن بۆ هەڵتەکاندنی بونیادی خەڵک و کۆمەڵگا. کەسانێک

وەک شوکری موستەفا، بن لادەن، ئەلزەواهری لە وەرگێڕەکانی بوون، هەروەها کەسانێکی تر وەک ناسری سوبحانی و برای سەید قوتب بە ناوی موحەممەد قوتب لە وەرگێڕەکانی تر بوون.

کاریگەری ناسری سوبحانی ناوەکی بوو، سامێکی لە نێو کۆمەڵگەی کوردی دروست کردبوو، کە گومانی تێدا نیە. ناوی ئەو لقێکی کوردی پێکهاتەی ئەدەبی ئەخوان لە نێو خۆی کورد بوو. کەسایەتیە ئیسلامیەکانی کوردی باشوور و ڕۆژهەڵات وەک بیرمەندێکی بە تەوانا یادی دەکەنەوە.

لە زانکۆی سەڵاحەدین من دەمبینی کە قوتابیەکان نووسینی بەندایەتییان بە دەستەوە بوو. بەڵام بارودۆخی تێکچووی ئێران نەیویست کە ئەو کەسایەتیە ئەوەی دەیەوێت بە دەرئەنجام و سەرئەنجامی بگەیەنێت. دەستبەسەریان کرد و ژیانیان بە شێوەیەکی نادیار لی ستاند.

یەکێک لە نووسینە ژێر زەمینیەکانی سوبحانی کە لە نێو مەلاکان و فەقێکان دەست بە دەست دەکرا، امامت و ولایت بوو کە بە زمانی فارسی نووسیبوی.

سوبحانی یەکێک لە بەشدارانی شەورای شمس بوو، هەروەها یەکێک لەوانە بوو کە لە ئەندیشەکانی ئەحمەدی موفتی زادە گوزەری کردبوو و توانی بوو تۆڕێکی پەیوەندی نێونەتەوەیی دروست بکات.

ناسری سوبحانی خاوەن بەرنامە و میتۆدی تایبەتی خۆی بوو، بۆ لێکدانی دەقەکانی ئیسلام، وە وەک دانەرێکی نوێ و تەوانا دەناسرا.

هۆی گرتن و دەستبەسەر کردنی سوبحانی، ئەو ئەدەبە تازە بوو لە نێو کوردستان کاری بۆ دەکرد. لە کرماشان گرتیان و لە گۆڕستانی لەعنەت ئاوای شاری قوروە نێشتیان.

پێموایە لە مەجالی ئەندیشە و بڕوادا، ژینگە خۆش کردن بۆ دوژمن ئەرکێکە کە دەبێت ژیرانە ئێدارە بکرێت. دوژمنناسی هونەرێکی تایبەتە. بەڵام هونەری جمهوری ئیسلامی ئەوە بوو کە نەیهێشت لە تەمەنی چل ساڵی تێ پەڕ بێت. ناسری سوبحانی سیمبۆلی کوردێکە کە بە بێ وژدانی لە نێویان برد، خۆش بوو مەجالی پێ بدرێت و ڕێگەی بۆ خۆش بکرێت بە سەر دەورانەکانی هۆش و لەشدا گوزەر

بکات، بۆ ئەوەی بزانرێت چی لێ دەتکێت؟ بۆ ئەوەی نەبێتە ناوێک کە بوتی لێ دروست بکرێت!.

کاریگەری نیچە نێودەوڵەتیە، کەم کەس هەیە لە بواری زانستە مرۆڤیەکان بە ناوی نیچە ئاشنا نەبێت.

پانتایی کاریگەری نیچە زۆر فراوانە، ئەوەش لەبەر ئەو کرانەوەیە کە پێ گەیشتووە. نیچە بەرهەمێکی مێژوویی نەبوو، بەڵکو ناوی چەند گۆشە و چوونی بەهێزی هەبووە.

وێنەی نیچە وەک ناوکەیەکە کە بە دەستی خۆی، هۆشی لە خاک بکێڵێت و خزمەتی بکات. لە یەک کاتتدا هەم ناوکەیە هەم ئەو کەسەی خزمەتی ناوکە دەکات.

نیچە چەند دەروونی هەبوو، نیچەیەک لە قەحبەخانە بوو، نیچەیەک عارف و دەروێش بوو، نیچەیەک حەزی بە خوایی دەکرد، نیچەیەک لە نێو مرۆڤەکان لاسایی پەیامهێنەرانی دەکردەوە!.

فەیلەسۆفە گەورەکانی سەدەی بیست وەک هایدگر، هۆسرل، سارتر، لە ژێر سێبەری بەر فراوانی ناوی نیچە گەورە بوون، نووسەران و بیرمەندان و سیاسیەکان و ناوەکانی تر لە قەمی زمانی نیچە ئاویان خواردووە.

نیچە فەلسەفەی پاش خۆی هەژاند، وەک بایەک بوو بۆ دەستەیەک فێنکی و چێژی دروست کرد، بۆ دەستەیەکی تر تۆفانی بە بەرهەم هێنا. نیچە بنەواکانی ئاکاری تێکدا، ئەمە گەورەترین بەرهەمی ئەو بوو. بێ ئاکاری لە ئەندیشە دڵی دەوێت، هێزی دەوێت، لێهاتوویيەکی ژیرانەی دەوێت کە نیچە هەیبوو.

بە داخێکی زۆرەوە کەم کوردێکم بینی بە ناوی نیچە ئاشنا بێت، ئەوانەش کە ناوی ئەویان دەزانی لە ڕێگەی ناوەندە ئاکادمیەکان بە ناوی ئەو ئاشنا بوون. بە وتەی نیچە ئەهلی ڕاستی ئاوارەیەکە بەرەڵا و سەرگەردان، کە جیاوازە لەو کەش و هەوا زانکۆکان و ناوەندە فەرهەنگیەکان بۆ نەوەکان دروستی دەکەن.

فەرەنسیەکان لەبەر خۆشەویستی بۆ مەعریفەت، نووسینەکانی نیچەیان بۆ نەوەکانیان وەرگێڕاوە، بەڵام ئنگلیزەکان لە بەر خۆشەویستی نەبوو، بەڵکو لە بەر ناچاری دەستیان بۆ نوسینەکانی نیچە بردووە.

هەر چۆن قورئان بە دەست گرتن جۆرە بارێکی سەیر لە گیان دروست دەکات، هەروەها نووسینی ناوەکان بە تایبەت نیچە، قورساییەک لە لای خوێنەر دروست دەکات.

یەکێکی تر لە کاریگەریەکانی نیچە، وەرگێڕانی ڕستەکانی لە ئەندیشەکانی هیتلەر بوو. هیتلەر نەقاش بوو، شت باش تێ دەگەیشت، هۆشدۆشێکی باش بوو. کێ لە نیچە باشتر کە بخوێنرێت و بدۆشرێت!؟.

**شەشەم_** تایبەتمەندی گرنگ و بەهاداری هەریەک لەو ناوانە ئەوەیە کە هەریەک لەوان خاوەن ئەزموونێکی تەنیایی و خەڵوەت و ئاوارەیی و دووری و بێکەسیەکن کە کێشاویانە و چێشتوویانە. سادقی هیدایەت وەک پیاز کە چەند پێستی هەیە و هەرچی دەیکەتەوە هیچی پێوە نامێنێت، ئەگەر لە لایە و پەڕەکانی تەنیایی سادقی هیدایەت بکەیتەوە و بکەنیتەوە وەک چۆن پەڕکانی پیاز ئەکەنرێتەوە، ئیتر سادقێک نامێنێت، هیچی لێ نامێنێت. سادقی هیدایەت ژوورەکەی دوور بوو لە خانووەکەی باوکی، لە هیند و پاریس تەنیا دەژیا و ژووری کرێ دەکرد.

ناسری سوبحانی وەک دەروێش و فەقێ و زانا و زیندانی ژیاوە، هەریەک لەو پێگانە تەنیایی تایبەتی خۆی بە دواوەیە.

سەید قوتب ساڵەها لە سەفەر و بەندینخانە و خوێندن بووە، ئەو پێگانە، تەنیایی لەگەڵ خۆی دروست دەکات.

فردریک نیچە هەر لە منداڵیەوە وەک ئەو سێ ناوەکە لە دەروونی خۆیدا دەژیا. کاری گەیشتە کەژ و شێتخانە، ئەوە ئەوپەڕی تەنیاییە!!.

**هەفتەم_** خاڵێکی گرنگی تری ئەو چوار ناوە شێوەی مەرگ و مردنی ئەوان بووە. سادقی هیدایەت لە پاریس خۆی دەکوژێت. سەید قوتب لە بەندینخانە لە سێدارە دەدرێت. ناسری سوبحانی وەک مامۆستای خۆی سەید قوتب، لە بەندینخانە

دەکوژرێت. فردریک نیچە چەند جار تووشی سەکتەی مێشک دەبێت و بۆ ماوەی سەرەوەی دە ساڵ لە شێتیدا دەژێت و دەمرێت.

**هەشتەم_** خاڵی تری گرنگی ناوی سادقی هیدایەت و فردریک نیچە ئەوەیە کە تووشی نەخۆشی دەروونی بوون کە ژیانی ئەوانی تێکدا و نابودی کرد. سادقی هیدایەت دوو جار لە ژیانی دەست بۆ خۆ کوشتن دەبات، کە ئەمە کەسێک دەیکات کە نەخۆش بێت. هەروەها فردریک نیچە بۆ ماوەیەکی زۆر نەخۆشی و سەرئێشە و سەکتە و شێتی لێ تێکەڵ دەبێت.

ئەو دەستە لە ناوانە کە تەنیای و خەڵوەت دەکێشن زۆر تووشی نەزانی و کارەسات دەبن وە ئەگەر لە ناوی خوا دوور دەبن، زۆرتر و زووتر زەمینەی ئەوەیان تێدا هەیە کە لە ناوەوە هەرەس بهێنن و بدۆڕێن. ئیتر بە نەخۆشی و خۆکشتن و خەمۆکی دەردەکەوێت.

**نۆهەم_** خاڵی گرنگی تری ئەو ناوانە پەیوەندیان لەگەڵ دینەکانە. هەرکەس کە لەسەر وشە و ڕستەکانی دین ورد بووەوە و خەڵوەت و تەنیایی چێشت، ئەوە ئەو وشە و ڕستانە لە دەروونی وەک تۆ و دان دەکەونە جووڵە و دەزێن. هەریەک لەو چوار ناوە کە زۆر کاریگەریان لە ئەدەبی کورد و فارس و عەرەب و ئاڵمان کرد، بە دۆستی و دوژمنی دین خۆیان ناساند. کەسێکیش کە دۆستی و دوژمنی دین بکات، دیارە کە دەروون و بروونی بە وشەکانی دینەوە خەریک و ورد و هەستیار بووە.

**دەهەم_** خاڵێکی تر ئەوەیە کە هەریەک لەو ناوانە خاوەن شێوە و ستایل و میتۆدی تایبەتی خۆیانن بۆ بە خێو کردنی وشەکان و نەوەکان. شێوە مەبەست کەش و هەوایەکە کە ناوەکانی بۆ خوێنەر دروستی دەکەن یان ڕێگە و بانێکە کە ناوەکان بۆ نەوەکانی دروستی دەکەن کە چۆن بە وشەکانەوە جووڵە بکات. کەسێک کە خاوەن ستایل و میتۆد بێت، خاوەن ئەدەبی تایبەتی خۆیەتی. ئەدەب مەبەست ئەوەیە کە هەریەک لەوانە بە نەخش و نیگارێک وشەکان و هەستەکان و هزرەکانیان کێشاوەتەوە و خاوەنداریان کردووە و بە نەوەکانی مرۆڤیان داوە. ئەو ناوانە لەبەر ئەوەی کە خۆیان لە خەڵوەت و تەنیایی بوون، بیریان کردووە و خۆیان هیلاک کردووە و لە کۆتایی خۆیان ڕێگە و نەخشەیان بۆ چوونی خۆیان کێشاوە.

**یازدەهەم_** خاڵی گرنگی تر ئەوەیە کە هەریەک لەو ناوانە ئەوەندە هێز و وزەیان لە ناو وشەکانی خۆیان کۆ کردووەتەوە، بوونەتە هۆی ئەوە کە زۆر ڕاڤە و لێکۆڵینەوە و قسە و باس لە دەوری خۆیان دروست بکەن و بۆ چەند دەیە، نەوەکان و ناوەکان بە خۆیانەوە خەریک بکەن. بۆ نموونە کەسێکی وەک نیچە وەرگێڕی زۆری بە دوای خۆی خستەوە. هەروەها سەید قوتب زۆر کەس لە سەلەفی و میانەڕەو خۆیان بە وەرگێڕی ناسیەوە.

**دوازدەهەم_** یەکێک لە خاڵە هەرە گرنگەکانی ئەو ناوانە ئەوەیە کە دەروونیان بۆ ناسین و وشە و ڕستەکان هەوڵیداوە و هانایان بۆ زۆر شوێن بردووە. خۆشەویستی زانین و ناسین و پاکی و خاوێنی و ئەوەی کە جەوهەری بوون و بنەڕەتی هەموو شتە، وادەکات کە کەسێکی وەک ناسری سوبحانی دەمێک موریدی شێخێک بە ڕوومەتێکی ئارام بێت، و دەمێکی تر خوێنەری نووسینەکانی سەید قوتب بێت کە ئاژاوەگێڕی گەورە بوو. یان کەسێکی وەک نیچە بۆ ڕۆشنایی و ناسین، کتێبی دین بە دەست دەگرێت و دەچێتە زانکۆ و لە کۆتاییدا واز لە هەموو دەهێنێت و ڕوو لە کەژەکانی ئالپ دەکات. هەروەها سادقی هیدایەت دەچێت بۆ هیند و بلژیک و فەرەنسە، وە لە چەند ئەدەبدا دەبێتە خوێنەر و وەرگر و وەرگێڕ. سەید قوتب لە نووسیندا بە وشەکان شیعر و چیرۆک و تەفسیر و ئەساسنامە و حوکم دەنووسێت و بڵاوی دەکاتەوە، ئەمە ئاماژەیە بەوە کە ئەو مرۆڤە هەوڵیداوە کە بە وشەکان بۆ ناسین و ڕاستی و ڕووناکی بگات. هەروەها سەید قوتب لە ژیانی سەفەری ئەمریکا کردووە و دووساڵ لەوێ بووە، بۆ ئەوەی کە بزانێت و بناسێت.

**سێزدەهەم_** ژینگەی کار کردن لەگەڵ وشەکان و نووسینی وشەکان لە شوێن و ژینگەیەک بووە کە گوشار و نیگەرانی زۆریان هەبووە. سادقی هیدایەت نووسینی بوف کور لە هیندوستان دەنووسێت، وە سەید قوتب نووسینی معالم فی الطریق لە بەندینخانە دەنووسێت. ناسری سوبحانی نووسینی امامت و ولایت لە ژێر گوشار و شاراوەیی دەنووسێت و بڵاو دەکاتەوە. فردریک نیچە نووسینی چنین گفت زردشت لە پاش دەورەیەکی سەخت و ناڕەحەت لە کەژەکانی ئالپ و ئاوارەیی شارەکان دەنووسێت.

## ناوەکانی تر

لە دەرەوەی ئەو چەند ناوە، کۆمەڵکی تر هەبوون کە ئاگام لێیان بوو، کانت، هگل، شلینگ، شوپنهاور، مارکس، دیکارت، ڕۆسۆ، سارتر، کامۆ، دریدا، جان لاک، تۆماس مۆر، برتراند ڕاسل، فرۆید، ویتگنشتاین، کارل پاپر، وە نووسەرانی تری وەک داستایوفسکی و تۆلستۆی و چخۆف تا بگات بە نووسەرانی ئەمریکای لاتین وەک گابریل گارسیا مارکز و پائۆلۆ کۆئیلۆ وە نووسەرانی تر لە بابەتەکانی تری نووسیاریدا. لەگەڵ تەواوی ئەو هەموو ئاشنایەتیە، هیچ یەک لەو ناوانە وەک ئەو چوار ناوە نەیانتوانی لە من نزیک ببنەوە. سروشتی من لەو دەستە لە ناوانەیە کە ئەو خاڵانەی سەرەوەی تێدا هەبێت.

بەهای ناوەکان لەوە نیە کە چەندە لە سەر پێکهاتەی خەڵک یان وشەکانی نەتەوەکان کاریگەریان هەیە یان چەندە کتێبەکانیان خوێنەر و فرۆشی هەیە یان کۆمپانیەکان بانگەشە بۆ ناویان دەکەن، گرنگ ئەوە بوو کە کەسێکی وەک سەید قوتب یان نیچە ڕوومەتیان لە ئەرز نەبوو، ڕوویان لە پێکهاتەی خەڵک نەبوو، خۆیان خەریک نەدەکرد بە ناوە بێ بەهاکانەوە، بە تایبەتی ئەدبێک دامەرزێنیت کە هەرکەسێک خۆی بداتە ژێریەوە. بۆ نموونە کارڵ مارکس کاریگەری لە پێکهاتەی خەڵک کرد و زۆری خەڵک خۆیان دایەبنی و پاڵیان بە قسەکانی مارکسەوەدا، پاڵدان بە قسەکانی مارکس مرۆڤی بڵندی ناوێت. هەر لە فەرەنسە تا بگاتە چین و کوبا، دەستە دەستە نەوەکان  و ناوەکان بە کۆمەڵ خۆیان دایەبەری. ڕستەکانی مارکس وەک قوڕ پان بووەوە، قوڕێک پان بێتەوە پێ بەسەریدا دەچێت. ئەو وشانەی مارکس گەمەی پێ دەکرد لە نێو سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی پەرەی سەند و پان بووەوە. نیچە نەفرەتی لەو ئەدەبە دەهات کە مارکس دروستی دەکرد. نەفرەتی لەو ئەدەبە دەکرد کە هەرکەس و ناکەسێک بتوانێت و بوێرێت کە خۆی تێبخات و پاڵی پێوە بدات.

نیچە بە دوای ڕستەکان دەگەڕا، وەک بە دوای ئەڵماس بگەڕێت. وەک گەنجێک لە بیابانێک شاراوە بێت، گەڕان و هەوڵی دەوێت، هەوڵێک کە تاکانەیە و پۆشراو بێت.

## بارهێنان و ڕاهێنان و داهێنان

وشەی بارهاتن و ڕاهاتن و داهاتن، سێ وشەی کوردیە کە دۆستی و دوژمنیەک و دووری و نزیکیەکیان پێکەوە هەیە کە یەکدی ئاشکرا دەکەن. وشەکانی بارهاتن و ڕاهاتن و داهاتن، سێ وشەیە لە یەک سک زایراون و هەریەکەیان ڕووی لە شوێنێک کردووە و هەریەکەیان بە تام و مانایەکی تایبەتی، خۆی و براکانی تری پێگەدار دەکات. ئەم سێ وشەیە کە وەک سێ منداڵە کە لە یەک سک زیرابێت و سەری هەرسێکیان پێکەوە لکا بێت، ئەمە وا دەکات کە خەڵک و نەوەکان، کەم هەست بە درزە قووڵەکانی نێوان ئەم وشانە دەکەن.

گەر ئەو سێ وشەیە لە یەکدی جیا بکەینەوە، بار و ڕا و دا، وەک سەرەتاکانی ئەو سێ وشەیە، دەتوانن کە ئاماژە بە سێ وشەی تری بارهێنان و ڕاهێنان و داهێنان بکەن. ئەم سێ وشەیە، ئاماژە بە سێ دەورەیە کە دەتوانم لێکیان جیا بکەمەوە و بەکاریان بەرم. بارهاتن و بارهێنان هەنگاوی سەختی یەکەمە، کە ئەرکی باربەری و بارکەری بۆ بارەگاکان دەردەخات. کەسێک کە ئەرکی باربەری هەیە لە بەرەتاوە بە ناوەکان و وشەکان ئاشنا دەبێت، بۆ ئەوەش دەبێت کە کاری بەردەوام لەگەڵ ناوەکان و وشەکان بکات. بۆ نموونە من لە دەورانی ناوەندی کارم بە وشەکان زۆر دەکرد و هەر لە خۆمەوە وشەکان و ناوەکانم بە کار دەبرد. بارهێنان دەتوانێت کە لە لایەن کەسێکەوە بێت، بۆ نموونە مامۆستایەکی وانەی ئینشا[27] بە قوتابیەکان بڵێت کە لەسەر ناوی دار چەند دێڕ بنووسن. مامۆستای وانەی ئینشا شێوەی باربەری و بارهێنانی وشەکانی بە قوتابیەکان فێر کردووە.

ڕاهێنان دووهەم پێگەیە کە شاگرد لەو بازنە دەرچووە کە ئیتر وشەکان و ناوەکانی بە لکاوە یان جودا کراوە پێبدرێت. ڕاهاتن و ڕاهێنان سەرەوەی وشەی بارهاتنە. قوتابی ڕاهاتوو وەک شاگردی میکانیکێکە کە ئیتر فێر بووە، کەرەستەکانی کردنەوە و بەستنەوەی ئۆتۆمۆبیل بە کاربەرێت. قوتابی ڕاهاتوو لە ژێر دەستی کەسێک کە پێگەی ڕاهێنانی لە ئەستۆ گرتووە، بە ناوەکان و وشەکان ئاشنا دەبێت. ڕاهاتوو ئەو کەسەیە کە ڕاهاتووە بەو وشە یان هەست و هزرانە کە مامۆستای پێ فێر کردووە. بۆ نموونە کەسێک کە ڕاهاتووە گەنم بوەشێنێت، ئەو کەسە بەس ڕاهاتووە کە گەنم بوەشێنێت. هەر ئەو کەسە نازانێت کە گەنمەشامی چۆن دەوەشرێت. لە

[27] _ ئینشا ناوی یەکێک لە وانەکانی پەروەردەی کۆماری ئیسلامی ئێرانە لە دەورانی ناوەندی کە قوتابی فێر دەکرێت لەسەر وشەکان و ناوەکان بنووسێت.

کەشێکی تایبەتی بە وەشانی گەنم، ڕاهاتووە، وە نازانێت و تەوانی نیە کە ئەو کەشە بشکێنێت.

کەسی بارهاتوو لە بن دەستی کەسێک باردێت کە ڕاهێنەر نیە، بەڵکو پێگەی بارهێنەری هەیە. بارهێنەرەکان ئەو شارەزایی و تەواناییە کە بە دەستیان هێناوە، لە بەردەستی ڕاهێنەران و داهێنەران بە دی هاتووە.

بارهێنەرەکان دەست بە کار دەبەن، بە پێچەوانەوەی ڕاهێنەرەکان و داهێنەرەکان، کە دەم و مێشکیان بۆ وشەکان و ناوەکانی خۆیان بەکار دەبەن. بارهێنەرەکان کە نەوەکان بە دەست خەریک دەکەن، خۆیان فرمانیان پێ کراوە کە چۆن کار لەگەڵ وشەکان و ناوەکان بکەن. بۆ نموونە باوکم کاتێک کە تازە فێری خواردنی سەر سفرە ببووم، بە منی دەوت کە بە دەستی ڕاستم نان بخۆم. باوکم ئەو فرمانەی لە ئیسلامەوە بە من گەیاند. هەر لەو کاتەوە ئیتر من زۆر هەوڵی ئەوەم دەدا کە بە دەستی ڕاستم نانەکانم بخۆم. لە قوتابخانە مامۆستا یەکەمجار پێنووس بە دەستی قوتابیەکان دەدات و بە دەستی ڕاست باریان دەهێنێت. باوکی من و ئەو مامۆستایەی کە منیان بە دەستی ڕاست فرمان دەدا، ئەرکی ئەوەیان هەبوو کە من بە دەستی ڕاست باربهێنن، ئێستەش بە منیان نەوت کە هۆی ئەوە چیە منیان ئاوەها بارهێناوە. ژینگەی بارهاتووەکان زانستی شیاو و شایستەی تێدا نیە.

وشەی داهاتن و داهێنان سەرێکی تری ئەو سێ وشەیە و ئاماژە بە دەورە و ژینگەیەکی ترە کە نەوەکان و قوتابیەکان لە پێگەی ناوێکی خاوەن پێگە لە نێو نەوەکان شوێن دەکەنەوە. بۆ ئەوەی کە وشەی داهێنان بکەینەوە، نموونەی قوتابیەکانی فردریک نیچە و کارڵ مارکس دەهێنمەوە، ئەو قوتابیانە پاش ئەوەی بە ژینگەی وشەکانی نیچە و مارکس ئاشنا بوون، لەو ژینگەیە دەفڕن و خۆیان بەرز کردوەتەوە. کەسانی وەک فۆکۆ و دریدا لەو کەسانە بوون کە خۆیان بە ئەدەبی نیچە هەڵواسی و لە ژێر سێبەری ئەدەبی نیچە، ئەدەبێکی تایبەتیان بە خۆیان تاشیوە. ناوە کوردیەکان وەک عەبدوڵا ئوجەلان و عەبدولڕەحمانی قاسملوو لەو ناوانە بوو کە لە ژێر ئەدەبی مارکس ناویان بەرز کردەوە. لە نێو پەیکەری ئەدەبی مارکس بە وشەکان و ڕستەکان و ناوەکان خەریک بوون.

نیچە و مارکس دەیان کەسی وەک فۆکۆ و دریدا و ئوجەلان و قاسملوویان دروست کرد. فۆکۆ و قاسملوو وەک باخەوانێک بوون کە بەرێکی ئەو ئەدەبەیان بۆ خۆیان

چنیەوە. ئەوان بەس ئاوی ئەو باخ و ئەدەبەیان دەدا و پاسەوانی ئەو ئەدەبیان کردووە.

خەڵکی کورد وشەی داهێنان بۆ وشەی خەلق کردن لە زمانی عەرەبی بەکار دەبات. ئەو بەرانبەر کردن و هاوشان کردنی وشانە گەشە بە نەکردنەوە و نەکرانەوە دەکات. زۆرێک لە ناوەکان کە پێگەی بارهێنەریان هەیە، لە نێو کورد بە ڕاهێنەر دەناسرێن، وە کەسانێکش لە پێگەی ڕاهێنەرن، بە داهێنەریان دەناسنەوە.

کەسانی وەک فردریک نیچە و کارڵ مارکس لە پێگەی بارهێنەر و ڕاهێنەر و داهێنەری نەمان و بە کوردی تەقاندیان و کەش و کەوانێکی تایبەتیان دروست کرد کە نەوەکان و ناوەکان تێدا، ئەرکی بارهێنەری و ڕاهێنەری و داهێنەریان بە جێ گەیاندووە.

بارهێنەرەکان و ڕاهێنەرەکان و داهێنەرەکان بە وشەی دەست کار دەکەن. دەستی کردن و دەستی بوون تێدا زۆر ڕوون و ئاشکرایە. گەورەترین کێشە و گرفت و مەترسی و نەزانیەک کە لە ڕێگەی وشەی داهاتن و داهێنان دروست دەبێت، ئەوەیە کە نەوەکان بە وشە و ئەدەبی ناوێک خەریک دەبن و لە ژێر سێبەری ئەو ناوە، بەروبۆمێکی تایبەتی بۆ خۆیان دێننە بەرهەم. فۆکۆ و دریدا و ئوجەلان و قاسملوو، نەوەی نیچە و مارکسن. گەر سەیری ژیانی خوێندن و بیر کردنی نیچە و مارکس بکرێت، دەزانن کە خۆیان سەر و بیر و ژیریان لە فەرهەنگەکان و شارستانیەتەکان دەسووڕایەوە و لە ژێر سێبەری ناوێکی تایبەتی و ئەدەبێکی تایبەتی گیر و پیر نەبوون.

ئەو کەسانە بە لای منەوە مەزن و گەورەن کە بیر و هەستەکانیان لە نێو تۆڕ و زنجیرەی ناوەکان لە گەڕان و گەردش و سووڕان و شوێنەوارناسی لایەنەکانی شاراوەی وشەکان و ناوەکان هەردەم و بەردەوام چالاک و گەردان بێت.

نەوەکان و قوتابیەکان لێیان بەدەر دەکەوێت کە بە کام یەک لەو سێ وشەوە دەتوانن خەریک بن. کەسانێکی زۆر لە نەوەکان و قوتابیەکان لە وشەی بارهاتن و بارهێناندا دەچەقن و تێدا دەمێنێنەوە. کەسانێکیش لە نێو نەوەکان سروشت و دەروونیان تەوان و وزەی زۆری تێدایە و لە پێگەی ڕاهێنەر خۆیان دەردەخەن، کەسانێکی دنکە و تاقانەش وەک داهێنەر خۆیان دەنوێنن.

خوای مەزن بە هەرکەس سروشتێکی تایبەتی دەبەخشێت. زۆرینەی نەوەکان لە بارهێنراوەکانن، بۆ نموونە فەرمانبەرەکان و مامۆستاکانی قوتابخانەکان و بازاڕیەکان و پزیشکەکان و ئەندازیارەکان لە پێگەی بارهاتوویەکانن. خوای مەزن لە هەر دەورە و شوێنێک کەسانێک وەک ڕاهێنەر و داهێنەر بە مرۆڤەکان دەبەخشێت و لە ناوچە و پێگەیەک جێگیریان دەکات. لە دەرەوەی ئەو سێ پێگەیە، کەسانێک وەک پەیامهێنەرەکان و ئەو ناوانەی کە ئەدەبێکی جیهانی دادەمەرزێنن، دەستە دەستەی نەوەکان و ناوەکان لە بن و بەر دەستی خۆیان باردەهێنن و ڕادەهێنن و دادەهێنن. ئەوانە لە ناکاوە دەتەقن و دەهاوێژرێنە نێو مرۆڤەکان. ئەوانە لە لایەن دەستە نادیارەکان پاڵپشتی دەکرێن.

یەک خاڵی گرنگ هەیە، هەر بارهاتوو یان ڕاهێنەر یان داهێنەرێک جۆرە ئەدەبێکی تایبەتیان هەیە، کە نەوەکان لەگەڵ خۆیان خۆماڵی دەکەن. مامۆستا بە هەست و هەناسەکانی لەگەڵ وشە و ڕستەکانی، دەوری هەیە لەوە کە سێبەر و ئاو و تامی ئەدەبی خۆی لە قوتابیەکان بخات. من لەوە زۆر هەواسم هەبوو و هەردەم نەمدەهێشت کە ناوێک خوو و خێ بیرکردن و هەست و هەناسەی خۆی لە من تێکەڵ بکات و بلکێنێت بە منەوە. پرسیاری ئەوە زۆر کراوە کە: ئەو مامۆستایە لە کوێ خوێندوویە!؟ بۆ نموونە ئەگەر فەقێیەک قورئان لە ئێران پێ بناسرێت، جیاوازە لەوەی کە قورئان لە بەغداد یان ئەزهەر بناسێت. کتێب، هەر یەک کتێبە، بەڵام کەش و ژینگەی ناسین یەک نیە، ئەو کەسەی کە قورئان بە دەستەوە دەدات دەوری زۆری هەیە. بەم ناسینەیە کە ئیتر من ئەزانم خۆم لە ئەدەبی چ ژینگەیەک، یان چ ڕێبازێک، یان چ خوێن و هەستێک بدەم. زۆربەی ناوەکان، ڕاهاتوون کە بنووسن و بیر بکەن و هەستیان گڕ بدەن، لە بن دەست و دەمی کەسێک فێرکراون و ماونەتەوە، بۆیە زۆربەی ناوەکان، بۆ من بەهایان نیە!.

"مرۆڤ گەیشت بەوەی کە بڕوا بە وشە بگۆڕێت بۆ بڕوا بەدەست و دەستی بوون و دەستی کردن."

## ئەدەبی پێدراو و ئەدەبی پێکنراو

پەنا بە ناوی خوای دەبەم لە شەڕی ناوەکان. بە ناوی خوای مەزن دەست و گیان پێ دەکەم.

لە بیرمە کە ڕەخنەگرەکانی فارس دەیانەوت کە موحەممەد عەلی جەماڵزادە قسە نەستەقەکانی فارسی بە شێوەیەکی دەستکرد لە نووسینەکانی دادەمەرزێنێت. ئەو ڕەخنەگرانە دەیانەوت کە سادقی هیدایەت بەپێچەوانەی جەماڵزادە وشەکان و قسە نەستەقەکانی فارسی بە شێوەیەکی سروشتی لە نووسینەکانی بەکار دەبات.

موحەممەد عەلی جەماڵزادە یەکێک لە چیرۆکنووسەکانی فارسی زمانە کە بە چەند چیرۆک لە زمان و ئەدەبی فارسی بە ناودارێکی خاوەن پێگە، ناوی دەرکردووە. جەماڵزادە هەوڵەکانی بەوە ناسراوە کە پێکنەری ئەدەبێکی فارسی بووە. پێکنەری جەماڵزادە بە تەواوی پێچەوانەی پێدەری ئەدەبی سادقی هیدایەتە. لێرەیە کە وشەی ئەدەبی پێدەراو و ئەدەبی پێکنراو بە دوو شێوەی ئەدەبی دەناسێنم. ناوەکان و نووسەرەکان بە شێویەکی ئەدەبی پێدراو یان پێکنراو ناوی خۆیان بەرز دەکەنەوە. بۆ نموونە ئەدەبی فردریک نیچە ئەدەبێکی پێدراو بوو، لەبەر ئەوەی کە گیان و ژیانی نیچە، لەگەڵ وشەکان و ناوەکان و چیرۆکەکان دەقولا و دەکولا. سەید قوتب نووسەری میسری خاوەن ئەدبێکی پێدراو بوو، لەبەر ئەوەی کە جۆش و خرۆشیکی فرە و فراوانی لەگەڵ ناوەکان و وشەکان هەبوو. سادقی هیدایەت لەو نووسەرانە بوو کە وشەکان و قسەکان و ڕستەکانی بە شێوەیەکی سروشتی لە ئەدەبی خۆی بەکار دەبرد. ئەو دەستە لە ناوانە کە خاوەن ئەدەبێکی سروشتین و گڕ و گەرما لەگەڵ وشەکان و ڕستەکانیان بە خوێنەر دەبەخشن و خوێنەر لەگەڵ ناخ و دەروونی خۆیان تێکەڵ و پێکەڵ دەکەن، ئەوانە خاوەن ئەدەبێکی سروشتین کە بە ئەدەبێکی پێدراوە دەیانناسمەوە.

بە پێچەوانەی ئەو ناوانە، دەستەیەکی زۆر لە ناوەکان و نووسەرەکان و بیرمەندەکان و قسەکەرەکان، وشەکان و ڕستەکان و چیرۆکەکان و باسەکان بە شێوەیەکی دەستکرد بۆ ئەوەی کە ئەدەبێک بخولقێنن، پێکەوە دەلکێنن و پێکیدەنێن. ئەدەبی ئەوانە بە ئەدەبێکی پێکنراو دەناسم، کە تین و گڕ و گەرما بە خوێنەری خۆیان نابەخشن.

لە دونیای نوێدا وشەی پیشەسازی وەک وشەیەکی کارئامەد و خاوەن پێگە لە ئەدەبی مرۆڤیدا بەکار چووە. هەروەها ئەدەبی پێشەسازی کراو، بە ئەدەبێکی نوێ

لە پەروەردەی مرۆڤ دەناسمەوە. پێشەسازی ئەوەیە کە بەرهەمەکان لە ژینگەیەکی سروشتی دروست نابن. بەڵکو لە ژینگەیەکی دەستکرد دروست دەبن.

ئەدەبی سادقی هیدایەت ئەدەبێکی پێکنراو نەبوو، لەبەر ئەوەی کە نووسینەکانی سادق دەڕوونێکی ئاژاوەگێڕ و بەرەڵای تێدایە، کە بۆ خۆی، تەنیا و ئاوارە دەگەڕێت و بە دوای ئارامش دەگەڕێت. سادق نووسینەکانی بۆ خواستی بازرگانی و پێشەسازی نانووسێت، بەڵکو بە نووسینەکانی دەیەوێت کە دروونی تاکی فارسی سەردەمی قاجاڕی و دوای قاجاڕی بناسێنێت، دەیەوێت کە پێگەی خۆی جیا بکاتەوە و چارەیەک بۆ دەربازبوون بدۆزێتەوە. سادقی هیدایەت بەردەوام لە نێو نووسین و بیر و هەستەکانی ژیاوە و ماوەتەوە، بە پێچەوانەی جەماڵزادە کە لە دەرەوەی نووسینەکانی ژیانی کردووە.

نەک تەنیا چیرۆکنووسەکان و نووسەرەکان بەڵکو زۆرێک لە بیرمەندان و قسەکەرەکان، پێکنەری قسەکان و وشەکان بوون. پێکنەرەکان بە دەم و شێوەی قسەیان بەدەر دەکەوێت و تام و چێژێکی سارد و سڕی هەیە.

ناوەکانی ئاڵمانی وەک نیچە و مارکس لەو ناوانە بوون کە پێدراوێکی سروشتی بوون، لە کاتێک کە نووسەرەکانی فەرەنسەوی پێکنەری باشی بیر و ئەندیشەکان بوون. کەسێکی وەک نیچە پێکنەری وشەکان و ناوکان نەبوو، بەڵکو خۆی و دڵ و دەروونی بە دوای زایین و خولقان دەگەڕا. هەریەک لە ناوەکان جگە لە ناوی خوای مەزن نەبێت، ڕادەیەک لە پێکنەریان تێدا هەیە. لێرە کردنەوەی باسی پێکنەری و پێدراوەیی بۆ ئەوەیە کە نەوەکانی کورد ورد و ژیر بن لەوە کە ناوەکان چ پێگە و شێوەیەکیان بۆ داڕشتنی وشەکان و ڕستەکان هەیە. خواستی من ئەوەیە کە نەوەکانی کورد ڕوو لە خوای مەزن بکەن بۆ ئەوەی کە بگەن بە پێگەی پێدراوێک. خوای مەزن ئەو کەسانەی کە دۆستی و دوژمنی بکات، بەخشندەییان پێ دەکات. کەسێکی وەک سادقی هیدایەت دوژمنی ئیسلام بوو، خوای مەزن ئەدەبی شەیتانی پێ بەخشی. هەروەها نیچە دوژمنی سەرخەستی ناوی خوا بوو، کتێبێکی بە ناوی دژە مەسیح بڵاو کردەوە کە ئاماژەیە بە خۆشەیستی بۆ ئەوانەی کە دوژمنی ناوی خوا و دوستانی خوا دەکەن. خوای مەزن، ئەدەبێکی تایبەتی شەیتانی پێ بەخشی. سەید قوتب و ناسری سوبحانی کە ترسیان لە پێگەی خوا هەبوو و دەگریان و

دەپاڕانەوە لە بارەگای خوای مەزن، بۆ ئەوەی کە بەخشەندەییان پێ بکات، وەک دۆستان و خۆشەویستانی خوای مەزن ئەدەبێکی تایبەتیان پێ بەخشرا.

بۆیە وریا بن، ئەو کەسانەی کە دۆستی و دوژمنی ناوی خوا و شەیتان دەکەن، هەردەم لە تەنیایی و ترس و لێدان و پێدان دەژین، ئەو کەسانە دەبنە خاوەن شێوەی داڕشتنی وشەکان و بیرەکان و هەستەکان.

یەکەمجار کە دەستم بۆ نووسینی چیرۆک برد، لاسایی چیرۆکی تنگسیر لە نووسینی سادق چووبەکم کردەوە، ئەوە ئەدەبێکی پێکنراوە. نووسینی ئەم بەندینخانەیە کە ماوەی چەند مانگە لە تەنیایی و هیلاکی خەریکی نووسینیم، بە ئەدەبێکی پێدراو دەیناسمەوە. بەردەوام هەوڵی ئەوەمداوە کە لە پێکنان و پێکەوەلکانی وێنەکان و وشەکان بە شێوەیەکی دەستکردی بێ تام گوزەر بکەم بۆ شێوەیەک کە وشەکان و ناوەکان سروشتی لە دەست و دەمم بێنە دەرەوە.

لە قورئانی پیرۆز ئایەتێک هاتووە کە وەک سەرمایەکی سەخت لە ئێسکی منی داوە، خوای مەزن دەفەرمێت: و جعلنا من بين أيديهم سدا و من خلفهم سدا فأغشيناهم فهم لايبصرون(یاسین ۹). ئەم ئایەتە منی وەک کاغەز چۆن لە دەستێک گوڵمۆچە دەبێت، ئاوەها منی گوڵمۆچە دەکرد! هەست و هزرەکانم ئەوەیان بە من دەوت کە دەم و دەست و چاوی من سەد و بەرگری زۆری لە نێوان هەیە بۆ ئەوەی کە بە ڕاستی و ڕووناکی ببینێت. خوای مەزن لە ئایەتێکی تر دەفەرمێت: ما يكون من نجوى ثلاثة إلا هو رابعهم و لاخمسة إلا هو سادسهم و لا أدنى من ذلک و لا اكثر ألا هو معهم أين ما كانوا(مجادله۷) ئەم ئایەتە ئاماژەیە بەوەیە کە خوای مەزن لە هەر شوێنێک بوونی پیرۆزی هەیە و تەوانی ئەوەی هەیە کە دەست بخاتە نێو بیر و ژیرەکان و بە خواستی خۆی باس و بابەتەکان هەڵبخزێنێت. کاتێک کە من سێ وشە بنووسم خوای مەزن دەتوانێت کە چوارەمی بوەشێنێتە نێو دڵم و ئاگاشم لەوە نەبێت کە خوای مەزن کردوویە. خوای مەزن باشترین شایەت و ئامادەیە. کاتێک کە ناوەکان خەریک بە وشەکان و ناوەکان دەبن تەوانی ئەوەی هەیە کە زەمینە خۆش بکات کە وشەکان بکاتە ڕێگە خۆشکەر یان ڕێگەگر بۆ مرۆڤ. لە ئایەتی نۆی سورەتی یاسین ئاماژە بە سەد و بەند دەکات کە مەبەست دیوار و لایەیەکە کە بەرگری دەکات لە یەکگرتن و ئاگاهی لەو لایانە. وشەکان و وێنەکان دەتوانن کە ڕۆڵ و و ئەرکی ئەو سەد و دیوار و لایانە بگێڕن. بۆیە ورد و ژیر بن کە خوای مەزن

تەوانێکی لە ڕادەبەدەری هەیە بۆ ئەوەی کە بە وشەکان و وێنەکان و ناوەکان، سەد و دیوار و لایە دروست بکات و زەمینەی ئەوە خۆش بکات کە نەوەکان و ناوەکان هەرگیز بە ئاسایش و ئارامش نەگەن و لە نێو دەستە دەستەی وشەکان و وێنەکان، سەرگەردان و ئاوارە بخولێنەوە. خوای مەزن  لە سورەتی بەقەرە لە ئایەتی بیست و شەش دەفەرمێت: ان اللە لا یستحی ان یضرب مثلا ما بعوضة فما فوقها فاما الذین ءامنوا فیعملون أنە الحق من ربهم و أما الذین کفروا فیقولون ماذا أراد اللە بهذا مثلا یضل بە کثیرا و یهدی بە کثیرا و ما یضل بە إلا الفاسقین. لەو ئایەتە باسی ئەوە دەکات کە خوای مەزن شەرم ناکات کە ئەگەر بە ناو و نموونەی میشوولە یارمەتی هۆشی مرۆڤ بدات بۆ ئەوەی کە بەخشەندەیی پێ بکات. هەر هەموو ناوەکان و بوونەکان موڵکی خوای مەزنن، هەریەک لەوانە بۆ ڕۆشن کردنی ڕێگە یان گێژ کردنی نەوەکان بەکار دەبات. بە ناوێک دەستەیەک هیدایەت دەدات و هەر بەو ناوە دەستەیەکی تر ون و ترۆ دەکات. لە قورئان هاتووە کە خوای مەزن وەحی بە هەنگ دەکات بۆ ئەوەی کە هەنگوین دروست بکات. خوای مەزن وەحی بە هەنگ دەکات کە تۆی گوڵە جیاوازەکان بکاتە یەک بەرهەم. هەروەها ئەگەر خوای مەزن خواستی ئەوەی هەبێت کە ناوێک لە نێو نەوەکانی مرۆڤ، تۆی وشەکان و وێنەکان بگرنەوە و لە پەیکەرێک دایمەرزێنن. ئەوە بۆ خوای مەزن سەخت نیە. خواستی پیرۆزی خوای مەزن بەهایەکی فراوانی هەیە کە نەوەکان بتوانن تۆی ناوە جیاوزەکان لە یەک بەرهەم وەک هەنگوین بخولقێنن. ئیرادەی خوای مەزن دەست و دەوری یەکەمە.

ئامۆژگاری بە نەوەکانی کورد دەکەم کە پەنا ببەنە بەر ناوی خوای مەزن بۆ ئەوەی کە خاوەنداری ژینگەی بیر و هەستەکان بێت و وشەکان و وێنەکان لە کاتی خۆی لە دڵ و دەروونا دەربخات و بیکات بە چرای ڕێگەیان. ئەگەر خوای مەزن خاوەنداری دڵ و دەروون نەکات و زەمینە و ژینگەی بیر و ژیر خاوەنداری نەکات، بە دڵنیایی شەیتانەکان و دۆستانی ئیبلیسی مەلعون وشەکان و وێنەکان هەڵدەخزێنن و بە خواستی خۆیان خاوەنداری دەروونی نەوەکان دەکەن. شەیتانەکان نمە نم لە دڵی نەوەکان دەپچێنن کە بیر کردن بە جگەرەوە خۆشە، بیر کردن لە ئاوارەیی خۆشە، نووسین و بیرکردن بە سەرخۆشی بەرهەم دەخاتەوە، ئیتر لەو دەستە لە قسانە. شەیتانەکان وێنەکان و وشەکان لە دڵ و دەروون و ژیانی هاوبەشی نەوەکان زینەت دەدەن و بەردەوام پیلان و پلان دەگێڕن.

بۆ ئەوەی کە باسی پێدەری و پێکنەری ئەدەب بکەین، باس لە سێ ناو و سێ کەشی جیاواز دەکەین:

## گوڵە ڕەنگاوڕەنگەکان

## پەلەوەرە ڕەنگاوڕەنگەکان

## ماسیە ڕەنگاوڕەنگەکان

بۆ ئەوەی کە مرۆڤێک بیەوێت گوڵ و پەلەوەر و ماسیە ڕەنگاوڕەنگەکان ڕاو بکات و بیانچنێتەوە، دەبێت کە هەست و دەستی بە سێ شێوەی جیاوز بجووڵێت. زۆرینەی خەڵک بۆ ئەوەی کە گوڵە ڕەنگاوڕەنگەکان بچننەوە لە سەر زەوی بە ئەسپایی و نەرمی و ئاسوودەیی دەگەڕێن. ئەدەبی پێکنراوی زۆرێک لە ناوەکان وەک ئەو کەسەیە کە لە ڕۆژێکی بەهاری و خۆشدا بۆ چنینی گوڵەکان لە دەرودەشت دەگەڕێت و دەسووڕێت و بە خواستی خۆی دەچنێتەوە و لە گوڵدانێک کۆی دەکات و بۆ جوانی لە گۆشەیەک دایدەنێت و بۆنی دەکات وماڵی پێ جوان دەکات یان بە دۆستێکی خۆی دەبەخشێت.

بە پێچەوانەی ژینگە و کەشی ژیانی گوڵە ڕەنگاورەنگەکان، پەلەوەر و ماسیە ڕەنگاوڕەنگەکان لە دوو کەشی جودا و جیاوازدا دەژین. ئەو کەسانەی کە دەست و هەستەکانیان بۆ داو و ڕاوی پەلەوەر و ماسیە ڕەنگینەکان ئامادە دەکەن، دەچن بۆ دوو ژینگە و کەشی جیاواز کە ئیتر وەک کەسێک نیە کە بە ئاسوودەیی و شیرین خەیاڵی گوڵ دەچنێت، بەڵکو دەبێت کە دەست و چاو و جووڵەی تیژ و وریا و ئامادە بێت.

مرۆڤ بۆ ئەوەی کە پەلەوەر بگریت و ماسی ڕاو بکات، وەک پەلەوەر و ماسی لە هەوا و ئاودا جووڵە ناکات و ناچێت. بەڵکو بە داو و ڕاوەکان کە دەیخات یان دایدەنێت ڕاویان دەکات. ئەو کەسانەی کە ڕاوی پەلەوەر و ماسیە ڕەنگینەکان دەکەن، هەست و بیر و چاویان لە لای نێچیر و خوازراوی خۆیانە و ئاگایان لە بوونەوەرەکانی تر نیە. تیر و داو بۆ یەک ناو دەخەن.

بەرهەمە ئەدەبیەکان و زمانیەکان وەک ئەو دەستە گوڵەیە کە بە دەستێک دەچنرێتەوە یان وەک ئەو نێچیرەیە کە بە دەستی ڕاوچیەکان لە ژینگەی ڕاو دێتە دەرەوە. کەسانێکی وەک فردریک نیچە و سادقی هیدایەت کە دەنووسن، وەک ئەو کەسەن لە قووڵایی دەریایەک ڕاوی وشەکان و ڕستەکان و هەستەکان بکات. وشەکان و ڕستەکانی ئەوان دەرهاتوو لە ژینگە و کەشێکی تەواو قووڵ و بەستراوەیە. وشە و ڕستەکانی ناوە پێگەدارەکان وەک ئەو ماسیەیە کە ئەوەندە لە ئاو گەردشی کردووە و سووڕاوەتەوە، بە دەست و دەمەوە ناوەستێت. زۆرێک لە بیرمەندان و نووسەران کە وشەکان و ڕستەکانیان بە چاو دەبینم وەک ئەو کەسانەن کە بە ئاسوودەیی و ئاسایشێکی شیرین لە کەشێکی خۆش خۆیان خەریک بە چنینی گوڵ دەکەن و دەست و هەستەکانیان خاو و شل ماوەتەوە. هەرکەس بە پێ دەست و دەم و چاوی خۆی بەشی هەیە. زۆربەی ناوەکان خۆیان وەک ڕاوچی بۆ ڕاوی خۆیان ئامادە ناکەن، بەڵکو دەیانەوێت کە چیرۆک و وشەکان وەک گوڵ بە ڕەنگ و بۆنیان، خۆیان دیار و ئامادە پیشان بدەن.

ئەو کەسانەی کە خۆیان بە لەشی خۆیان دەچنە نێو دەریا و لە ژینگەی ماسیە ڕەنگینەکان گەردش دەکەن و دەسووڕێنەوە، ئەوانە تەنیا ماسیان بۆ ڕاو ناوێت، بەڵکو ژینگەی ماسیەکان و گەردشی ماسیەکان شارەزا دەبن. هەروەها لەهەر دەورە و کاتێکی تایبەتدا کەسانێک لە نێو تۆڕ و زنجیرەی ناوەکان دەردەکەون کە تەنیا ڕاوچی وشەکان و ڕستەکان و وێنەکان نین، بەڵکو هەوڵی ئەوە دەدەن کە شارەزایی لە ژینگە و کەشی ژیانی وشەکان و ڕستەکان و وێنەکان و هەستەکان بە دەست بهێنن.

کەسانێک کە ڕاوەکانیان بۆ بازاڕەکانی فرۆشتن دەوێت، وەک ئەو کەسانەن کە ڕستەکان پێکدەنێن و دەیدوورنەوە و بە دەستێکی پێشەسازی لە بازاڕەکان بە نەوەکانی دەفرۆشنەوە. ئەو جۆرە کەسانە لە بازاڕەکان دەژین. بەڵام کەسانێکی تر بە پێچەوانەوە لە ژینگەی نێچیرەکانی خۆیان دەژین و هەرگیز ناگەڕینەوە بۆ نێو مرۆڤەکانی تر.

ئەو کەسانەی کە خاوەن ئەدەبێکی پێدراو و سروشتین، ئەوانە لە ژینگە و کەشی وشەکان و ڕستەکان و وێنەکان و چیرۆکەکان دەژین. بە پێچەوانە کەسانێک کە

ئەدەبی پێکنراویان هەیە، لە دەرەوەی ژینگە و کەشی ڕاستەقینەی وشەکان و وێنەکان دەژین.

لە بەرەتاوە کە ویستم ناسین و ڕاستی بە دەست بهێنم، لاسایی شاعیرانی ناوداری فارسی زمانم کرد. وەک شاعیرانی شیراز بۆ ئەوەی کە ناسین بە دەست بهێنم، دەستم بە دونیابینی و دونیاناسی کرد. ئەو کاتە من و ئیبراهیم دەمانەویست کە لە دەرودەشتەکان بگەڕێن و هەروەک کەسێک کە گوڵ دەچنێت و ڕِی دەکات و شیعر دەڵێت و چیرۆک دروست دەکات، هەروەها سەفەر بکەین و بیر بە گڕ بخەین و ڕستەکان بنووسین. دەمانەویست کە لە ژینگەیەک کە لەش و هۆش گەردش دەکەن، بە دوای ڕستەکان بکەوین. دەمانەویست کە بچینە ژینگەی وشەکانەوە. ئەو سەفەرە بۆ ئێمە هەڵاتنێکی گەورە بوو. زانیمان کە دونیا دەرودەشتێکی جوانی پڕ لە گوڵ نیە کە ئێمە تێدا بگەڕێین و گوڵ بچنینەوە. ئیتر لە پاش ئەو سەفەر و هەڵاتنە سەرشکستە و نائومێدیەک ئێمەی گرتەوە. پاشساڵەها لە خەریک بوون بە وشەکانەوە، سینگ و دەروونی خۆم بووە دەریایەک کە دەبوو لە دەروونی خۆمدا گەردش بکەم و بسووڕێمەوە، هەستم بەوە کرد کە هەرچی وشەیە کە تەوانایی یارمەتی منی هەبێت لە دەروونی خۆمدایە. ئیتر گەردش بە لەش بووە گەردش بە هەست و هزرەکان لە دەروونی خۆمدا.

کەوایە، بۆ من سێ ژینگە هەبوو کە لەگەڵ ناوەکان و وشەکان بژیم. یەکەم ژینگەیەک کە چوومە ناویەوە، ژینگەیەک بوو کە من و ئیبراهیم تێدا سەفەری شارانی ئێرانمان کرد، دەمانەویست کە بە گوڵ چنینەوە، بە هەستی خۆشی شیرازی لە دونیا جووڵە بکەین. پاش ئەوەی کە لەو دەورە و ژینگە سەرشکستە و هیلاک بووین و هاتینە دەرەوە، چووینە ژینگەی پەلەوەرە ڕەنگینەکانەوە، ئیتر خاوی و بێ خەیاڵی ڕوومەت، بووە ڕوومەتی کەسێک کە ڕاو دەکات، دەست و دەم و چاومان وەک ڕاوچی کە بۆ ڕاوی پەلەوەرەکان تیژ دەبێت، هەروەها بۆ ڕاوی وشەکان تیژ و ئامادەمان کرد. ئیتر وەک گوڵچنین نەبوو کە دەستمان بە گوڵەوە بدەین، بەڵکو لە گۆشەیەکەوە و لە دووریەکەوە سەروچاومان خەریک دەبوو. لە ژینگەی ماسیە ڕەنگاوڕەنگەکان ئیتر سەرجەم هەست و هەناسەکانی من چووە ناوەوەی ژینگەوە. کەسانی وەک فردریک نیچە و سادقی هیدایەت و سەید قوتب،

وەک ڕاوچی ماسیە ڕەنگینەکان، سەرجەم هەست و هەناسەکانیان بردووە ناوەوەی ژینگەوە.

کەوایە وریا بن لەوە کە دەورەکان بۆ ژیان لەگەڵ ناوەکان و وشەکان وەک ژینگەی گوڵە ڕەنگینەکان و پەلەوەرە ڕەنگینەکان و ماسیە ڕەنگینەکانە. نەوەکان و ناوەکان بە پێ سروشت و دەروونی خۆیان لەو ژینگانە جێگیر دەبن یان تێدا گوزەر دەکەن. زۆرینەی نووسەران و بیرمەندان لە ژینگەی گوڵە ڕەنگینەکان جێگیر دەبن. بە پێچەوانەوە دنکە ناوێک لە دایک دەزێت کە بە لەش و هۆشیەوە بچێتە ژینگەی وشەکان و ناوەکانەوە، هەروەک ماسیگرێک بە لەشیەوە دەچێتە دوورایی و قووڵایی دەریاوە و ئەو ماسیانە ڕاو دەکات کە لە ئاو گەردشی زۆریان کردووە.

# لێدان و پێدان

پەنا بە ناوی خوای مەزن دەبەم لە شەڕی ناوەکان. بە ناوی خوای مەزن دەست و گیانم پێ دەکەم.

" مرۆڤ لە زەوی  زەمینەی بۆ گەشەی گێژی و گەمژەیی و گێلی و گەڕاڵی و گەندەڵی و گولی و گەناندنی زمانی خۆش کردووە. مرۆڤ ئاگای لە هاتە بە هێزەکان نیە."

وشەی لێدان و پێدان دوو لە وشانە بوو کە تەوانی بەخشەندەیی زۆریان هەبوو، کە ڕێگە و ڕێبازی هات و نەهاتەکان بۆ من بکاتەوە. لە بەرەتاکانەوە ئاوەهام دەزانی کە ئەو قوتابی یان فەقێیە کە لە بەردەستی مامۆستا ناودارەکان بخوێنێت و وانەکان و وشەکان وەربگرێت، ئەوە زەمینەی دانایی بۆ خۆی خۆش دەکات. بۆیە لە بەرەتاوە خواستی ئەوەم هەبوو کە خۆم بگەیەنم بە ناوەندەکانی زانستی و ناسیاری. هەوڵی ئەوەم دەدا کە ببم بە قوتابی و شاگردی ناوە بەرزەکان.

مامۆستا ئەسعەدی نادری لە مەلا و مامۆستایانی حوجرەی موحەممەد ئیقباڵی لاهوری بوو. لە درێژی سێ ساڵ کە لەو حوجرەدا خەریک بە ئەدەبی دین بووم، دوو وێنە و ڕستە لە مامۆستا ئەسعەد لە لای مندا مایەوە و شوێنی گرتەوە.

ماموستا ئەسعەد بە مەلایەکی ورد و ژیر دەیناسی، هیچ یەک لە قسەکان و وانەکانی بۆ من بەها و دەوری فراوانی نەبوو، جگە لەو دوو قسە نەبێت، یەکەمیان ئەو کاتە بوو کە لە کوریدۆری نهۆمی دووهەمی حوجرە بە دەستەیەک لە فەقێکان وتی. خەریک بووین لە قادرمەکان دەچووینە خوارەوە کە وتی: خوای گەورە عاقبەتی ئێوە بە خێر بکات!.

ڕووی لە ئێمە بوو و دۆعایەکی لە لای خوا کرد. ماموستا ئەسعەدی نادری بەو دۆعا بە منی وت کە هیچ وشە و ڕستە و تەوان و بەرنامەیەکی ئامادە و ژیرانەم نیە کە ئێوەی پێ بەخێو بکەم، تەنیا داوا لە خوای مەزن دەکەم کە چیرۆکی ئێوە بەخێر بکات!.

ئەو دۆعایە منی لە مرۆڤە زیندووەکان و ماموستاکان نائومێد دەکرد، ئەو دۆعا بە منی دەوت کە ناوەکان خۆیان لە دەروونی خۆیان ماونەتەوە، ئیتر چۆن دەتوانن کە ڕستە و وانەیەکی ڕووناک بە من ببەخشن!؟.

هەرچۆن کە خوای مەزن ئاژەڵەکان و با و جنۆکەکان و مەخلوقاتی تری بۆ سولەیمانی پەیامهێنەر کردە خزمەتکار، هەروەها بە ناوی خوای مەزن سەرجەم وشە و وێنەکان و بەسەرهاتەکان وەک خزمەتکارێکی ئامادە و بەوەفا، دەتوانن کە یارمەتی ناوەکان بدەن.

لەم ماوەیە کە لە بەندینخانەی ئینگلیسدا خراومەتە ناخۆشی و دەردەوە، بۆ ئەوەیە کە من لێم بدرێت. دەسڵاتی ئینگلیس دەیانەویست کە من تووشی لێدان بکەن. لەم ماوەیە کە بە لێدان ناسراوە، بە ناوی خوای مەزن پێدانێکی گەورەیە، کە ئەم نووسینەی لێ کەوتەوە. ئینگلیسیەکان هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە ناکەن کە من لێدان بە ناوی خوای مەزن بکەم بە پێدان.

لە پاش ئەوەی تووشی سەکتەی مێشک بووم و کەوتمە خەستەخانە و ماوەیەک بە دەرد و ئازار لە شارەکانی ئینگلیس سووڕامەوە و خولامەوە، ئەو لێدانەم کردە پێدانێکی گەورە، ئەوەش خولقان و زایینی ئەدەبێکی نوێ بوو لە نووسین و قسە کردنی دەروونی خۆمدا، کە هەست و هەناسەی خۆشم پێوە هەڵکێشاوە.

خوای مەزن لە قورئانی پیرۆز دەفەرمێت: فوق کل ذو علم علیم.

موی بزن لە قوڕ دەکرێت و دەگیردرێتەوە و تەنووری پێ دروست دەکەن و نانی تەنووری لێ دروست دەبێت. بزن چووزانێت کە موی لەشی دەبێتە هۆی ئەوە کە نانی تەنووری لێ دروست بکرێت. هەروەها وشەکان و وێنەکان لە ژیانی مرۆڤ دەردەکەوێت، وە دەست و ناوێک بە بیر و ژیری بەرهەمی لێ دەگرێتەوە. مرۆڤ گەر گەیشت بەوە کە چۆنیەتی و شێوەی دامەرزاندنی وشەکان و وێنە و چیرۆکەکان وەک چۆن موی بزن بە دەستی پیرەژن بۆ دیواری تەنوور بەکار دەچێت، بەکار ببات، ئەوە دەتوانرێت کە سقە و پاڵ بە هەست و هزرەکانی بدرێت.

"مرۆڤ خۆیەتی کە زەمینە بۆ لێدان و پێدان خۆش دەکات."

دەورانێک کە لە حوجرەدا بووم، وێنە و ڕێ و شووێنی گەیشتن بە مەعریفەت و ناسین بە لێڵی و لە تاریکی دەدرایە دەستی فەقێکانەوە. توانای شیکاری و بەخشینی ڕستەی خاوێنیان نەبوو. بەس ئەوەندە دەیانتوانی بڵێن کە دەبێت جەوری شەوگاری خوێندن بکێشی و بخوێنی، وە بە هێنانی وێنەی ئەو ناوانە کە شەوان لە نێو هەوڵی خۆڕاگری لە خەو و بێداریدا بوون، دەتوانی بگەی بە پلە و پێگە. مەبەستیان ئەوە بوو کە هەرکەس کە خوێنەری کتێبەکان بێت، ئەوە بە ئەنجامی شایستە دەگات. هەر لە سەرەتاوە خۆشی لەش و پێگەی لەش دەوری نەبوو. تەنیا ئامۆژگاری ئەوان بۆ لەش دوو وشەی پارێز و خاوێنی بوو. بۆ ئەمەش بەسەرهاتی ناودارانی دینیان باس دەکرد، کە لەگەڵ سەختی شەوگار و ڕۆژگار شەڕیان کردوە، باسی کابرایەک کە بووە قازی بەغدا، کە دایکی بە نانی وشک و ئاو گەیاندی بە پێگەی قازی شاری بەغدا. چیرۆکی شەڕی غەزالی میسری لەگەڵ خەوی سەر کتێبیان باس دەکرد. غەزالیش بۆ شێواندنی ئەو خەوە ستەمگەرە پەنای بۆ ئاوی سارد بردووە. یان باسی قسەی زانایەکیان دەکرد کە وتوویە: سەرین و پاڵشت، گەورەترین دوژمنی فەقێیە!. مەلا و مامۆستاکان وشەی خەویان کردە دوژمن و نەیاری سەرەکی ئێمە. لە بیرمە کە مامۆستا ئەسعەد لە دانیشتنێک وتی: زانست بە شەوێک بە دەست نایەت. پاش ئەو قسەیە باسی دوو فەقێ بۆمان گێڕایەوە کە هەریەک لەوانە بەوی تری وتووە کە من دەتوانم زیاتر لە تۆ بخەوم. بەم شێوەیە وشە و حاڵەتێکیان لەلای فەقێکان بە دەم و هەستەکانیان چەور کرد و پێکەوە دەیانلکاند. هەر ئەو قسانەی کە لەسەر دوژمنی خەو دەیانکرد، کە لەو دوژمنیە زانست دروست دەبێت، ئەوەندەی تر کاریگەری لە فەقێکان دەکرد،

ئەوەندەی تر فەقێکان بۆ دەرفەتێک و ساتێکی زیادە بۆ خەو دەگەڕان. بەرجەستە کردنی ئەو وشەیە لە دەم و دەروونی مامۆستاکان، فەقێکانی جادو کرد. مامۆستاکان بە ناساندنی وشەی خەو وەک دوژمن، بوونە هۆی ئەوە کە فەقێکان رەتی پێچەوانە بدەن. لە حوجرە ئەوەیان بڵاو کردەوە کە کەسێک بەیانان بۆ نوێژ و وانەکانی هەڵنەستێت، ئاو بە سەروچاویدا دەکرێت. لە بیرمە کە بەیانیەک لە خەودا بووم کە مامۆستا مەنسوور، نیوە پەرداخێک ئاوی بە مندا کرد!

هەر لە بەرەتاوە دوو وشەی تر بۆ من بەها و دەوریان کردەوە. وشەکانی پێوەنان و پێوەدان. نەترسی و پێوەدان و پێوەنان لە ناوەکان و وشەکان و ئەدەبەکان بۆ من بووە وشەیەکی پایەدار، دروست بە پێچەوانەی وشەی پارێز کردن لە ئەدەبی قورئاندا. لە قورئاندا خوای مەزن دەفەرمێت کە ئایەتەکان بە وردی و ئەسپایی بخوێنەوە. لە حوجرە کە ئەو ڕستەی قورئانەی بە من دەبەخشی، هەوڵی ئەوەم دەدا کە کتێبەکان و نووسراوەکان و وشەکان و ڕستەکان و بەرهەمەکان بە خێرایی بخوێنمەوە، رێک بە پێچەوانەی خواستی قورئان بۆ خوێندنەوە. پێدان لە خوێندنەوە بە ئەسپایی و ڕێزدایە.

" هەندێک کەس وەک ئەو سەوزەیەن کە لە نێو پیسی گەورە دەبن."

لە دەورانی دەبیرستان و حوجرە و زانکۆ لەگەڵ دەستەیەک مەلا و مامۆستا بووم کە بە جوانی ڕوویان وەک ڕێنماکەرێک لە ڕووی من نەدەکرد، ئەمە منی نائومێد دەکردەوە. لە بیرمە کە ڕۆژێک لەگەڵ مامۆستا فەریبورزی لوڕستانی بووم و بەرەو دەرگەی حەوشی قوتابخانە دەچووین، من خۆم وەک قوتابیەک دەزانی و هەردەم چاوم لە دەمی بوو کە قسەیەک بکات و بۆ من بەها و دەوری هەبێت، سرنجم لەسەرجەم قسەکانی دەدا و بە جوانی گوێم دەگرت. پاش ئەوەی کە لە قوتابخانە چووینە دەرەوە، بەدەم ڕێگاوە باسی کۆمەڵناسی بۆ من دەکرد. کە گەیشتینە سەر جادەی سەرەکی دەمانەویست کە خواحافیزی بکەین، سەیری منی کرد و وتی: تۆ باش وایە کە....

قسەکەی بڕی و بە پێکەنینێک سەری تەکاندا و خواحافیزی کرد و منی بەجێهێشت. هەستم کرد کە قسەیەکی بۆ وتن بۆ من هەبوو. نیگەرانی و دڵەڕاوکێ منی گرت و بە بیرکردن گەڕامەوە بۆ ماڵەوە. کیفی کتێبەکانم لە ژوورەکە دانیا و لە ژوورەکە دەخولامەوە و بیرم دەکردەوە کە مامۆستا دەیەویست چی بە من بڵێت کە قسەکەی

بڕی و منی بەجێهێشت!؟ کاتژمێرێک بە دەوری خۆم خولامەوە و بیرم کردەوە. پاش ئەوەی کە یەک هەفتەم بە چاوەڕوانی بەسەر برد، بۆ ئەوەی کە مامۆستا فەریبورز ببینم، بە دڵخۆشی چووم بۆ قوتابخانە و لە دەرفەت و مەجالێک دەگەڕام کە مامۆستا فەریبورز لە تەنیایی لەگەڵ من بێت و قسە بکات. هەرچی کە بەدوای تەنیایی و دەرفەتێک دەگەڕام سەر و دەست و دەمی لەگەڵ مامۆستا و قوتابیەکانی تر خەریک بوو. هەرچی بە چاو دەمەویست کە پێ بگەیەنم دەمەوێت کە بە تەنیا قسەت لەگەڵ بکەم، هیچی لە چاوی من پێ نەگەیشت.

لە زەنگی نێو وانەکان مامۆستا فەریبورز لەگەڵ مامۆستایەکی تر بە چاییەکەوە هاتەدەرەوە و لە حەوشی قوتابخانە دەسوڕایەوە. ئەو مامۆستا کە لەگەڵ مامۆستا فەریبورز بوو، بۆ چەند خولەکێک لەگەڵی بوو و ئەوی بەجێهێشت. مەجالێک بوو کە یەخەی بگرم کە هەفتەی ڕابردوو دەیەویست چی بە من بڵێت کە نەیوت. نزیک بوومەوە و بە بێ ئەوەی کە قسە بکات وتم: مامۆستا هەفتەی ڕابردووە دەتەویست چی بە من بڵێت کە نەتوت و منت بەجێهێشت( گتێکم کرد).... ئەو ڕۆژە کە گەیشتمە ماڵەوە کیفی کتێبەکانم لە زەوی دانیا و کاتژمێرێک بیرم لەوە دەکرد کە تۆ دەتەویست کە چی بە من بڵێت کە نەتوت!؟ ئەم هەفتەیە من بیرم لەوە دەکردەوە کە تۆ دەتەویست چی بە من بلێت!!؟

مامۆستا فەیوبورز سەیری منی کرد و دەم و چاوی گرژ کرد و بیری لە هەفتەی ڕابردوو کرد. هەرچی کە بیری کردەوە هیچی بە خەیاڵدا نەهات. سەیری منی کرد و وتی: شتێکی وام لە بیر نایەت... نازانم، هیچم لە خەیاڵ نیە!.

ئەو چیرۆکە و چەند چیرۆکی وەک ئەوە لەگەڵ مەلا و مامۆستاکان وای کرد کە لە دەمی پێدەر و بەخشندەیی مامۆستاکان نائومێد ببم، لەوەی کە بە کورتی و ڕوونی قسەیەک بۆ من بکەن. بەردەوام هەوڵی ناسینی ناوێکم دەدا کە ئاگای لە من بێت و بە ڕاستی و دروستی خاوەنداری من بکات.

ناوەکان و نووسەرەکان هەریەک لەوانە لەگەڵ من بەسەرهات و چیرۆکێکی تایبەتیان هەیە. پائۆلۆ کۆئیلۆ نووسەرێک بوو کە بووم بە خوێنەری کتێبەکانی، پاشان هەستم بەوە کرد کە خۆیشی وەک خوێنەری نووسینەکانی بەدوای گەنج و خەزانەیەکی نەکراوە لە وشەکان و ماناکان دەگەڕێت، بۆیە جارێک یەخەی ئەدەبی مەسیحیەکان دەگرێت و جارێکی تر ڕوو لە میسر دەکات و دەمێکی تر ڕوو

لە جادوگەرەکان دەکات. نەک تەنیا کۆئیلۆ بەڵکو سادقی هیدایەت و کافکا و زۆرێک لە ناوەکان خۆیان لە پێش خوێنەریان لە گەڕانن. هەرهەمووی کەسایەتیەکانی چیرۆکەکان لە تەنیاییەکی سەخت و دژوار و تەنگ و بەستراودا لەگەڵ نووسەری چیرۆکەکە دەچن و دەمێنێنەوە.

هەر پێدانێکی گەورە لە تەنیایی دەخولقێت، وەک پێگەی شێخ و پەیامهێنەر و فەیلەسوف. لە گۆشەیەکی خاوێن و خەڵوەت، شوێن و نیشان دەکاتەوە. بۆیە نەچزێت بە گیانتان گەر باسی خەڵوەت دەکەم، گەر هات و وتم لە پەروەردە بۆ گەیشتن و گەیاندنی ڕستەکان پێویستی بە خەڵوەت هەیە. خەڵوەت باشترین ئامێری پەروەردەییە. کەسانێکی وەک مامۆستا عەبدۆلکەریمی مودەڕس و ناسری سوبحانی، نیچەی ئاڵمانی، مارتین هایدگر، حافزی شیرازی، مەولەوی، وە زۆرێک لە ناوەکان، خەڵوەتیان کێشاوە. خەڵوەت نیشانەی پێوەیە، شوێنکەوتنی خواستێکە کە پەیوەندە بە دڵی مرۆڤە. خەڵوەت دەتوانێت وەک خەڵوەتی داپیرم بێت لەگەڵ خوەشە کردنی هیزە[28]، یان وەک شەن کردنی سەر خەرمان بێت، خەڵوەتی شوان و مەڕەکان بێت، یان خەڵوەتی دەروێشەکان لە تەکیە بێت، یان هەڵاتن و یاخی بوون بێت. خەڵوەت هاتنە دەرەوەیە لە ژینگەی ڕستە ڕۆژانەکان، ڕستە خۆماڵیەکان، ڕستە دەستکردەکان، ڕستە پیشەسازی کراوەکان، ڕستە ژەهرینەکان، خەڵوەت بە شوێنێکی پارێزراو لە ناوەکان و ڕستەکان دەناسم. من پێداگری لەسەر ئەو خەڵوەتە دەکەم. مرۆڤ لەو دەمانەی خەڵوەتە کە دەتوانێت فێری کێڵان، وەشان، تەقان، شێلان، تاشین و ناسین، ڕاوچیەتی وقومارچیەتی و بزگیری و خۆشەکردنی وشەکان و ڕستەکان بێت. لەو کاتەیە کە دەتوانرێت زەمینە بۆ ڕزگاری لە کۆت و بەندی ناوەکان خۆش بکرێت، وە بە خواستی خوای گەورە بونیاد و نەخشەیەکی تر دابڕێژێت.

هەرچۆن کە پێدانەکان لە تەنیایی و خەڵوەت دەکرێت، هەروەها لێدانە گەورەکان لە تەنیایی و خەڵوەت بە نەوەکان و ناوەکان دەکرێت. سادقی هیدایەت لە فلاتێکی شاری پاریس بە توندی لە لایەن وشەکان و ڕستەکانەوە لێدرا و کەسیش

---

[28] _ هیزە پێستی مەڕومالاتە کە وەک کونە و مەشکە کە ئاو و دۆ لە خۆی دەگرێت، هیزە ڕۆنی مەڕومالات تێدا هەڵدەگیرێت.

ئاگای لێ نەبوو. نیچەی ئاڵمانی بە توندی لە سەروچاوی دراوە و نەخۆش و هیلاک تەنیا ڕماوو و ڕووخاوە.

## گۆچان لە شەو و ڕۆژدا

داپیرم لە نیوەڕوانێکی هاوینی بینی، کە پەزەکانی داوەتەبەر و بۆ ماڵی دەهێنایەوە. گۆچانەکەی بەسەر شانی دانیابوو و تاو تاو دەیدا بەسەر پشتی مەڕەکان و ڕێگەی بۆیان دیاری دەکرد.

لە دیمەنێکی تردا، داپیرم بینی کە لە شەوی زستانی بۆ ماڵی کچەکەی دەچوو، گۆچانەکەی بە دەستەوە بوو و چرایەکی بە دەستی تری گرتبوو. گۆچانەکەی بۆ ئەوە بوو کە ڕێگەی بۆ ئاسان بکات و لە دەمی سەگ و هەر هاتێکی لەناکاوە بیپارێزێت.

گۆچانی ڕۆژ بۆ دانەبەری مەڕوماڵاتەکان بەکار دەبرێت، بەڵام هەر ئەو گۆچانە لە شەودا بۆ پاراستنی کابرا خۆی بەکار دەچێت. هەروەها وشەکان و ڕستەکان لە کاتێک بۆ مرۆڤ خۆی بەکار دەچێت و لە کاتی تر بۆ کەسانی تر بەکار دەبرێت. شوێن و کاتی پێدان و لێدان، زانستێکە کە لە تەوان و شارەزایی خوای مەزنە، وە مرۆڤ هێزی ئەوەی نیە کە نەوەکان بە لێدان و پێدان خاوەنداری و پەروەردە بکات. بۆیە خوای مەزن لە قورئان زۆر ئاماژە بەوە دەکات کە شەوان لە تەنیایی و خەڵوەت یادیم بکەن و سەر و مل دانوێنن!.

وشەی لێدان و پێدان دوو وشەیە کە لە بواری گەیاندن و گەناندنی نەوەکان و ناوەکان دەوری هەیە. ئەو دوو وشەیە کاری پێ دەکرێت و بەردەوام لەگەڵ نەوەکان و ناوەکان دەسووڕێتەوە. هەر وشە و وێنە و چیرۆکێک کە لە ژیانی هەریەک لە نەوەکان دەخولقێت و دەزێت، دەوری پێدەر و لێدەری هەیە. نەوەکان و ناوەکان دەتوانن کە بە ناوی خوای مەزن خاوەنداری بکەن و دەست و دەمیان بەسەریاندا زاڵ بکەن و بە خواستی خۆیان بەکاری بەرن.

" مرۆڤ هەر چی خەت و نەخشە دەکێشێت، پتر و خراپتر نەخشە و ڕێگاکان لە خۆی تێک و پێک دەدات."

# پەروەردە و پەروار

پەنا بە ناوی خوای مەزن دەبەم لە شەڕی ناوەکان. بە ناوی خوای مەزن دەست و گیان پێ دەکەم.

وشەی پەروار، وشەیەکی لادێییە لە ناوچەی دەشتی زەهاو، کە شوانەکان و مەڕدارەکان بە کاری دەبەن. ئەو کەسانەی کە دەستەیەک مەڕیان هەبێت کە بۆ ئەوە ڕاییگرن کە گۆشت بگرێت و پاش ئەوە کە قەڵەو بوو بیفرۆشن، ئەوە پێ دەڵێن کە بۆ پەروار ڕاگیراوە. شێوەی بەخێو کردنی ئەو مەڕانە ئاوەهایە کە خاوەن مەڕ بۆ ماوەی چەند مانگ بە بەردەوامی خاوەنداری ئەو دەستە لە مەڕانە دەکات. تایبەتی دەرودەشتیان پێ دەکات و گژ و گیای باشیان پێ دەدات و دان و ئاوی باشیان پێ دەدات و جیایان دەکاتەوە لە مەڕوماڵاتەکانی تر. پەروار دەورەیەکی تایبەتیە کە خاوەندار دەست و چاوی لەسەر ئەو دەستە لە مەڕانەیە کە بەخێویان دەکات. شوانەکان و یان ئەو کەسانەی کە مەڕوماڵات بۆ پەروار ڕادەگرن، دەتوانێت کە لەبەر نەداری و هەژاری بێت. زۆر کەس هەبوو کە بۆ ئەوەی سوودێک بکات و بە پارەیەک بگات بۆ ماوەی چەند مانگ بەردەوام دەستەیەک لە مەڕەکان بە خێو دەکات و لە کۆتایی پاش ئەوە کە قەڵەو بوون و گۆشتی باشیان گرت، ئەوە بزگیر[29] دەهێننە سەریان و دەیفرۆشن.

لە ئەو ماوەی کە من لە دەشتی زەهاو بووم، زۆربەی خەڵک مەڕوماڵاتی پەرواریان بۆ قازانج و پارە و سوود ڕادەگرت. دنکە کەسانێک لە زەهاو هەبوون کە مەڕوماڵاتی پەرواریان بۆ قوربانی کردنی وە یان بۆ بەخشین ڕادەگرت. ئەو دنکە کەسانەی کە مەڕوماڵاتی پەرواریان بۆ خۆشیەکانی خۆیان ڕادەگرت، کەسانێک بوون کە خاوەن زەوی و زاری تایبەتی خۆیان بوون و بێمنەت بوون لەوە کە پێویستیان بە جاڕ[30] کڕینی خەڵکی تر بێت، یان کەمی گژوگیایان هەبێت. ئەوان جاڕی باشیان بۆ مەڕەکان دیاری دەکرد و دانی باشیان بۆیان دابین دەکرد و ئاوی

---

[29] ـ بزگیر یان جامباز بە کەسێک دەوترێت کە کاری کڕین و فرۆشتنی مەڕوماڵات و ئاژەڵەکان دەکات.

[30] ـ جاڕ بە زەوی گەنم دەڵێن پاش ئەوەی کە درەو کرابێت. جاڕ مەبەست پاشماوەی پووش و گیا وشکەکانی پاش درەو کردنی بەرهەمە.

پاکیان دەنیایە بەردەم مەڕەکان و هەگەریان[31] دەکرد لەوە کە نەخۆشی و دەرد و ئاژەڵەکانی تر کێشەیان بۆ دروست بکەن.

بە پێچەوانەوە ئەو کەسانەی کە مەڕومالاتی پەروەریان بۆ پارە و قازانج ڕادەگرت، زۆر مەترسی و کەمی و کێشەیان بۆ دروست دەبوو. کابرایەکم دەناسی کە دەستەیەکی کاوڕی شەکی ڕاگرتبوو کە قەڵەویان بکات و لە بازاڕ بیانفرۆشێت. ئەو کابرا پەلەی ئەوە بوو کە وەرزی پاییز بگات و کاتی ئەوە بێت کە کاوڕەکان بباتە بازاڕوە. کێشەی ئەو کابرا ئەوە بوو کە دان و گژ و گیا و جاڕ و سروتی[32] بە باشی لەبەر دەست نەبوو، بۆیە زۆر هەراسی ئەوەی هەبوو کە لە کاتی تەواو بوونی هاوین و سروت و جاڕەکان بە ڕێژەیەکی باش تێریان نەکات و گۆشت نەگرن. ئەو کابرا دوایی بە کابرایەکی زیانیکەر لە نێو خەڵک ناسرا.

ئەو کەسانەی کە مەڕ و کاوڕ بۆ پەروار دەهێنن و دەیانەوێت کە بیفرۆشن هیچی تریان بۆ گرنگ نیە، جگە لەوە نەبێت کە کاوڕەکان گۆشت بگرن و پشتیان پڕ بێت. بەڵام ئەو کەسانەی کە کاوڕی پەروار بۆ قوربانی و بەخشین و جوانی بەردەرگی ماڵەکانیان ڕادەگرن، ئەوانە زەمینە و ژینگەی ئەوەیان تێدا هەیە کە دانی باش و کای زۆر و گژ و گیان تازە و خاوێن لە بەردەمی کاوڕەکان بکەن و بە جوانی خاوەنداریان بکەن.

کاوڕی پەروار وێنەیەکی باشە بۆ ئەوەی کە نەوەیەک بۆ پەروەردە کردن باس بکەم و ئەوە بەدەربخەم کە ناوەکان وەک خاوەندارەکان، نەوەکان بۆ چ خواستێک پەروار دەکەن وە یان پەروەردەکان بۆ چ مەبەستێک نەوەکان پەروار دەکەن؟.

پەروەردە و پەروار دوو وشەی کوردیە کە لە یەک ڕیشەوە هاتووە و دەتوانن کە بە ئەو ڕیشەوە یارمەتی من و خوێنەر بدەن کە کاوڕەکان و نەوەکان بۆ پەروار و پەروەردە باشتر بناسینەوە.

---

31 _ هەگەر کردن، ئاگادار بوون.

32 _ سروت، خەڵکی ئاوایی پاش ئەوەی کە گەنم یان بەرهەمەکانی تریان لە زەوی درەو کرد، لە کاتێکی تر دەگەرێنەوە بۆ ئەوەی کە گیا وشکەکانی پاشماوە بەرهەمە درەوکراوەکان کۆ بکاتەوە. سروت بۆ گرتنەوەی خشت یان بۆ کا کردن بە کار دەچوو.

لەدەورانێک کە من و دەستەی زۆر لە فەقێکان چووین بۆ حوجرەی موحەممەد ئیقباڵی لاهوری هەریەک لە ئێمە لە بنەماڵە و باوک و تۆیەکی جیاوازەوە هاتبوو. حوجرەی ئیقباڵی لاهوری، قسەکانیان و خواستەکانیان تێکەڵ بوو، لەگەڵ ئەوەشدا من دەمزانی کە ئەوانە ئێمەیان بۆ چ مەبەستێک دەوێت. مامۆستا مەنسوور کە مەلایەکی تازەکار بوو، قسەیەکی کرد کە من بەو قسەیە زۆرێک لە قسەکانی تریم دەرهێنا. ئەم مامۆستا بەڕێزە وتی: بەشکە کەسێکی وەک غەزالی تان تێ بکەوێت.

ئەو قسە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوان وەک بەڕێوەبەرانی حوجرەیەک دەیانەوێت کە مرۆڤی زانا دروست بکەن و ئومێد و خواستی ئەوەیان هەیە. گەر سرنج لە بەرنامەی دەروونی حوجرە بدەین، هیچ پەلە لە فەقێ ناکەن کە کتێبەکان بگوزەرێنێت و تەواوی بکات. مەبەستم ئەوەیە کە بە پێچەوانەی پەروەردەی مرۆڤی کە دەورە و پێگە و ناوەندەکان دیاری دەکات و قوتابی دەبێت کە ساڵانە تێدا گوزەر بکات، ئەوە لە بەرنامەی حوجرەدا نەبوو. بەرنامەی حوجرە ئەوە بوو کە کۆمەڵە کتێبێکیان دیاری کردبوو کە فەقێ دەبێت کە بیخوێنێت و لەگەڵی ئاشنا بێت، ئیتر پەلەی کاتیان لە فەقێکان نەدەکرد. یەکێکی تر لە تایبەتمەندیەکانی حوجرە ئەوە بوو کە جۆرە رێنوێنیەکیان دیاری کردبوو کە فەقێکان دەبوو ڕەچاوی بکەن. بۆ نموونە هەر فەقێیەک بۆی هەبوو جگە لە کاتی خوێندنی قوتابخانە هەفتەیەک دوو جار لە حوجرە بڕواتە دەرەوە. ئیتر بۆمان نەبوو کە هەر شەوێک لە شوێنێک بین وە یان بە خواستی خۆمان هات و چۆ بکەین.

خاڵێکی تر کە لەو دەورانە بەهای هەبوو ئەوە بوو کە مامۆستاکان دەیانەوت ئێمە موسوڵمانێکمان دەوێت کە پەیوەندی لەگەڵ بەشەکانی تری کۆمەڵگا وەک زانکۆکان و ناوەندەکانی تری زانستی هەبێت و تێیاندا بەشدار بێت. ئەم خاڵە ئەوە دەردەخات کە مامۆستاکان دەیانەویست کە کۆیەک موسوڵمان بەرهەم بهێنن کە لە ژیانی کۆمەڵگا دەوریان هەبێت، وەک مامۆستا و موهەندیس و دکتۆر... لێرەوەیە کە ئەوان خواستی ئەوەیان تێدا هەبووە کە نەوەیەک بەرهەم بهێنن کە وەک ئەو کابرا بێت کە لە هەژاری کاوڕ پەروار دەکات، بۆ ئەوەی کە پارەیەک بە دەست بهێنێت. هەروەها ئەوە لێیان بەدەردەکەوێت کە خواستی ئەوەیان تێدا هەبووە کە چەند نەوەیەک پەراور بکەن بۆ ئەوەی کە لە نێو کۆمەڵگا دەوریان هەبێت.

کەوایە لە قسە و باسەکانی حوجرە و مامۆستاکان یەک خواستیان نیە، بەڵکو لە لایەک دەیانەوێت کە کۆمەڵگا بە تاکی موسولمان پڕ بکەنەوە وە لە لایەکی تر دەیانەوێت کە بە پەروار کردنی دەستەیەک فەقێ، ناوی زانا و ئەدیبیان لێ بخولقێنن.

لە زانکۆی سەلاحەدین کە ناوەندێکی گەورەی مرۆڤی و پەروەردەییە، ئەوەی کە دیار بوو، خاوەندارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەوەیەکیان دەوێت کە وەک کاوڕی پەروار، خاوەن کە نەداری دەرباز بکات. حکومەت و وەزارەت، نەوەیەکی دەویست کە ببنە بە هێزی ئیداری و حیزبی، لە دەزگا و ئیدارەکانی کوردستان ئاوەدان بکەنەوە. قات لەبەر بکەن و بە بۆین باخ ببن بە هێمای کۆمەڵگەیەکی نوێ کوردی کە خاوەن دەستە دەستە بەڕێوەبەران و کارمەندانی ئامادەیە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پرۆژەی تواناسازی نەوەکانی کورد لە باشووری کوردستان کە دەستە دەستە قوتابیانیان نارد بۆ وڵاتانی دەرەوە کە لە بن دەستی پەروەردەکانی تر ببن بە شارەزا. خواستی ئەوەی لە بنەوەیە کە نەوەکان بۆ خواستەکانی خۆیان پەروار بکەن و پێیان بگەیەنن. دیارە ئەم جۆرە پرۆژانە تەنیا کوردی نیە و زۆرێک لە خاوەندارەکانی تری وەک فارس و تورک و عەرەب، نەوەکانی خۆیان ناردووە بۆ زانکۆ و ناوەندەکانی ڕۆژئاوا کە بە وشە و ڕستەکانی ئەوان ئاشنا ببن و بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانیان و ببن بە بەڕێوەبەرانی دام و دەزگاکانی نوێ کۆمەڵگەیەک کە خاوەندارانی نوێ خاوەنداری دەکەن.

لە ماوەی چەند ساڵێک گەلێکی زۆر فەرمانبەر و کاربەر و دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکان وەک هێزی ئامادەی ڕۆشنبیر بە بونیادی کۆمەڵگەی نوێ قات و جلی ئیداریان لەبەر کرد، بۆ ئەوەی کە کار بکەن و ژیانی خۆیان دابین بکەن.

دەستەیەک لە خاوەندارەکان قوتابی تایبەتی دەنێرن بۆ دەرەوە بۆ ئەوەی کە بە خواست و دڵی خۆیان پەروەردە ببن. ئەو جۆرە پەروەردانە، وەک ئەو کابرایەیە کە کاوڕەکان بۆ قوربانی یان بەخشین و خواستە تایبەتیەکانی خۆی بە کار دەبات. بەڵام ئەوە بۆ من ڕوونە کە پەروەردەکان و حکومەتەکان و خاوەندارەکان نەوەکان بۆ پەروارێک ڕادەگرن کە لە هەژاری و نەداری و گرفتی ژیان بیانپارێزێت.

لە درێژی ئەم چەند ساڵە کە قوتابی و فەقێم بینی و لەگەڵ ئەم کەسانە هەڵسوکەوتم کرد، ئەوەم بۆ بەدەرکەوت کە پەراورێکی تاکانەش لە ئارادایە کە نەوەکان خۆیان بە خواستی خۆیان بە دوای دەکەون. لە حوجرەدا چەند فەقێیەک تەوانی ئەوەیان هەبوو کە لە وڵات بڕۆنە دەرەوە، بۆ ئەوەی کە پەرە بە خوێندن بدەن و زانست و تەواناکانی خۆیان گەشە پێ بدەن. خواستی ئەوانە لە دەرەوەی بەرنامە و داڕشتنەکانی مەلا و مامۆستاکان بوو. ئەوانە لەبەر بارودۆخێکی گونجاو ڕوویان لە وڵاتانی تر کرد، بۆ ئەوەی کە بگەن بە ڕادەیەک کە خاوەنداری خۆیان بکەن. ئیتر زۆربەی فەقێکان بە دوای ئەوە کەوتن کە ئیدارەکان پڕ بکەنەوە و پارەیەک بە دەست بهێنن و ژیانیان لە هەژاری دەربهێنن.

ئەو کابرایە کە خاوەن زەوی و زار بوو و کاوڕەکانی بۆ قوربانی خۆی بە کار دەبرد، ماڵ و دڵی، ئاوەدانی زۆری تێدا بوو. وێنەی بەر دەرگی ماڵی جوان بوو و منداڵەکانی لە زۆر شت بی منەت بوون و ئاغایەتیان پێوە دیار بوو. بەڵام ئەو کەسەی کە کاوڕەکانی بۆ دەربازبوون لە هەژاری بە خێو دەکرد، دڵ و ماڵیان هی ئەوە نەبوو کە چایەکی لەگەڵ بخۆیت.

زۆر جار هەواڵی ئەوە هەبوو کە کەسانێک لە شەواندا مەڕوماڵاتەکانیان دەکەنە نێو خەلە و جاڕی خەڵک و تێریان دەکەن. بە ئەو جۆرە خەلەخۆریانە دەیانوت زیانی. کاوڕ چووزانێت کە ئەو زەویە کە لێ دەخوات هی خەڵکی ترە یان نە!؟ ئەو کاتەش کە کاوڕ لە مەیدانی فرۆشتنی ئاژەڵ بقاڕێنێت، بەو قاڕاندنە، نازانرێت کە بە چ کا و گیایەک گەورە بووە!؟.

لێرەیە کە من ئەوە بەدی دەکەم کە نەوەکان کە بە پرۆژەکان و پیلان و پلانەکان ڕەوانەی ئێران و ئینگلیس و ڕووسیە دەکەن، وەک ئەو کاوڕانە کە خاوەن بە شەو تێریان بکات. هەروەها ئەو نەوانە نازانن کە تێر بوونی ئەوان بە وشەکانی ئەوم و ئەو، گۆشتێکی پاکی لێ ناکەوێتەوە!.

بەسەرهاتی من و هەڵچوونم بەرانبەر بە حوجرە و زانکۆ و زمانی ئینگلیزی و ئەوەی لە وشەکانی ئینگلیزی دەکەوێتەوە، باس لە دەروونی کەسێک دەکات کە نەمهێشت کەس بۆ خواستەکانی خۆی پەروارم بکات و ئەدەبی ناحەقم پێ بەدەرخوارد بدات.

لە دەورەیەک کە من لە شاری سەرپێڵ بووم سەلەفیەکان لەوێ بوون و زۆر لەگەڵ من قسەیان دەکرد و منیان بۆ ئەدەبی خۆیان بانگەهێشت دەکرد. باسی جیهاد و شەڕ و عیبادتیان دەکرد. ئەوە کە خۆش بوو بە لای منەوە، هەستم دەکرد کە من و ئەوان نزیکیەکمان لەگەڵ یەکدی هەیە. لە هەمان کاتدا کە دۆستی ئەوانم دەکرد، کتێبەکانی سادقی هیدایەت و نووسەرە چەپەکانی ئێرانیم بە دەستەوە دەگرت. ئەوە بۆ من بوو پرسیارێک کە یەخەی خۆم دەگرت، کە من تووشی نفاق و دووڕوویی بووم و پاشەڕۆژ کێشەم بۆ دروست دەکات. ئەو کاتە من لەوە دڵنیا بووم و لە دڵەوە دەمزانی کە قسەکانی نووسەرەکانی فارسی کاریگەری لە من کردووە و زۆر سەختە کە ببم بە موجاهدێکی شەڕکەری دژی کوفر و ئیلحاد!.

ماوەیەکی خایاند تا ژەهری ڕستەکانی فارس و سەلەفیە نیگەرانەکان لە گیانم چووە دەرەوە و لەشم لە ئەدەبی ئەوان خاوێن کردەوە. بەردەوام هەوڵی ئەوەمدەدا کە ناوەکان و وشەکان لە دوورەوە خاوەنداری من نەکەن و بۆ خواستەکانی خۆیان پەروارم نەکەن. لەوەش دڵنیام کە کاتێک مرۆڤ پەروەردە یان پەروار دەبێت، دەستەیەک لە ڕستەکان و ناوەکان لە دەم و دەستیەوە دێتەوە دەرەوە کە باس لەوە دەکات دۆست و دوژمنی لەگەڵ کێ هەیە و پەرواری بن دەستی کێیە!.

فردریک نیچە و سادقی هیدایەت و سەید قوتب و ناسری سوبحانی و زۆرێک لە ناوەکان تر هەردەم تاکانە و تاقانە هەوڵیان داوە بۆ ئەوەی کە لە بن دەستی پەروەردەکان، پەرواری دەستی ئەم و ئەو نەبن و ئازاد و ڕەها بە دوای خواستەکانی دەروونی خۆیان بکەون.

## گوڵ و ماسی لە پەرواردا

جگە لە پەرواری مەڕ، گوڵ و ماسی وەک دوو ناوی تر بە دەستی خاوەندارەکانەوە، پەروار دەکرێن. ئەو گوڵانەی کە پەروار دەبن، ڕێشەیان لە خاکێکی بەستراودا دەمێنێتەوە. ڕەگ و ڕیشەی گوڵ جووڵەیەکی ڕەها و ئازادی نیە.

هەروەها ماسی لە پەرواردا، خاوەن گەردش و ئازادی لە سووڕان و گەڕاندا نیە، بەڵکو لە حەوزی بەستراوی ئاودا بەستراو دەمێنێتەوە و بۆ خواستی خاوەندار بە کار دەچێت. ماسی ئەگەر دەمی لێدەر و هەڕەشەکەر لە دەوری نەبێت، تەوان و هونەری سووڕان و گەڕان و گەردشی خێرا فێر نابێت.

هەروەک گوڵ و ماسی پەروار، نەوەکانی مرۆڤ لە بندەست و بەردەستی ناوەکاندا، ڕیشەیان وەک گوڵی پەروار ئازاد ناچێت، وە سەریان وەک ماسی گەردشی ڕەها و خێرا ناکات. بەڵکو وەک مەڕ لە جیاتی ئەوەی کە ڕیشەیان خاک بدرێت، دووگ[33] بۆ خۆیان پان و گەورە دەکەن، وە وەک مەڕ سەروچاویان گێژ و تەپاو دەبێت. ئیتر ئەدەبی دەست و گۆچان دێتە کار و کایەوە!.

## هێزە نادیارەکانی پەروەردە

خاڵێکی گرنگ کە بەهای هەیە، باسی پەروەردە و پەروارێکە کە نابینرێت و بونیادێکی دیاری نیە و وانەی نیە، بەڵام تەوانێکی زۆری هەیە کە نەوەکان پەرواری دەستی خۆیان بکات. باس لە ئەو دەستانە دەکەم لە دیار نین و وەک دەستی پەروەردەیی خەڵک و شەیتانەکان و ئەو پەروەردانە کە لە دوورەوە نەوەکان دەخەنە ژێر کاریگەری خۆیانەوە.

لە حوجرە باسی ئەوە زۆر باو بوو کە پاش ئەوە دیپلۆمی قوتابخانەی فارسیان وەرگرت ئەو کاتە چی بکەن و چی بۆ خۆیان دەستنیشان بکەن. شەوێک لە کۆی فەقێکان دانیشتبووم کە باسیان دەکرد و قسەیان دەکرد، ئەوەش ئەزانین کە لە هەر کۆیەک کەسێک یان چەند کەس قسەکانیان دەوری زۆری هەیە و ئەوانی تر زۆر ڕوویان تێدەکەن. یەکێک لە فەقێکان وتی: بە خوا ئەگەر ژیانی خۆمان بدەین بە دەستی ئەم مەلایانەوە هەموومان دەکەن بە برنج فرۆش...( پێکەنی و دەستی بەسەر چۆکی دەدا و بەردەوام بوو) چەند مەلایەک لە شاری سەرپێڵ عەرەبانەیەکیان سەندووە و کیسەیەک برنجیان لە سەری هەڵڕشتووە و بە کیلۆ برنج ئەفرۆشن، ئەوە ژیانە کە ئێمەش بکەن بە برنج فرۆش!؟.

فەقێیەکی تر کە باوکی گۆشت فرۆش بوو وتی: ئێوە لەو ڕۆژەی کە هاتوون بۆ ئەم حوجرەیە، بە تێری دڵی خۆتان گۆشتتان خواردووە!؟ ئێوە ڕەنگ لە ڕوومەتتان نەماوە، ئەم مەلایانە هەر ماست و خەیارمان پێدەدەن( فەقێکان بزگە و پێکەنین گرتیانی، کردیان بە هەرا، و فەقێکە بەردەوام بوو) جار و بار کە گۆشتێک بە ئێمە دەدەن دەچن ئێسکی مانگا بە بی گۆشت دەکرن و شلەیەکی لێ دەنێن، بەس بۆ ئەوەی کە بۆن و تامی گۆشت بگریت!.

---

[33] _ دووگ یان دوو یان کلک، کە لە مەڕدا هەر چەوریە.

فەقێکان هەرهەموویان پێکەنین و کردیان بە هەرا و ژوورەکەیان شڵەژاو کرد.

ئەو جۆرە باسانە هەر لە خۆیانەوە باس ناکرێت، ئەو جۆرە قسە و باسانە لە هاوینی هەرهەمان ساڵدا وای کرد کە دەستەیەک لە فەقێکان واز لە خوێندن بهێنن و هەریەک لەوانە بە دوای کار بکەون یان لەو بابەتانە دەیانخوێند کە لە دوا ڕۆژدا داهات و پارەیەکی لێ دەکەوێتەوە. چەند ساڵی نەبرد کە زۆرینەی فەقێکان وازیان لەو خوێندنە هێنا و چوونەوە بۆ نێو ئەو دەستە پەروەردەییە کە بەردەوام بە بێ ئەوەی کە دەستی خۆی دەربخات، ڕێگەیان بۆ دیاری دەکات و بە خۆیەوە خەریکیان دەکات.

دەستەیەک لە فەقێکان لە حوجرەکان بەدوای دەرسی مەلایەتی دەکەوتن، نەک لەبەر ئەوەی کە دین ئاوەدان بکەنەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە داهات و پارە و پێگەیان لەوێ بەدەست دەگەیشت. ئەو جۆرە کەسانە لە دەم و ڕوومەتیانەوە دیارن کە ئیسلام و حوجرە بە خێویان دەکات و ئیتر هیچ جۆرە پەروارێکی تاکەکەسی لەپشتەوەی ئەو مانەوەیانە لە حوجرەدا نیە.

پەرواری کاوڕ ئەوەیە کە خاوەنێک بۆ خواستێکی تایبەتی خۆی ژینگەیەکی تایبەتی دروست دەکات و بە خێو و قەڵەوی دەکات. پەرواری نەوەکان ئەوەیە کە خاوەنێک ژینگە و زەمینەی ئەوە بۆ نەوەکان خۆش بکات کە بە خواست و بە وشە و ڕستەکانی خۆی بەخێویان بکات. ڕوونتر، خاوەنێک هەیە کە ژینگە و زەمینەیەک بۆ نەوەکان زینەت دەدات و دەیڕازێنێتەوە. هەر ناوێک کە ناوی گرتووە لە بن دەم و دەستی ناوێکی تر ئێسکی گرتووە. دەڵێن کە ئیبنی قەیمی جەوزی لە شاگردەکانی ئیبنی تەیمیە بووە. ئیبی قەیم بە ئیبنی تەیمیە دەناسینەوە. هەردووکیان بە ڕستەکانی قورئان ناویان بەرز کردووەتەوە.

کاتێک کە ناوی مارکس دێت، ناوی هگڵ دەردەکەوێت، هەروەها کاتێک کە ناوی نیچە دێت، شوپنهاور ناوی دەردەکەوێت. ناوەکان لە قوتابخانە یان ناوەند و کۆیەکی تری ناوەکان دەزێن. ناوەکان خاوەنداری نەوەکان دەکەن و هەر ناوێک بە ناوێکەوە پێ گرتووە و لە ڕێگەی ناوێکەوە ژینگەی بۆ خۆش کراوە.

کێ ژینگەی ناسین بۆ نەوەکان زینەت دەدات؟

یەکێک لە هەڵەکانی حوجرە ئەوە بوو، کە دەبووایە وانەیەک بە ناوی شەیتانناسی دابمەرزێنن بۆ ئەوەی کە فەقێکان لە تەوژمی هەڕەشەکانی شەتیان و یارانی شەیتان بپارێزرێن. شەیتان لە قورئان سوێند دەخوات کە لەبەرودواوە هێرش بکاتە سەر مرۆڤ و فریوی بدات. فەقێکان لە حوجرە لەبەر هێرشەکانی شەیتان و یارانی شەیتان، بێ دەنگ مابوونەوە. لە شوێنێک کە باسی ئەدەبی قورئان دەکات، باسی گەورەترین دوژمنی قورئان ناکرێت و بەهای پێ نادرێت، سەیرە!؟.

لەم بەندینخانە کە تێدام، منیش وەک پەیامهێنەری گەورە ئیبراهیمی دۆستی خوای مەزن، درودی لێ بێت، چەند پرسیار و هەستێک گرتمی کە بەهایەکی زۆری هەبوو. ئیبراهیمی دۆستی خوا کاتێک کە مانگ دەبینێت، دەیکات بە خوای خۆی و کاتێک کە مانگ دەنیشێتەوە، دەڵێت کە حەزم لە خوایەک نیە کە بنیشێتەوە. کاتێک کە خۆر دێت، خۆر دەکات بە خوای خۆی، وە کاتێک کە خۆر دەنیشێت، دەڵێت کە حەزم لە خوایەک نیە کە دەنیشێتەوە. لە ئەنجامدا ئیبراهیم دەگات بە ناوی خوای مەزن و ڕووی لە ڕێگەی خوای مەزن دەکات. خوایەک کە وەک مانگ و خۆر نانیشێتەوە. هەروەها من وتم: ئەگەر زانست و ناسین بە حوجرە و زانکۆیە، ئەوە من لە بەندینخانەم و دەم و دەستم بە کتێبخانە و حوجرە و زانکۆ ناگات!. وتم: ئەوە وازم لەوانە هێنا. وتم: ئەگەر زانست بە مامۆستا و وانە و کات و ژینگەیە!؟ ئەوە من لە بەندینخانەم و دەم و دەستم لە هیچیانەوە نزیک نیە!. وتم: ئەوە وازم هێنا. وتم: ئەگەر زانست و ناسین بە هیلاک کردنی لەش و چاو و کتێب خوێندن و نوسین و پێنووس و ژن نەهێنان و دوور کەوتن لە پێداویستیەکانی گرنگی ژیانە!؟ ئەوە من بە بوون و نەبوونی ئەوانەوە هیلاک و ماندوو و نەخۆش بووم!. وتم: ئەوە وازم هێنا.

من وەک ئیبراهیمی پەیامهێنەر ڕووم لە ناوی خوای مەزن کرد و وتم: ئەی خوای بەخشندەی باڵا دەست، ڕووم لە هەر شوێن و ناوێک کرد، ناتەوان بوون کە دەهۆی[34] دەستی من پڕ بکەن و تنی دڵ و دەروونم بشکێنن و لە سەختی و تەنگانە مامۆستایی و خاوەنداری من بکەن، خوای دلۆڤانی من، لەم بەندینخانەیەوە هاوار

[34] _ دەهۆ، جۆرێکی گوەرەی گونیەیە کە تایبەتە بە کێشانی کا و سروت. دەهۆ لە دەستەیەک گونیە دروست دەکرێت. خەڵکی ئاوایی ئەوە بە دەستی خۆیان دروست دەکەن.

دەبەم بۆ ناوی بەرز و پیرۆزت کە خاوەنداری من لە ئەستۆی خۆت وەربگرە و بە وشەکانی خۆت بەخێوم بکە.

لە ڕاستیدا من خاوەنداری خۆم دا بە دەستی خوای مەزنەوە و جگە لە ناوی بەرزی نەبێت قسە لە کەس وەرناگرم و بەها بە قسەکانی کەس نادەم. لێرەوەیە کە قوتابی و فەقێیەکی وەک من لەو قۆناغە دەچێتە دەرەوە کە وانەکانی لە بینا و بونیادی حوجرە و زانکۆ بخوێنێت و مامۆستای جۆراوجۆری هەبێت و هەریەکەو قسەیەکی بۆ بکەن و هەریەکەو کتێبێکی پێ بناسێنن و بە ڕێگەیەکدا سەری بسووڕێنن.

ئەوەی کە بۆ خوێنەر دەبێت بەهایەکی زۆری هەبێت، دەبێت بچێتە ناوەڕۆک دڵی ئیبراهیمی دۆستی خوا و ناوەڕۆک ئەو پرسیارانە، بۆ ئەوەی کە وەڵامەکانی بدۆزێتەوە، کە ئیبراهیم چ جۆرە خوایەکی دەویست و دڵی چی تێدا هەبوو کە ئاوەها یەخەی مانگ و خۆری دەگرت و خواکانی لێک دەدایەوە!؟ دەبێت کە خوێنەر ئەوە بزانێت کە ئیبراهیم پرسیاری ڕووت و بێ هەستی نەدەکرد، بەڵکو وەک کەسێک کە یەخە دەگرێت و داوا دەکات، ئاوەها بوو. پەرێشانیەک لە دەروونی ئیبراهیمی دۆستی خوا دیارە. هەروەها دەبێت کە ئەو پرسیارە لە لای خوێنەر دروست بێت کە بۆ من دەڵێم کە دەهۆی دەستی من بە قسەکانی حوجرە و زانکۆ و ناوە مرۆڤیەکان تێر و پڕ نەدەبوو و ناوێکم دەویست کە هاوڕێ و گەورە و یار و دەستگر و پشتگری هەمیشەیی من بێت!؟.

## فارسەکان و فەرەنسیەکان

پەنا بە ناوی خوای مەزن دەبەم لە شەڕی ناوەکان. بە ناوی خوای مەزن دەست و گیانم پێ دەکەم.

سولەیمانی پەیامهێنەر کە نامە بۆ کۆشکی بلقەیس دەنووسێت[35] ، پێیان دەڵێت کە لووتبەرز مەبن و موسوڵمان وەرن بۆ لای من. ئاوەها قسە کردنێک بەس لە دین دەوەشێت کە یەکەم شت فرمان دەکات کە موسوڵمان وەرن بۆ لای من، دووهەم شت

---

[35] _ انه من سليمان و انه بسم الله الرحمان الرحيم الا تعلوا على و اتونى مسلمين (نمل ٣٠_٣١)

ئەوەیە کە سولەیمان بە شکۆیەوە فرمان دەردەکات. ئەدەبی دین لەگەڵ مرۆڤ دانیشتن ناکات بۆ ئەوەی کە تێبگەیەنێت. یەکەم شتەکان کە باسی لێوە دەکات، ئەوەیە کە مرۆڤ ناتوانیت کە لێ تێبگات و هیچ زەمینەیەک بۆ شل کردن و شی کردنی خواستەکانی دین بوونی نیە. دین گەر زۆر گاڵە گاڵی لەگەڵ بکەیت و بە ئایەتەکانی سوورەتی ڕەحمان و نوور نەسڵمیت و نەسلمێت، ئەوە باسی جەهەننەم دەکات و هەڕەشە لە لەشی مرۆڤی دەکات. لێرە من دەمەوێت باسی ئەوە بکەم کە دین هێزێکی گەورە و فراوانی هەیە بۆ ئەوەی کە سەر و گەردنی مرۆڤ کەج یان کەچ بکات. ڕستەکانی دین و ئەو تەویر و باسانەی کە دین دەیکاتەوە زۆر ئاڵۆز و سەیرە، تەوانی ئەوەی هەیە کە مرۆڤ گێل بکات یان بیکات بە ژێر و ڕێبەرێک یان سەر و ڕوومەتی بۆ هەمیشە گەردان و لە سووڕان بهێڵێتەوە. دین یەکەم وشەیەک کە فرمانی لەسەر دەکات وشەی ئیمان یان بڕوایە. پەروەردەی دین بە وشەی ئیمان دەکرێتەوە. بەڵام پەروەردەی مرۆڤی یان ئەوەی کە مرۆڤی ڕینسانس و مودرنیت گەشەی پێ دەدات، وشەی تێگەیشتن و کردنەوەیە. کەوایە ئەوە لە لای خۆتان دیار دابنێن کە دین بە وشەی بڕوا دەست پێ دەکات و مرۆڤ بە وشەی تێگەیشتن پەروەردە دەکاتەوە.

بڕوا پرسێکە بەند و بەست و پەیوەست بە لەشە. زۆربەی خەڵک وشەکان لە ڕێگەی لەش دەچێت بۆ هۆشیان. پەروەردەی مرۆڤ بە وشەی تێگەیشتن، لەش لە هۆش جیا دەکاتەوە. پەروەردەی مرۆڤی وشەکان و ڕستەکان لە ڕێ لەشەوە بە هۆش ناگەیەنێت. پەروەردەی مرۆڤ ئاوەهای توانیوە کە قسەکان و ڕستەکان بۆ هۆش بگەیەنێت.

وشەی بڕوا کاریگەری لەسەر تەواوی لەش دەنێت و لەش دەکاتە موڵکی خۆی و ڕەگ و ڕیشەی لەسەر مرۆڤ دادەکوتێت. پرسیار دەکەم ئایا هەر هەموو کەس زەمینەی ئەوەی تێدایە کە بڕوادار بێت و ڕستەکان بە ناوی بڕوا لە گیانی دامەرزێت؟ وەک نموونە، فارسەکان لەشیان بۆ وشەی بڕوا نیە. فارسەکان لە وشەی تێگەیشتن دەتوانرێت کە باسی بۆ بکرێت و بە گیانیەوە دەنیشێت. کورد پێچەوانەی فارسە، لە وشەی بڕوا زۆرتر نزیکە و دەروونی بۆ ئەوە دەبێت کە لە بواری بڕوادا کاری پێ بکرێت. فارسەکان وەک ئینگلیزەکان بە وشەی تێگەیشتن ئاسوودە و ئارامن. دەیانەوێت تێبگەن، بەڵام بەو تێگەیشتنە نایانەوێت کە گووشار

لە سەر لەشیان دروست بکات و بڕواداریان بکات. ئنجا من دەمەوێت کە وشەی هەڵوەشاندنەوە یان تووچاندن باس لێوە بکەم بۆ ئەوەی کە وریا بن کە من دەمەویت لەم باسە بە چ ڕێیەکدا بچم.

## لە کردنەوە تا هەڵوەشاندن

ئەدەبی مرۆڤی بەردەوام وشەکان لە یەکدی هەڵدەوەشێنیتەوە و پێکیدەنێتەوە. ناوەکانی مرۆڤی نەوەکان هەڵدەوەشێننەوە و هیچ بەرپرسیاریەتیان بەرانبەر بە نەوەکان نیە. ئەدەبی مرۆڤی بۆ دۆزینەوەی شێواز و ڕێباز وە بە هاوکاری ڕەخنە گرتن وەک ئامرازێک بەردەوام قسەی دەم و دەستی ناوەکان و نەوەکان هەڵدەوەشێنێتەوە.

هەڵوەشاندن و لێکترازان و دابڕان و دۆڕان و لەدەستدان و لەکیسچوون و تێدا چوون و شێواندن و شیتەڵ کردن و پرژاندن و هەڵتەکاندن و هەڵدڕاندن لە ئەدەب و کۆمەڵگا و بونیادەکان باس لە گرفت و کێشە دەکات. هەروەها کەسانێک کۆمەڵگا پێکەوە دەنێن، وە کەسانێک وەک ساحیر و جادوگەرەکان کۆمەڵ لەیەکدی هەڵدەوەشێنن. پرسی هەڵوەشاندن لە کارەکانی شەیتانی مەلعونە. بەردەوام بە فێڵ و مەکر و تەڵەکە، هەوڵ دەدات کە هەر شتێک هەڵبوەشێنێت و بیشێوێنێت. کەوایە وریا بن کە شەیتان خاوەنداری وشە هەڵوەشان دەکات. ئەدەب و نووسین و ناوەکان و نەوەکان یەکێک لەو ڕووگەیانەیە کە شەیتان هەوڵ دەدات لە ڕێگەیەوە نەوەکان لە بنەکان و سەرچاوەکان و ڕاستیەکان دوور بکاتەوە و هەڵیان بوەشێنێت. بۆ ئەمەش بەسەرهاتی خۆم بەکەڵکە بۆ ئێوە:

سەردەمێک کە من لە حوجرەی ئیقباڵی لاهوری بووم و کتێبەکانی سادقی هیدایەت و نووسەرەکانی تر کە فارسەکان بۆ فارسی وەریانگێڕابوو، وەک کامۆ و سارتر و کافکا و نووسەرەکانی تر، من ئاشنا بەو نووسینانە و ناوەڕۆکی ئەو نووسینانە بووم. لە بیرمە کە لەگەڵ دۆستانمدا سەردانی پیشانگای کتێبی تارانم کرد و پێکەوە بە ئۆتۆمۆبیلێکی تایبەت چووین. پاش ئەوەی کە چەند ڕۆژ لە تاران بووین، دۆستانی من وتیان کە بگەڕێنەوە بۆ حوجرە. من وتم: من لەگەڵ ئێوە نایەمەوە، ئێوە بڕۆنەوە و من ڕۆژێکی تر دێمەوە. دۆستانی من وتیان: گەر کارێکت هەیە لەسەرت سەبر دەکەین، پێکەوە هاتووین و پێکەوە دەگەڕێنەوە.

من دەمەویست کە ئەوان بڕۆنەوە و خۆم بە تەنیا لە تاران پیاسە بکەم. وتم: من دەڕۆم بۆ ماڵی ئامۆزاکەی باوکم، چەند ڕۆژی تر دێمەوە.

دۆستانی من وتیان باشە و ئەوان گەڕانەوە بۆ ڕوانسەر.

پاش ئەوەی کە ئەوان چوون من و کوڕی ئامۆزاکەی باوکم پێکەوە لە تاران و پیشانگای کتێب پیاسەمان دەکرد و لەگەڵ یەکدی چەند ڕۆژی بەردەوام کاتمان دەبردەسەر. ئەم کوڕە کە لەگەڵ من بوو، نێوانی لەگەڵ دین جۆر نەبوو و لە بازنەیەکی دوور و دژ لە دین دەسووڕایەوە. هەست و قسەکانی ئەو کوڕە لە تاران لەسەر ئەو کتێبانە سەرچاوەی دەگرت کە هەردووکمان خوێندبوومانەوە و ئاشنا بووین لە زۆرێک لە ناوەکانی فارس و ڕۆژئاواوە.

پاش ئەو چەند رۆژە، ئەو بەرەبەیانە کە من دەمەویست بە تەنیا بگەڕێمەوە بۆ ڕوانسەر، هەستێکی ناخۆشم هەبوو کە دەچمەوە بۆ حوجرە. کوڕەکەی خزمم باسی ئەوەی کرد کە: جارێک کە لە بەردەمی ترمیناڵی غەربی تاران پیاسەی کردووە، ئوتوبووسێک هاواری کردووە، ئاستارا... ئاستارا... ئاستارا، منیش بە بێ ئەوەی کە پرسیار بکەم سورای ئوتوبووسەکە بووم و چووم بۆ ئاستارا، شەوێک لەوێ مامەوە و بۆ خۆم لە سنووری ئێران و جمهوری ئازەربایجان لە قەراخی دەریا پیاسەم کرد و ڕۆژی دوای ئەوە گەڕامەوە، ئاستارا لە کوێ و تاران لە کوێ!؟.

کە ئەم قسانەی بۆ من دەکرد، لە مەیدانی ئازادی لە تاکسی دابەزین و منیش کەوتە سەرم کە بە تەنیا بڕۆم بۆ باکووری ئێران و هەم ئەوێ ببینم وە هەم زۆرتر لە تەنیایی خۆمدا بمێنێمەوە. بە کوڕی ئامۆزاکەی باوکم وت کە دەمەوێت سەردانی شاری ڕامسەر بکەم. ئەویش هیچ نکۆڵی نەکرد و وتی: باشە، بڕۆ!.

بە تەنیا سواری ئوتوبووس بووم بۆ باکووری ئێران و هەر ئەو ڕۆژە، چووم بۆ شاری ڕامسەر و چەند شەوێک لە شارەکانی ڕامسەر و لاهیجان و گیلان پیاسەم کرد و گەڕامەوە بۆ حوجرە. من تەواوی ئەو خۆ دوور خستنەوانە و دابڕان و هەڵوەشانی کۆی دۆستان و تەنیا مانەوە، لە ئەستۆی ئەو نووسیانە دەخەم کە فارسەکان و فەرەنسیەکان نووسیویانە.

ئەو دۆستانەی من کە پێکەوە گەڕانەوە بۆ ڕوانسەر، هەریەک لەوانە بە هۆی چەند کتێب و نووسینەوە خۆیان تەنیا و دوور کرد. ورده ورده ئەو هەڵوەشانە ئەوانی

گرتەوە و لە کۆی دۆستان جیایانی کرد، ئیتر  وای لێ هات کە کۆیەک بە ناوی کۆی دۆستان بەها و مانای نەما. هەریەک لە ئێمە بۆ خواستێک و بە هۆیەک جیا دەبووینەوە. من دان دەنێم کە فارسەکان و فەرەنسیەکان منیان ئاوەها جیا کردەوە. هەروەها ئەزانم کە دۆستی کۆنی من ئیبراهیم، لەو ژینگەی کە تێدا دەژی بە تەواوی هەڵکەنراوە و هەڵوەشاوەتەوە. دەستێک کە لە پشتەوەی ئەم هەڵوەشانەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری ژینگەیەک کە فارسەکان دروستیان کردووە. زۆربەی فەقێکان و قوتابیەکانی حوجرە و زانکۆ هەردەم هەست و هەوڵیان بۆ خۆ جیاکردنەوە و دابڕان و هەڵوەشاندنی پەیوەندی و مانەوەکان بووە.

نەوەکان زۆر زوو دەکەونە بەر کاریگەری ناوەکان و وشەکان و لێیان دەدات و شوێنکەوتوو دروست دەکات. چەند وشەیەک لە ئەدەبی فارسەکان و فەرەنسیەکان کاریگەری لە من کرد و منی لە خێزان و دەوروبەر دوور دەکردەوە. یەکێک لەو وشانە وشەی گۆر بوو. سەرچاوەی گەشەی ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە بۆ سادقی هیدایەت کە زۆر باسی مەرگ و گۆڕ و خۆکوشتنی دەکرد. گۆڕ و مەرگ لە ئەدەبی هیدایەت زۆر دەور و جێگەی هەیە. هەر ئەم وشەیە لە چیرۆکەکانی سادقی هیدایەت منی وا لێکرد کە سەردانی گۆڕستانەکەی شاری ڕوانسەر بکەم. وشەکە بە ڕاستەوخۆ نایەتە قسە، بەڵکو ئەو ژینگە و ئەدەبە کە چیرۆکنووس یان ناو دروستی دەکات، وردە وردە دەوری مرۆڤ دەگرێت و بیر و کردەی لێ دەزێنێت. هەفتەیەک جارێک بە تەنیا دەچووم بۆ سەر گۆڕەکان و بەسەر گۆڕەکان دەگەڕام و سەیری ناونیشانی مردووەکانم دەکرد و هەرجارێک دەستەیەک خەڵک لەوێ بوو و کەسێکی تازەیان دەنێشت. یەکەم جار کە چووم، گۆڕێکم دۆزیەوە کە ناو و نازناوی منی لەسەر بوو، وە لە ساڵێک مردبوو کە من لە دایک ببووم. ئەوە زۆر بە لای منەوە سەیر بوو کە ئایا ئەو کەسە کە ناوی منی هەیە و لە ساڵێک دەمرێت کە من لە هەمان ساڵ لە دایک دەبم، پەیوەندەیەکی بە منەوە هەیە!؟ ئیتر هەر هەفتە سەردانی ئەو گوڕەم دەکرد و بیرم لەوە دەکردەوە کە من و ئەو کەسە پەیوەندەیەکمان پێکەوە هەیە!؟ ئەو جۆرە بیرکردن و هەست و پرسیار و لێکدانەوانە، تایبەت بە هی ئەو جۆرە چیرۆکانەیە کە سادقی هیدایەت دەینووسی و لەسەری دەچووا!

وشەیەکی تر کە لە ئەدەبی فارسیەوە لە نووسینەکانی ئالْبر کامۆ بۆ من مایەوە، وشەی فارسی پرسە. پەرسە لە ئەدەبی کوردی دەتوانرێت بە گەڕاڵی یان گەشتۆڵی و بەرەڵایی بوترێت. کەسێک کە پەرسە لێبدات بەو کەسە دەڵێن کە بۆ خۆی لە دەرودەشت دەسوورێتەوە بە بێ ئەوەی کە شتێکی تایبەتی بوێت و بە دوای شتێکی تایبەت بگەڕێت. وشەکان کاری خۆیان دەکەن. لە بیرمە کە لە شاری کەلار لە کوردستانی باشوور لە ماڵی خزمێکمان بووم. ساڵی دووهەزاروچوار بوو. من چاوەڕوانی ئەوە بووم کە ناوم لە زانکۆی سەلاحەدین بێتەوە. ماوەی زیاتر لە مانگێک لە ماڵی خزمەکەمان مامەوە و ڕۆژان بۆ خۆم لەوێ دەگەڕام. ڕۆژێک خۆم پێچایەوە کە بڕۆم بۆ شاری سلێمانی. ژنەکانی خزممان وتیان نابێت کە بڕۆی بۆ سلێمانی، تۆ هێشتا ناوت لە زانکۆ دەرنەهاتوو و دەبێت کە دانیشیت. قسەکانی ئەوان کاری لە من نەکرد و خواحافیزیم لەوان کرد و چووم بۆ شاری سلێمانی و لە فندق سەلاحەدین ژوورێکم بە کرێ گرت و هەستەکانم زۆر خۆش و ئاسوودە بوو. ئێوارەی ئەو ڕۆژە چووم بۆ سینەما سیروان و بلیتێکی ئەو سینەمایەم کڕی و چوومە ژوورەوە. بۆ ماوەی چەند هەفتە لە شاری سلێمانی بووم و ڕۆژان بۆ خۆم لە نێو شار و بازاڕەکاندا پیاسەم دەکرد و لە چێشتخانەکان خواردنم دەخوارد و بە تەنیا دەگەڕامەوە بۆ فندق و لە هۆڵی تەلەفیزیۆن لەگەڵ خەڵکی عەرەب و کوردی تر دادەنیشم. ئیتر زۆرم پێخۆش بوو کە منیش ئاوەها بە تەنیا بووم و چاوی کەس لەسەرم نیە. وەک کتێبی بێگانەی ئالْبر کامۆ، گەنجێک لەوپەڕی بێگوێییەوە دونیا دەباتەسەر. من یەکەم جار کە کتێبی بێگانەی ئالْبر کامۆم خوێندەوە، بە ڕاستی ئەو چیرۆکە لە لای مندا مایەوە و وشەی( پرسە) ی وەک وشەیەکی نزیک لەو چیرۆکە لە من نزیک کردەوە و لە مندا خۆی بەدەرخست.

باس و بەسەرهاتی دوو نەوەی تری کوردتان بۆ دەکەم کە بزانن ئەدەبی هەڵوەشاندن و هەڵتەکاندنی نەوەکان زۆر بەرفراوانە و زۆرێکی لە بنەماڵەکان و نەوەکانی تێکدا و لە تەنیایی و بێکەسیدا ماونەتەوە.

### هیچ و پووچ

بۆ چەند شەوێک لە فندق سەلاحەدین بووم و لەبەر ئەوەی کە زۆر پیس و پۆخڵ بوو، چووم بۆ فندق هیوا و لەوێ ژوورێکم لەگەڵ نەفەری تردا بە کرێ گرت. ئەو کاتە من نەمدەزانی چەندە لەوێ دەمێنمەوە، دوای ئەوەش کرێکەی ئەو جۆرە

فندقانە زۆر هەرزان بوو، شەوی بە سێهەزار دینار بوو. کوڕێک بە ناوی ئەبو موستەفا لە پرسگە بوو، عەرەبی خەڵکی بەسرە بوو. منی بردە ژوورەکە، کەسی تێدا نەبوو، ئەبو موسەتفا وتی کە ئەو کەسانەی کە لەم ژوورەن، کار دەکەن و شەوان دێنەوە. منیش جانتاکەم کردەوە و لە پەنجەرەکە سەیری دەرەوەم کرد و وردە وردە خاولی و شتەکانی پاک و خاوێنم دەرهێنا، هەر لەو کارانەدا بووم کە درا لە دەرگە و کوڕێکی باڵابەرز و جوانکیلە خۆی کردە ژووردا و بە کوردی چاک و چۆنی کرد و وتی: ناوی من موسڵمە، خەڵکی شاری پاوەم و هاتووم کە لە زانکۆ بخوێنم، وە لەم ژوورە بۆ ماوەیەک دەژیم تا بزانم ناوم کەی دەردەچێت؟.

کە وتی خەڵکی پاوەم و بۆ خوێندن هاتووم، سەیری ڕوومەت و سەروچاویم کرد، پێکەنیم و زۆرم پێخۆش بوو. من و موسڵم زۆر پێمان خۆش بوو کە یەکدیمان بینیوە. بووە دۆستیەک کە بەردەوام لەگەڵ یەکدی قسەمان دەکرد و دەچووین بۆ چێشتخانە و باسی خوێندن و کتێب و نووسینەکان و ناوەکانمان دەکرد. موسڵم هەروەک من، دۆستی کتێبەکانی نووسەرانی نیهیلیست و ئگزیستانسیالیست بوو. هەر ئەمەش ئەوەندەی تر من و ئەوی لێک نزیک کردەوە.

شەوێک لە دەرەوە باران بوو و پرزەی باران لە پەنجەرەی دەدا و موسڵم دەیخواردەوە و باسی خۆی بۆ من دەکرد، باسی ژیان و بەسەرهاتی خۆی، باسی ئەوە کە باوک و دایکی شەوێک هەر لە خۆیانەوە خەوتوون و تۆی ئەویان تێکەڵ کردووە و ئەو زایینە هیچ مانایەکی تری نەبووە. باسی خۆی دەکرد کە لە زانکۆی مەشهەد خەریکی خوێندن بووە و بەردەوام هات و چۆی شارەکانی کردووە. باسی ناڕەحەتی و کێشەی خۆی و خێزانەکەی بۆ من کرد و ئەیەوت کە بووە شەڕم لەگەڵ بابم و هەربۆ ئەوەی کە نەیبینم و لەگەڵیان نەژیم هاتووم بۆ کوردستانی باشوور بخوێنم.

موسڵم باسی ئەوەی بۆ من کرد کە نەمایشنامەیەکی نووسیوە کە باسی منداڵێکی تێدا کردووە کە لەسەر جادە لە سەر جۆگەیەکی ئاو دەدۆزرێتەوە و هیچ نازانێت کە باوک و دایکی کێیە و مێژووی لە کوێوەیە؟. موسڵم باسی ئەوەی کرد کە لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیست پەیوەندی هەیە و لەگەڵ بیری ئیسلامیدا هیچ نێوانی خۆش نیە و بە لایەوە دینێکی هیچە!.

پاش ئەوەی کە ماوەیەک بەسەر ئەو شەوخواردنەوانە و گەڕان و قسە و باسانە چوو، ناوەکان لە زانکۆی سلێمانی هاتەوە و من و موسڵم پێکەوە چووین بۆ ئەوەی کە بزانین ناوی هاتووەتەوە یان نە!؟. سەیری ناوەکانی کرد و ناوی موسڵمی تێدا نەبوو، ئەمە بووە هەواڵ و دەردێک کە ژیانی موسڵمی ئەوەندەی تر ناخۆش کرد. پاش ئەوەی کە گەڕاینەوە بۆ فندق، موسڵم لە بەختی ڕەشی خۆی دەستی بەخواردنەوە کرد و بۆ خۆی دەگریا و هەناسە بڕیسکێ دەدا. من زۆر دڵم بۆی ناڕەحەت بوو. کێشەی گەورەی موسلم ئەوە بوو کە ئێستە ناوی وەرنەگیراوە، دەبێت کە ڕووی لە کوێ بکات و چۆن بیەوێت کە بژیت!؟.

هەفتەیەکی بەسەر نەچوو کە ناوەکان لە پەروەردەی هەولێر ڕاگەیەندرا و چووم بۆ هەولێر کە بزانم ناوم هاتووەتەوە یان نە!؟. چووم بۆ قبوڵ خاس و داوای لیستی ناوەکانم کرد. کە سەیری ناوەکانم کرد، ناوی منی تێدا بوو، لە بەشی کۆمەڵناسی وەرگیرابووم!. ئەمە بووە هەواڵ و خەبەرێکی خۆش کە منی ئەوەندەی تر خۆشتر و کراوەتر کرد. هەر ئەو ڕۆژە گەڕامەوە بۆ سلێمانی و هەواڵەکەم بە موسڵمدا. ئەویش وتی کە شانسی باشت هێناوە کە لە زانکۆی سەلاحەدین وەرتیان گرتووە.

چەند شەوی تر من لەوێ بووم و خۆم پێچایەوە کە بۆ یەکجاری بڕۆم بۆ هەولێر. موسڵم لەوەی کە من بەجێدەهێڵم، زۆری پێناخۆش بوو. بۆ منیش وەک دەردێکی گەورە بوو کە لە لای مندا مایەوە و هەتا ئێستەش ئەو ناڕەحەتیە لە لای مندا ماوەتەوە!.

خواحافیزیم لە موسڵم کرد و چووم بۆ هەولێر. موسڵمیش وتی کە لە سلێمانی هەوڵی ئەوە دەدەم کە کارێک بدۆزمەوە و کرێکاری بکەم. من لە هەولێر خەریکی خوێندن بووم و جار و بار تەلەفۆنم بۆ موسڵم دەکرد و هەواڵم دەزانی. ئەویش بەردەوام بە منی دەوت کە وەرە بۆ سەردانم. منیش چەند جارێک چووم بۆ سەردانی و زۆری پێخۆش بوو.

کۆتایی خوێندنی ساڵی دووهەزاروچوار دووهەزاروپێنج لە مانگی شەشدا، لە ژوورەکەی خۆم، خەریکی خوێندم بووم کە درا لە دەرگە و دەرگەم کردەوە، کە دەرگەم کردەوە، موسڵم بوو بە کۆڵێک ڕیش و بە دەروونێکی ماندوو و هیلاکەوە!. کوڕێک بە ناوی چیای مەلاک کە لە بەشەناوخۆیی سەرکەوتن دەژیا، موسڵمی

هێنابوو بۆ بەشەناوخۆییەکەی من، کە ئەو کاتە لە بەشەناوخۆیی ئەیلول لە بازاڕی پاسکیل فرۆشەکان لە تەنیشتی فندق فەرید بووم.

موسڵم هاتە ژوور و وتی: چووم بۆ ئەوروپا، لە تورکیە منیان گرت و لە بەندمیان کرد و پاشان منیان سنوورداش کردەوە.

خەریکی نان ئامادە کردن بووم، ئەویش چووە حەمام و ڕیشی تاشی و خۆی شۆرد. کە هاتە دەرەوە، ڕەنگی کرایەوە و نانم لە بەردەستی دانیا و دەستمان کرد بە قسە و باس. وتی: ماوەیەک کە لە سلێمانی بووم، ماندوو و هیلاک بووم و ژیانم لێ ناڕەحەت بوو، نەمدەزانی لەوێ چی دەکەم. ڕێگەی گەڕانەوەش بۆ پاوە نەمابوو، ئیتر وتم خۆم دەدەم لە ڕێ ڕۆژئاوا و بە دوای ژیانی ئەوێ دەکەوم.

موسڵم دوو ڕۆژ لە لای من بوو. پێکەوە لە شاری هەولێر دەگەڕاین و قسە و باسی دونیامان پێکەوە دەکرد. شەوی دووهەم موسڵم دیسان خۆی ئامادە کرد کە لە ڕێگەی سووریەوە بچێت بۆ یۆنان. ئەو بەرەبەیانە کە موسڵم چوو، زۆر بۆی ناڕەحەت بووم. پارەشم پێ نەبوو کە خواردنێکی باشی پێبدەم، لە سەمونخانەیەک سێ سەمونم کڕێ و موسڵم دووانی هەڵگرت و دەستمان لە ملی یەک کرد و منی بەجێهێشت. ئەوە جاری کۆتایی بوو کە من موسڵمم بینی و ئیتر نەمزانی کە چی بەسەر هاتووە.

هاوینی ساڵی دووهەزاروشەش کە گەڕابوومەوە بۆ کرماشان، کوڕە خاڵەکەم سەفەری یۆنانی کردبوو کە بۆ ئەوروپا بچێت. تا یۆنان چووبوو و پەشیمان بوو و گەڕایەوە بۆ ماڵەوە. من چووم بۆ لای کوڕە خاڵەکەم کە بیبینم. باسی ئەوێ بۆ من کرد، وتی زۆر ناخۆشە و دەرچوون و ژیان لەوێ سەختە. باسی کۆمۆنیزیای دەکرد کە چۆن کوردەکان تێدا دەژین. وتی: زۆر ناخۆشە، کوڕێکم لەوێ بینی ئاگری بە دڵی مرۆڤەوە دەنیا، ناوی موسڵم بوو، خەڵکی پاوە. بە فرۆکە چووبوو بۆ سویس و لەوێ لەبەر ئەوەی کە پەنجەمۆری یۆنانی هەبوو، گەڕاندبوویانەوە. جانتاکانی لێ ون ببوو و هیچ پێنەمابوو!.

بەو بەسەرهاتەی کە کوڕە خاڵەکەم لە موسڵم گێڕایەوە، زانیم کە موسڵم لە ساڵی دووهەزاروشەش بارودۆخێکی زۆر ناخۆشی لە یۆنان هەبووە و ژیانی هەر لە ناخۆشیدا ماوەتەوە.

بەسەرهاتی موسڵم وەک یەکێک لەو کوردانەیە کە تووشی ئەدەبێکی پەروەردەیی دەبێت کە ئاوەها لە ماڵی باوکی تووشی کێشەی دەکات و ئاوارەی کوردستانی باشوور دەبێت و شوێنی نابێتەوە و لە یۆنانیش لە ناخۆشیدا ئەوەندەی تر دەچەقێت.

نەوەیەکی تر لە نەوەکانی کورد کە لە ژێر کاریگەری ئەدەب و پەروەردەی وەرگێڕدراوی فارسی بۆ من وەک نموونەیەک بوو کە باسی هەڵوەشان و هەڵتەکانی پێ برازێنمەوە، گەنجێک بە ناوی حەیدەرە کە خەڵکی ناوچەکانی دەوروبەری شەقڵاوە، لە کوردستانی باشوورە. چەند جارێک حەیدەرم لە بەشە ناوخۆییەکانی هەولێر لەگەڵ کوڕەکانی تر دەبینی، بەڵام زۆر گرنگیم پێنەدا. لە ئینگلیسدا، لە شاری لیورپووڵ دەچووم بۆ ناوەندی شار، حەیدەرم بینی، زۆر سەیرم لێهات کە لەوێ دەیبینم. بانگم تێبەردا، ئەویش ئاوڕیدا و هات بەرەو لای منەوە. زۆری پێ خۆش بوو کە من بانگم کردووە. پێکەوە چووین بۆ ئەو شوێنە کە من تێدا بە شێوەی کاتی دەژیام. لەو ڕۆژەوە من و حەیدەر نێوانمان خۆش بوو و بووە پەیوەندیەکی دۆستانە کە کۆتاییەکەی ترس و گرفتی تێداکەوت!.

حەیدەر زوو سەری خەڵکی گەرم دەکرد و کەم دەروونی خۆی دەکردەوە، زۆرتر پێ خۆش بوو کە لەگەڵ باس و بابەتەکانی نەفەری بەرانبەری قسە بکات. پاش ئەوەی کە باسی کتێب و نووسینم کرد، ئەویش وەک موسڵم دڵ و دەروونی کردەوە و باسی خۆی و نیچە و زەردەشت و سارتر و شوپنهاور و هایدگر و هگڵ و مارکس و گوتە و ناوەکانی ئاڵمان کرد. کە ناوی ئەوانی دەهێنا بۆ من وەک دەرمان و تەسکین و خۆشیەک بوو، هەستم بەوە دەکرد کە حەیدەر زۆری خوێندووە و زۆر ئەزموونی لەگەڵ ناوەکان و کتێبەکان بەسەر بردووە. دۆستی حەیدەر بۆ من، وەک بەخششێک دەمزانی. من لە باسی دانراوەکان و نێردراوەکان حەیدەر بە ناوێکی دانراو ناسیوەتەوە کە ئاماژە بەوەیە، دەوری گرنگی لە ڕێگەی من هەبووە.

حەیدەر لە شارەکانی ئێران لە نێو فارسەکان گەورە ببوو، لەبەر ئەوەی کە لە کوردە ئاوارەکانی شەڕ و شۆڕشەکان بوو. هەر لە نێو فارسەکان بە ئەدەبی فارسی گەورە دەبێت و دەستی بۆ نەقاشی دەکرێتەوە و هات و چۆی قوتابیەکان و مامۆستاکانی تاران دەکات و لەوێیە کە لەگەڵ فەلسەفە و ئەدەبی ئاڵمان و ناوەکانی ئاڵمان ئاشنا دەبێت. لەو سەردەمەیە کە خۆی وەک خوێنەرێکی باش

دەناسێتەوە. حەیدەر خۆشەویستی بۆ هیتلەر هەبوو و باسی دەکرد کە هیتلەر خوێنەرێکی باش و تەوانا بووە و توانیوە کە ڕستە گەورەکان بناسێتەوە. حەیدەر نەقاشی و فەلسەفە و کتێب و خوێندن، بۆ ناسینی ڕاستی هەڵدەبژێرێت و خۆشەویستی زۆری بۆ زاناکانی یۆنان و ئاڵمان هەبوو، وە زۆر باسی شارەزایی خۆی لە پزیشکی گیایی دەکرد.

حەیدەر نەقاش بوو، باسی لەوە دەکرد کە پیشانگایەکی لە هەولێر کردووە و فەلەکەدین کاکەیی هاتووە و بڕە پارەیەکی کەمی پێداوە و حەیدەریش ڕەتی کردووە. دڵی لە کوردەکانی باشوور خۆش نەبوو. دەیوت کە ئەوان کەسی تێگەیشتوویان کەم تێدایە، دەیەوت کە ئەوان دڵ و جەرگی باشیان هەیە. حەیدەر کەیفی بەو کەسانە دەهات کە لە تێگەیشتن تەوانایان هەبایەت!.

حەیدەر تایبەت باسی خۆشەویستی خۆی و نیچەی بۆ من کرد. وتی: نیچە وای کرد کە کتێبخابە و کتێبەکانی ترم حەڕاج بکەم و بیبەخشم، لەبەر ئەوەی کە ڕستەکانی ئەوم خوێندەوە، هەستم کرد کە ڕاستی و دروستی لە لای نیچەدایە. حەیدەر گاڵتەی بە شکسپیر دەکرد و دەیەوت کە دەرمانخۆر بووە و فشەی بە نووسینە فەلسەفیەکانی ویتگنشتاین دەهات و دەیەوت کە ئەو بە بیرکاری منی بۆ ماوەیەک خەریک کردبوو!.

دەمەوێت کە بە چەند وشەیەک کە نووسینەکان کاری لەو کردبوو، باسی لێوە بکەم. هەروەک من کە دوو وشەی گۆڕ و گەڕاڵی لەگەڵمدا وێنە و بەسەرهاتی دروست کرد، هەروەها حەیدەر وشەی ئاوارە و پێگەی ئاوارە کار و دەوری لەسەری هەبوو. بەردەوام دەیەوت کە من کەسێکم کە دەڕۆم، دەرۆم و خۆم و بوخچەکەم و سێبەرەکەم لە زەویدا بەڕەڵا دەگەڕێم و ئاوارە دەسووڕێنەوە. حەیدەر باسی کتێبی ئاوارە و سێبەرەکەی، فردریک نیچەی دەکرد. باسی کتێبی لە نێوان دوو هیچی نیچەی دەکرد و خۆی وەک ئێگزیستنسیالیستێک پیشاندەدا کە لە زەوی بێ بنەیە و بەردەوام دەسووڕێتەوە. جۆرە شانازیەک لە دەروونی حەیدەر هەبوو، کە هەست بەوە دەکات کە بەردەوام لە زەوی ئاوارە دەبێت و هیچ بنەیەکی نابێت. حەیدەر بە فشەوە دەیەوت کە نهیلیسم، پس مامی ئێگزیستنسیالیسمە!.

وشەیەکی تر کە کاریگەری لەو کردبوو، خۆشبوون لە زەوی بوو. باوەڕی بەوە بوو کە لە پێناوی خۆشی خۆت دەبێت کە هیچ شتی تر بۆت گرنگ نەبێت. بەردەوام بە

دوای ئەوە بوو کە دۆستی ژنێک بکات و تەنیا لەگەڵ ئەو ژنە بژی و نەقاشی بکات و خواردنی خۆش بخوات و گوێ لە کارکردن و پارە نەدەدا. ئیتر لە پێناو ئەوەش هەر کارێکی دەکرد. ئەو وشەی خۆشبوونی لە قسەکانی نیچە وەرگرتبوو کە بەس لەم دونیا دەژێت و دونیایەکی تر نیە و هەر ئەوەیە کە دەیبینی و دەیچێژێت. بۆیە باوەڕی بە سێهەم وشە کە بێ ئاکاری بوو، هەبوو. دەیەوت کە من بێ ئاکارم، وە هەرچیشی کە بکردبایەت و هەڵە و زوڵم بایەت، بۆی بەهای نەبوو. دەیەوت کە من بێ ئەخلاقم، هەروەک خاڵە نیچە و خاڵە هیتلەر!.

حەیدەر و هیتلەر بێ ئاکاری ئەندیشەی نیچەیان کردبوو بە بێ ئاکاری لە ڕەوشتدا!.

سەرجەم وشەکانی حەیدەر لە ناوی نیچەوە بۆی هاتبوو، نیچەش ناوێکی کەم نیە بۆ ئەوەی کە سەرومێشکی نەوەکان هەڵوەشێنێت و بونیادەکان تێکبدات و نەوەکان ئاوارە بکات. شەیتان لەبەر ئەوەی کە خۆی ئاوارە و مەلعونە، دەیەوێت کە سەرجەم نەوەکانی ئادەم ئاوارە و مەلعون بکات.

حەیدەر باسی بەسەرهاتی خۆی لە دەورانی ئێران دەکرد. دەیەوت کە لەو دەورانە کە خەریکی کتێب خوێندن و فەلسەفە بووە، قوتابیەکان بە منیان دەوت ئوستاد. دەیەوت کە ئەو سەردەمە کتێبێکی فەلسەفیم نووسیبوو و دام بە براکەم. حەیدەر باسی لە چیرۆکی خۆی کرد کە لەگەڵ چەند برادەرێکی دەیانەویست کە خۆیان بکوژن. لەبەر ئەوەی کە لە ڕێگەی خوێندنەکانیان و بیر کردنەکانیان بەوە گەیشتبوون کە کۆتاییەک نیە و هەمووی فشەیە!. دەیەوت کە جامی ژەهریان خواردووە و دوای ئەوە پەشیمان بوون کە بمرن و چوون بۆ خەستەخانە کە عیلاجی ژەهرەکە بکەن. منیش وتم: ئاخر بۆ چوون!؟ ئێوە کە گەیشتن بەوە کە کۆتاییەک نیە!؟ وتی: وتمان بەشکە شتێکی نوێ بخولقێت، لەبەر دایکم پەشیمان بومەوە، ئێستەش بەس لەبەر دایکم خۆم ناکوژم!.

من و موسڵم و حەیدەر سێ نەوەی کوردین کە کتێبەکانی فارسەکان و فەرەنسیەکان و ئاڵمانەکان وای لێمان کردووە کە هەریەک لە ئێمە بە چەند وشەیەک گرفتار بین و ئەو وشانەیە دەوری زۆر لە ژیانی ئێمە بگێڕن. هەڵوەشاندن و لێککردنی نەوەکان لە سەرچاوەکان و بونیادەکان و ئاوارە کردنیان و ون کردنیان و پووچەڵ کردنیان هەر لە خۆیەوە ڕووی نادات. کەس ناتوانێت کە من و موسڵم و حەیدەر بە کێشەی

سەرەکی بناسێت، بەڵکو من دەمەوێت کە نەوەکانی کورد بزانن کە هەڵوەشاندن لە خێزانەکان و کۆمەڵگاکان و ئەدەبەکان و ناوەکان و نەوەکان شتێکی تازە نیە کە تایبەت بە نەوەی نوێ یان نووسینەکانی سادقی هیدایەت و کامۆ و نیچە بێت، بەڵکو لە کۆنەوە و لە بەرەتاوە شەیتان سوێندی خوارد کە نەوەکانی ئادەم لە راستی دوور بخاتەوە و بونیادەکانیان هەڵوەشێنێت و لێکیان جودا و دوور و ونیان بکات و سەروبەریان لێ تێک بدات.

وشەکان لە لەش و هۆشی نەوەکان کاریگەری دەکات و هەر کەسێک بە چەند وشەیەک ژیانی داگیر دەبێت و رێ و رێبازی ژیانی ئێسک دەگرێت. بە ناوی خوای مەزن من لەم دۆخدا بە یارمەتی و خواستی خوای مەزن ئاگام لە بووەوە کە شەیتان لە پشتەوەی هەر هەمووی هەڵوەشاندنەکان و جیاکردنەوەکانی من بووە و زۆر جوانی کردووە و زینەتی بەخشیوە بۆ ئەوەی کە من باوەڕی پێ بکەم و پێ فریو بخۆم. نەوەکان ئەوە بزانن کە من و موسڵم و حەیدەر و هەریەک لە ئێوە چەند وشەیەک کاریگەری لێمان نیاوە و بە دوای خۆیان ڕاپێچمان دەکات.

لە بابەتی فارسەکان و فەرەنسیەکان باسی چەند خاڵی گرنگم کردووە، یەکەم ئەوەیە کە فارسەکان و فەرەنسیەکان گەشە بە ئەدەبێک دەدەن کە تیگەیشتن تێدا دەوری هەبێت، نەک بڕوا و ئیمان. ئیمان و بڕوا پەیوەندی بە لەشەوە هەیە و دین ئەم ئەدەبەی خاوەنداری کردووە. بەڵام پەروەردەی مرۆڤی وشەی تیگەیشتنی جودا لە ئیمان بۆ نەوەکان هەڵبژاردووە، بۆ ئەوەی کە نەوەکان بە خواستی خۆیان ئازادبن کە هەرچیان ویست بیکەن و بیخولقێنن. دووهەم ئەوەیە کە دین و ئیمان و بڕوا نەوەکان لە ئەدەبی هەڵوەشان و هەڵتەکان دەپارێزێت، بەڵام ئەدەبی مرۆڤی بە ناوەکان و ئەدەبی ناوەکان، زەمینەی ئەوە خۆش دەکەن کە نەوەکان لە بونیادەکان و پێکهاتەکان هەڵکەنرێن و دۆستی و پێکەوە بوونەوەکان هەڵوەشێنن. هەروەها ئەو ئەدەبە زەمینەی ئەوە خۆش دەکات کە نەوەکان دەروونیان هیچ بنە و پایەیەکی نەبێت و هەڵیوەشێنن و بیڕوخێنن. کەسێکی وەک سادقی هیدایەت خۆی کوشت، نیچەی ئاوارە، شێت بوو. بۆیە ئەو جۆرە ئەدەب و پەروەردانە نەک بونیادی نێوان نەوەکان، بەڵکو بونیادی دەروونی مرۆڤ هەرەس پێ دەهێنن و بە وشەی پووچەڵکەر و شەیتانی نەوەکان لە

دایکەکان و خاکەکان و دینەکان جودا دەکەنەوە. هەریەک لە نەوەکان چیرۆکێکی تایبەتی خۆی هەیە و هەریەک بە دەستەیەک لە وشەکانەوە خەریک بوون و سیحر کراون. هەریەک لە نەوەکان دەبێت کە پەنا بۆ ناوی خوای مەزن بەرن بۆ ئەوەی کە یارمەتیان بدات، لە هەڵوەشان و هەڵتەکان دەربازیان بێت. بۆیە پەنا بە ناوی خوای گەورە دەبەم لە شەڕ و هەڵوەشاندنێک کە شەیتان فێڵی بۆ دەکات. لەوەش دڵنیام لە دەستی خوای مەزن باڵایە و خاوەنی هەرهەموویە.

# مەشکەکان و کۆڵەکەکان

سەبر وشە و پرسێکی ئاکاریە، بەڵام چوارچێوەی ئەو وشە مەعریفی و بونیادنراوە. کە وایە سنووری ئاکار و زانست وەک سنووری دوو زەوی کشتووکاڵی نیە، بەڵکو وەک لەشی نەرمی کێسەڵە لە قاڵب و پشتێکی سەخت، بۆ خزمەت و پەیوەندکردنیان پێکەوە، بەستراو و گرێ دراوە.

کاتێک زمان دەگاتە ئەو ڕادەیە کە پرسی سەبر وەک ئاکار دێنێتە کایەوە، نیشانەی بێ منەتیە لەو میتۆد و بەرنامانەیە کە مرۆڤ لە مەسیرێک سنووردار و بەستراو دەکەنەوە.

داپیرم بە سەبرەوە و بە هاوکاری سێ کۆڵەکەی دارین، مەشکەیەکی هەڵدەواسی و کەرە و دۆ و پەنیری لە شیر دەگرتەوە. بۆ گرتنەوەی ئەو سێ بەرهەمە پێویستی بە سێ کۆڵەکە و دەستێک بوو کە بیژەنێت و بیگرێتەوە. هەروەها هەر مرۆڤێک بە هاوکاری چەند وشە وەک کۆڵەکە، دەتوانرێت بەرهەمی شایان و شایستەی لێ بگیرێتەوە. ئەو وشانە دەتوانێت کە چەند وشەی ئاکاری بێت کە مرۆڤ بۆ گرتنەوەی ژیانی پێویستی پێیەتی.

گرنگ ئەوەیە کە مرۆڤ چ وشە گەلێک وەک کۆڵەکە بەکار بەرێت؟ کێیە کە ئەو وشانە وەک کۆڵەکە بە مرۆڤ بناسێنێت؟ وە ئەو کەسە کە کۆڵەکەکان بە مرۆڤ دەناسێنێت بۆ گرتنەوەی چ بەرهەمێک بە کاری دەبات؟

نەوەی کورد خۆیان وەک مەشکە بە کۆلەکەی ئەوانی تر هەڵواسراون، و بە دەستی ئەوانی تر دەژەنرێن، بە بێ ئەوەی بزانن کە هەر لەشێک و هۆشێک شایستەی چ دەستێکە بۆ ئەوەی بژەنێت، وە چ کۆڵەکە و وشەیەکە کە پێ هەڵواسرێت!؟.

ئەو ناوانەی کە پلە و پێگەیان لە نێو مرۆڤ بە دەست هێنا، بە هاوکاری چەند ناوێک و چەند وشەیەک وەک کۆڵەکە، وە بە هاوکاری دەستێک کە هۆشیان بگرێتەوە، توانیان کە چیرۆکێک بۆ وتنەوەی ناویان دروست بکەن.

کەسێکی وەک کاک حەبیبی کەرەمی و مامۆستا فەریبورزی لوڕستانی و دکتۆر حەمید عەزیز، لەو ناوانە بوون کە لە نزیکەوە بە دۆستایەتی، گەرایان بە هۆشی مندا. هەروەها کەسانێک وەک سادقی هیدایەت و سەید قوتب و فردریک نیچە، ئەو ناوانە بوون کە توانیان لە ئەدەبی مرۆڤی گەشە بە توخم و تۆی من بدەن. هەروەها چەند کتێبی وەک قورئانی کەریم، گوڵستانی سەعدی و ڕێنووسی شەریف، لەو کتێبانە بوون کە دەوریان لە تریشقەی کرانەوە بۆ سنوورەکان و ئاسۆکانی تر هەبوو. هەروەها قوتابخانەی ئەبوزەڕ و حوجرەی موحەممەد ئیقباڵی لاهوری و زانکۆی سەلاحەدین لەو بنە و ناوەندانە بوون کە دەوریان لە چیرۆکی ناوی من گێڕاوە.

گەر سرنج لەو ناوانە بدرێت هەر چەند ناوێکیان، وەک چەند کۆڵەکەی پێکەوە بەستراو بوون کە منیان بە ناو و قسە و باسەکانی خۆیان دەبەستەوە و دەژەند. لە بیرمە کە ڕۆژێک من و مامۆستا فەریبورزی لوڕستانی پێکەوە پیاسەمان دەکرد. پرسیاری لە من کرد: تۆ بۆ هەڵبژاردنی کتێب بۆ خوێندنەوە، بەها بە ناوی کتێب دەدەیت یان بەها بە ناوی نووسەر دەدەیت!؟.

وتم: من بەها بە ناوی نووسەر دەدەم!.

هەروەها ئەو مامۆستا بەلایەوە بەهادار بوو کە باسی وشە و ناوەکانی کۆمەڵناسی و زانستە مرۆڤیەکان بکات. هەر ئەو سرنج و قسانە وای دەکرد کە وەک مامۆستایەک بیناسم کە بەها بە ناوە مرۆڤیەکان دەدات.

لە بیرمە کە ڕۆژێک پرسیاری ئەوەم لێ کرد: چۆن هەوڵ بدەم کە بە زانستی کۆمەڵناسی فێر ببم؟.

وتی: تۆ پێویست دەکات کە لە ناوەکانی ئێرانیەوە دەست پێ بکەیت، پاشان دەچی بۆ ناوەکانی ڕۆژئاواوە.

مامۆستا فەریبورز کورد بوو، ئەو کاتە لە زانکۆی تاران بە کارنامەی کۆمەڵناسی هاتبووەوە بۆ کرماشان، بۆ ئەوەی کە خزمەت بە پەروەدەی ئێران بکات. ئەو مامۆستا بەڕێزە، لە داهاتوو بووە هۆی ئەوە کە بە ناو و ڕوومەتی دەوری هەبێت لەوە کە بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سەلاحەدین هەڵبژێرم و بەرەو دۆڵ و دەراوێکی تر بڕۆم.

مامۆستا حبیبی کەرەمی یەکەم مرۆڤێک بوو کە قورئانی بە دەستی من ئاشنا کرد. کاری ئەو، ئەوە بوو کە تەفسیری قورئانی بە ئێمەی دەوتەوە. هەر ئەو مامۆستا وانەکانی هەفتانە، بە ئێمە دەوتەوە، بۆ ئەوەی کە دەوری هەبێت لە ژیانی ڕۆژانەی ئێمە.

لە بیرم دێت کە پاش نیوەڕۆیەک خالۆ ژنم هات بۆ زەوی تۆپانەکەی ئێمە و بە ئێمەی وت کە مامۆستا حەبیب لە ماڵەوەیە بۆ وتنی وانە دینیەکانی. لەو سەردەمەی شاری سەرپێڵی زەهاو تۆپان یاریەک بوو کە ئێمەی بە خۆوە خەریک دەکرد. تەواوی تەوان و وزەی ئێمە بۆ ئەو یاریە دەچوو. ڕۆژ تا شەو ئێمە بە دوای یاری کردن بووین. تا جێگەیک کە بەشداریمان لە یانەی تۆپانی شاری سەرپێڵی زەهاو دەکرد، بۆ ئەوەی کە بەشکە پێمان بگات بە یانەکانی ئێرانەوە.

وانەکانی مامۆستا حەبیب، سەری لە یاریەکانی ئێمە شێواندبوو، هەر ئەو وانە دینیانە، کارێکی کرد کە لە پاش دوو ساڵ، مەسیر و ڕێگای ئێمە بە تەواوی بگۆڕێت و لە جیاتی ئەوەی کە سەر بە یانەکانی تۆپان بکەین، سەرمان چوو بە حوجرەکان و وانە و یانەی ڕستەکاندا.

## کوێستان و گەرمیان لە هەست و ئەندیشەدا

لە دەورانی زانکۆی سەلاحەدین کە ئاشنا بە دکتۆر حەمید عەزیز بووم، کاری کرد بۆ ئەوەی کە مەسیری داهاتووی ڕستەکانم بەرەو ئینگلیسەوە بەرێت. مامۆستا حەمید عەزیز خۆی لەوانە بوو کە لە سەر چەند بنە و ئەدەبێکی دژ و جیاوازی ئەدەبی گوزەری کردبوو.

ئەو بەسەرهاتەی کە لە ناوی حەمید عەزیز نزیک بووەوە وە لێرە گرنگە کە باسی بکەم، باسی چیرۆکی ڕۆژبەیانیەکانە، کە لە کوردستانی باشوور ناوبانگیان هەیە. بنەماڵەی من بە بێویانەکان ناوبانگیان هەیە، وە کەسانێک لە بنەماڵەی ئێمە پێیان وایە کە ڕۆژبەیانەکان لە ڕەگ و ڕیشەوە، لە لای ئێمەوە چوون بۆ کوردستانی باشوور، هەر بۆیە چیرۆکی ناوی ڕۆژبەیانەکانیان لە لایە.

بە پێ گیڕانەوەی خەڵکی بێویانی، هۆی چوونی ڕۆژبەیانەکان بۆ ناوچەکانی گەرمیانی کوردستانی باشوور، دەگەڕێتەوە بۆ چیرۆکی ساڵێک کە لە ناوچەکانی ئێلاخی کوردستانی ڕۆژهەلات، بەور و بارانێکی زۆر باریوە و خێزانێک لە بێویانەکان تووشی کارەسات دەبن و دەچنە ژێر بەورەوە و ماڵی لێ تێک دەچێت و چەند منداڵی گیان لە دەست دەدەن. پاش ئەو کارەساتە، خاوەن خێزان بڕیار دەدات کە بڕوات بۆ شوێنێک کە بەس خاک و خۆر بێت. ئەو ناوچە بە جێ دەهێڵێت و ڕوو لە گەرمیانی کوردستانی باشوور دەکات و ماڵ منداڵی لەوێ دادەخات.

دکتۆر حەمید عەزیز هەروەها لە بواری بیر و هۆش، ئێلاخ و گەرمەسێری[36] کردووە، لە دەشتی ساردی ڕستەکانی سۆسیالیستی سۆڤییەت، پەنای بۆ ڕیالیسمی ئاڵمانی ڕۆژئاوایی بردووە. ئەم وێنە نەک تەنیا لە ناوی دکتۆر حەمید عەزیز بەڵکو لە دەروونی کورد دەیبینم، کە ئاوەها ئێلاخ و گەرمەسێر دەکەن، پاش بەسەرهاتێکی تاڵ و سەخت لە ناوچەیەکی ساردی ڕستەکان دەچن بۆ ناوچەیەکی گەرمی ڕستەکانەوە!.

هێنانی ئەو ناو و وێنانە ئاماژە بەوە دەکات کە نەمهێشت، بە دەست و ناوی ئەو ناوانە وەک مەشکە بژەنرێم و بگیرێمەوە. لێرە لە وێنەی مەشکە و کۆڵەکە و دەستی بژەن، خۆم بە دەست و ناومەوە، خاوەنداری و ژەنیاری مەشکەی هۆشی خۆم بە دەستەوە گرتووە. هەرچۆن کە زۆر سەخت و پڕ لە دەرد بوو کە لە وێنەی مەشکە، بۆ خاوەن مەشکە گوزەر بکەم. هەر ئەوەندەش سەختە نەوەی کورد لە بەردەستی ژەنیارانی بژەن، دەربازی بێت.

"سەبر و دەست بۆ ژەندن، دوو وشەیە کە دەبێت ژەنیار ئاگاداری بێت."

---

[36] _ ئێلاخ و گەرمەسێر، کوێستان و گەرمیان.

" هەر ڕێگەیەک ئەژنۆ و چاوی خۆی دەوێت."

دەستەیەک لە ڕستەکان قورسایی هەیە، ئەو قورساییە بە شیکاری و دست و دەم تێ وەردان و لێکۆڵینەوە چارەسەری نابێت. چیرۆکی ئەو فەقێیانەی کە دەیانەویت بە هاوکاری سەرف و نەحو قورئان لێک بدەنەوە، وەک کاری بەردفرۆشەکانە. ئەو کەسانەی کە کاریان بەرد فرۆشتنە، کاریان ئەوەیە کە بەردە گەورەکان بە پیک بشکێنن و جوانی بکەن، بۆ ئەوەی کە بۆ بنەوای خانووەکان بە کار بچێت، ئەو بەردانەیان پێ دەوت بەردی قەوارە. هەموو بەردەکان لە یەک شێوە دەتاشران و ئامادە دەکران. فەقێکانی حوجرەکان بۆ ئەوەی کە ڕستە قورسەکانی قورئان لێیان بکرێتەوە هەر ئەو کارەیان دەکرد کە بەردفرۆشەکان بە بەردە گەورەکانیان دەکرد. پەیکەری ڕستەکانیان لێک هەڵدەوەشاند و هەڵدەتلێشاند و بۆ بونیادی خۆیان بە کاریان دەبرد. گرێ و گرفتی کوێر ئەوە بووە کە مرۆڤ دەیەوێت وشەکان و ڕستەکان بۆ بونیادێک کە مرۆڤیە و ناوی خۆی لەسەرە، بە کار بەرێت. فەقێکان دەیانەویست کە بەهاوکاری دەستە وشەیەک کە لەبەر دەست و بن دەستی خۆیان بێت، دەروونی خۆیان بگرنەوە. لە کاتێک کە ئەو وشە و ناوانەی کە فەقێ یان قوتابی یان هەر مرۆڤێک دەگرێتەوە، تەنیا ئەو وشە و کتێبانە نین کە لەبەردەستدایە. هەر سەگێک کە بۆ ڕاو نابرێت، هەروەها هەر وشە و ناوێک کە کاری گرتنەوەی نەوەکان ناکەن. هەر نەوەیەک دەستەیەکی وشەی سروشتی وەک وشەی ئاکاری لە دەروونی هەیە کە دەتوانێت وەک کۆڵەکە لە ژیانی کاری پێ بکات. هەروەها هەر نەوەیەک لە دەوروبەری دەستە کەسێک گوزەر دەکەن کە دەتوانن کاری گرتنەوەی بکەن، ئیتر بە ئاگاهانە بێت یان بە نائاگاهانە بێت. هەروەها دەستەیەک کتێب و ناو لە دوورەوە دەتوانن کە وەک کۆڵەکە بە ئەزموونی ژیانیان دەوریان هەبێت کە دەروونی قوتابی یان فەقێ بگرنەوە.

## هەڵچوون و هەموارکاری

لە بەرەتاکانی ژیان لەگەڵ ناوەکان و وشەکاندا یارمەتیم لە چەند وشەی سروشتی و ئاکاری دەروونی خۆم وەرگرتووە کە زۆر یارمەتی منیان داوە بۆ ئەوەی کە بە شێوەیەکی شایستە خۆم بگرمەوە. یەکێک لەو تایبەتمەندیانە هەموارکاری من بووە. هەموارکاری هاوشانی وشەی عدل لە زمانی عەرەبیدایە. بۆ نموونە لە ئاواییدا خەڵک زەویەکانی خۆیان هەموار یان عەدل دەکەن بۆ ئەوەی کە بە

ئاسانی ئاو بخوات و بە جوانی دان لە زەویەکانیان بوەشێنرێت. من هەردەم خواستی ئەوەم هەبووە کە دەروونم لەگەڵ وشەکان و ناوەکان هەموار و عەدل بکەم. وشەی پێچەوانەی هەموارکاری و عەدل، وشە ناهەمواریە. من ئەم وشەیەم وەک توخمێکی دەروونیم بۆ هەموارکاریم لەگەڵ دەوروبەریەکاندا بەکار بردووە. بۆ نموونە هەردەم بە ڕاستی و ڕێکی دەڵێم کە چ وشەگەلێک دەروونم خاوەنداری دەکەن. هیچ بادانەوە و خۆدزینەوە و شاردنەوە و پێچاندنەوەیەکم لەگەڵ وشەکانی تر و ناوەکاندا نیە. کەسێک کە دەروونی بە دوای هەمواری بێت، وشەی ئاکاری تر وەک هەستی بەرپرسیاریەتی و پێداگری وەک براکانی تری ئەو وشەیە هاوکاریکەر دەبن.

جاری وا کەسێک هێزی ناسینی هەیە، وە لەگەڵ ئەوەشدا هەڵچوونی هەیە. هەڵچوون توخمێکی ئاکاریە. من لە دەورەکان خوێندنم لە حوجرە و زانکۆدا هەڵچوونی زۆرم کردووە، ئەو هەڵچوونانە بە قازانجی من بووە. من بە هاوکاری سروشتی هەڵچوون و هەموارکاری وەک دوو توخمی ئاکاری لەگەڵ چەند وشەیەک کە دەوروبەریەکان بە منیان بەخشیوە، خۆم گرتووەتەوە.

لەوە ورد و وریا بن کە هەر کەسێک دەستە وشەیەکی ئاکاری لە دەروونیە کە یان دژی کار دەکات یان هاوکاری دەکات.

لێرە باش وایە باسی ئەو دەم و دەستە بکەم کە وشەکان دەبەخشێت وە باسی ئەو زارە بکەم کە ڕستەکان تازە و گەرم بە مرۆڤ دەگەیەنێت. دەمەوێت باسی ئەوە بکەم کە بۆ دایک و باوکی من نەیانتوانی خاوەنداری هۆشی من بکەن وە من وەک کۆڵەکە نایانناسێنم؟ وە بۆ من ناوی مامۆستا حەبیبی کەرەمی، وەک یەکەم ناوەکان بۆ پێدانی وشەکان هەڵبژارد؟.

دار و بەر و دەست، کان و ئاو و دەست، ڕستە و ناو و دەم و دەست. لە بیرم نیە کە باوکم یان دایکم ڕستەیەک لەگەڵ سەرچاوەکەیان بە من دابێت. بەڵام مامۆستا حەبیب خاوەن دەست و ناو و ڕستە بوو کە دەیەویست بە دیاری و بە مەبەست و خواست پێشکەشی بکات، هەروەها لەگەڵ ئەو پێشکەش کردنەدا گوشارێکی لە بوونی ئێمە دەکرد. ئەو کاتێک کە قسەی دەکرد، کتێبی قورئانی بە دەستەوە بوو، وە خواستی ئەوەی هەبوو کە نەخشەیەک و کانێک لە ڕستەکان بە ئێمە بناسێنێت، وە بە ڕێکخراوەیەکی ڕەوەندەی زیندووی ناوکان و چوونەکان ئاشنامان بکات. ناوی

مامۆستا حەبیبی کەرەمی لە یەکەم ناوەکان دەناسم کە جێگە و پێگەی لە لای ئێمەدا داکوتا.

لە باسی مەشکەکان  و کۆڵەکەکان، گرنگی بە چەند ناو و وشە دەدرێت کە پێکەوە بە دەم و دەستێک کۆ دەبن و کاری گرتنەوە دەکەن. کۆڵەکە دەتوانێت کە ناوی چەند کەسی وەک کاک حەبیب و مامۆستا فەریبورز و مامۆستا حەمید بێت، هەروەها دەتوانێت کە چەند وشەی ئاکاری وەک هەڵچوون و لە هەمواری چووندا بێت. ئەو دەستەی کە چەند کۆڵەکە پێکەوە دەبەستێت و مەشکە دەژەنێت و بە پێداگری و سەبر بەرهەمی خۆی دەگرێتەوە، بە دەستێکی خاوەندار دەناسرێتەوە. ناوەکان و وشەکان و وێنەکان و چیرۆکەکان وەک سێ کۆڵەکەکەی داپیرم بەس لە کاتی ژەندن و گرتنەوەدا پێکەوە کار دەکەن، ئەگەرنە هیچ نێوان و نزیکیەکیان پێکەوە نیە. ئەوە دەستی داپیری منە کە کۆیان دەکات و بەکاریان دەبات. هەروەها ناوەکان و وشەکان و چیرۆکەکان لە یەکدی نائاشنا و دوورن، ئەو دەم و دەستەی کە کۆیان دەکاتەوە، دەم و دەستی بەکاربەر و خاوەنداره. کۆکردن و هەڵبژاردنی ناوەکان و وشەکان بۆ نەوەکان و ناوەکان کارێکی بەرز و پیرۆزە کە هەرکەسێک تەوانی ئەوەی نیە کە خاوەنداریان بکات و کۆیان بکاتەوە.

هەر بابەتێکی ئەم نووسینە وەک دارێکە کە چەند سێوی پێوەیە، لە دەوری ئەو سێوانە مارێک دەسوورێتەوە. هەریەک لە باسەکانی ئەم نوسینە چەند وشە و کۆڵەکەی تێدا بەکار چووە. خوێنەری ژیر و وریا، ئەو وشە و ناوانە وەک ماسی لەم ئاوە دەردەهێنێت. خواستی سەرەکی من ئەوەیە کە باسەکانی ئەم نووسینە هەموار بکەم، بۆ ئەوەی کە هەرکەسێک بتوانێت بە ئاسوودەیی و کراوەیی تێدا گوزەر بکات. هەوڵی ئەوە دەدەم کە ئەدەبی کوردی بکرێت بە ئەدەبێکی هەموار کە نەوەکانی کورد بتوانن نەخشەی ڕستەکان و خاوەنداری ڕستەکان بە ئاسانی بناسنەوە.

کەسێکی وەک کاک حەبیبی کەرەمی کە یەکەم کەس بوو قورئانی بە دەستی منەوەدا، بووە هۆی ئەوە کە ڕێگەی دۆستی و نزیکی من و قوئان ناهەموار ببێت. دەورەی حوجرە ئەوەندەی تر ناهەمواری کەوتە نێوان من و ڕستەکانی قورئانەوە. هەموارکاری ئەدەبەکان بۆ نەوەکان کارێکی ئاسان نیە، یەکێک لە ڕێگەکانی هەموارکاری ڕستەکان، خستن یان کردنی بە چیرۆکە. کەسانی وەک ئالبر کامۆ و

سارتر ڕستەکانی فەلسەفەی سەدەی بیستیان دەکردە چیرۆک و فارسەکان و نەوەکانی فەرەنسی دەیانخواردەوە. کردنە نێو چیرۆکی ڕستەکان ، وەک ئەوەیە کە تۆزەیەک لە ئاوێکی گیراوە بکرێتە نێو خورادنێکەوە، تام و بۆنی زۆر دەبەخشێت. نەوەکان تەوانی ئەوەیان نیە کە ئەو ئاوە بە یەکجار بخۆنەوە. ئەو ئاوە گیراوە دەبێت کە تۆزە تۆزە بکرێتە دەمی نەوەکانەوە. بۆ نموونە تۆزە ئاوێکی لیمۆ یان تەماتە لە خواردنێک بۆ ئەوەیە کە ئەو چێشتە بۆ خواردن هەموار بکرێت، یان تۆزێک ژەهر کە کەسێک بکوژێت!.

## مەشکە لە نێوان کۆڵەکە و تەرواڵەدا

پەنا بە ناوی خوای مەزن دەبەم و بە ناوی پیرۆز و بەرزی دەست و گیانم پێ دەکەم.

لە سپێدەی تەم و لێڵی دەشتی زەهاو داگام دەستی بە ژەندنی مەشکەوە خەریک بوو، دەنگی ژەندنی مەشکە لە تەنیایی و ڕوون و تاریکی بەرەبەیاندا بۆ من جوان بوو. بیری ئەو سپێدە دەمانە دەکەم!. داگام مەشکەی بە کۆڵەکە هەڵدەواسی و شیری دەژەند و دەیگرتەوە. کاری گرتنەوەی شیری پەزەکان، بەرەبەیانان بوو. پاش ئەوەی کە داپیرم مەشکەکەی لە تەنیایی و بە دەستی خۆی دەژەند، لە کۆڵەکە دەیکردەوە و لەسەر تەرواڵەدا دایدەنیا.

تەرواڵە بۆ من بەهایەکی زۆر فراوانی هەبوو. جووڵە لە کۆڵەکە بۆ تەرواڵە، جگە لەوەی کە تەوانی هەیە جوانی بە ئەدەب و وێنەکان ببەخشێت، تەوانی ئەوەی هەیە کە یارمەتی من و ئێوە بدات کە بزانین نەوەکان و ناوەکان چۆن دەگیرێنەوە و شوێن و پێگەیان لە کاتی گرتنەوە و پاش گرتنەوە لە کوێ دەبێت؟.

پێش هەر شت دەبێت ناوی تەرواڵە باشتر بکەمەوە و وێنەیەکی جوانی لێ بەدەربخەم، بۆ ئەوەی کە بتوانین پێکەوە و بەیەکەوە لەم باسە گوزەر بکەین.

تەرواڵە: لەهەر ماڵێکی لادێیی لە دەشتی زەهاودا لە تەنیشت خانووی خاوەن ماڵ، شوێنێک هەیە کە پێ دەڵێن تەرواڵە. شوێنی تەرواڵە لە تەنیشتی خانووی خاوەن ماڵە. تەرواڵە شوێنێکە کە بە خشت و دار دروست کراوە. شوێنێک کە ژنەکان

کونەی ئاو و مەشکەی شیریان تێدا جێگیر دەکرد. ڕۆژانی هاوینی کە لە لەوەڕاندنی بەرگەلەکە دەچووموەوە بۆ ماڵی باپیرم، دەچووم و لەسەر تەرواڵەکە ئاوی کونەم دەخوارد. کونە ئاوی کانی سارد ڕادەگرێت!.

داپیرم هەر بەرەبەیانێک سێ کۆڵەکەی داری بە گوریس دەبەستەوە و مەشکەی بە کۆڵەکەی بەستراو هەڵدەواسی و خەریک بە ژەندن دەبوو. داپیرم داری مەشکەکەی دەگرت و بە هێز و وزەی خۆی هەوڵی گرتنەوەی دەدا. لە تەنیایی و بە بێ ئەوەی کە پێویستی بە کەس بێت، شیری دەژەند و بەرهەمی دەگرتەوە.

دەستەیەک لە ژنەکان کاری گرتنەوەی شیرەکانیان دەخستە بەرەبەیانان، پاش ئەوەی کە خۆر زەوی گەرم دەکرد. داپیرم ئەوەی دەزانی کە بەرەبەیان پێش ئەوەی کە خۆر هەڵبێت و دونیا گەرم بێت و دەنگ و هەرا دروست بێت، دەبێت کە شیر بگیرێتەوە. گرتنەوەی شیر لە تەنیایی و بێ دەنگی بەرەبەیان بە دوو دەستی خاوەنێک، بەهایەکی زۆری هەیە لە گرتنەوە و ئامادەکاریدا.

لەگەڵ یەکەم تیشکەکانی خۆر کە لە کێوی شای تۆتیاوە[37] دەوەشایە دەشتی زەهاو، داپیرم مەشکەی لەسەر کۆڵەکە دادەگرت و لەسەر تەراوڵە دایدەنیا. مەشکەی بە سکەوە لەسەر تەرواڵە دادەنیا و لە بێ دەنگی بە جێدەهێشت. مەشکە لەسەر تەرواڵە تەواو بە پێچەوانەی مەشکە لەسەر کۆڵەکەیە. مەشکەی سەر کۆڵەکە بە دوو دەست دەژەنرێت و دەجووڵێت و چرکەیەک ئارامی پێ نادرێت. دەستی بژەن، مەشکە بەنج و سڕ دەکات!. خاوەنێک مەشکە لە تەنیایی و بە دەستی خۆی دەگرێتەوە. بەڵام لە تەرواڵە ئیتر کاتی ئاسایش و بەخشەندەیی پاش گرتنەوەیە. مەشکە لە تەرواڵە ئامادەکراوە بۆ ئەوەیە کە لە بەری گیراوەی بەرەبەیان بخورێت و ڕابگیرێت.

نەوکان پاش ئەوەی کە بە دەستێک یان چەند دەست و لەسەر چەند کۆڵەکە ژەنران و گیرانەوە، لەسەر تەرواڵە دادەنرێن بۆ ئەوەی کە لێیان بخورێت.

کەسانێک یەخەی ناوەکانی کورد دەگرن، بۆ زایین و خولقانیان لێ ناکەوێتەوە!؟.

---

[37] _ کێوی شای تۆتیا، ناوی کێوێکی دەشتی زەهاوە کە ڕەنگی کەوەی ئاسمانی دەنوێنێت.

ناوەکان چ کورد بێت چ دەرەوەی کورد، پاش ئەوەی کە گیرایەوە و لەسەر تەرواڵە دانران، ئیتر بەری ژەندن ئەو دەستە دەبەخشن کە پێ گیراونەتەوە.

وردی و ژیری من بە ناوی خوای مەزن لەوەدا بوو کە نەمهێشت بە دەستێک کە دەمگرێتەوە، لەسەر تەرواڵەی خۆی دامبنێت.

چەندەها فەقێ لە حوجرەدا، پاش ئەوەی کە بە دەستی مەلاکان گیرانەوە، هەر بە دەستی ئەو مەلایانە لە سەر تەرواڵە دانران. لەو کاتەی کە دەیانەویست من لەسەر تەرواڵەیەک دابنێن، بە گژ و دژیاندا دەچوومەوە و ڕووم لە شوێنێکی تر دەکرد.

لە بەرەتاوە ورد و وریا بووم کە نابێت ئەو دەستانەی کە من دەگرنەوە، لەسەر تەرواڵەی خۆیان بە سکەوە دامبنێن. لە حوجرە هەڵاتم و ڕووم لە زانکۆی سەڵاحەدین کرد. زانکۆ وەک حوجرە خاوەن دەستی ژەندن و گرتنەوە نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ خواستێکیان تێدا نەبوو کە من لەسەر تەرواڵەی خۆیان کە دەبێتە وەزارەتی پەروەردە، دامبمەرزێنن. ئەمە بۆ من بەهای هەبوو کە هەرچی زووترە لە دەستەکانی ژەندنی کوردی دەربازم بێت. دەروونی پڕ لە ئاژە و هاژەی من دەیەویست کە بە دەستە جۆراوجۆرەکان بژەنرێت و بگیرێتەوە، دەمەویست کە دەستی زۆر من بژەنێت و من بگرێتەوە. ئەو کاتە بۆ من بەهای هەبوو کە دەستی زۆر بەسەر دەروون و هۆشی من خەریک بێت. لە ڕاستیدا بەو کارە دەمەویست کە فرەیی و کرانەوە لە ئاستی خۆم بکەم. ئەو کاتە هەوڵی ئەوەمدەدا کە دەستە جیاوازەکان لە هۆشی من کاریگەریان هەبێت، وە لە هەمان کاتدا وریا بووم کە هیچ یەک لەو ناوانە من لەسەر تەرواڵەی خۆیان دانەنێن و بەکارم نەبەن.

لە دەورانی ئەم بەندینخانەیە شەووڕۆژ بە ناوی خوای مەزن دەژەنرام و دەگیرامەوە. بۆم کرایەوە کە واز لەوە بهێنم کە دەروونم بدەم بە دەستی فرەیی ناوەکانەوە. بۆم کرایەوە کە هیچ دەستێک جگە لە دەستی خوای مەزن بۆی نیە من بژەنێت. دەرئەنجامی ئەو ژەندن و گیرانەوە، ئەوەیە کە لەسەر تەرواڵەی خوای مەزن دادەنرێم و لەسەر ئەو تەرواڵەیە کە بە کار دەبرێم.

ئەمە دەرئەنجامی قورسی لە ژیانی من خستە دەرەوە. بووە هۆی ئەوە کە ئیتر جگە لە ناوی خوا نەبێت ڕوو لەکەس نەکەم. لە دەروونمەوە ئەوەم بۆ دەرکەوت،

کە کەسێک نیە کە قورسی دەروونی من بگرێتەوە، کەس نیە کە بتوانێت کەهکەشانی بوونم بگرێتەوە، جگە لە ناوی مەزنی خوا نەبێت.

ناوەکان و نەوەکانی کورد چ قوتابیانی پەروەردەی مرۆڤی بن یان پەروەردەی دینی، لە بن دەم و دەستێک دەژەنرێن و دەگیرێنەوە و لەسەر تەرواڵەی ئەوانەوە دادەنرێن.

لە ڕێگەی ژیان و گوزەری سەختی خۆم لەگەڵ ناوەکان و دەستەکانی ژەندندا، لە فرەیی دەست و ژەندنی ناوەکانەوە، بەرەو ناوی یەکتای خوای مەزنەوە جووڵەم کردووە. لێرەوەیە کە بە ڕوونی و دیاری دەریدەبڕم کە ناوەکان جگە لە ناوی خوای مەزن، نەوەکان لە بەستراوەیی دەهێڵنەوە. گەر بێت و سرنج لە ناوەکان و نەوەکانی کورد بدەین، دەبینین کە هەر هەموویان لە بەسترانەوەدا ماونەتەوە. نەوەکان وەک مەشکە دەست و دەمیان بە دەستی ناوێک یان چەند ناو بەستراو و هەڵواسراوە و دەژەنرێن، ئیتر نەوەکان تەوانی ناسین و ژەندنی خۆیان نیە. ناوەکانی کورد بە تایبەتی ئەوانەی کە لە ڕێبازە ئەندیشەییەکاندا خاوەن نووسین و قسە بوون، خۆیان بە دەستی کەسانی تر وەک مەشکە هەڵواسراون و ژەنراون و گیراونەتەوە و لەسەر تەرواڵەی ئەندیشەیی ئەوانی تردا بەکار براون.

گوشاری خۆم دەخەمە سەر جووڵەی مەشکە لە نێوان کۆڵەکە و تەرواڵەدا، دەستێک لە تەنیاییدا مەشکە بە شیرەوە لەبن کۆڵەکەکانی خۆی هەڵدەواسێت و دەیژەنێت و دەیگرێتەوە. پاش ئەوەی کە ژەندنی و گرتیەوە، لەسەر تەرواڵەیەک بە سکەوە دایدەنێت و بەکاری دەبات. هەروەها ناوەکان، نەوەکان بە خواستی خۆیان دەگرنەوە و لەسە تەرواڵەی خۆیان دایدەمەرزێنن و بۆ خواستەکانی خۆیان بەکاریان دەبەن.

دەستەیەک لە نەوەکان هەر لە بەرەتاکانی ژەندن و گرتنەوەیان، ئامادەیی خۆیان پیشان دەدەن کە لەسەر ڕێباز و تەرواڵەیەک بە سکەوە دابنرێن و بەکار ببرین. زۆرێک لە فەقێکان کە لە حوجرەوە بوون بە مەلا، وە هەروەها زۆرێک لە قوتابیان کە لە زانکۆوە دەرچوون، لە سیستەمی وەزارەتی پەروەردە بوون  بە مامۆستا. زۆرینەیان لەو دەستە لە نەوەکانن، کە بە دەستێک دەژەنرێن و هەر بەو دەستە لەسەر تەرواڵە دادەنرێن.

زۆرێک لە ناوەکان کە خۆیان بوون بە ئاغا و کوێخایەک و ناوی خۆیان بەرز کردەوە و بوون بە خاوەن دەستی ژەندن و نەوەکانیان لە بن دەست و دەمی خۆیان گرتوەتەوە، خۆیان لە بن دەستی جۆراوجۆر و ڕەنگاوڕەنگ ژەنراون و گیراونەتەوە. بۆ نموونە کەسانی وەک نیچە و سادقی هیدایەت لە بن دەستی ناوەکانی تر ژەنراون و گیراونەتەوە.

هەر یەک لە نەوەکان بە ئاکار و سروشتی خۆی تەوانی ئەوەی هەیە کە زەمینە و ژینگە خۆش بکات کە لە بن دەستی ناوەکان بۆ بن دەستی ناوەکانی تر بچێت و بگیرێتەوە. مرۆڤ لە هەر شێوەیەک لە بن دەستی ناوەکانی تر دەگیرێتەوە. عیسا و زەردەشت، ناوی نیچەیان گرتەوە. نیچە کە خۆی لوتی بەرز و سینگی سەخت بوو، لە بن دەستە دەستەی ناوەکان و وشەکان و هەستەکان ژەنراوە و گیراوەتەوە، وە ئەوەی کە خۆی ناویانی بەرز کرد و لە نووسینەکانی ئاماژەی پێیان کرد و دانی پێیاندا نیا، ناوی عیسا و زەردەشت بووە. لێرە گرنگ ئەوەیە کە ئەو ناوانە کێن کە نەوەکان دەگرنەوە!؟ کەسانێک بە ناوی لاواز و هیچ و پووچەڵ هۆشی خۆیان دەژەنن، بۆ نموونە من لە بەرەتاوە بە ناوی سادقی هیدایەت و کامۆ و کافکا و ئەو دەستە لە ناوانە خۆم دەگرتەوە، لەو ناوانە بازمدا بۆ ناوەکانی تر و خۆم دایە بن دەستی ناوەکانی ئاڵمانی، لەوانیشەوە گوزەرم کرد بۆ ناوەکانی تر، تا گەیشتە ناوی پاک و بڵندی خوای مەزن.

ورد و کرد و بیر و هەستەکانی دەروونی مرۆڤ زۆر کاریگەری هەیە کە جووڵە بە مرۆڤ بدات بۆ ناوەکانی تر. ئەگەر نەوەکان ئەدەبی چۆک و چاو بزانن، دەتوانن کە بۆ بڵندیەکان گوزەر بکەن. مەبەستم لەئەدەبی چۆک و چاو، ئەژنۆدانە بەرانبەر بە ناوی خوای مەزن و ڕشتنی فرمێسکە لە بارەگای خوای مەزن، بۆ ئەوەی کە خوای مەزن بە دەستی پیرۆزی مرۆڤ بژەنێت و بیگرێتەوە.

لە درێژی هەر هەموو سالانی بیر و ژیرمدا، ناوی خوای مەزنم بە ناوێکی خاوەندار ناسیوەتەوە. وروژاندنی دەروون بە شێوەیەکی بەردەوام لەگەڵ ناوی خوای مەزن، یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی کە مرۆڤ پێگە و ڕێگە بۆ چوونی خۆی بدۆزێتەوە. خوای مەزن لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمێت: قل لو کان البحر مدادا لکمات ربی لنفذ البحر قبل أن تنفذ کلمات ربی و لو جئنا بمثله مددا(کهف ١٠٩). هەروەها لە قورئانی پیرۆز دەفەرمێت: و هو الخلاق العلیم(یاسین ٨١) خوای مەزن وشەکان بە هی خۆی

دەزانێت، نەک بە هی مرۆڤ، وە خۆی بە خولقێنەری ناوەکان و شێوەکان و چوونەکان و چیرۆکەکان دەناسێنێت. من باوەڕم وایە کە خوای مەزن خاوەندارێکی خولقێنەر و مەزنە کە ئەگەر خواستی هەبێت، وشەکان و شێوەی بەخشەندەیی وشەکان بە مرۆڤ ببەخشێت و لە دەم و دەستی مرۆڤەکانی تر بێمنەتی دەکات و ئەدەبێکی بەرز و پیرۆزی پێ دەبەخشێت. بۆیە من بەها بەوە دەدەم کە نەوەکانی کورد چۆک لە بەرانبەری ناوی خوای مەزن بدەن و بە فرمێسکی چاویان زەمینەی ئەوە خۆش بکەن کە خوای مەزن لە شێوەی خەلق و زایینی خۆی بە نەوەکان ببەخشێت.

## پێست و مەشکە لە نێوان چەقۆ و دەستدا

قل عسی ان یکون ردف لکم بعض الذی تستعجلون(نمل ٧٢)

بۆچی بەری مەڕومالاّت لە خودی پێستی مەڕومالاّت دەگیرێتەوە؟. ئایا لەبەر ئەوەی کە هیچ شتی تر نەبووە، پەنایان بە خودی پێستەکە بردووە!؟ یان خوای مەزن خاوەن زانست و ناسین بەرزە!؟.

من کە سەیری مەشکەم دەکرد، هەستم بەوە دەکرد کە مەشکە و کونەکانی تۆزێک سەختی و زەحمەت بۆ گرتنەوە دروست دەکەن. دەبێت کە دەستی بژەن ئاگای لە کونەکان بێت کە نەکرێنەوە!؟.

خوای مەزن بۆ هەر بەرێک و نەوەیەک ناوێکی لێ نزیک کردووە کە شایستەیە کە بەو ناوە بگیرێتەوە. من هەست و چاوی خۆم خوێندەوە، یەکەمجار کە سەیری مەشکە و دەستی داپیرم دەکرد، کونەکانی مەشکە و هەگەر کردنی داپیرم چاوی منی بۆ خۆی بردبوو. بەڵام پاش ساڵەها زانیم کە خوای مەزن حەکیمی گەورەیە. دەبوو کە پێست و کاری پێست و ئاشنایەتی پێست بە شیر چاوی و هزری منی بۆ خۆی بردبایەت، نەک کونەکانی پێست!.

وشەکان و ناوەکان و وێنەکان، پێدان و لێدانی زۆریان هەیە.

بۆ ئەوەی وریا بن کە چ وێنە و ڕستە گەلێک بۆ ئێوە ئامادە دەکەم، هەروەها بۆ ئەوەی کە نەوەی کورد نەوەیەکی ڕاهێنراوی هەبێت، کەڵک لە مەشکە لە وشکی و تەڕیدا وەردەگرم.

پێستی ئاژەڵێک کە خواستی ئەوەی لەسەرە کە ڕابگیردرێت و ئامادە بکرێت بۆ ئەوەی کە بکرێتە مەشکە و کونە و هیزە، دەبێت چەقۆ زۆر بەسەریدا بێت و بچێت. ئەم شێوەی ڕاهێنانەم لە داپیرمەوە فێر بووم. داپیرم بۆ ئەوەی کە مەشکە خوەشە بکات، دەستی بە چەقۆ و خوێدا دەکرد و دەیدەهێنا بە پێستێک کە لە بن دەستی بوو، بۆ ئەوەی کە ئامادە بکرێت. ئنجا بۆ ئەوەی کە خوێنەر وریا بێت کە بۆ لە چەقۆ و خوێ کەڵکیان وەردەگرت، دەبێت کە ورد و وریا بن. ئەرکی چەقۆ بە ڕووالەت ئەوە بوو کە پێست بتاشێت. خوێ بۆ ئەوە بوو کە چەوری پێست بگرێتەوەو و وەرزاوەی بکات. چەقۆ و خوێ لە وشەی خوەشە، پێست دەرباز دەکات بۆ وشەی گرتنەوە. چەقۆ لە کاتی کەندنی پێست و تاشین پێستدا، ترسی پێست دەشکێنێت و ئامادەی دەکات کە بەری ئاژەڵ لە دەروونی خۆیدا ڕابگرێت. ئەو بەرەی کە ڕۆژگارێک خۆدی ئەو ئاژەڵە بەرهەمی دەهێنا!.

پێستێک کە لە دەورەی چەقۆ و خوێ بە سەرکەوتوویی دەربازی دەبوو، دەگەیشتە دەورەیەک کە بە وشککراوەیی وەک ئەوەی کە بای تێ کرابێت لە شوێنێک ڕایاندەگرت. دەورەیەک کە ئیتر دەست لە سەری نەبوو، بەڵکو خۆی لە وشکی و تەنیایی دەبێت کە خۆی بگرێتەوە. ئەمجارە کاری خۆیە کە خۆی ئامادە بکات. ئەو پێستانەی کە لە دەورەی چەقۆ و خوێ دەرباز دەبوون، لە چەقۆ بۆ هەمیشە دەربازی بووە!.

وشکی دەورەیەکە کە پێست لەو دەورە دەبێت بە سەرکەوتوویی گوزەر بکات و لەگەڵیدا خۆی بگرێتەوە. خۆی لە کونێک دەرباز بکات کە بەهای ناهێڵێت. هەر ئەو کونەیە کە لە سەرەتاوە پێگەی پێست دەردەخات.

## کونی هەفتەم

لە سەرەتاوە ئەو کەسەی کە ئاژەڵ سەر دەبڕێت، دەبێت لە لای کەسێکەوە پێ بوترێت کە ئەو پێستە بە جوانی بکەنرێت. لە بیرمە کە ڕۆژێک ئامۆزای باوکم دەیەویست کە بزنێک سەر ببڕێت، داپیرم داوای لە ئامۆزاکەی باوکم کرد کە پێستی

بزنەکەی بۆ ڕاگرتن دەوێت. ئامۆزاکەی باوکم بە وردی و ئەسپایی چەقۆی لە پێست دەخست، بۆ ئەوەی کە کونی تێ نەخات. لە هەر دەورەیەک کە پێست پێدا و تێدا بۆ گرتنەوە تێدەپەڕێت، دەبێت کە لە کونی هەفتەم بپارێزریت. کونی هەفتەم ئەو کونەیە کە گەر لە پێست کرا، ئیتر ڕێ بەستنەوە نیە. بەڵام کونی یەکەم تا شەشەم کە دەبێتە دەست و پێ و مل و کلکی ئاژەڵ، دەتوانرێت کە بە ئاسانی ببەسترێت و دەستی بەسەردا بگیردرێت.

پێست بۆ ئەوەی کە ببێتە مەشکە، دەبێت کە لە بن چەند دەستی بە چەقۆوە گوزەر بکات تا بگاتە ئەو ڕادە کە بەر و بۆمی ئاژەڵ ڕابگرێت. هەروەها بۆ ئامادەکاری نەوەکانی مرۆڤی دەورەی بە دەستی بە چەقۆوە لە ڕی ئەوانەیە کە دەیانەوێت ئامادە ببن بۆ ئەوەی کە ڕاگر و بەرگر و پارێزەری وشەکان و ناوەکان بن.

لە قورئاندا دەق هەیە، بۆ ئەوەی کە لەش و هۆش پێکەوە لەگەڵ وشەکان ڕابهێنرێن. هەرچەند کە مامۆستاکان پێداگریان لەسەر ئەوە نەدەکرد کە وشە بە لەش بگەیەنن. ئەوان هەر وەک زانکۆکان هەوڵی ئەوەیان دەدا کە وشەکان بە هۆش بگەیەنن. مامۆستاکانی حوجرە لەوە نەزان و ناتەوان بوون کە بە فەقێکان بگەیەنن کە قورئان تەوانی ئەوەی هەیە کە شەفا و سەلامەتی بە لەش بگەیەنێت. مەبەستم ئەوەیە کە ئەوان ڕستەکانیان بۆ باسی کۆمەڵایەتی و بابەتی وەک ئەوە کە چۆن لە سەرف و نەحو ئاشنا بیت، کەڵک وەردەگرت!.

هەرچەند کە مامۆستاکان ئاماژەیان بەوە دەکرد کە ئیسلام پەروەردیەکە کە دەبێت ڕستەکان بە لەش و هۆش بگات. کێشەی ئەوانە ئەوە بوو کە بەرنامەیان نەبوو کە ڕستەکان بە لەش بگەیەنن. بەرنامەیەک کە ئەوان دایانڕشتبوو، بۆ گەیاندنی سەرف و نەحو بە لەشی ئێمە بوو. سەرف و نەحو لە ڕیشەوە هیچ بەها و بایەخێکی بۆ لەش نیە، جگە لەوە کە فەقێ یاخی بکات!.

قورئان وەک بەرنامەیەکی پەروەردەیی ڕستەکان و وشەکان بە لەش و هۆش پێکەوە پەیوەند دەدات. لە قورئان هاتووە: قل سیروا فی الارض فنظروا کیف کان عاقبة المجرمین(نمل ٦٩) کتب علیکم الصیام(بقرة ١٨٣) لە ئایەتی سورەتی نەمل، ئامۆژگاری بەوە دەکات کە لە زەویدا بۆ ئاشنایەتی بە شوێنەکان و چیرۆکەکان، بگەڕێن. ئاماژە بە گەڕان بە هاوکاری لەش وەک بنەیەکی پەروەردەیی دەکات. من لە ڕاستیدا زۆر لە زەوی گەڕام، زۆر بنە و بارەگای ناوەکان و ڕستەکانم بینی، وە

بە ناوی خوای مەزن پاش ئەوەی کە بە سەختی بریندار بووم، گیانی سەلامەتم بە دەربرد. هەروەها لە قورئان ئاماژە بە نوێژ و ڕۆژوو دەکات کە گەورەترین مەجالە بۆ ئارامش و ئاسایشی لەش، بۆ بارهێنان و ڕاهێنان، بۆ ئەوەی کە لە پێناو ناوەکان و ڕستەکان لەش ڕابهێنرێت.

زانکۆی سەڵاحەدین و ئەو زانکۆیانەی کە لە بن دەستی ڕۆژئاواییەکان دروست کران، لەش دژە ڕستە باردەهێنن. ئەوانە نەزان و ناتەوانن لەوەی کە بزانن پەروەرەدەیەک دامەرزێنن کە ڕستە بە لەش و هۆش پێکەوە ببەخشن. خوای مەزن بە خواستی پیرۆزی وای لە دەروون و بیروونی ئەوانە کردووە کە نەزان و ناتەوان بە دەوری خۆیاندا بخولێنەوە.

بە ناوی خوای مەزن ئاوەها هات بە دەروونمدا کە زۆرێک لە ناوەکان بۆ من وەک ئەو کرمەیان لێ هاتووە کە ماسیگرێک بە قولابەویان دەکات بۆ ئەوەی کە ماسیان پێوە بگرێت. ئاوەها وێنەیەک ستەم کردن و ترساندن نیە. بەڵکو بۆ ئەوەی کە ئارام و ئاسوودە بن، دەبێت کە لە من نزیک ببنەوە. هەر چۆن کە داپیرم بە چەقۆ لە پێست نزیک دەبووەوە. دەبێت بۆ ئەوەی کە کونی هەفتەم لە هۆش و گیانتان نەبێتەوە، خۆتان لە ناو و ڕستە و هەستی لێدەر و پێدەر بدەنەوە.

ڕستەکان و وشەکان و ناوەکان بە ئاسانی و بە نەرمی لە لەش و هۆشی هەر کەسێک ناچێت. ئەگەر لە هۆشدا بە باشی بچێت، لە لەش ناچێت، یان دەچێت و کاری خۆی بە سەختی دەکات. سەیری بەسەرهاتی ناوەکان بکەن، ئەو کاتە دەزانن کە باسی چی بۆ ئێوە دەکەم. سەیری بەسەرهاتی ناوی فردریک نیچە و سادقی هیدایەت و عەلی شەریعەتی و ئەحمەدی موفتی زادە و عەبدوڵا ئوجەڵان بکەن.

لە پەروەردەی دینی ئیسلامدا زۆر بەها بەوە دراوە کە ڕستەکان بە لەش و هۆشدا بچێت، وە بەهای بەوانە نەداوە کە ڕستەیان بۆ هۆشی بێ لەش دەوێت. لە پەروەرەدی مرۆڤیدا سەرەتا نەزانن لەوە کە بزانن ڕستە بۆ لەش و هۆش بەها و مانای چیە؟ وە بە ناوی خوای مەزن بەخشەندەییان پێ دەکەم کە بزانن لە لای ئێمەدا نەزانن، وە هەروەها پاش نەزانی، ناتەوانن لەوە کە ڕستە بە لەش و هۆش پێکەوە ببەخشن، وە بە ناوی خوای مەزن نەزان و ناتەوان دەمێننەوە تا ئەو دەمەی کە دەست بۆ خوای دلۆڤان بەرز بکەنەوە. دڵنیا بن.

گەر بە ناوی خوای مەزن وریا بن، لە لاپەڕەکانی پێشتر باسی مەشکەم کرد لە ژەندن و تەرواڵەدا، لەوەی کە نەوەی کورد و ناوەکانی کورد بە دەستی ئەوانی تر دەژەنرێن و بە سکەوە لەسەر تەرواڵەکان دادەنرێن و ئاگایان لە خۆیان نیە. لەم باسەدا باسی مەشکە و چەقۆ و دەستم کردووە بۆ ئەوەی کە بە ناوی خوای مەزن کەسانێک بخولقێن و بە ناسین و زانستەوە سەریان بە ناوی خوای مەزن بەرز و بڵند بکەنەوە.

خوای مەزن لە نێو هەر خەڵک و زمانێک ئەوەندە ناو و وشەی دامەرزاندووە کە تەوانایی ئەوەیان هەبێت کە بە ناوی خوای مەزن پارێزگاری نەوەکان و وشەکانی بەرزی خوای مەزن بکەن. هەروەهاش زمانی کوردی ئەوەندە وشە و ناوی بۆ نووسراوە کە لە دەورەکان و شوێنەکان پارێزگاری لە یادی ناوی خوای مەزن بکەن.

بە ناوی خوای مەزن داوای ئەوە دەکەم کە ئەدەب و ڕستە لە ناوی پیرۆزیەوە بە ناوەکانی کورد و نەوەکانی کورد و وشەکانی کورد ببەخشێت.

عەباس موحەممەدی

مانگی ئاپریلی ساڵی ٢٠١١

بەندینخانەی برووک هاوس لە لەندەن